# گزینگ


١٣

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە

پاییزی ـ ١٣٧٥(١٩٩٦)


## یادی پەنجا ساڵەی دامەزرانی «کۆماری کوردستان» (١٩٤٦)




هەیوانەی کتێب





١) پێشەوا قازی محەمەد، لە فرۆکەخانەی تەورێز هەیئەتی ئازەربایجان گوڵی پێشکەش دەکەن.
٢) دوای نوتقی پێشەوا لە کاتی مەراسمی بەڕێکردنی پیشەوەری.

# گزینگ ـ ژماره ١٣

پاییزی ـ ١٣٧٥(١٩٩٦)

بەرکار و بەرپرسی نووسین :
س .ج . هێرش

سەرنووسەری میوان:
د. ئەمیر حەسەنپوور

ناونیشان:

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

ژمارەی فاکس:

Fax: +44 - 650 - 94029

ژمارەی پۆستگیرۆ:

Postgiro: 443 5022-1

• ،گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.

• ،گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەئەستۆ ناگرێ، دیارە هەر نووسراوەیەک ناوی لەسەر نەبێ، نۆبالی وەملی گـــــزینـــگە،

## نــــێـــــــــــــــــوەرۆک

| بابەت | نووسەر | وەرگێر | لاپەرە |
|---|---|---|---|
| سەروتار:................. ئەمیر حەسەنپوور.............. | | | ٥ |
| هاوپرسەکی لەگەڵ: د. گولموراد موورادی سەبارەت بە کۆماری کوردستان | | | ١٥ |
| ستالین، قەیرانی... و ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان: د. حەسەنپوور | | | ٢٦ |
| چوار بەڵگەنامەی یەکێتی سۆڤیەت.............. ئەفراسیان حەلیمی | | | ٢٦ |
| بەڵگەنامەیێک لە ئارشیوەکانی ئەمریکا................................ | | | ٢٨ |
| شەش بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا... ئەنوەر سولتانی | | | ٢٩ |
| دەستەڵاتی سیاسی و حاکمییەت لە کۆماری کوردستان: عەبباسی وەلی....... | | | ٣١ |
| پەنجا ساڵ خەبات................................ | | | ٣٨ |
| با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست کەینەوە: مەحموود مەلا عززەت.......... | | | ٣٩ |
| لە بیرەوەرییەکانم، لقی کۆمەڵەی(ژ.ک): ئیبراهیم ئەحمەد................ | | | ٤٥ |
| کۆمەڵەی ژ.ک و کۆمەڵەی هیوا: د. عەبدوڵلا مەردوخ...................... | | | ٥٦ |
| ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی وسیاسی لە موکریان: س. چ. هێرش... | | | ٦٣ |
| کۆنفرانسێک سەبارەت بە شار و شارستانی... «دەنگێ»بخوێننەوە......... | | | ٧١ |
| کۆزبە تاقانە ساواکەم (Med TV): حوسێن محەمەد عەزیز.......... | | | ٧٢ |
| پێناسەیەکی کورتی کتێب ............ | | | ٧٣ |
| کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامە.................. | | | ٧٤ |

وێنەی ڕووبەرگ و پشت بەرگ و ئارمی ل٤١، کار و دیاری هونەرمەندکاک خوسرەو زەبیحی

ISSN 1104 - 3473

چاپی سوێد: ئۆکتۆبری ١٩٩٦

## سەروتار

**ئەمیر حەسەنپوور**

لەگەڵ ئەوەشدا کورد وەک نەتەوە بێدەوڵەتێکی هەرە گەورەی دنیا ناسراوە، ئەزموونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ـ بەتایبەتی لە پێنج سەدەی رابردوودا ـ یەکجار بەرین و جۆراوجۆر بووە. ئاشکرایە کە دەوڵەتێکی ناوەندی لە «کوردستانی گەورە»دا قەت پێکنەهاتووە، بەڵام وردە دەوڵەتی گەورە و بچووک و سەربەخۆ و نیوەسەربەخۆی کورد لە سەدەی ١٦ هەتا ناوەڕاستی سەدەی١٩ لە سەرانسەری کوردستاندا، بە سەر گەلی کورددا حکوومەتیان دەکرد. هێندێک لەو وردە دەوڵەتانە ـ ئەمارەتی ئەردەڵان، بابان ، بادینان، سۆران، موکریان ـ ئەوەندە بەدەسەڵات بوون کە دوو ئیمپراتوری عوسمانی و ئێران نەیانتوانی هەتا ناوەڕاستی سەدەی ١٩ سەرنخوونیان بکەن. ئەو ئەمارەتانە، وەک عوسمانی و ئێران، دەوڵەتی دەرەبەگی بوون و حکوومەت لە بابەوە بە کوڕ دەبرا و سنوور و ئاڵا ودەزگای ئیداری و عەسکەریی خۆیان هەبوو و دەسەڵاتی سیاسییان ئیستیبدادی فیۆدالی بوو.

بە رووخانی ئەمارەتەکان، ئەریستۆکراسی دەرەبەگیی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دەست هاتەدەر بەڵام حەولی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆم درێژەپێدا. رووخانی ئەمارەتەکان، هاوکات بوو لەگەڵ ڕیشەداکوتان و پەرەگرتنی نفووزی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان (ئینگلیس، رووسیە، فەرانسە، ئالمان) لە ناوچەدا. پێوەندی نێوان ئەو شێوە دەوڵەتدانانە(state building) لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا تا ئەورۆ ـ لە حکوومەتی هەرێم و ڕێباز وکردەوەی دوو حیزبەکاندا ـ بە دیدەکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئاخروئۆخری سەدەی ١٩دا، بەعزە چرۆیێکی بیری نوێی ناسیۆنالیستی لە شێعری حاجی قادری کۆیی دا دەرکەوت(دامەزراندنی دوڵەتێکی مودێرن /نوێباو)، بەڵام هێزی کۆمەڵایەتی نوێخواز ـ چینی بورژوازی ـ هێشتا لە بن سەوەتەدا مابۆوە. لەکاتێکدا کە بەشێک لە گەلی کورد دەرفەتی بۆ هەڵکەوت لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی «کوردستانی سووری»دا لە شارە دێیێکی وەک کەلیەجار پێوەندی فیۆدالیسم و عەشیرەیی بپچرێنێ و ئاڵای سۆسیالیسم (١٩٢٣-١٩٢٩) هەڵبکا، لە کانگایێکی هەرە گرینگی ناسیۆنالیسمی کورد، لە شاری سلێمانی، شێخ مەحموود، وەک «مەلیکی کوردستان» ـ بە کابینە و ڕۆژنامە و چاپخانەی بە ڕواڵەت نوێباو ـ دەوڵەتێکی دەرەبەگی دامەزراند. لە شۆرشەکانی کوردستانی تورکیاش (لە ساڵانی ٣٠-١٩٢٠) هێزی نوێباو و کۆنباوی دەرەبەگی ـ عەشیرەیی تێکهاڵابوون، بەڵام هەم لە بزووتنەوەکاندا وهەم لە ڕێکخراوەکاندا ڕێبازی دەرەبەگی زاڵ بوو.

کۆماری کوردستان هەوەڵ دەوڵەتێکی خودموختاری نوێخوازە کە بە حیزب وکابینە و ئاڵا و دەمودەزگای دەوڵەتیی شێوە نوێباو دامەزرا. هەرچەند، لە ماوەی کورتی ١١ مانگی دەسەڵاتیدا، بەعزە فۆرمێکی حکوومەتی نوێباو وەک هەڵبژاردن و پارلمان و جیاوازبوونی سێ هێزی دەسەڵاتدارێتی نەهاتە کایەوە، بەڵام ڕابەرایەتی کۆمار دەستێوەردانێکی تەسکی لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری وسیاسی شارەکاندا دەست پێکرد(تیجارەت، ژیانی ژنان، مافی کەمایەتییە قەومی و دینییەکان، کرداری دینی، زمان، ئەدەب، پەروەردە، هونەر، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی و هتد).

ئەو ئەزموونە گرینگە ئەوەندەی پێویست بێ، بایەخی پێنەدراوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە سەبارەت بە مێژووکورتەکەی هێشتا لە پلەیێکی سەرەتایی دایە. ئەو ژمارەی گزینگ حەوڵدانێکە بۆ کردنەوەی بەعزە گرێوگۆڵێک لە مێژووی کۆماری کوردستان.

مێژوو لە ڕوانگەی جیاواز دەنووسرێ و دەنووسرێتەوە. لە دە پازدە ساڵی رابردوودا (کە زۆر کەس دروشمی «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دیموکراسی بۆ ئێران»یان وەلاناوە) ئەو باسە هاتۆتە گۆڕێ کە کۆماری کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە نەک خودموختار. کاک مەحموود مەلاعیزەت بە لێکدانەوەی بەڵگە نووسراوەکانی کۆمار، بەربەرچی ئەو لێکدانەوەیە دەکا و حەول دەدا کە خودموختار بوونی کۆمار شی بکاتەوە. د. گولمورادی موڕادیش لە وتووێژەکەیدا ـ بە شێوەیێکی تر ـ ئەو بۆچوونە ڕادەگەیێنن.

کێشەی هەڵوەشاندنەوەی «کۆمەڵەی ژ.ک» و دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە نووسراوەکانی د. عەبباسی وەلی، د. عەبدوڵلامەردوخ و وتووێژی د. موڕادی دا باسکراوە. کاک عەبباس پێیوایە لێکدانەوەی ناسیۆنالیستی (حدک درێژەی کۆمەڵەی ژ.ک بوو) و «رادیکاڵ ـ ناسیۆنالیستی»و «مارکسیستی»(حدک بە بەرژەوەندی سۆڤیێت داندرا) هیچکامیان ئەو گۆڕانە روون ناکەنەوە. ریشەی ئەو گۆڕانە، بە بۆچوونی کاک عەبباس، لە «قورسایی بەرەو دواگێڕەوەی پێوەندییەکانی بەر لە سەرمایەداری لە بناخە کۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەکان و ڕێکخراوی فەرهەنگی دەسەڵاتی سیاسیدا) داکوتراوە. بەپێچەوانە، کاک عەبدوڵلا دەستی سۆڤیێت لە گۆڕانی کۆمەڵەی ژ.ک دا دەبینێ و کاک گولموراد گۆڕانەکە وەک شتێکی «شیاو و بەجێ.. بۆ پێشبردنی ئامانجی گەلی کورد» چاو لێدەکا.

کێشەیێکی دی لە مێژووی کۆماردا، پێوەندی نێوان بزووتنەوەی کوردایەتی ئەمبەر و ئەوبەری سنوورە. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کە لەو سەردەمەدا لە کوردستانی گەرمێندا خەباتی دەکرد، ڕووناکی دەخاتە سەر چۆنێتی خەبات لەوبەری سنوور و پێوەندی نێوان دوو بزووتنەوەکە. کاک عەبدوڵلاش پێوەندی نێوان کۆمەڵەی ژ.ک و کۆمەڵەی هیوا لێکدەداتەوە.

لە مێژوونووسینی ناسیۆنالیستیدا، حەول دەدرێ ناکۆکی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، ژن وپیاو، شارودێ، مەزهەبەکان، ناوچەکان، بەشەکانی کوردستان و زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تر بشاردرێتەوە. کاک عەبدوڵلا باسی ناکۆکی نێوان دوو ڕێباز و دوو باڵی چەپ و ڕاست لە کۆمەڵەی ژ.ک و کۆمەڵەی هیوا دەکا و بۆ هەوەڵ جار سێ بەیتی لە شێعرێکی خالەمین (کە تائێستا کەس نەیوێراوە بیخاتە سەر کاغەز) گێڕاوەتەوە کە گۆشەیێک لە ململانێ سیاسی ناوەکی تێدا تۆمار کراوە. لە نووسراوەکەی کاک عەبباسیشدا بەعزە ناکۆکیێکی ناوخۆیی کۆمار شیکراوەتەوە ـ بەتایبەتی لە ناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە ڕێکخراوی عەسکەریی کۆماردا. زمان و ئەدەب بابەتێکی گرینگ و بەڵام فەرامۆشکراوی کۆمارە. کاک هێرش لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا، زەمینەی سەرهەڵدان و خەباتی ئەدەبی ناوچەی موکریانی هەتا سەروبەندی دامەزرانی کۆمار لێکداوەتەوە. لەو لێکۆڵینەوەدا بابەت و ناوەرۆکی شێعری موکریان لە چوارچێوەی باری کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەو سەردەمەدا شیکراوەتەوە.

لە نووسراوەکەی مندا، کە لە ڕوانگەی چالاکیی سیاسی سەردەمی کۆماردا نووسراوە، دەوری سیاسەتی سۆڤیێت لە ڕووخانی دوو حکوومەتی ئازەربایجان وکوردستاندا باسکراوە. من لە بۆچوونی کریلین ناسەکان و ئیدئۆلۆگەکانی شەڕی سارد خۆم دوور خستووەتەوە و حەولم داوە لە ڕوانگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و لە چوارچێوەی دینامیسمی بزووتنەوەی کومونیستی ئەو سەردەمەدا کێشەکە لێک بدەمەوە.

کاک ئەنوەری سوڵتانی لەو ژمارەی **گزینگ** (و ژمارەکانی پێشووش) بەڵگەی گرینگی لە ئارشیوەکانی ئینگلستان هەڵبژاردووە و خستوویەتە بەردەستی لێکۆڵەرەوە و خوێنەرەوەی کورد. بەڵگەکانی کاک «ئەفراسیاب حەلیمی»یش گشتیان بۆ هەوەڵجار بلاودەبنەوە و ڕووناکایێکی زۆر دەخەنە سەر پێوەندی کۆماری ئازەربایجان و سۆڤیێت و دەوڵەتی ئێران. ■

دێپارتمانی شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست
زانستگای تورانتۆ، کانادا



هاوپرسەکی لە گەڵ: د. گوڵموراد موڕادی

## سەبارەت

## بە

# «کۆماری کوردستان»

**گزینگ: وەک ئاگادارم، ئێوە تێزی دوکتورای خۆتان لە سەر کۆماری کوردستان نووسیوە. تکایە ئەگەر دەکرێ بەکورتی، خۆتان وکتێبەکەتان بە خوێنەرەوانی گزینگ بناسێنن؟**

ـ ئەوجۆرەی کە لە شناسنامەکەمدا هاتووە، من لە ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣١٩(١٩٤١/٣/١١) لە بنەماڵەیێکی مەڕدار و وەرزێر لە گوندی(تەپەکەچەڵ)ی ناوچەی زەهاوی کوردستان چاوم بە ژیان پشکوتووە. بنەماڵەکەمان سەر بە عەشیرەتی گۆرانە کە یەکێک لە کۆنترین عەشیرەتەکانی کوردە و باب وباپیرانی من لە باوکەوە زیاتر میرزا(باسەواد)و لە خەلیفەکانی ئایینی «ئەهلی هەق»بوون.

تەمەنم شەش ساڵ بوو کە باوکم بە هۆی نەخۆشییێک کە ئێستاش نەمزانی چییە کۆچی دوایی کرد و من لە گەڵ دالگم بە ناچاری ژیانی لادێم ڕەها کرد و لە «قەسری شیرین» زێدی بنەماڵیی دایکم نیشتەجێ بووم. منیش وەک میلیۆنها منداڵ و لاوی (دنیای سێ)لەبەر دەستکورتی و نەداری بواری خوێندنم لە مەدرەسەی ڕۆژانە نەبوو و مەحکوم بووم هەر لە سەرەتای منداڵیمەوە بێمە ڕیزی خێڵی«نان دەرهێنەر»انەوە... بەڵام، بە هۆی مەیل وعەلاقەی لە ڕادەبەدەرم بە خوێندن، وێڕای کاری شاگرد خەیاتی(بەرگدرووی) لە مەدرەسەی شەوانەی(ئەکابیر) ناونووسیم کرد و لە تەمەنی ١٨ساڵیمدا کە خەریکی کاری خەیاتی بووم، توانیم کارنامەی شەشی سەرەتایی وەرگرم. پاشان لە جیاتی ئەوە کە خزمەتی سەربازی بە ئەنجام بەگەیێنم بە گوێرەی قەراردادێکی هەشت ساڵەی ئەرتەش، کە لانیکەم دەمتوانی بواری خوێندن لە مەدرەسەی شەوانەدا پەیدابکەم، چوومە ناو ئەرتەشەوە. لە ئەرتەشیشدا دوای کار وخزمەتی ڕۆژانە، خوێندن و بەتایبەت فێربوونی زمانی ئینگلیسیم لە دەبیرستانی شەوانەدا درێژە پێدا. لە ساڵی ١٣٤٣(١٩٦٤)دا کاتێک تازە دەرەجەی(گروهبان یەک)یم وەردەگرت و لەحاڵی تێپەڕکردنی ئیمتیحانی پێنجەمی ڕیازی(ماتێماتیک)دا بووم، لە لایەن ئەرتەشەوە بۆ دەورەیێکی ئیزامی ئەزموونی زمانی ئینگلیسی بەڕێوەچوو، کەلە ڕیزی یەکەم گرووپی قەبوڵییەکان وەرگیرام و بۆ دەورەی دیدەوانیی تانکی زرەیی ڕەوانەی ئەمریکا کرام. لەم وڵاتەدا بە پێی ئاشنایەتیم لەگەڵ فکری ئیزامیگەلی ئەمریکایی و هەروەها دوای گەڕانەوەم بۆ ئێران و هەستپێکردنی ڕەفتاری ڕووشکێنەوەی«موستەشار و موشاویر»ە ئیزامییەکانی ئەمریکایی لە ئاست هاونیشتمانەکانم، گۆڕانێکی گشتی لە بیر و ڕوحییەی من سەبارەت بە سیاسەتی ئیزامیی ئەمریکا لە ئێران و بەتایبەت ڕێژیمی شا پێکهات؛ هەر بەو دەلیلەش، ئیدی پێم خۆش نەبوو لە لیباسی ئەرتەشیدا بمێنمەوە. ئەگەرچی قەراردادی هەشت ساڵەکەشم دەهات تەواوبێ، بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر توانیم بێمەدەرێ.

دوای ئەوەیکە لە ساڵی ١٣٤٩(١٩٦٠) دیپلۆمی ڕیازیم وەرگرت، لەسەر ویست وخوازی خۆم و وەرگرتنی ڤیزا، لە پێشدا بەرەو ئینگلستان ئێرانم بەجێهێشت و پاشان کە بیستبووم هەلومەرجی درێژەدان بەخوێندن لە ئاڵمان باشترە، ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبری ١٩٦٩هاتمە ئاڵمان و لەو وڵاتە گیرسامەوە.

لە ساڵی ١٩٧٢دا، لە دانیشگای ئەمریکایی(Peperdine University)ناونووسیم کرد و ساڵی ١٩٧٦دەورەی دوو ساڵەی کالێجم لە ڕشتەی (مێژووی سیاسی ئورووپا)بە مەعدەلی«B»تەواوکرد و پاشان لە تێرمی زستانی ساڵی٧٧ـ ١٩٧٦لە دانیشگای«هایدلبێرگ»لە ڕشتەی زانستی ئابووری و دواتر لە زانستی سیاسی درێژەم بە خوێندن دا. لە ساڵی ١٩٨٣دا، بەمەبەستی کاری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە لەمەڕ تێزی دوکتوراکەم دەربارەی«ساڵێک حکوومەتی خودموختاری کوردستان(ناسراو بە جەمهووری مەهاباد)چوومە دانیشگای ئەکسفۆرد(Oxford University)ی ئینگلستان و دوای گردەوەکۆیی بەڵگە و نووسراوەیەکی زۆر لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی هاوپەیمانەکان لە ئێرانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ جووڵانەوەی گەلی کورد، تێزی دوکتوراکەم نووسی و لە ساڵی ١٩٩١ دانیشنامەم وەرگرت. دیارە تێزی دوکتوراکەم لە لایەن ئینتیشاراتی دانیشگای«برێمن»(Hochschule Bremen Verlag) لە ئاوریلی ١٩٩٢دا چاپ و بڵاوبووەتەوە. لە تێرمی زستانیی ساڵی ٨٩-١٩٨٨دوە

تا تێرمی هاوینیی سالی ۱۹۹۳له دانیشگاکانی هایدلبێرگ(Heidelberg) و برێمن(Bremen)و هامبورگ(Hamburg)، دەرسی «مێژووی سیاسی کوردستان»م گوتووەتەوە.

لە سالی ۱۹۹۰ەوە تا ئێستە گەلێک وتار و نووسراوەم بە زمانی ئالمانی و فارسی و تورکی لە ڕۆژنامە وگۆڤاراندا بلاو کراوەتەوە و لە زۆر کۆڕ وکۆمەلانی ئورووپادا لە بواری مێژوویی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتیدا وتارم پێشکێش کردووە. لە سالی ۱۹۹۳دا نامیلکەیەکم بە نێوی«ڕیوایات و تاریخچەی نەورۆز» بە زمانی ئالمانی وفارسی نووسیوە و بەجیا بلاوم کردوونەوە کە بە هۆی پێشوازیێکی زۆر دیسان حەوجێ بە چاپکردنەوەن. هەروەها لە سالی ۱۹۹٤دا، دەقی ئاخافتنێکم لە سەر «ئەزموونی حکوومەتی خودموختاری کوردستان» لە کتێبکدا بە نێوی«کوردۆلۆژی» (Kurdologie) لە لایەن ئەنستیتووی کوردشناسیی بەرلین، بە چاپ گەیشتووە.

ئەمن لە حالی حازردا، ئەندامی شورای ڕێبەریی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی«مافی مرۆڤ»لە کوردستانم و بێ لەوەش سەبارەت بە مێژوو و فەرهەنگی خەلکی کورد و سیاسەتی زال بەسەر ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خەریکی کار ولێکۆلینەوەم. لەم دواییانەش خۆم چیرۆکێکم بە نێوی «ملک جمشیر و شورنگ» کە سەدسالێک لە نێو گۆرانی کوردستاندا لە سەر زاران بووە، بە فارسی نووسیوە و کتێبێکیشم لە ئەستێرەناسی ناودار: پرۆفیسۆر «ڕۆدێلف کیپێن»ی ئالمانی کە بە بۆنەی سالتێوەرسوڕانی محاکەمەی مێژوویی «گالیلە» چاپ و بلاوکرابۆوە، وەرگێڕاوەتەوە سەر فارسی. ئێستە بێجگە لە وەرگێڕانی هێندێک کتێبی پەروەردە و بارهێنان لە ئالمانی ڕا بۆ سەر فارسی، خەریکی نووسینی قامووسێکم بە زمانی کوردی(گۆرانی)ـ فارسی ـ ئالمانی کە لە سالی ۱۹۹۰ەوە دەستم پێکردووە و هیوادارم بە یارمەتی و هاوکاری هاونیشتمانانم بتوانم بە چاپی بگەیێنم.

ئێستاش چەند ڕستەیێک سەبارەت بە کتێبەکەم:**«یەکسال حکوومەتی خودموختاری کوردستان ناسراو بە جەمهوری کوردستان ٤٦-۱۹٤۷»**... لە ڕاستیدا مامۆستایانی ڕۆژهەلاتناسی دانیشگای هایدلبێرگ، لە سەر دوو بابەت عەلاقەیەکی زۆریان نیشان دەدا: یەکێک مەسەلەی مەزهەبی کەمە نەتەوایەتییەکان و بەتایبەت مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران و ناوچە کوردنشینەکان بوو وەک مەزهەبێکی لە بنەڕەت ڕا کوردی، ئەوەی دیکە مەسەلەی جەمهوری یا حکوومەتی خودموختاری کوردستان بوو. ئەمن لە گەل ئەوەدا کە بابەتی یەکەمم بە هۆی شارەزایی پێ ئاسانتر بوو، بەلام بابەتی دووهەمم هەلبژارد چونکە لە باری سیاسییەوە پێوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردەوە هەبوو. هەر بۆیەش دوای تەواوبوون، بە عەلاقەیەکی زۆر تێکۆشام وەک کتێب بە زمانی ئالمانی لە ٤۰۰ لاپەڕەدا بلاوی بکەمەوە. [بۆ ئاگاداری لە سەر ناوەرۆکی کتێبەکە تکایە بڕوانە لاپەڕەی ۷۳ی ئەم ژمارەیەی گزینگ].

**گزینگ: بە ئەزەری ئێوە، پێکهاتنی کۆماری کوردستان دیاردەیێکی سروشتی بوو یان هەلومەرجێکی تایبەت ئەو مەسەلەی ڕەخساند؟ هەروەها ئایا ڕاگەیاندنی جەمهوری بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەو سەردەمە، دروست بوو یان نا؟**

ـ لە وەلامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان، دەکرێ بلێین کە پێکهاتنی کۆمار(یا حکوومەتی خودموختار)لە کوردستاندا هەم دیاردەیێکی سروشتی بوو؛ هەمیش هەلومەرجێکی تایبەت لە قۆناغێکی تایبەتیی زەمانیدا بوو بەهۆی بەدیهاتنی. سروشتی بوو، بەو دەلیلە کە هەر ئینسانێک و نەتەوەیەک دەخوازێ ئازاد وسەربەخۆ بژی و ئەم ئینسانە تێدەکۆشێ لە هەر هەلومەرجێکی گونجاو، بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی کەلک وەرگرێ. ئیجازەم بدە بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکانم، چاوێک بە سەر بارودۆخی جیهان لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا بخشێنین:

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئێمە شاهیدی تۆخکردونەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ولاتە(مێترۆپۆل)سەرمایەدارییەکانین لە ئاست کۆلۆنیال و ولاتە دواکەوتووڕاگیراوەکاندا، چونکە پێشرەفتی سەنعەت و شێوەگەلی بەرهەمهێنان لەم سەردەمەدا زیاتر لە جاران تێهەلچووبۆوە و ولاتانی چەوسێنەر لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان، یەک) پێویستییان بە کەرەسەی خاوی زۆرتر و، دوو) دۆزینەوەی بازاڕی فرۆش بۆ وردکردنەوەی بەرهەمەکانیان هەبوو. بوونی بارودخێکی وا، لەلایەک گیانی جوولانەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی ولاتانی کۆلۆنیال و ئامال کۆلۆنیالی دەبووژاندەوە و لەلایەکی تر، ناکۆکیی نێوان ولاتە داگیرکەرەکانی دەخستە قۆناغێکی تازەی مێژووییەوە. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا لە سایەی خەباتی ڕزگاریخوازانە و نیشتمانیی گەلان، چەند وەرچەرخان و گۆڕانکارییەک بەدیهاتن کە لە نێو ئەماندا هێندێک لە ڕووداوە گرینگەکان نێو دەبەین: لە ئێراندا دەسەلاتی نگریس و پووکی سەلتەنەتی قاجارەکان کۆتایی پێهێندرا، ئیمپراتووری لەرزۆک و لاوازی عوسمانی لێکهەلوەشا و داوەشا، لە هەمووی گرینگتر سەرکەوتنی بالشویکەکان لە شۆڕشی ئۆکتۆبر، ژیانی ئیمپراتوریی تێزاری لە ڕووسیا کە خۆی قەید و بەندێکی زۆری بۆ گەلانی دیکە پێکهێنابوو، کۆتایی پێهێنا.

دابەشبوونی ئیمپراتووری قرپۆکی عوسمانی بە چەند ولاتی گچکەتر و سەربەخۆبوونی بەشێک لەوان، بوو بە هۆیەکی گرینگ کە لە نێو گەلانی کورد و هەرمەنیی ژێر دەسەلاتی ئەو ئیمپراتورییەشدا ئاگری خەبات بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی لە جاران بەتینتر بێ. تا ئەو کاتە خاکی کوردستان تەنیا لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دابەشکرابوو، کەچی بە داوەشانی عوسمانی، ئەم بەشەی خاکی کوردستان لە نێو سێ ولاتی تازەپێکهاتووی تورکیا، عێراق و سووریاش دابەشکرا.

پێکهاتن و سازکرانی حکوومەتە چکۆلەکانی ناوچە، ئەو هیوایەی خستە دلی کورد و هەرمەنییەکان کە ئەوانیش ئاخرسەر بە سەربەخۆیی و مافی دەسەلاتی نەتەوەیی دەگەن و کۆمەلی نێونەتەوەییش بەگوێرەی سروشت دانیان پێدادێنێ. هەلبەت بواری گەیشتن بە سەربەخۆیی ئەو دوو نەتەوەیە هیچ بەدوور نەبوو، چونکە مەسەلەکەیان بەگەلالەکراوی لە لایەن ولاتە سەرکەوتووەکانی شەڕ، قەبوڵ کرابوو. بەلگەی گرینگ لەوبارەدا، دەقی ڕێکەوتنامەی ناسراو بە سێڤەر(Severs)(خالەکانی ٦۲ تا ٦٤)بوو کە لە لە لایەن دەولەتە هاوپەیمانەکان ئیمزاکرابوو. بەلام بەرژەوەندیی سیاسی ـ ئابووری ولاتە کۆلۆنیالیستەکان و هەروەها دامەزرانی دەولەتی تورکە لاوەکان(تورکیا)کە لایەنی توندی ناسیۆنالیستی هەبوو، بوو بە کۆسپێک کە ئەو بەشە لە ڕێکەوتنامەی«سێڤەر» سەبارەت بە کورد و هەرمەنی نەیەتەدی.

لە ڕاستیدا دەولەتە هاوپەیمانەکان، مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوەیی گەلی کوردیان بە بەرژەوەندی خۆیانەوە گەرێ دابوو. پێوانەی ئەوان ئەوەبوو کە دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی تا چ ڕادەیەک دەتوانێ بە بەرژەوەندیی ژێئۆپۆلیتیکیان سوود بگەیێنێ؟! لەو نێوەدا ئەخشی ئینگلیس کە دەیەویست تەواوی کانگە نەوتییەکانی کوردستان لە ژێر کۆنترۆلی خۆی

بگرێ، لە هەمووان فریودەرانەتر بوو. بەلگەیەکی گرینگ کە دەری دەخا ئینگلستان زۆر لەوە پێش ئەو سیاسەتەی ڕەچاو کردووە، ڕێکەوتنامەی نهێنی«سایکس ـ پیکۆت» (Sykes Picot)بوو. ئەو ڕێکەوتنامە نهێنییە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی(١٩١٦)لە نێوان ئینگلستان وفەڕانسە و دواتر ڕوسیا بەسترا. دەقی ڕێکەوتنامەکە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی مۆرکەران و بەتایبەتی سیاسەتی ئینگلیس بۆ زەمانی دوای شەڕ نیشان دەدا[1]. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەبوایە ئەو«کێک»ە گەورەیەی ئیمپراتوری عوسمانی لە نێوان ئینگلستان وفەڕانسەو ڕوسیادا دابەش بکرێ. دیارە دواتر کە ئەمریکاش لەو میوانداریەدا بەرپشک کرا، ئەو چوار دەولەتە پێکەوە بوون بە کارگێڕی سەرەکی سیاسەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ڕێکەوتنامەی نهێنی«سایکس ـ پیکۆت» هەر لە سالی ١٩١٦دەوە زەنگی خەتەرێکی گرینگ بوو بۆ گەلانی گچکە. دەبێ ئەوەش بلێین کە ئەو پلانە ئیمپریالیستییە بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر بە تەواوی بەڕێوەنەچوو. چونکە دوای دەسەلاتی بالشویکەکان بە ڕێبەرایەتی لێنین لە ١٩١٧دا، هێزی نیزامی ڕوسیا بەر لە کۆتایی هاتنی شەڕ، بانگ کرانەوە و لە لایەن دەولەتی بەدیهاتوو لە شۆڕش، تەواوی ڕێکەوتنامەکان و لەوانە «سایکس ـ پیکۆت»یش کە لە زەمانی ڕوسیای تێزاریدا بەسترابوو، یەکلایەنە فەشەل کرانەوە.

سەبارەت بە ئەمریکاش کە لە سەرەتاوە خوازەری دامەزرانی دەولەتێکی هەرمەنی بوو، دەبێ بگوترێ: ئەو دەولەتە وردەوردە بەم ئاکامە گەیشت کە پێکهاتنی ولاتێکی«هەرمەنی» لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا ئیمکانی نییە و لەوانەیە ببێتە هۆی ئالۆزی. بۆیە تەواو لێی بێدەنگ بوو. ئەوە لە حالێکدا بوو کە ئینگلستان بەتەما بوو لە دامەزرانی ناوچەیەکی خودموختار کە چوار هەرێمی هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و موسل بگرێتەخۆ، پشتیوانی بکا. لەولاشرا فەڕانسە و تورکیای تازە پێکهاتووش، هەردووک چاویان لە موسل بڕیبوو کە وەک کانگایێکی گرینگی نەوت دەهاتە بەرچاو. دیارە کە ئینگلیسییەکان بەر لە دەسپێکی شەڕ، لە کانگەی نەوتی موسل ئاگادار بوون بەلام فەڕانسەییەکان نەیاندەزانی، هەر بۆیەش دواتر لە سەر مەسەلەی موسل زۆر سوور نەبوون و هاتنەسەر ئەوە کە ئەو ناوچەیەش بە تەواوی بکەوێتە ژێر دەسەلاتی بریتانیا. لەوەپاش مەسەلەی «دامەزرانی دەولەتە سەربەخۆییەکانی کورد و هەرمەنی»کە هاوپەیمانەکان لە سەرەتاوە بە پێی بەرنامەی ١٤ مادەیی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا، گەلالەیان کردبوو، بۆ هەمیشە فەرامۆش کرا. گۆڕانی لە ناکاوی سیاسەتی دەولەتە ئیستیعمارییەکانی زالبووی شەڕ، دەربارەی مافی دەسەلاتی نەتەوەیی کورد و هەرمەنی، لە کونفرانسی «لوزان(Lausanne)»کە لە سالی ١٩٢٣دا پێکهات، بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەو کۆنفرانسەدا، دەولەتی ئینگلیس و ولاتە بەشداربووەکانی دیکە، ئامانجی دوایی خۆیان لەمەڕ پێکهاتنی دەولەتانی ناوەندخواز و بە«سبات»لە ناوچەدا ڕاگەیاند و لەوبارەوە بە تەبایێکی دیاریکراویش گەیشتن. لە ڕێکەوتنامەی دوایی ئەو کۆنفرانسەش ئیدی هیچ ئیشارەیێک بە وەزعی کورد و هەرمەنی نەکرا. بەتایبەت دەولەتی ئینگلیس عەلاقەیێکی زۆری سەبارەت بە هەبوونی حکوومەتە ناوەندخواز و وابەستە نیشان دەدا و وزەی خۆی لەو بەستێنەدا بەکاردێنا. کاندیدە دەستنیشانکراوەکانی ئەو ولاتە بریتی بوون لە: ڕەزا خان لە ئێران و ئەمیر فەیسەل لە ناوچەی ژێردەسەلاتی خۆی لە بەغدا. ولاتی فەڕانسەش کە سەرزەمینی سوریای لە ژێر دەسەلاتدا بوو، لە ئاتاتورکی ناسیۆنالیست لە تورکیا پشتیوانی دەکرد.

*** قازی محەمەد، بە هەق لەقەبی «گاندی ڕۆژهەلات»ی لێ دەوەشاوە.**

ئاوڕنەدانەوە لە ئاست ویست ومافی نەتەوەیی گەلی کورد و هەروەها سەیاسەتێک کە بە ئاشکرا لەلایەن دەولەتە هاوپەیمانەکان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بەڕێوەچوو، وێڕای بە دەسەلات گەیاندنی دیکتاتۆرگەلێک بە بیچمی تازەوە بۆ نموونە لە ئێران و ولاتی تازە دامەزراوی عێراق، بەستێنی بۆ چەند جوولانەوە و ڕاپەڕینی چەکدارانەلە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان خۆش کرد. لەو بارەوە دەکرێ لە چەند ڕاپەڕینی گرینگ نێو ببرێ:

* ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نوری پاشا لە باکووری کوردستان دژی پەلهاوێژیی ئینگلیس کە زیاتر لە سێزدە سالان درێژەی کێشا(١٩١٩-١٩٣٢).

* ڕاپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ دژی ڕەزا خان کە دوازدە سالان بەردەوام بوو(١٩١٨-١٩٣٠). لەو ڕووەوە بە ڕاشکاوی دەتوانین بلێین کە مەودای زەمانیی نێوان دوو شەڕی جیهانی، کارەساتاوی ترین قۆناغ لە مێژووی گەلی کورد دەژمێردرێ. ئەو قۆناغە دەتوانرێ تەنیا بە بەراوردکردن لەگەل سەرکوت و قەتلوعامی هەرمەنییان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوو دەستپێکراو و تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەدرا، هاوسەنگ بکرێ. لێرەدا بۆ ئەوەی وێنەیێکی گچکە لە چارەنووسی خوێناوی گەلی کورد بدرێتە دەست، نەقلی قەولێک لە شادرەوان مامۆستا «عەلی گەلاوێژ» کە خۆی یەکێک لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد بوو، دەهێنمەوە. ئەو، لەوبارەدا دەنووسێ:

« سالانی نێوان دوو شەڕی جیهانی کە لە لایەک دەورانی لوتکەی جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی گەلی کورد و لەلایەک دەورانی شکستی ئەو ڕاپەڕینانە بوو، یەکێک لە کارەساتاوی ترین و دلتەزێن ترین دەورانی مێژووی گەلی کورد پێکدێنێ... تەنیا لە کوردستانی تورکیا لە نێوان سالانی ١٩٢٥÷١٩٢٧نزیکەی ٤٣٠گوند بە هۆی هرووژمی هێزەکانی دەولەتی وێران کران و زیاتر لە میلیۆنێک کەس لە دانیشتووانی کوردستان پەرەوازە بوون»[2]

بە ڕای من، ئەو پرۆسەیە خۆی قۆناغێک بۆ سەرهەلدانی سروشتی جوولانەوەی گەلی کورد لە سەرانسەری ناوچە بەدیدێنێ کە پێکهاتنی جەمهوری یا حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە مەهاباد یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو پرۆسەیە بەحیساب دێت. ئێستا ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە جوولانەوەی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران قوولتر کرد و بە بەرهەمی گەیاند، دەتوانرێ بە کورتی ئاوا باس بکرێ:

قەیرانی ئابووری جیهانی سەرمایەداری لەدەیەکانی بیست وسی زایینی واتە نێوان دووشەڕی جیهانی و هەروەها دەستدرێژیی نیزامی ئالمانی فاشیستی بۆ سەر دراوسێکانی خۆی لە ژێر عینوانی«پەرەسەندنی فەزای ژیان»، هۆی سەرەکی بوون بۆ دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی. لە کاتی شەڕدا، بارودۆخی نێونەتەوەیی بێ ئەندازە ئالۆز و ناکۆک بوو. لە سەر ئەم حالە، لە جەنگەی شەڕدا، ولاتانی هاوپەیمان کە سەر بە سیستەمی جیاواز بوون، پێکەوە دژی فاشیسم هاتنە نێو شەڕەوە و بەرەی هاوپەیمانیان پێکهێنا. ئەوان هەروەها تێدەکۆشان سیاسەتێکی یەکگرتووش لە ئاست ئەو ولاتانەی کە سەر بە ئالمانی هیتلێری بوون، بەڕێوەبەرن. لە ناوچەی

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا دوو دەولەت، یەکێک لە ئێران بە سەرکردەیی ڕەزاخان و ئەوی دیکە لە عێراق بە ڕێبەرایەتی ڕەشید عالی گەیلانی هەبوون کە لایەنگیرییان لە ئالمان دەکرد و هۆگەلێک بوون بۆ بلاوبوونەوەی عەلاقەی فاشیستی.

لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا، لە ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٢٠ی هەتاوی(١٦ سێپتامبری ١٩٤١) هێزەکانی ئیزامیی هاوپەیمانەکان هاتنە نێو خاکی ئێران و لە باکوور و باشوور جێگیربوون. هۆگەلێکی گرینگ کە ئەوان، بۆ داگیرکردنی ئێرانی بێلایەن دەیانهێناوە، ئەوەبوو:

ئا) بە دەلیلی بارودۆخی ژیۆپۆلیتیکیی خاکی ئێران، چونکە ترسی ئەوە هەبوو کە بە هۆی پەرەگرتنی شەڕ، ئالمانی نازی لە ڕێی ئێرانەوە بواری لۆجستیکی بۆ بڕەخسێ و چەک وتەقەمەنی بگەیێنێتە بەرەی ڕۆژهەلات و قەفقاز و بەمجۆرە بە سەر ئەرتەشی سووردا زال بێ و چۆکی پێدابدا. هەر بۆیە لە مێژوودا ئێران بە «پردی سەرکەوتن»ئێوی دەبرێ.

بێ) بە دەلیلی عەلاقەی سەمپاتیی لەڕادەبەدەری ڕەزاخان بە ئادۆلف هیتلێر. ڕەزا خان دوای هاتنی هاوپەیمانەکان و سەقامگیربوونی سپاکەیان، ناچارکرا لە سەر تەختی شایی لابچێ و ولات بەجێبهێلێ.

بارودۆخی جوغرافیایی ئێران ئاوابوو کە هێزەکانی ئیزامی ئینگلیس لە باشوور و سۆڤیەت لە باکوور جێگیر بوون. دیارە، بەشێک لە خاکی ئێران لەوانە بەشێکی کوردستان وەکوو مەهاباد داگیر نەکرابوو. لەو ناوچەیەدا ئامال ئازادییەکی هاتووچۆ و چالاکی هەبوو، بێ لەوەش دەولەتی تازەی ئێران سەرە.ای لاوازی، بە گوێرەی ڕێکەوتنامەیێک کە لەگەل هێزە هاوپەیمانەکان بەستبووی، مافی هیچ چەشنە جوولەیێکی ئیزامی نەبوو. لەو ڕوودوە شاری مەهاباد وەک ناوندێکی گرینگی ناوچە کە داگیرنەکرابوو، بوو بە مەکۆی چالاکی سیاسی و فەرهەنگیی گەلی کورد. لەو کاتەدا چاوی هیوای کوردان لە مەهاباد بڕابوو. مەهاباد کە ناوی پێشووی«سابلاغ»ە لە بەشی باکووری کوردستانی ئێران هەلکەوتووە و یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی عەشیرەتی موکری یە. لێرەدا دیسان دەبێ ئەوە جەخت بکرێتەوە کە بەپێچەوانەی بیروڕای باو، ناوچەی مەهاباد هیچ وەخت لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە داگیر نەکرا. ئەوانە هەلومەرجی تایبەتی بوون کە بە پەرەگرتنی سروشتی جوولانەوە و لە دایکبوونی کۆماری کوردستان یارمەتیان گەیاند.

بەلام لە پێوەندی لەگەل بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان: پێمرایە لە پلەی یەکەمدا ناکرێ لە دروستی ونادروستی پێکهاتنی کۆماری کوردستان قسە بکرێ، بەلکوو دەبێ بزاندرێ لەم هەلەمەرجەی کە لە گۆڕێدابوو، کوردان چیان دەویست و ڕێژیمی ڕاسپێراوی تاران و پشتیوانە بێ مەرج و بەکردەوەکانی چیان دەگوت؟ هەروەک لە پێشدا باسکرا، بارودۆخ وای تێدەخوێندرایەوە کە گەلی کورد دەبوایە لانیکەم لە هەلی ڕەخساو ئەوپەڕی کەلک وەرگرێ، چونکە زۆربەی ڕێبەران و بیروەرانی کوردستانی ئێران هەلی لە دەستچووی بۆشایی سیاسی سالانی ١٩١٩ تا ١٩٢١ی کوردستانی دابەشکراوی ئیمپراتۆری عوسمانیان چاک لە بیر مابوو کە بۆ دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی کەلکیان لێوەرنەگرت.[٣]

بۆیە ئەوان بۆ بە دەستهێنانی ویستی بە هەقی گەلی کورد تێدەکۆشان لەو قۆناغەدا کە لەلایێک دەولەتی ناوەندی لاواز و هاوپەیمانەکانیش ناکۆک بوون، لە لایێکی دیکەشەوە گەلی کورد پشتیوانی لێدەکردن، لانیکەم دەبوایە لە بەشێکی کوردستان هەنگاو هەلێننەوە. هەروەک دەزانین لەوکاتەدا، لە تورکیا جوولانەوەی گەلی کورد دوای بە خوێن کێشانی ڕاپەڕینی«درسیم(١٩٣٨)»، لە کزی دابوو و ڕێژیمی تورکە ناسیۆنالیستەکانیش لە ناوچەی کوردستان هێمنایەتییەکی گۆڕستان ئاسایان پێکهێنابوو. هەروەها لە عێراقیش لە گەل ئەوەدا کە شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کوردی باشووری کوردستان بە ڕێبەری بارزانی کە هەروا درێژەی هەبوو، ئەرتەش و هێزی هەوایی بریتانیا بە هۆی بۆمبارانی دڕندانە تەواوی ناوچەی لە ژێر کۆنترۆلی خۆی نابوو. لەو کاتەدا تەنیا شاری مەهاباد وەک مەکۆیێکی ئاگراوی خەباتی سیاسی ـ کۆمەلایەتی گەلی کورد لە پێناو ئامانجەکاندا مابۆوە. لەم کاتەدا گەلی کورد لە ئێران، ڕێبەرێکی لێزان و کارزان وئاشتیخواز و قسەسەلمێنی وەک ئەمر «قازی محەمەد»ی هەبوو. لێرەدا دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی باس و ئەو ڕەوشتەی کە پێشەوا قازی محەمەد لە پێناو بەدیهێنانی مافی گەلی کورد دەینواند، چاوێک هەرچەند بە سیلە، بە سیاسەتی دەولەتە هاوپەیمانەکان و ویست وخوازی گەلانی ئێراندا بخشێنین. بارودۆخی ڕەخساو ئەو بوارەی بۆ ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕانی کورد بە ڕێبەری قازی محەمەد(کە ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بوو) پێکهێنا کە لە سای ئەم بتوانن لەگەل دەولەتی ناوەندی دەربارەی بەرنامەیێکی ٨ مادەیی سەبارەت بە خودموختاری کوردستان گفتوگۆ بکەن. لێرە دەبێ ئەوەش بلێین کە ئامانجی گەلی کورد، بە گوێرەی ناوەرۆکی گفتوگۆکان و بیاننامە ڕەسمییەکان، جیابوونەوە لە ئێران و دامەزرانی دەولەتێکی سەربەخۆ نەبوو، بەلکوو نوێنەرانی کورد لە پێناو بەدیهێنانی دەولەتێکی فیدراتیو کە تێیدا هەموو گەلانی ئێران خاوەنی مافی یەکسان بن و وەک یەک بژین، خەبات و گفتوگۆیان دەکرد.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەیشتن بە خواستەکانی، گەلێک لێژنەی نوێنەرایەتی بۆ تاران ڕەوانەکرد و هاوکاتیش هەول دەدرا کە نوێنەرانی ئینگلیس و ئەمریکا کە لە ناو ڕێژیمی تاراندا نفوزیان هەبوو، ڕازی بکەن کە گەلی کورد تەنیا مافە سەرەتاییەکانی خۆی داوا دەکا و دیهەوێ لە چوارچێوەی ولاتێکی یەکگرتوو وێڕای گەلانی دیکەی ئێران، لە ژێر فەرمانی حکوومەتێکی ناوەندی ودێمۆکراتیکدا درێژە بە ژیانی خۆی بدا. بۆ نیشاندانی ئەو نیەتە پاکە، هەر دوای جێگیربوونی هێزە هاوپەیمانەکان لە ئێراندا واتە لە ڕێکەوتی ٢٥ی سێپتامبری ١٩٤١ئەمر قازی محەمەد وەک ڕێبەری سیاسی ـ مەزهەبی گەلی کورد، بەر لە دیتنی هەر نوێنەرێکی هەندەری، دوو ئەفسەری ئینگلیسی و ئەمریکایی لە مەهاباد بۆ لای خۆی بانگ دەکا و وێڕای بەلێنی هاوکاری و هاوڕایی لەگەل هاوپەیمانەکان لە ئێران، ویست وخواستەکانی گەلی کوردیان لەگەل باسدەکا و پێشنیاریان پێدەکا کە دەیەوێ فەرماندەری گشتی هێزەکانی ئینگلیسی و ئەمریکایی ببینێ و گەلالەی خۆی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد لەگەل ئەواندا بێنێتە گۆڕێ، بەلام ئەو ئەفسەرانە بەداخەوە نەتەنیا ڕوویێکی خۆشیان نیشان نەدا بەلکوو بوونە هۆی کرسپی ئەو دیدارەش لەگەل فەرماندەرەکانیان.[٤] گومان لەوەدا نییە کە ئەوان بە گوێرەی ڕێنوێنی دیاریکراوی فەرماندەر و نوێنەرانی دەولەتی خۆیان هاتبوونە دیدەنی گەورەترین کەسایەتی کورد و پێچەوانەی ئەوەشیان بۆ نەدەکرا. بەمجۆرە ئەو دەولەتانە و نوێنەرەکانیان، هەر ویستێکیان بە جۆرێک ڕەت دەکردەوە و بەکردەوە لە هەر چەشنە هەولێک بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی ئەو مەبەستە، هەر لە ڕۆژی یەکەمدا تەفرە دەڕۆیشتن.[٥] لە ئاکامدا دیاربوو کە گفتوگۆی دواتر لەگەل دەولەتی ناوەندیش کە بەڕێوەبەری سیاسەتەکانی ئەو دوو دەولەتە بوو، بە نەتیجە ناگات.

سیاسەتی بەرچاوی ئەو دوو دەولەتە، دوای وەلاتانی ڕەزاشا، ئەوە بوو ←

حکوومەتێکی بەهێز و بەسەبات کە لە هەر بارێکەوە بە ئەوان بەسترابێتەوە، لە ئێران بهێننەکایەوە، دەوڵەتێک کە بتوانێ بەرژەوەندیی درێژخایەنیان لە بەرچاو بگرێ. گومان لەوەدا نییە کە هەبوونی دەوڵەتێکی فیدراتیوی پێکهاتوو لە گەلانی جۆراوجۆر وێڕای مافی یەکسان و تەواو ئاگادار بەسەر چارەنووسی خۆدا، کۆسپێکی سەرەکی بوو بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی ئەوتۆ. وڵاتانی سەرمایەداری بە هەر قیمەتێک دەیانەویست لە ئاست دامەزرانی حکوومەتێکی سەربەخۆ و پشتبەستوو بە ئیرادەی گەلانی ئێران لەمپەر پێکبێنن. چونکە بۆ ئەوان، دراوسێتی ئێران لەگەڵ هاوپەیمانی زەمانی شەڕ و ڕەقیبی سەرسەختی دوای شەڕیان واتە وڵات و حکوومەتی سۆڤیەت کە بەگوێرەی سیاسەتی لێنینی، لایەنگیری دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان بوو، دەیتوانی مەترسییەکی گرینگ بێ لە ئاست بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەی کەنداوی فارسدا. هەر بۆیە ئەوان سیاسەتی خۆیان بە دەوڵەتی ناوەندی تاران کە دایم تووشی قەیران و ئاڵۆزی بوو، ڕوونووس دەکرد. یەکێک لە تەوەرەکانی ئەو سیاسەتە، تۆمەتی جیاوازیخوازی و کومونیستی بە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی و نەتەوەیی بوو تا بەم بیانوویە سەرکوتیان بکەن. سەرجەمی ئەم هۆیانە ئەمەیان خولقاند کە لە گفتوگۆکاندا بە هیچکام لە ویست و خوازی ئەو خەباتانە سەرنج نەدرێ.

لە بەرانبەر ئەواندا، یەکێتی سۆڤیەت کە ڕەقیبی دوو هێزی هاوپەیمانی خۆشی بوو، هەروەک باسکرا، لە پێناو ویستی گەلانی ژێر ستەمی نەتەوەیی بەتایبەت ویستی بە هەقی کوردان و ئازەرییان ڕووی خۆشی نیشان دا و لە کەلالەی خودموختاری پشتیوانی کرد. لە ڕاستیدا ئینگلیس و ئەمریکا، هەروەک دواتریش بینرا، ئەو حیمایەت و پشتیوانییەی سۆڤیەت(زیاتر پروپاگەندە تا بەکردەوە) یان کردە بیانوو و تۆمەتی زۆرتریان دایە پاڵ بزووتنەوەکان. یەکێک لە بوختان و تەبلیغاتە گرینگەکانی دواتری ئەوان لەو زەمانەدا ئەوەبوو کە گۆیا قازی محەممەد لەلایەن کومونیستەکان وسۆڤیەتەوە هاتووەتەسەرکار، یان ئەوە کە کۆماری کوردستان بە دەست کومونیستەکان لە مەهاباد دامەزراوە. ئینگلیس لەو شەرگە تەبلیغاتییە و دەنگۆسازکردنەدا نەخشی یەکەمی هەبوو. لە حاڵێکدا ئەوان وەک ڕۆژی ڕوون دەیانزانی کە ئەو تۆمەتانە لە بناغەوە بێ ئەساسن. لە کەش و فەزایێکی ئاوادا بۆ ڕێبەرانی کورد دوو ڕێگا هەبوو: یان دەبوایە بۆ سیاسەتی ستەمشایی حکوومەتی ناوەندی سەر دانەوێنن و سیاسەتی ڕوونووسکراوی ئینگلیسی و ئەمریکایی قەبوڵ بکەن، وەک ئەو وەزعەی لە کوردستانی عێراق بینرا کە ئینگلیسییەکان چ کارەساتێکیان لەو بەشەی کوردستان خولقاند، یان ویستی گەلی کوردیان لە سەرانسەری کوردستاندا لە بەرچاوگرتبا... بینیمان کە ڕێگایێکی عادڵانەتر جگە لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە نێو و بەکردەوەش حکوومەتی خودموختار نەدەکرا هەبێ؛ یان باشتر بڵێین، ڕێگایێکی دیکە نەبوو.

**گزینگ: سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵەی(ژ.ک) بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بیروڕاتان چییە و چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

ـ ئیجازە دەخوازم بەر لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، سەبارەت بە خۆشبوونی ڕێگا بۆ دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکان و لەوانە کۆمەڵەی(ژ.ک) و حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند ڕستەیێکتان عەرز بکەم. لەگەڵ داوەشانی دیکتاتۆریی ڕەزاخان، فەزایێکی ئاماڵ کراوەی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا بەدیهات. دوابەدوای ئەمە، دەرگای

**※ ئینگلیسییەکان بەر لە دەسپێکی شەڕ، لە کانگەی نەوتی موسڵ ئاگادار بوون بەڵام فەڕانسەییەکان نەیاندەزانی.**

زیندانەکان کرانەوە و تەواوی زیندانییە سیاسییەکان لەوانە ئی گەلی کوردیش ئازادکران و زۆربەی تێکۆشەرە کوردەکانی پەرەوازەش گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان. فەزای پێکهاتوو، ئەو بوارەی بۆ ئەوان ڕەخساند کە لە تێکۆشاندا تێهەڵچنەوە و خەڵکی ڕێک بخەن. بەمجۆرە لە ماوەیێکی کورتدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئێران و هەروەها لە ئازەربایجان وکوردستاندا بوژانەوە. هەروەک لە پێشدا باسکرا، بینیمان چالاکی سیاسی لە شاری مەهاباد گوڕێکی زیاتری بە خۆیەوە بینی. دەکرێ بڵێین، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورددا، ڕێکخراوی سیاسی بە واتای ئەمرۆیی، لەو کاتەدا بەدیهات. ئەو کارە شوێنێکی بەرچاوی لە ڕەوتی خەباتی دوارۆژدا هەبوو. یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کورد کە خاوەنی پرۆگرامی دیاریکراو و ویستی لەبەرچاوگیراو بووبێ، لە ژێر عینوانی«کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» لە دایک بوو. ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی لە لایەن ٢٢کەس لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد کە سەر بە توێژ و چینی جۆراوجۆری شاری مەهاباد بوون، دامەزرێندرا. ئەگەرچی کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نیوە نهێنی و نیوە ئاشکرا بوو، بەڵام وەزعی ڕێکخراوەییێکی گەلی و هەراوی هەبوو. بۆ سەلماندنی ئەو ڕایە ڕەنگە هێناوەی وتەیێک لە «ئارچی روزڤێلت»جێگری موستەشاری نیزامیی ئەمریکا ( لە هەمووان ڕوونە کە ئەو، هیچ چەشنە نەزەرێکی باشی لە حاند گەلی کورد یان جەمهوری کوردستان نەبوو)بەس بێ: «کۆمەڵە نە تەنیا زۆر زوو لە ئێران پیشەی داکوتا، بەڵکوو لە وڵاتانی دراوسێشدا نفوزێکی بەرچاوی هەبوو، تا ئەو جێگایەی کە کوردان لەو ڕێکخراوە تازە پێکهاتووەدا هێزێکی نوێیان دەدی کە لە حیزبە سوننەتی وناسیۆنالیستییەکانی پێشوودا بەدییان نەدەکرد».[٦]

هەروەک لە پێشیشدا باسکرا، دوژمنانی گەلی کورد و لەوانە نوێنەرانی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان کە بە وردی هەڵدان و پێشڕەفتی کۆمەڵەی(ژ.ک)یان دەنواڕی و لە نفوزی ئەو ڕێکخراوە تازە و کەم تەجرەبە و نیوە نهێنییە دەترسان، پروپاگەندەی ژاراوی خۆیان لە دژیدا دەست پێکرد و وەک شتێکی جیاوازیخواز و نۆکەری بێگانە و... بۆیان تێدەچاند و لە حکوومەتی ناوەندی ئێران وێڕای شکایەتی پەیتاپەیتای لەمەڕ «دەستێوەردان»ی بێگانان لە کوردستاندا پشتیوانیان دەکرد. بەڵام بە چاوخشاندنێک بە بەرنامەی شەش مادەیی کۆمەڵە دەردەکەوێ کە ئەمجۆرە تەبلیغاتە تا چ ڕادەیێک بێ جێ بوون:

١) حکوومەتی ناوەندی دەبێ زمانی کوردی کە زمانی سێ میلیۆن دانیشتوانی کوردی ئێرانە بە ڕەسمیەت بناسێ.

٢) لە مەدرەسەکان دەبێ زمانی کوردی بخوێندرێ و لە ئیدارەکانیشدا بە کوردی قسە بکرێ.

٣) هەموو کاربەدەستان و هێزەکانی پارێزگاری دەبێ لە نێو خەڵکی خۆجێیی هەڵبژێردرێن.

٤) مالیاتێک کە لە خەڵکی کوردستان وەردەگیرێ، دەبێ خەرجی چاککردنی وەزع و ژیانی خەڵک بکرێ، وەکوو سازکردنی نەخۆشخانە، مەدرەسە، خانووبەرە و ... نەک بۆ ڕازاندنەوەی شاری تاران.

٥) ئەو داواکارییانە دەبێ لە مەجلیس گەلاڵە بکرێ وشێوەی قانوونی بە خۆیەوە بگرێ.

٦) خاڵەکانی سەرەوە، ویستی لانیکەمی ئێمەیە. خواستەکانی درێژخایەنی خۆمان کە لە ڕاستیدا خواستی خودمرختاری بۆ هەموو گەلانی ئێرانە، دوای کۆتایی هاتنی شەڕ درێژە پێدەدەینەوە. ئێمە باوەڕمان هەیە کە گەلی کورد ئەو خواستانە بەدی دێنێ.

بەڵام پێویستە بزانین بۆچی دواتر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەگۆڕدرێ. ئەمر قازی محەمەد لەم کاتەدا ڕێبەری نەتەوەیی و نوێنەری ڕۆشنبیرانی کورد بوو کە لە نێو عێل وعەشیرەتی جۆراوجۆر، چ لە کوردستانی ئێران وچ لە کوردستانی عێراقدا ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو. ئەو، بە بۆنەی تێکۆشانی لە ڕادەبەدەری لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجی گەلی کورد و هەروەها بە هۆی نەخشێک کە لە گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا لە خۆی دەنواند، وەک شەخسیەتێکی دەرەجە یەک دەناسرا. بە هەق لەقەبی «گاندی ڕۆژهەڵات»ی لێدەوەشاوە. هەر بە هۆی ئەم خۆشەویستییەشی بوو کە دامەزرێنەرانی«کۆمەڵە»داوایان لە قازی محەمەد کرد کە ئەندامەتی ڕێکخراوی ناوبراو قەبوڵ بکا. هەڵبەت ئەوە کارێکی بەجێ بوو، چونکە لە ڕابوردوودا بێ ئەوەی کە ئەندامی کۆمەڵە بێ لە ئامانج و بەرنامەکانی کومەڵە پشتیوانی دەکرد و خەڵکی بۆ لای ئەم ڕێکخراوە هان دەدا.

دوای تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی، هاوکات لەگەڵ سێهەمین ساڵی دامەزرانی«کۆمەڵە» ڕاگەیاندنێک کە ٧٢ کەس لە کەسایەتییە جۆربەجۆرەکانی کورد و لەوانە قازی محەمەد ئیمزایان کردبوو، بڵاوکرایەوە و تێیدا بۆ یەکەمین جار لە پێکهاتنی «حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران»قسە هاتەگۆڕێ. ئەو حیزبە دەسبەجێ بەرنامەیێکی ٨ مادەیی بڵاوکردەوە کە بە تێکڕایی ناوەرۆکەکەی جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ بەرنامەی کۆمەڵە هەبوو. ڕێبەران و ئەندامانی کۆمەڵە بێ ئەوەی بەڕەسمی کۆمەڵەی هەڵوەشێننەوە، بەشێکیان بوونە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. بەمجۆرە ئەو حیزبە لە ماوەیێکی کورتدا واتە لە ١٦ی نوت(ڕۆژی دامەزرانی) تا پێش ١٢ سێپتامبری ١٩٤٥(ڕۆژی سەفەری قازی محەمەد و نوێنەرانی دیکەی کورد بۆ باکۆ)، زیاتر لە بیست هەزار کەسی ئەندام هەبوو. بە بۆچوونی من، گۆڕانی کۆمەڵەی(ژ.ک) بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ پێشبردنی ئامانجی گەلی کورد کارێکی شیاو و بەجێ بوو. چونکە کۆمەڵە لەو کاتەدا، بە دوو دەلیلان، نەیدەتوانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی بەرنامەکەی، شانسی سەرکەوتنی هەبێ: یەک)کۆمەڵە سەرەڕای نفوزێکی زۆر کە لە نێو توێژی جۆراوجۆری خەڵکی کورددا هەیبوو، لە دوای سێ ساڵ چالاکیش هەر وەک ڕێکخراوێکی نیوە نهێنی بەڕێوەدەچوو و هێشتا بۆ بەدیهێنانی بەرنامە ٦ مادەییەکەی خۆی هەنگاوێکی گرینگی هەڵنەهێنابۆوە! دوو) پێوەندیی نزیکی کۆمەڵە لە گەڵ ڕێکخراوەکانی«هیوا»لە کوردستانی عێراق و «خۆیبوون»لە کوردستانی تورکیا و سوریا، هەرچەند هیچ چالاکییەکیان لە بواری کاری سیاسیی هاوبەشدا نەدەنواند؛ بەڵام لەسەر ئەو حاڵەش ڕا لە لایەن دوژمنانەوە و بەتایبەت ڕاسپاردە ئینگلیسییەکان وێڕای تەبلیغاتێکی زۆرەوە، بە ناسیۆنالیست و جیاوازیخواز و کومونیست! تاوانبار دەکران.

**گزینگ: ئایا بەشداریی هێزەکانی عێلی بارزانی و کوردەکانی باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستاندا، دەکرێ وەک ئامانجێکی یەکگرتووی جووڵانەوەی نەتەوەیی چاوی لێبکرێ؟**

ـ ئەوەیکە عێل وعەشیرەتە کوردەکان لە سەرانسەری کوردستاندا و بە درێژایی مێژوو، چارەنووسێکی خەماوی وەک یەکیان هەبووە، لە کەس شاراوە نییە. بێگومان یەکێک لە هۆیەکانی پشتیوانی بارزانییەکان لە جەمهوری کوردستان دەکرێ بە هەستی یەکگرتوویی بێ. چونکە بە دەلیلی هەلومەرجی داسەپێنراو بە سەر گەلی کورددا، خەڵک هەر شکستێک لە هەر شوێنێکی کوردستان بە شکستی خۆیان دەزانن و هەر سەرکەوتنێکیش هەر بە نی خۆیان. کەوابوو یەکێک لە هۆیەکانی هاوکاریی هێزەکانی بارزانیش، دەکرێ هەر ئەو یەکێتی و بە نی خۆ زانینی ئەم دەستکەوتە لە قەڵەم بدرێ. لێرەدا دەبێ بڵێم: بەداخەوە چەرمەسەرییەکی کە گەلی کورد لە تەواوی مێژووی خەبات و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی خۆی بەتایبەت لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم تووشی بووە و هێشتاش ئەم سوونەتە ناپەسندە هەر ماوە و دەشمێنێ، چەرمەسەریی خۆخۆیی و ناکۆکی و شەڕی دەسەڵات بووە لە نێوان عێل وعەشیرەت و حیزبەکاندا. ئەوان لەبری ئەوەیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش لە ئاست دوژمنەکانیان، یەکگرتوو بن، دژی یەکتر و ئەغلەب لە هیچ وخۆڕایی بە قازانجی هێزە داگیرکەرەکان کاریان دەکرد. ئەو ئەزموونە تاڵە کە لە باب و باپیرانەوە بەجێماوە، لە هێندێک قۆناغدا دەرسی عیبرەتی لێوەرگیراوە کە جارجار بەشێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا هەوڵیان داوە لێی دوورەپەرێز بن. لە نموونەی بەرچاوی ئەو ڕێبەرە نیەت چاکانە، دەکرێ ئەمر قازی محەمەد نێو بیرێ. هەرچەند ئەم وتەیە لەوانەیە بۆ هێندێک کەس ناخۆش بێ و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرسیارەکەوە نەبێ بەڵام بە پێویستم زانی بیڵێم.

هەروەک دەزانین دوای هەرەسهێنانی یەک لە دوای یەکی جووڵانەوەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا لە نێوان دوو شەڕی جیهانی و هێمنایەتییەکی گۆرستانی لەو هەرێمەدا، ڕێبەران و ڕۆشنبیرانی کورد، یان دەستبەسەر و ئیعدام بوون یان پەرەوازەی هەندەران کران. لە کوردستانی عێراقدا، سەرەڕای بوونی ئەرتەش و هێزی هەوایی بریتانیا، کوردان لە سەرەتاوە بە ڕێبەرایەتی شێخ مەحمود و پاشان بە ڕێبەرایەتی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا تا ماوەیێک کۆنترۆڵی کوردستانی باشووریان بەدەستەوە گرتبوو.

لەو جێیەیرا کە بریتانیای«مەزن»بە هەر قیمەتێک دیەویست حکوومەتی ناوەندی و دەستکردی خۆی لە عێراقیش سەقامگرتوو بکا، سەرەتایی ترین مافی ئینسانی لە ژێر پێ نا و بە یارمەتی و کەڵک وەرگرتن لە هێزە ئامادەبووەکانی خۆی لە کەنداوی فارس و هەروەها بۆمبارانی لێکدای شار و دێهاتی کوردنشین، خۆڕاگریی بەهەقی گەلی کوردی کوردستانی باشووری، تێکشکاند. لە ئاکامدا سێ هەزار پێشمەرگە لە پاشماوەی هێزە کۆڵنەدەرەکانی بارزانی وێڕای بنەماڵەکانیان(سەرجەم ١٢ هەزار کەس)لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ پێ دەنێنە خاکی ئازادکراوی کوردستانی ئێران و بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرێ. دیارە دەوڵەت و ڕاسپاردەکانی ئینگلیس لە ئێران، لەو کارە زۆر خۆشحاڵ نەبوون. بەهەرحاڵ لە ماوەیێکی کورتدا سێ هەزار پێشمەرگەی چەکداری بارزانی لەگەڵ ٩٧٥٠چەکداری هێزەکانی کورد لە مەهاباد یەکیان گرتەوە و مەلا مستەفاش بوو بە یەکێک لە چوار ژەنەراڵەکانی هێزی بەرگری(١٢٧٥٠کەس)ی کوردستان.[٢] هەڵبەت شکستی ڕاپەڕینی کوردستانی باشووریش دەکرێ هۆیێکی تر بێ بۆ بەشداریی هێزەکانی بارزانی لە جووڵانەوەی پەرەگرتووی کوردستانی ئێران، بەڵام شک لەوەدا نییە کە هەستی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لەو یەکێتییەدا بەرچاوتر بوو.

⬅

**گزینگ: ئەگەر كۆماری كوردستان تەنیا خوازەری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و سەربەخۆیی لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بوو، پێكهێنانی كابینە و دامەزراتنی ئەرتەشی میللی و هەڵكردنی ئاڵای لەچی بوو؟**

ـ مەسەلەی چەمكی«كۆماری كوردستان» كە لە ڕاستیدا ناوەكەشی هەر كۆماری كوردستان بوو یان حكوومەتی خودموختاری كوردستان كە بە ڕەسمی و بە كردەوەش ئەمجۆرە نیشان دەدرا، دەكرێ بڵێین بووەتە مەتەڵێكی ئەستەم و تا ئەمڕۆ بۆ زۆربەی هاونیشتمانانی كورد وخەڵكی جیهان بێ وەڵام ماوەتەوە. زۆرن ئەو كەسانەی كە ئەم وتەیە جەخت دەكەنەوە یان سەرزارەكی دەیڵێنەوە كە چون ناوی ئەو حكوومەتە«جەمهوری كوردستان»یان بە قەولی مامۆستا كەریمی حیسامی:«كۆماری دیمۆكراتی كوردستان»بووە و ئەرتەش و ئاڵای خۆی هەبووە، كەوابوو بێشك ئەوە خۆی دەوڵەتێكە یان وڵاتێكە بە سنووری دیاریكراوەوە. هەڵبەت ڕەنگە لە ڕوانگەی ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی جەمهوری كوردستان و لە پێش هەمووان لە ڕوانگەی پێشەوا قازی بیرێكی ئەوهایی هەبووبێ، بەڵام تا ئەو جێیەی بۆ ئێمە ڕوونە، چونكە ئەو مەسەلەیە لە هیچ كوێ باس نەكراوە و هیچ بڵاوكراوەیێكیش ئاماژەی بۆ نەكردووە؛ ناكرێ و نابێ تەنیا لە سەر شك و گومان پێ دابگیرێ، بەڵكوو مەسەلەكە وەك ئەو جۆرەی بووە وسەرچاوەی ڕەسمی باسی دەكەن، دەبێ وەربگیرێ. حەوجێ بە گوتن نییە، تازە ئەو شتانەش كە چ بە حاڵەتی تەوس یان بە شێوەی تۆمەت بە قەڵەمی دوژمنانی بەڕواڵەت دڵسۆزی گەلی كورد وەكوو:«ئیدمۆندز»ی ئینگلیسی، «ئارچی روزڤێلت»و «ئیگلتۆن»ی ئەمریكایی نووسراون دەبێ بە چاوی سەرنجەوە تێیان بڕوانین. ئەو ڕاسپاردە لێزان وەوردەبینەوانە، بۆ ئەوەیكە ئینسانی ساویلكە ودڵپاك، ئەم تۆمەت ودرۆ و بۆختانانەی كە سەبارەت بە ناحەزەكانیان دەیانووسی، بەباشی باوەڕبكەن، لەسەرەتاوە هێندێك ئاكاری باشی خۆشەویستانی گەلیان بە تین وتاو باس دەكرد. بۆ نموونە «ئارچی روزڤێلت»، كاتێك لە ساڵی ١٩٤٦ ڕاپۆرتەكەی خۆی سەبارەت بە جەمهوری كوردستان و دیتنی قازی محەممەد دەنووسێ، وێڕای ڕێزكردنی درۆ و دەلەسەی ڕاسپاردەیی وجیاوازیخوازی، لانیكەم شتێكی درۆ لە زمان قازی محەممەد و ڕێبەرانی دیكەی كورد نادركێنێ و یان ڕستەگەلی چەند واتاییان ناداتە پاڵ و تەنانەت جاری وایە بە قازی محەممەدیش هەڵدەڵێ. بەڵام نزیكەی سی ساڵ دوای شكستی كۆماری كوردستان و لەدارداتی بەناهەقی پێشەوا قازی، واتە لە ساڵی ١٩٧٦دا ئیدی هیچ ناپەرینگێتەوە و لە نامەیێكی تایبەتیدا بۆ«كریس كۆچێرا(نووسەری:«جوولانەوەی نەتەوەیی كورد»)، هەرچی بۆ خۆی دەیەوێ لە زمانی ئەمر قازی محەممەد دەریدەبڕێ. گۆیا لە باسێكدا كە پێشەوا قازی لە كاتی خواردنی فراوێندا لەگەڵ ئارچی روزڤێلت(سێپتامبری ١٩٤٦) لە مەهاباددا هەیبووە، گوتوویەتی كە كوردستان وڵاتێكی سەربەخۆیە و جەمهوری مەهاباد بووكەچینی دەستی ڕووسان نییە؛ پێیوەناوە:« **ئەگەر وابوو ئەدی سەربازانی سۆڤیەت لە كوێن؟**»

هەڵبەت ئێمەی كورد لەوەدا شكمان نییە كە ئەمر قازی محەممەد زۆرجاران لە«نەتەوە و وڵاتی سەربەخۆی كورد» لەنێو كۆڕوكۆمەڵدا دواوە، بەڵام ئەوەش باش دەزانین كە مەبەستی ئەو سەربەخۆیی لە ئاست دیكتاتۆریی بووە نەك ئەوەی ئارچی روزڤێلت بۆ مەبەستی خۆی لێكی دەداوە.

لێرەدا هەوڵ دەدرێ ڕوانگەیێك لە جیهانبینی زاڵ بەسەر جەمهوری

**☼ لە دەورانی یەكساڵەی ئەم حكوومەتەدا گەلێك هەنگاوی گرینگ لە بواری كۆمەڵایەتی، ئاسایشی گشتی، سیاسی و فەرهەنگی هەڵێنرایەوە**

كوردستان و ناوەڕۆكەكەی بخرێتەڕوو. لە تەواوی دەورانی پێنج ساڵە(كۆتایی١٩٤١ تا كۆتایی ١٩٤٦)دا، چ بە ڕەسمی و چ بە ناڕەسمی، بەڕێوەبردنی كاروباری مەڵبەندێكی گرینگ لە كوردستانی ئێران، لەدەست كورداندا بوو و تەنیا پێشەوا قازی وەك ڕاوێژكاری گەلی كورد، لەگەڵ نوێنەری دەوڵەتانی هەندەران و هەواڵنێران پێوەندی دەكرد و بێ لەوەش، گەڵاڵەی تەواوی گفتوگۆكان چ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و چ لەگەڵ حكوومەتی میللی و خۆماڵیی ئازەربایجان، لە لای قازی محەممەد و بە مشووڕەتی ئەوان دادەڕێژرا. ئەوەیكە ئەمڕۆ لە دەقی گفتوگۆی نوێنەرە جۆربەجۆرەكانی گەلی كورد لەگەڵ نوێنەرانی ئەم حكوومەتانەی ناوم هێنان و هەروەها لە وتووێژەكانی قازی محەممەد لەگەڵ نوێنەران وهەواڵنێرانی دەروە و ناوەوە، دەكرێ هەڵكرێنین ئەوەیە كە هیچ وتەیێك سەبارەت بە دەوڵەتی سەربەخۆی كورد یان وڵاتی سەربەخۆی كورد، نەگوتراوە؛ بەڵكوو ئەوەی كە بووە لە چوارچێوەی بەرنامەی ٦مادەیی كۆمەڵەی(ژ.ك)دا بووە و پاشانیش لە بەرنامەی ٨ مادەیی حیزبی دیمۆكراتی كوردستاندا گونجاوە. لەگەڵ ئەوەشدا كە لەم سەردەمەدا، بارانی تۆمەتی جیاوازیخوازی وكومونیست بوونی حیزبی دیمۆكراتی كوردستان لە لایەن ڕێژیمی تارانەوە دادەباری، وەختایێك لە ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٧ی سێپتامبری ١٩٤٥)ئاڵای سوور وسپی و كەسكی كۆماری كوردستان لە سەر بانی دادگوستەری مەهاباد لەرایەوە، شاخ و باڵێكی زۆرتر وە پڕوپاگەندەكانەوە خران. چەند ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوە، ڕۆژنامەی فارسیی«شەهباز»كە لە تاران دەردەچوو، هەواڵنێرێكی ناردە مەهاباد كە لە بیر و بۆچوونی قازی محەممەد كە هەمیشە لەگەڵ حكوومەتی ناوەندی لە پێوەندیدا بوو، سەبارەت بەم تۆمەت ودەنگۆیانە ئاگادار بێ. ئیجازە دەخوازم بۆ ڕوونكردنەوەی باسەكە، بەشێك لە تووێژی ئەمر قازی محەممەد لەگەڵ هەواڵنێری «شەهباز»لێرەدا بهێنمەوە:

« لەم وتووێژەدا قازی محەممەد لە سەرەتادا بەرنامەی حیزبی دیمۆكراتی كوردستان لێكدەداتەوە و وێڕای شیكردنەوەی، پێدادەگرێ كە ئەو حیزبە خاوەنی مەرامی كومونیستی نییە، لە گەڵ ئەوەشدا بە نەزەری ئەو، تەنیا لە حكوومەتێكی شوورایی دایە كە دیمۆكراسی ڕاستەقینە و دەسەڵاتی خەڵك كە ئەو حیزبە دەیەوێ دایمەزرێنێ، دێتە دی. هەروەها قازی محەممەد، هەبوونی پێوەندی لەگەڵ كوردی دەرەوەی ئێران ڕەت دەكاتەوە و قانوونی ئەساسی ئێران بە ڕەسمی دەناسێ و دەڵێ: «شوورای بەرز»كە مەنتەقەی مەهاباد ئیدارە دەكا، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە پێوەندی دایە. لە كۆتاییدا دەڵێ كە خیانەتكاران بۆ حەشاردانی پیلانی ڕەشی خۆیان و بۆ ئەوەی ئێمە بە زۆر لەناو بەرن، دەڵێن كە كوردستان سەربەخۆیی گەرەكە. دەوڵەتی ناوەندی ئەوەندە ئازەربایجان وكوردستان بە جیاوازیخوازی تاوانبار دەكا كە ئاخیری...».[۸]

هەروەها، لە ڕێكەوتی یەكەمی ژوئێنی ١٩٤٦، قازی محەممەد لە وتووێژێكدا كە لەگەڵ هەواڵنێری ئاژانسی فرانس پرێس(A.F.P) هەیبوو، ڕایگەیاند:«ئەگەر من سبەینێ بە هێزی ئامادەبووی چوارهەزاركەسی(جگە لە هێزەكانی زەخیرە) كە لە ئیختیارم دایە، فەرمان بدەم، زیاتر لە سێ یا چوار ڕۆژان ناكێشێ كە شاری گرینگ و خاوەن نەوت

و کوردنشینی کرماشان بەدەستەوە دەگرن. بەڵام هەوڵ وکۆششی من بۆ ئەوەیە کە پێش بە خوێنڕێژی و براکوژی بگیرێ. بە متمانەوە، هێزەکانی کورد هەرگیز شەڕ دەست پێناکەن»

« کوردەکان بەوە ڕازی دەبن، ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی(تاران) بە ڕاستی بڕیارەرگرێ، قانوونە دێمۆکراتیکەکان لە سەرانسەری ئێراندا بەڕێوەبەرێ و قانوونە بڕیاردراوەکانی کوردستان یانی خوێندن بە زمانی زگماکی، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی بە شێوەی خودموختار و هێزی پارێزگاریی خۆماڵی بە ڕەسمی بناسێ. ئێمە لە حاڵی حازردا، لەگەڵ شێوەیێکی چارەسەری ئەوتۆی مەسەلەکە ڕازی دەبین و ئامادەشین سەرلەنوێ پێوەندیان لەگەڵ تاران ئاسایی بکەینەوە. بەڵام وا دیارە دەوڵەتی ناوەندی ناتوانێ یان نایهەوێ ئەو قانوونانە بەڕێوەبەرێ. ئێمە لەسەر ئەمە سوورین کە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی مەجلیسی شورای میللی هەرچی زووتر بەڕێوەبچێ. بەڵام بە مەرجێک کە لە کەش و هەوایێکی تەواو ئازاددا بێ، بەبێ دەستێوەردان و فشاری هێزەکانی نیزامیی دەوڵەتی ناوەندی».

«ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ تەواوی ئەو پێداگرییە(بەم شێوەیە) داوای خودموختاری بۆ بەشێک لە کوردستان دەکەین، لێرەدا تەنیا وتەنیا دەوڵەتی ناوەندی خەتابارە کە هیچکارێک لە بواری باشکردن و تێهەڵێنانەوەی باری ژیانی کوردستان ڕاناپەڕێنێ. ئێمە بە دڵسۆزی و هیوا و ئاسەوە تێدەکۆشین لە ڕێگای پێشڕەفت و پێشوەچوون هەنگاو هەڵێنین. ئێمە نامانەوێ نە لە ڕووسان و نە لە ئەمریکاییان پێڕەوی بکەین. ئێمە نامانەوێ وەک ئازادی وڵاتانی شارستانی بژین».[٩]

ئەمن پێموایە ئەمر قازی محەمەد کاکڵی جەمهوری کوردستان و بیروڕاکانی خۆی لەو وتووێژانەدا بە وردی بەرجەستە کردووەتەوە. هەڵبەت لەو جێیەڕا کە ئەو، کەمێکی فەرانسەیی دەزانی و سەبارەت بە سیستمی بەڕێوەبەری کاروباری وڵاتی «سویس»یش چەند کتێبێکی خوێندبۆوە، زۆر ڕێی تێدەچێ کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانی ئێران، ویستبێتی مودێلی فیدراتیوی سویس یان ئاڵمانی دوای شەڕ لەبەرچاو بگرێ و لە ڕاستیدا، بە کردەوەش هەر وا بوو. دیارە لە ئاڵمانی فیدراڵ و کانتۆنەکانی سویس، هەم کابینە و هەم ئاڵاگەلی جۆراوجۆری هەرێمی هەن کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی ناوەندیدا هەموو خەڵکی هەرێمەکان بە ژیانی خۆیان درێژە دەدەن. لە حاڵێکدا ئاڵای حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران بۆ دەوڵەتی ناوەندی و پشتیوانەکانی وەک تاوانێکی نەبەخشراو، لە قەڵەم دەدرا.

بەڵام مەسەلەیێک کە بە ئەرتەشی میللیی جەمهوری کوردستانەوە پێوەندی هەبێ، مەسەلەیێکی دەگمەن(ئاوارتە) بوو. بە نەزەری من پێشەوا قازی لە تەجرەبەی تاڵی شکستەکانی پێشوو، ئەو دەرسەی وەرگرتووە و هاتووەتە سەر ئەم باوەڕە کە هەبوونی هێزێکی ڕێکوپێکی نیزامی دەتوانێ پشتیوانەیێک بێ بۆ بە ڕەسمیەت ناسینی مافی گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە کە لە بەرنامەی ٨ مادەیی حیزبی دێمۆکراتیشدا ئیشارەی پێکراوە.

**گزینگ: بەکورتی دەستکەوتەکانی ئەم کۆمارە لە چیدا بەرجەستە دەکرێتەوە؟**

ــ تەجرەبەی جەمهوری کوردستان خۆی، لەگەڵ کورتی تەمەن و سەرکوتی ناجوامێرانەی لەلایەن کۆنەپەرستەوە، دەکرێ بڵێین بۆ گەلی کورد گەورەترین دەستکەوتی هەبووە. بێ زێدەبێژی ئەم کۆمارە ڕێگەی خەباتی داهاتووی بۆ تێکۆشەرانی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا نەخشاندووە، بێ لەوەش یەکێک لە دەستکەوتە مێژووییەکانی دیکەی، دەرسی ئاشتی و برایەتی و هێمنایەتی بوو بۆ تەواوی گەلانی ناوچە. دامەزرانی ئەم کۆمارە تا ئێستاش بێ هاوتا ماوەتەوە. گەلی کورد بۆ یەکەمین جار بە درێژایی مێژووی خۆی، لەگەڵ شێوە و ئاکارێکی دێمۆکراتیک لە نێو چوارچێوەی سیستمێکی کۆنی فیودالی و خانخانیدا ڕادێ و ئاشنا دەبێ. شێوەی ئاشتیخوازانە، بەو دەلیلە کە لە تەواوی دەسەڵاتی پێنج ساڵانەی گەلی کورد بە سەر چارەنووسی خۆیدا، هەوڵ درا کە لە کەس زوڵم و زۆری نەکرێ، هیچکەس ڕاو نەنرێ و هەموو کەس ئازاد بژی. بۆ نموونە سەرەڕای قەیرانی بوونی بارودۆخ و بگر و هەڵڵا لە ناوچەدا، لە ماوەی ئەم یەکساڵەی حکوومەتی خودموختاردا، تەنیا یەک کەس لە مەهاباد هاتە کوژران.

لە دەورانی یەکساڵەی ئەم حکوومەتەدا گەلێک هەنگاوی گرینگ لە بواری کۆمەڵایەتی، ئاسایشی گشتی، سیاسی و فەرهەنگی هەڵێنرایەوە. ڕاگرتنی هێمنایەتی و پارێزگاری گشتی بە وشیارێکی تایبەتەوە بەڕێوەدەچوو. بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە شاری مەهابادیان وەک ناوەندی حکوومەتی خودموختاری کوردستان دیتووە، لە هەربارەوە شایانی پێداهەڵگوتن بووە.

حکوومەتی خودموختار بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد، گرنگییێکی زۆری بە نەخشی ژنان و چالاکیان لە بواری کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا، دەدا و بۆ ئەم مەبەستەش یەکەمین مەدرەسەی کچانە لە شاری مەهاباد دامەزرێندرا. یەکێک لە کارە بە نرخەکانی ئەو حکوومەتە لە کۆمەڵگای فیۆدالی ئەم سەدەمەدا، ڕێزگرتن لە مافی کەمە نەتەوایەتییەکان وەک ئازەری و یەهوودی(جوولەکە) و غەیرە بوو. لەم بوارەدا، لە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەڕی ١٣٢٤(١٩٤٦) ڕێکەوتنامەی دۆستایەتی لە نێوان دوو گەلی ئازەری وکورد مۆر دەکرێ و مافی کەمایەتی کورد و ئازەری لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەر دوو حکوومەتدا دوو قۆڵی لەبەرچاو دەگیرێ. یەکێک لە کارە فەرهەنگییەکانی کۆماری کوردستانلە مەڕ بارهێنانی کادێری لێهاتوو و فێربوونی زانستی پێویست، ناردنی بیست کەس لە لاوانی زیرەک و وشیاری کورد بۆ دەرەوەی وڵات(باکۆ) بوو کە لە نێو ئەواندا دواتر گەلێک ڕۆشنبیر و نووسەر و کەسانی ناودار هەڵکەوتن کە بۆ کۆمەڵگای خۆیان بوونە جێی شانازی. ڕەنگە ئەمڕۆ وەڕێخستنی چاپخانەیێکی گچکە و بڵاوکردنەوەی کتێبی دەرسی کارێکی ئاسان و ئاسایی بێ، بەڵام دامەزرانی چاپخانە، دەرچواندنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و هەروا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی گەلی کورددا، خوێندن بە زمانی زگماکی کارێکی تایبەتی گرینگ و بەنرخ بووە. بۆ حکوومەتی ناوەندی و پشتیوانانی ئەم، ئەو چاپخانەیەی مەهاباد لە بۆمبی ئەتۆمیش خەتەرناکتر بووە. هەر بەو دەلیلەش ئەوان، بوونی ئەو چاپخانەیان لە مەهاباد بە تاوانێکی گەورە دەزانی. بەداخەوە کۆنەپەرست و بەرژەوەندخوازەکان مەجالیان نەدا کە کۆماری کوردستان درێژە بە ژیانی خۆی بدا و لە ئاکامدا هەنگاوە ئینسانییەکان وکارە دەستپێکراوەکان پێشیان پێگیرا و ناتەواو مانەوە. تەنیا میوەیێک کە لە حکوومەتی یەکساڵەی کوردستان بۆ ئێمە بە یادگار مایێتەوە، دەرس وەرگرتن لەم ئەزموونەیە.

**گزینگ: بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی دەرەوە و ناوەی ئەو سەردەمە، ئایا جەمهوری کوردستان دەیتوانی درێژە بە ژیانی خۆی بدا، ئەگەر وەڵام (نا)یە، بۆچی بەرەنگاری نەکرا؟**

ـ پێمـوایە لە وەڵامی پرسیـارەکـانی پێشـوودا، ئامـاژ جـوابێـک دراوەتەوە، بەڵام لێـرەدا ڕەنگە کـورتە شـیکردنەوەیێک پێـویست بێ. بەداخەوە دەبێ بگوترێ کە مان و ژیانی حکوومەتی کوردستان پێوەندی بە زۆر نەگـەرانەوە هەبوو. هەرچەند هەلومـەرجی سـەرەکی و تەواو، بۆ پشـتیـوانی و پاراستنی تارادەیێک لە لایەن خەڵکەوە هەبوو؛ بەڵام ژیانی خودی خەڵکیش دوای پێنج ساڵی شەڕی جیهانی، لە ئاستەنگیدا بوو و درێژەی ژیانی تاکی و خێزانی بە شەرت و مەرجان زنجیرکرابوو. زۆربەی خـەڵک و تەنانەت بەشـێک لە ڕێبـەران، بەر لەوەی دە فکری درێژەدانی ژیانی جەمهوری دا بن، دە فکری ژیانی خۆیان و خاوخێزانیان دا بوون. وەک ئاگادارین، هەم حکوومەتی ناوەندی و هەم پشتیوانەکانی بە پلانێکی تایبەتی، بۆ لەناو بردنی کۆماری کوردستان؛ گەمارۆیێکی ئابووریی بەربلاو و چەند لایەنەیان دەست پێکردبوو. بەمـجۆرە، نە زێدە داهاتی کوردستانیان دەکڕی و نە ڕێگای هاتنی کەلوپەلی پێویستیان بە کـوردستـان دەدا. یەکـێتی سۆڤـیەتیش کە بە قسە پشتیوان و دۆستی کۆماری کوردستان مابۆوە، بە بیانووی وێرانی شەڕ و خەسارەتی زۆری خـەڵک و وڵاتی خـۆی، بە پەیمان و بەڵێنی خـۆی وەفـای نەکـرد یان نەیەویست وەفا بکا. کەوابوو گەلی کورد لە دۆڵێکی ئاستەنگدا عاسێ بوو و بەرەنگاری و خۆڕاگریش بە زگی برسی، بەرابەر بوو لەگەڵ خوێنڕێژی و ئاوارەیی وەک بۆمبارانی کوردستانی باشوور کە لە لایەن هێزی هەوایی بریتانیاوە بینرا؛ یان وەک ئەوەی لە لایەن ئەرتەشی شا لە ئازەربایجان کرا... یانی لە ڕاستیدا بەرەنگاری بەرابەربوو لەگەڵ خۆکوژی. بە نەزەری من، ئەگەر دوای شکستی فاشیست و کۆتایی شەڕ، وڵاتانی هاوپەیمان لە بری پروپاگـەند دژی یەکـتـر و ڕقـەبەری تەقـەمـەنی و چەکـدارکـردنی دیکتاتۆرەکانی ناوچە، کە ئەوانە هەمووی بەردی بناغەی شەڕی ساردیان پێکهێنا؛ ڕێگایێکی هاوژیاریی هێمنانەیان هەڵبژاردبا، لە وانە بوو فەزای کراوەی سیاسی درێژەی کێشابا و... کۆماری کوردستـانیش نەفـەوتابا. بەداخەوە ئەو ئەگەر و مەگەرانە نەهاتنە دی.

**گزینگ: شوێنی کۆماری کوردسـتان لە سەر پرۆسەی یەکێتی نەتەوەیی کورد چییە؟**

ـ بێشک پێکهاتن و ژیانی زۆر کورتی کۆماری کوردستان، لە مێژووی ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی گەلی کورددا، یەکەمین پریشک بوو کە ئاگری بیری تازەی تێکۆشەرانی ئەو گەلەی بە شێوەی ئەوڕۆیی لە سەرانسەری کوردستاندا خۆش کرد. ناسینی گەلی کورد لە لایەن گەلانی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا، بێگومان پێوەندی بەم یەکساڵەی حکوومەتی کوردستان بە ڕێبەری کەسێکی لێهاتووی وەک «قازی محەممەد»ەوە هەبوو. کـۆمـاری کـوردسـتـان نموونەیێکی ئاشکرای بەرەنگاریی فکری بۆ وشیارکردنەوەی گەلی کورد بوو.

پێشەوا قازی نیشانی دا کە گەیشتن بە مافی نەتەوەیی تەنیا بە خەباتی چەکـدارانە نایەتە دی، بەڵکوو بەرزکـردنەوەی زانیـاریی خـەڵک و ئامادەکردنیان بۆ خەبات بە شێوەی دێمۆکراتیک دەتوانێ کاریگەرتر بێ. هەر بۆیەشە، ڕاپەڕینی گەلی کورد لە مەهاباد و سیاسەتی سەرۆکە نەمرەکەی، ئەمڕۆ بە چاوێکی ئەوپەڕی ڕێزەوە سەیری دەکرێ. کۆماری کـوردسـتـان بەکردەوە شکستی خـوارد، بەڵام ڕوحەکەی لە ئاسمـانی جووڵانەوەکانی گەلی کورد لە هەر گۆشەیێک لە خاکی کوردستاندا لە حاڵی فڕین دایە و ڕۆژێک دێ کە خەڵکی کورد بە پێی ئامانجی بەرزی جەمهوری کوردستان، بە مافی ڕەوای خۆی بگا.

*** مافی نەتەوەیی تەنیا بە خەباتی چەکدارانە نایەتە دی، بەڵکوو بەرزکردنەوەی زانیاریی خەڵک و ئامادەکردنیان بۆ خەبات بە شێوەی دێمۆکراتیک دەتوانێ کاریگەرتر بێ.**

**گزینگ: ئایا دەکرێ کـۆماری کوردستان، بە پێـوانەی سیاسی وحقوقی نێونەتەوەیی، وەک دەوڵەت لە قەڵەم بدرێ؟**

ـ لە لایێک ئەگەر بمانەوێ کۆماری کوردستـان بە پێوانەی ئەمڕۆی نێونەتەوەیی هەڵسەنگێنین، بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە «نا»یە. چونکە دەوڵـەت بەو چەمکە، دەبێ لە وڵاتێک بە سنووری دیاریکراوی نێونەتەوەیی خاوەن دەسەڵات بێ و لانیکەم لە لایەن ژمارەیێک لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە ڕەسمیەت بناسرێ، یان لەگەڵ ئەم وڵاتانە پێوەندی سیاسی هەبێ. کۆماری کوردستان خاوەنی هیچکام لەو مەرجانە نەبوو، لە بەرنامەکەشی ئەوە پێشبینی نەکرابوو. کەوابوو قسەکردن لە سەر دەوڵەت یا وڵاتێک بەو مەعنایە کە سنووری دیاریکراوی نێونەتەوەیی هەبێ، لەگەڵ ناوەرۆکی کۆماری کوردستان نایەتەوە. لە لایێکی دیکەوە ئەوەش دەگـرێتـەوە کـە ئێـمـە لە چ ڕوانگەیێکەوە ئەم کۆمارە هەڵسەنگێنین؟ کەسانێک هەن کە بە وشە و ڕستەگەلی جوان دەتوانن کایە بکەن و کەسی واش پێی خۆشە بۆ هەر ڕستەیێک تاریفێکی تایبـەت بدا بەدەستـەوە و لە هەر تاریفێکیش بۆچوونێکی تایبـەتی هەبێ، بەڵام ئەگەر لە زێدەوێژی و زێدەڕەوی خۆ بپارێزین و بارودۆخ و ناوەرۆک و کارکردی کۆماری کوردستانمان لە بەرچاو بێ، بە شێوە و شکڵی وشە و ڕستەگەل خۆمان دڵخۆش ناکەین. بەداخەوە ئێمەی «جیهانی سێهەمی»ی ئیحساساتی و بەتایبەت کوردی ژێر ستەم و زۆر لێکراو، ئەغلەب زوو دەکەوینە نێو داوی خەون و خەیاڵەوە. لێرەدا نموونەی ئاشکرا هەر ئەو ناوەی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە، زۆر کەس پێیوایە چونکە کۆماری کوردستانی پێدەگوترێ، کەواتە بێشک ئەمە دەوڵەت یا وڵاتێک بووە بە سنووری دیاریکراوی نێـونەتەوەیی. یان ئەوەیکە چون خـاوەنی ئەرتەشی مـیللی بووە، بەوپێـیـە، وڵاتێکی سەربەخۆش بووە. دیارە ئەو مەسـەلەیە حاشای لێناکرێ کە هەر نەتەوە وخەڵکێک دەیەوێ مـافی خۆی هەبێ و چارەنووسی خۆی دیاری بکا تا بتوانێ لە چوارچێوەی خاکی باب و باپیری خۆیدا دەوڵەتی خۆی پێکبێنێ؛ ئەوە مەسەلەیێکی زۆر سروشتی یە.

کۆماری کوردستان کە کارکرد و ناوەرۆکەکەی، هاوژیاری هێمنانە لەگەڵ گەلانی دیکە لە چوارچێوەی ئێرانی ئازاد و دێمۆکراتیکدا بوو، بە پێوانەی سیاسی و حقوقی نێونەتەوەیی نەدەکرا ناوی دەوڵەت یا وڵاتی سەربەخۆی لەسەر دابنرێ. وەک ئەمجۆرەی کە ئەمڕۆ حکوومەتی هەرێمیی«بایرن»لە ئاڵمانی فیـدراڵ کە خۆی بە «دەوڵەتی ئازادی بایرن»(Freie staat Bayern)نێودێرکردووە، ناکرێ ـ بەو مەعنایەی کە وڵاتێکە و خاوەنی سنووری دیاریکراوی نێونەتەوەیی یە، بە نێوی دەوڵەت لە قەڵەم بدرێ. هەڵبەت ئەگەر کۆماری کوردستان لەگەڵ حکوومەتی خودموختاری ئێستای فەلەستین هەڵسەنگێنین و ئەگەر ڕێژیمی ئەو سەردەمەی ئێرانیش لەگەڵ ڕێژیمی ئێسـتـای ئیسـرائیل بەراورد بکەین و دروشمی دێمـۆکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد لەو دەوڵەتانەش بە هێند بگرین، شتێکی کە پێوەندی بە فـەلەسـتینییـەکـانەوە هەیە، دەبوایە لە داهاتوویێکی نە زۆر دوور، حکوومەتی خودموختاری ئێستای فەلەستین بە دەوڵەت یا وڵاتی فەلەستین بە سنووری دیاریکراوی نێونەتەوەیی بگوردرێ. هەروەهاش سەبارەت بە

←

کۆماری کوردستان ئەگەر هەموو«ئەگەرەکان» هاتبانەدی، خەڵکی کوردیش دەیتوانی بە کەڵک وەرگرتن لە هەڵبژاردنی ئازاد و ڕێفراندۆم بڕیار بدا کە ئایا دەیەوێ لە لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بە مافی هاوسان و لە سیستمێکی فیدراتیودا درێژە بە ژیانی خۆی بدا؟ یان ئەوەیکە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی خۆی پێکبێنێ. بەڵام وەک تەجرەبە نیشانی دا و سەرنج درا، بوونی کۆماری کوردستان تەنانەت بەو بەرنامە و داواکارییە لە رادەی خودمرختاری و خۆماڵیشدا، خۆی لە خۆیدا دڵی حکوومەتی ناوەندی تاران و پشتیوانەکانی وە لەرزە خستبوو. ئەوان بە دووربینیەوە لەوە دەترسان کە بە بوونی دەسەڵاتی دێمۆکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد، لەوانەیە گەلی کورد بۆ دەوڵەت و وڵاتی سەربەخۆ دەنگ بدا و ئەوەش دیارە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەوان نەیدەخوێندەوە. سەرەڕای تەواوی ئەوانە، گریمان ڕێبەرانی کورد لە کوردستانی ئێران ئارەزووی دەوڵەت و وڵاتیشیان لە سەردا بووبێ، بێشک بە جەمهوری کوردستان کە تەنیا یەک چوارەمی خاکی کوردستانی ئێرانی دەگرتەوە، نەیاندەتوانی ڕازی بن و گەلی کورد ئەوەی قەبوڵ نەدەکرد. بێ لەوەش ژیرانە و سەلماویش نەبوو کە خاکی جەمهوری کوردستان جیا لە ناوچەکانی پڕ لە سامانی سروشتی وەک کرماشان و سنە و قەسری شیرین و نەوتی شا و... بێ. پەنجا ساڵ دوای جەمهوری کوردستان دەبینین کە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەر لە هەمووان ئەمریکاییەکان چۆن کوردستانی باشووریان بە نێوی ناوچەی پارێزراو لە چنگ ڕژێمی بەغدا، بە دوو کەرت دابەشکردووە؛ بەجۆرێک کە بە قەولی ڕەحمەتی ژەنەڕاڵ بارزانی، دڵ و سێپەلاکی کوردستان (یانی کەرکووک و موسڵ) یان خستووەتە ژێر چەتری سەدام حوسێن و دڵی ٤/٥ میلیۆن کوردی باشووری کوردستانیان بە باریکە ڕێیێک لە کوێستانەکانی کوردستان خۆش کردووە گۆیا کوردستانی ئازادمان هەیە! ئەگەرچی ئەم هەنگاوە سەرەتاییە باشانە خۆی هیوایێک دەبێ کە دیکتاتۆرەکان بێنێتەوە سەر عەقڵ.

**گزینگ: بە بەراوەرکردنی وەزعی ئێستای جووڵانەوەی کورد، دەستکەوتەکانی ئەو ئەزموونە دوای پەنجا ساڵ، چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟**

ـ لە پێشدا دەبێ لێکدانەوەیەکی کورت سەبارەت بە بارودۆخی جووڵانەوە لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و لە بەشە جۆربەجۆرەکانیدا بە شێوەیەکی تایبەتی بخرێتەڕوو، یانی لە دوو سووچانەوە مەسەلەکە چاو لێبکەین، یەکێک مەسەلەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا؛ ئەوی دیکەش مەسەلەی جووڵانەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانیدا و بەتایبەتی نموونەی ئێمە لە کوردستانی ئێران. هەرچەند ئامانجی گەلی کورد هەر یەکە و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی، لە قۆناغی یەکەمدا بۆ بە دەستهێنانی ئازادیین لە ژێر نیری دیکتاتۆریدا. بەڵام بەداخەوە هەم شێوەگەلی هەڵسوکەوت لەم ڕاپەڕینانەدا جیاوازن، هەم بەرەنگاری و زەبەروزەنگی دیکتاتۆرەکانیش لە ئاست ئەم ڕاپەڕینانەدا جیاوازە. بۆنموونە تورکە ناسیۆنالیستەکان هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە فەزایێکی وەهایان لە کوردستانی تورکیا پێکهێناوە، کە وێڕای ئامادەبوونی بەشێک لە تێکۆشەرانی کورد بۆ چارەسەریی هێمنانەی مەسەلەی خۆیان، بێجگە لە خەباتی توند وتیژ هیچ ڕێگاییکی دیکەی بۆ ناهێڵرێتەوە و ئەوەش ڕێگاییکە ئەمڕۆ هێندێک لە حیزبە کوردستانییەکانی تورکیا هەڵیان بژاردووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش زۆر تێکۆشەری لاو ڕووی تێدەکەن. بەڵام لە پێناو بەدیهاتنی مافی ڕەوا، خەتەریکی کە ئەو شێوە خەباتەدە مەترسی داوێ، خەتەری زێدەڕەوییە کە میلیتاریست و ناسیۆنالیستە تورکەکانیش ئەوەیان دەوێ. چونکە جووڵانەوە هەرچی ڕادیکاڵتر بێ، بیانوو بۆ لەناوبردنی ئاسانترە. لە کوردستانی سووریا و عێراق وەزع ئەختێک جیاوازە. جووڵانەوەی کوردستانی سووریا تەقریبەن بۆ دەرەوەی خاکی کوردستان سنوورپەڕ بووە و حافز ئەسەد لەحاڵی حازردا لەگەڵ مەسەلەی لوبنان و ئیسرائیل سەری قاڵە. لە عێراقیش سەدام حوسێن هەرچەند وەزعێکی لاوازی هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری لە سامانی کوردستان لە دەست دایە و چاری مەرەی نایە. بەداخەوە، هەروەک دەبیندرێ لە بەشی ئازادکراوی کوردستانی باشووریش حیزبە خاوەن دەسەڵاتەکان کەمتر لە تەجرەبەی تاڵی ڕابوردوو بۆ باشترکردنی پێوەندی خۆیان لەگەڵ خەڵک، کەڵک وەردەگرن. تەجرەبەی کۆماری کوردستان دەبێ دەرسێکی عیبرەت بێ بۆ سەرکردەی حیزبە کوردییەکانی باشووری کوردستان. تەجرەبەی کۆماری کوردستان دەبێ دەرسی دوور بوونەوە بێ، لە قازانجی گیرفان و دەسەڵاتخوازیمان.

جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە چالاکی و تێکۆشانی حیزبە کوردستانییەکان، وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە هەردوو باڵەوە و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کۆمەڵە ڕەنگ دەداتەوە. تا ئەو جێیەی کە بەکردەوە بینراوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێڕەوی ڕێبازی جەمهوری کوردستان و ئاڵاهەڵگری بیروڕای ئەمر قازی محەمەدە. ئێستە ئەگەر هێندێک جیاوازی بە بەراورد لەگەڵ پەنجا ساڵ پێش بەدی دەکرێ، بە هۆی گۆڕانکارێکی بەرچاوە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا پێکهاتووە. لێرەدا شتێکی کە بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوەی گەلی کورد ژینەر و پێویستە یەکێتی کردەوە و یەکگرتوویی هێزە جۆربەجۆرەکانی ناوەوەی کوردستانە دژی دوژمنی هاوبەشیان و لەناوبردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان. ئەوە ئارەزووی هەموومانە.


سەرچاوە و پەراوێز:

1) Golmorad Moradi, *Ein Jahr autonome Regierung in Kurdistan*, S. 94

٢) بڕوانە: انقلاب اکتبر و ایران، ١٩٦٧، ل ٣١٣-٣١٤؛ ڕۆژنامەی «کوردستان»، ٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی.

3)*People Withhout A Country*, London 1980,p.38;
s,Golmorad Moradi, ebd,p.137

٤) بڕوانە: ڕاپۆرتی کونسولی ئینگلیس لە تەورێز، ڕێکەوتی ١٨ی ئۆکتۆبری ١٩٤٢ لە ئارشیوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیس.

FO 371-31391/File No 21, p.65,82, PRO, London; see, G. Moradi, ebd, p. 196

5)Golmorad Moradi, *Ein Jahr autonome Regierung in Kurdistan*, S. 195

6) *The Middle East Journal*, vol. 1, No.3. July1947

7) Golmorad Moradi, *Ein Jahr autonome Regierung in Kurdistan*, S. 238

٨) ڕۆژنامەی«شهباز»[فارسی]، ١٠ی دەی مانگی ١٣٢٤(٣١ی دیسامبری١٩٤٥، نەقڵ کراو لە« پیر روندوت» لە«در سرزمین اسلام» ١٩٤٦، ژمارە ٣٤، ل ١١٨.

٩) بڕوانە:

Lucien Rambout, *Les Kurdes et le Droit*, Paris 1947, p. 106, 107

هەروەها بڕوانە:

Golmorad Moradi, *Ein Jahr autonome*..., p. 254-155

# ستالین، قەیرانی شۆڕشی و ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان

نووسینی: د. ئەمیر حەسەنپوور

(لە خوێنەرەوە تکا دەکەم پێش خوێندنەوەی ئەو نووسراوەیە، نامەی ستالین بۆ پیشەوەری لە لاپەڕەی٢٧ی ئەو ژمارەیەی گزینگ بخوێننەوە).

## ئەلف) سەرەتا

نامەی ٨ ی مای ١٩٤٦(١٣٢٥/٢/١٨) ستالین بۆ میر جەعفەری پیشەوەری، سەرۆەزیری حکومەتی میللی ئازەربایجان(کۆماری ئازەربایجانی ١٩٤٦)، کە بۆ هەوەڵجار لەو ژمارەی «گزینگ»دا بلاودەبێتەوە، بەڵگەیێکی هەرە گرینگە سەبارەت بە سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤێت لەمەڕ کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بەتایبەتی و باری سیاسی ئێران وجیهانی ئەو سەردەمە بەگشتی. دەوری یەکێتی سۆڤێت لە دامەزراندن و ڕووخانی دوو کۆمارەکان تا ئێستە لە ڕوانگەی جۆربەجۆر لێکدراوەتەوە دژی کومونیستەکان (دەوڵەتی ئێران، ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان، زۆربەی کاربەدەست و لێکۆڵەرەوەی ڕۆژئاواییەکان) دەڵێن دەوڵەتی سۆڤێت دەوڵەتێکی داگیرکەر و دەستدرێژکەر و دیکتاتۆر بوو کە دەیەویست، بە لەتوکوتکردنی ئێران، وڵاتەکە داگیر بکا و نەوت و سامانی تری بڕووتێنێتەوە و بگاتە «ئاوی گەرمی کەنداوی فارس». یەکێتی سۆڤێت تەماحی لە نەوتی ئێران کردبوو و داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد کە ئیمتیازی دەرهێنان و کەڵک وەرگرتن لە نەوتی باکووری ئێرانی بداتێ. لەبەر ئەوەی ئێران نەیەویست ئەو ئیمتیازە بدا، یەکێتی سۆڤێت، دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی دووەم، سپاکەی لە ئێران ڕاگرت و خەڵکی ئازەربایجان و کوردستانی هاندا کە لە ئێران جوێ ببنەوە. بەڵام سەرۆەزیری «لێهاتووی ئێران» ئەحمەدی قەوامولسەلتەنە، یەکێتی سۆڤێتی فریودا و بەڵێنی دانێ کە ئیمتیازی نەوتیان دەداتێ ومۆسکۆی ڕازی کرد کە هێزی خۆی لە ئێران بکشێنێتەوە. چەند مانگ دوایە کە ئەرتەشی شاهەنشاهی هێرشی کردە سەر ئازەربایجان و کوردستان، خەڵکەکە خۆیان هەڵستانەوە و هەر دوو حکوومەتی «پووشالی»یان سەرنخوون کرد. «لێکدانەوە»ی وا، لەباتی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان، زۆرتر ڕووناکی دەخاتە سەر ئاوات و خەیاڵ و ئیدیۆلۆژیی ئەوانەی کە دژی ڕزگاری گەلی کورد و ئازەری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیمۆکراتی و سەربەخۆ لە ئێرانن.

زۆربەی لایەنگرانی بزووتنەوەی ساڵی ١٩٤٦ بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕوانە هەلپەرستی و پشتبەردان و تەنانەت خەیانەتی یەکێتی سۆڤێت. لەو بۆچوونەشدا، وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتی باکوور وەک بنچینەی سیاسەتی سۆڤێت باسدەکرێ. بۆ وێنە، نەوشیروان مستەفا ئەمین دەنووسێ: «بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەوکاتەدا ئەوە گرینگ بوو ڕێکەوتنەکەی پیشەوەری ـ فیروز سەربگرێ و، حکوومەتی قەوام لە سەرکار بمێنێ بۆ ئەوەی وەکی بەڵێنی دا بوو: ئیمتیازی نەوتی شیمال بە ڕووسیا بدات.»[١]

فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان تا ئێستە لێکۆڵینەوەیێکی تێر و تەسەلی دوو کۆماریان نەکردووە و ئەوەندەی باسیشیان کردبێ زۆر وەدوای لێکدانەوەی سیاسەتی سۆڤێت نەکەوتوون. د. قاسملوو پێی وابوو کە:

> «سیاسەتی ئەو دەمەی یەکیەتی سوویێتی واتە سیاسەتی سەردەمی ستالین بەگشتی و لەڕادەی جیهانی دا تووشی هێندێک هەڵە و لێکدانەوەی چەوت بوو... ناکۆکی و ناتەبایی لە سیاسەتی یەکیەتی سوویێتی بەرامبەر بە ئێران بەرچاو دەکەوت... هەرچۆنێک بێ پاشەکشەی یەکیەتی سوویێتی لە ئێران چ بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت بووبێ چ لە ئاکامی شکستی سیاسەتی مەزنخوازی باقیرۆف[سەرۆەزیری کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیێتی ئازەربایجان]، بەرهەمی لێکدانەوەیەکی چەوتی هەل ومەرجی ئەو کاتەی ئێران بوو.»[٢]

ئەو«لێکدانەوە چەوتەش»، بە بڕوای د. قاسملوو دوو هۆی هەبوو: ١)قەوام بەڕێوەبەرانی سۆڤێتی «قانع کرد کە گیروگرفتی ئازەربایجان بە مەسەلەیێکی نێو خۆی ئێران دانێن و دەخالەتی تێدا نەکەن.» ٢) «یەکیەتی سوویێتی لە شەڕێکی وێرانکەر ڕزگاری ببوو، بیست میلیۆن کوشتەی دابوو، سەدان شار و ناوەندی سنعەتی گەورەی خاپوور کرابوون،» بەپێچەوانە، ئەمریکا بەهێزبوو و پشتی بە بۆمبای ئەتۆمیش ئەستوور بوو و لەو شەرت و مەرجەدا سۆڤێت ئامادەی تێکهەڵچوونی عەسکەری لەگەڵ ئەمریکا نەبوو.[٣]

زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان بایەخێکی تەواو دەدەن بە دەوری قەوام لە ⇐

**□ نیشانەیێکی قەیرانی شۆڕشی ئەوەیە کە چینی دەسەڵاتدار کە دەوڵەتی بەدەستەوەیە نەتوانێ بە شێوەی کۆن یان بە شێوەی عادەتی حکومەت بکا.**

«فریودانی» یەکێتی سۆڤیێت. دەڵێن قەوام «سیاسەتمەدارێکی ژیر» و «لێهاتوو» بوو و توانی «دەستی ستالین» ببڕێ.[٤] ئەو بۆچوونە هیچ ڕووناکاییێک ناخاتە سەر کێشەی سیاسەتی سۆڤیێت. قەوام لە ئێران، وەک کۆنەپەرستێکی سەر بە ئینگلیس، باش ناسرابوو و دەوڵەتی سۆڤیێتیش باشی ئاگا لە ڕابوردوو و کردەوەی ئەو بوو(ستالین لە نامەکەیدا ئیشارە بە ڕابوردووی قەوام دەکا). هەروەها دەوڵەتی سۆڤیێتیش ئەوەندە ساویلکە و بێ تەجرەبە و نەفام نەبوو کە قەوام بتوانێ هەڵی بخەڵەتێنێ. ئەوەش ئاشکرایە یەکێتی سۆڤیێت زیاتر لە هەموو وڵاتێک لە شەڕی جیهانی دووەمدا وێران ببوو و پتر لە بیست میلیۆن کەسی لێکوژرا.[٥] دیارە ئەمریکاش هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد ودەیەویست شۆڕشگێران وگەلانی ڕزگاریخواز بە بۆمبای ئەتۆمی چاوترسێن بکا و لە ئورووپا و ئاسیا و ئەفریقادا دەسەلاتی خۆی دامەزرێنێ.

نە باری سیاسی و ئابووری سەخت و دژواری یەکێتی سۆڤیێت و نە باری نێونەتەوەیی دوای شەڕی جیهانی هیچکامیان ناتوانن بنچینە و هۆی «لێکدانەوەی چەوتی هەلومەرجی ئێران» ڕوونبکەنەوە. ڕابەرایەتی سۆڤیێت لە کاتێکدا پاشەکشەی سیاسی کرد و ئاشبەتاڵی بە گەلی کورد و ئازەری کرد کە شۆڕشی کرێکاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ئورووپا و ئاسیا و ئەفریقادا لەوپەڕی گەشانەوەدا بوو. هەروەها بزووتنەوەی کومونیستی جیهانی بە هۆی دەستکەوتەکانی لە خەباتی دژی فاشیستیدا ــ لە ستالینگرادەوە بگرە هەتا یۆنان، یوگۆسلاوی، ئالبانی، ئیتالیا، فەڕانسە، چین و وڵاتانی تر ــ قەدر و حورمەت و سەربەرزییێکی بێوێنەی وەدەستکەوتبوو. لەو بارودۆخەدا، هێزە ئیستیعمارییە کۆنەکان (وەک ئینگلیس و فەڕانسە) و زلهێزی تازەپێداکەوتووی ئەمریکا هیچکامیان وزەی ئەوەیان نەبوو بڵێسەی خەباتی ڕزگاریخواز دامرێننەوە. لەو هەلومەرجە لەباردا، ڕابەرایەتی سۆڤیێت ــ بە سیاسەت و بەرنامە و ڕێباز و تیۆری و کردەوە ــ ئالای سەردانەواندن و ئاشبەتاڵی هەڵکرد و بوو بە کۆسپێکی بەهێز لە بەرانبەر بەرەی خەبات و ڕزگاریخوازیدا. لێکدانەوەی ڕابەرایەتی حیزبی کومونیستی سۆڤیێت تەنیا لە بابەت باری سیاسی ئێران «چەوت» نەبوو. لێکدانەوەی وا بۆ زۆر وڵاتی تر گەڵاڵە کرا و زۆر بزووتنەوەی تری بە مەرەدی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ئازەری برد. لێکدانەوە چەوتەکەش سەرچاوەی لە هەڵەکردن و نەزانین دا نەبوو. دەوڵەتی سۆڤیێت باش ئاگای لە چۆنێتی و چەندێتی خەبات لە زۆربەی وڵاتانی دنیایە هەبوو. سەرچاوەی ئەو لێکدانەوەیەی لە ڕێبازی سیاسی و ئیدیۆلۆژی و تیۆری ئەو کاتی حیزبی کومونیستی سۆڤیێت دابوو ــ ڕێبازێکی بە ڕاشکاوی لە نامەی ستالیندا وەک ئامۆژگاری بۆ پیشەوەری گەڵاڵە کراوە.

### ١ــ ناوەرۆکی نامەی ستالین

لە نامەی ستالین ڕا وادەردەکەوێ کە پیشەوەری ڕەخنەی گرتووە لە وەدەرکەوتنی سپای سوور لە ئازەربایجان و باکووری ئێران. هەروەها گوتوویەتی کە ئێران، وەک ڕووسیای سالی ١٩٠٥ و ١٩١٧، تووشی قەیرانێکی(بحران، ازمە، crisis) شۆڕشی بووە و شەرتومەرج ئامادەیە بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی ماکزیمۆم(هەرە زۆر)ی شۆڕش، واتە سەرنخوونکردنی دەوڵەتی ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێمۆکراتی گەل.

ستالین بە پیشەوەری دەڵێ کە لە لێکدانەوەی باری سیاسی ئێران و نێونەتەوەییدا تووشی هەڵە بووە. بە قسەی ستالین، دەوڵەتی سۆڤیێت نەیدەتوانی چیتر سپای خۆی لە ئێراندا ڕابگرێ چونکە ئەگەر سپا لە ئێران وەدەرنەکەوتبا، ئینگلیس سپای خۆی لە میسر و سوریا و ئەندونیزی و یۆنان و ئەمریکاش سپای خۆی لە چین وئیسلەند وداغارک ڕادەگرت و ئەوەش زیانی دەبوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ئاسیا و ئورووپا.

هەروەها ستالین دەڵێ کە لە ئێراندا قەیرانێکی بەهێزی شۆڕشی لە ئارادا نییە چونکە دەوڵەتی ئێران ( بەپێچەوانەی دەوڵەتی ڕووسیا کە لە ١٩٠٥ لەگەڵ ژاپۆن بەشەڕ هات و لە ١٩١٤-١٧ خەریکی شەڕ لەگەڵ ئالمان بوو)تووشی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتێکی دەردوە نەبووە هەتا بەو شەڕە کز ببوبێ. هەروەها جووتیارانی ئێران خەباتێکی بەربن و بەرچاویان نەکردووە. کەوابوو ئێستە کە دوژمن (دەوڵەتی ئێران) بەهێزە وخەباتی چینە چەوساوەکان نەگەشاوەتەوە شۆڕش کردن بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسی و کۆمەلایەتی هەڵەیە. لەباتی سەرنخوونکردنی دەوڵەت، فیرقەی دێمۆکرات دەبێ پشتیوانی لە تاقمێکی ناو ئەو دەوڵەتە بکا (دەستە و دەیارەی قەوام) بۆ ئەوەی بە یارمەتی ئەو تاقمە و هاندانی بۆ دێموکراتی کردنی وڵات، بەرەی دێمۆکراسی خواز بەهێز بکرێ. بە کورتی پەیامی ستالین ئەوەیە: قەیرانی بەهێزی شۆڕشی لە گۆڕێدا نییە، خەلک وەدوای ئازادی و دێمۆکراسی نەکەوتوون، بەشێک لە چینە دەسەڵاتدارەکان دێمۆکراسی دەوێ، شۆڕش فایدەی نییە، بە پشتیوانی بەشێک لە چینی دەسەلاتدار، دێمۆکراسی پەرە پێبدەن و چاوەڕوان بن لە داهاتوودا قەیران پێکبێ.

### ٢ــ قەیرانی شۆڕشی

پێداچوونەوەیێک بە ڕووداوەکانی سالانی ١٩٤٦-١٩٤١ ئەوە ئاشکرا دەکا کە لێکدانەوەی پیشەوەری لە باری سیاسی ئێران و جیهان دروست بوو و بۆچوونی ستالین «هەڵە» بوو. بەلام لە پێشدا بابزانین باری شۆڕشی(revolutionary situation) یان قەیرانی شۆڕشی کە ستالین و پیشەوەری هەردووکیان باسیان کردووە چییە. لێنین لە سالی ١٩١٥دا، سالێک دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم، نووسی:

«بۆ مارکسیستان هیچ جێگای موناقیشە نییە کە شۆڕش بە بێ باری شۆڕشی ئیمکانی نییە؛ زێتر لەوە، هەر بارێکی شۆڕشیش [لە خۆیەوە] نابێتە شۆڕش، بە کورتی نیشانەکانی باری شۆڕشی چین؟ ئێمە بێشک تووشی هەڵە نابین ئەگەر دەست ڕابکێشین بۆ ئەو سێ نیشانە سەرەکییانە:١) کاتێک چینە دەسەلاتدارەکان ئیمکانیان نەبێ حکوومەتی خۆیان درێژە پێبدەن بەبێ گۆڕینی شێوەی حکومەت کردنیان؛ کاتێک لە نێو «چینە سەروویەکان» قەیران هەیە، بە هەر فۆرمێک بێ، قەیرانێک لە سیاسەتی چینی حاکم، کە بگاتە قەلشینێکی وا کە نارەزایی و تووڕەیی چینە زوڵم لێکراوەکان بتەقێنێتەوە. بۆ ئەوەی شۆڕش ببێ ئەوەندە بەس نییە کە« چینە ژێروویەکانیش نەتوانن» بە شێوەی کۆن بژین؛ بێجگە لەوەش پێویستە کە «چینە سەروویەکانیش نەتوانن » بە شێوەی کۆن ژیانیان بەرنەسەر؛ ٢) کاتێک دەرد ونیازی چینە زوڵم لێکراوەکان لە ڕادەی عادەتی زۆر توندتر بووە؛ ٣) کاتێک،

لە ئاکامی ئەو هۆیانەی باسکرا، چالاکی جەماوەران تا ڕادەیێکی زۆر پتر بێ، ئەو جەماوەرەی کە بە بێ سکلاکردن دەهێڵن لە «زەمانی ئاشتی»دا بیان ڕووتێننەوە، بەڵام لە «زەمانی ئاژاوە»دا، بە دەستی تەواوی هەلومەرجی قەیران و بە دەستی خودی «چینە سەروویییەکان» دەکێشرێنە ناو کاری مێژوویی سەربەخۆ.

بەبێ ئەو گۆڕانە ئۆبژێکتیوانە، کە سەربەخۆیە لە ئیرادەی گروپ و حیزبەکان و تەنانەت چینە کۆمەڵایەتییەکان، شۆڕش، وەک قاعیدەیێکی گشتی ئیمکانی نییە، تەواوی ئەو گۆڕانە ئۆبژێکتیوانە بە تێکڕایی پێی دەڵێن قەیرانی شۆڕشی.»[٦]

لەو قسانەی لێنین وا دەردەکەوێ کە، بەپێچەوانەی بڕوای ستالین، بۆ پێکهاتنی قەیرانی شۆڕشی پێویست نییە کە دەوڵەت لەگەڵ وڵاتێکی تر بەشەڕ هاتبێ و تووشی شکست بووبێ و پێی کز بووبێ. بۆ وێنە، دەوڵەتی حەمەڕەزاشا لە ٧٩-١٩٧٨ بێ ئەوەی تووشی شەڕی دەرەوە بووبێ، گرفتاری قەیرانێکی قووڵ بوو کە تەواوی ئەو نیشانانەی لێنین باسی کردووە تێیدا بەدیهات. جا بابزانین لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئێران قەیرانی شۆڕشی هەبوو یان نا؟

## ب) قەیرانی شۆڕشی لە ئێرانی ساڵی ١٩٤٦

**١) شێوانی شێوەی حکوومەتی چینە دەسەڵاتدارەکان:** لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی دەرەوە بۆ پێکهاتنی قەیران پێویست نییە، دەوڵەتی ئێران بە پێچەوانەی بۆچوونی ستالین، لە ساڵی ١٩٤١دا تووشی شەڕ لەگەڵ دوو وڵاتی دەرەوە ــ یەکیەتی سۆڤییەت و ئینگلیس ــ بوو. سپای ئەو دوو دەوڵەتە لە مانگی نووت(ئاب)ی ١٩٤١ ئێرانیان داگیر کرد. ئەگەر دەوڵەتی ڕووسیای تێزاری ئەوەندە بەهێز بوو کە لە ١٩٠٥دا لەگەڵ ژاپۆن و لە ساڵی ١٩١٤-١٧دا لەگەڵ ئاڵمان بە شەڕ بێ، ئەرتەشی دەوڵەتی ڕەزاشا، هەژار گوتەنی، «بە بڵاوبوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی» لە تەیارەکانی سۆڤییەت پرش و بڵاوبۆوە.[٧] خاکی ئێران بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە نێوان جەیشی سۆڤییەت و ئینگلیسدا دابەشکرابوو و لە ساڵی ١٩٤٢دا هێزی غەیری شەڕکەری ئەرتەشی ئەمریکاش هاتە ئێران.

نیشانەیێکی قەیرانی شۆڕشی ئەوەیە کە چینی دەسەڵاتدار کە دەوڵەتی بەدەستەوەیە نەتوانێ بە شێوەی کۆن یان بە شێوەی عادەتی حکومەت بکا. دەوڵەتی ئێران بۆ ماوەی دوازدە ساڵ، لە نووتی ١٩٤١ هەتا ١٩٥٣ (هەڵاتنی حەمەڕەزاشا لە ئێران و گەڕانەوەی بە کودیتایێکی ئەمریکایی) نەیتوانی بە شێوەی کۆن حکومەت بکا. هەر ئەوەندە هێزی سۆڤییەت و ئینگلیس ئێرانیان داگیرکرد، ڕەزاشایان لە تەختی سەڵتەنەت هێنایە خوارێ و لە ئێرانیان وەدەرنا و حەمەڕەزای کوڕیان بە بێ دەسەڵاتی لە سەرتەخت دانا.

لە شێوەی کۆنی حکوومەتی پەهلەویدا، دەوڵەت خودی شا بوو، شاش بە ئەرتەش و ژاندارمێری و پولیس پشت ئەستوور بوو. پارلمان(مجلس شورای ملی) و دەزگای دادپەروەری و ئیداریش گشتیان کوتەکی دەستی شا بوون. لە دەرەوەی وڵاتدا، لە «کۆمەڵی مەدەنی» دا، هیچ بنکەهێزێکی سیاسی وەک حیزب، سەندیکا و ڕێکخراوی سەربەخۆ لە گۆڕێدا نەمابوو. هەرچی هێزی غەیری دەوڵەتییە ــ لە مزگەوتەکانڕا بگرە هەتا ڕۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ ــ سەرکوت و بێدەنگ کرابوون. دەوڵەت ــ هەرنەبێ بە ڕواڵەت ــ شا و پارلمان و کابینە و بورۆکراسی عەسکەری و ئیداری لە سەر ڕێبازی سیاسی و ئیدیۆلۆژی حکوومەتی پاشایی ــ عەسکەری سووربوون.

کە حەمەڕەزا شا بوو بە شای ئێران، نەیتوانی بە شێوەی جاران ــ شێوەی باوکی و پاشایانی پێشووی قاجار ــ حکومەت بکا. ئەرتەشی ١٢٧هەزار کەسیی ڕەزاشا وەها لەبەر یەک ترازا کە تەنیا ٦٥ هەزار کەسی لێ ماوە و ئەویش بە بێ ئیجازەی دەوڵەتی سۆڤییەت و ئینگلیس نەیدەوێرا پەل بېزێوێ.

پارلمانیش (مەجلیسی خولی ١٤ لە ١٩٤٤ هەتا ١٩٤٦) وەک جاران تەواو لە ژێر دەسەڵاتی شادا نەمابوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی نوێنەرانی ئەو مەجلیسە کۆنەپەرست و سەر بە دەرباری شا بوون، لە حەوت فراکسیۆنی سەرەکی پێکهاتبوو کە یەکیان فراکسیۆنی حیزبی توودە بوو کە وێڕای چەند نوێنەرێکی لیبراڵ و سەربەخۆ بەرەنگاری بەعزە سیاسەت وکردەوەی دەربار و کابینە دەبوون. لە ماوەی پێنج ساڵ ــ لە ڕاکردنی ڕەزاشا هەتا تێکچوونی دوو کۆمار ــ دوازدە جار سەرۆوەزیر و کابینە گۆڕان. کابینەی وا بوو چەند حەفتە زیاتر دەوامی نەدەهێنا.[٨]

قووڵایی قەیرانی سیاسی لە قەیرانی عەسکەریدا باش ڕەنگی دابۆوە. دەوڵەتی ئەمریکا و ئینگلیس هەردووک دەترسان کە ئەرتەشی شاهەنشاهی لە ماوەی شەڕی جیهانی و دوای شەڕ نەتوانێ شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکوت بکا. هەربۆیە دەوڵەتی ئەمریکا لە ١٩٤٢ بەولاوە دەستی کرد بە یارمەتیدانی هێزە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی ئێران. ئەمریکا لە ١٩٤٢ هەتا ١٩٤٦ نزیکەی بیست هەزار ژاندارمی تەعلیم دا و چەکداری کردن وڕێکی خستن. لە دێسامبری ١٩٤٤دا، ئاتاشەی عەسکەری سفارەتی ئەمریکا لە تاران بە دەوڵەتی خۆی ڕاگەیاند کە ئەرتەش و ژاندارمێری دوای ئەو ڕێکخستنە دەتوانن «حەموو ئاژاوەیێکی عەشیرەیی وهەستانەوەیێک سەرکوت بکەن»و «ئەرتەش سەنگەری سەرەکی حکوومەتی ناوەندی و بە تایبەتی ئی شای» ئێرانە.[٩] بەڵام سەرباقی ئەو حەموو یارمەتییەی ئەمریکا، ئەو ئەرتەشە دیسان لە ئاخری ١٩٤٥ بەرگەی ڕاپەڕینی ئازەربایجان وکوردستانی نەگرت.

قەیرانی عەسکەری تەنیا لەبەر شپرێوی ئەرتەش نەبوو. شەڕ و هەڵلا لە سەر بەڕێوەبەرایەتی سیاسی هێزی عەسکەریش توند و تیژ بوو. حەمەڕەزاشا، وەک باوکی، خۆی بە فەرماندەری هەرە بەرزی ئەرتەش دادەنا، بەڵام لە مەجلیسی ١٤دا بەعزە نوێنەرێک بە ئاشکرا دەیانگوت کە شا حەقی نییە فەرماندەری هێزی چەکدار بێ. تەنانەت قەوام لە نووتی ١٩٤٣دا خۆی کردە وەزیری شەڕ و بە مەجلیسی ڕاگەیاند کە لە داهاتوودا ڕەئیسی ستاد لە ژێر فەرمانی وەزیری شەڕدا دەبێ و بەو چەشنە بۆ هەوەڵجار لە ١٩٢١ەوە، بەشی غەیری عەسکەری دەوڵەت هەڕەشەی دەکرد کە دەزگای ئەرتەش کۆنترۆڵ دەکا.[١٠] سوهەیلی سەرۆوەزیر لە ئاوریلی ١٩٤٣دا، سەرباقی بەرهەڵستی شا، دەیەویست لەبەر قەیرانی پارەیی، ئەرتەشی ٦٥هەزار کەسی بکاتە ٣٠ هەزار کەس بەڵام شا دەیەویست ئەرتەش پڕ هێزتر بکا و بکاتە ١٠٨هەزار کەس، دوایە بە نێوبژی ئەمریکاییەکان بە٨٦ هەزار کەس ڕازی کرا.[١١] قەوامیش، حەسەنی ئەرفەع (ڕەئیسی ستادی ئەرتەش) کە نۆکەری شا بوو گرتی و زیندانی کرد و «ڕەزم ئارا»ی کە ناحەزی شابوو لە جێی وی دانا.[١٢] لە دیسامبری ١٩٤٣؛ ناکۆکی نێوان قەوام و شا وەها تەقییەوە کە گەیشتە نێو خەیابانەکانی تاران و هەڵلایێکی گەورە سازبوو. چەقۆکێشان هێرشیان بردە سەر مەجلیس و ماڵە قەوام و دووکان و بازاڕیان تاڵان کرد و تەنیا بە هاتنی جەیشی ئینگلیس ئاژاوەکە تەواو بوو.[١٣] لە مانگی مای ١٩٤٦دا، قەوام هەڕەشەی لە شا کرد کە خۆی لە سیاسەت وەرنەدا.[١٤] لە ئۆکتۆبری

**☐ دەوڵەتی ئینگلیس، لە ترسی هەڵمەتی کرێکارانی نەوتی خووزستان، لە مانگی جولای دا بنکەی دەریایی خۆی لە بەسرە پتەو کرد و دوو کەشتییان بەرەو ئابادان نارد و ئامادە بوون بۆ ناردنی سپا بۆ خووزستان**

٤٦ دا، بەعزە کۆڕێکی ئەرتەشی و بەعزە کەسێکی موحافیزەکار لە تاران بە سفارەتی ئینگلیسیان ڕاگەیاند کە دەیانەوێ دژی قەوام کودیتایە بکەن.[١٥] ئەگەر چینە دەسەڵاتدارەکان تووشی قەیرانێکی بەهێز نەبووبان، ئەو ناکۆکییانە ئیمکانی تەقینەوەی نەدەبوو.

قووڵایی قەیرانی سیاسی هەروەها لە ناکۆکییەکانی نێو ئەرتەشدا بەدیدەکرا. لەو ساڵانەدا وڕەی شۆڕشگێڕیی و ئازادیخوازی ئەوەندە بەهێز بوو کە تەنانەت ئەفسەرانی ئەرتەش و ژاندارمێری و پۆلیسیش هاتبوونە ناو کۆڕی خەباتەوە و لە دژی دەوڵەت قیامیان دەکرد. بۆ وێنە، لە هاوینی ١٩٤٥دا، بەشێک لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی ئەرتەشی ڕاپەڕینێکیان دەست پێکرد بەڵام سپای سوور پێشی پێگرتن ونەیهێشت پەرەبستێنێ. دوای دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان، ئەو ئەفسەرانە چوونە ئازەربایجان و چەند کەسیان بۆ یارمەتی بە کۆماری کوردستان لە دوارۆژەکانی ژیانی کۆماردا چوونە بەرەی شەڕی سەقز.[١٦] هەروەها چەند ئەفسەری ئازا و ئازادیخوازی هێزی هەوایی چەند تەیارەی ئەرتەشیان ڕفاند و ڕەگەڵ هێزی فیدایی ئازەربایجان کەوتن.[١٧] لە بارودۆخی ئەو قەیرانە سیاسی وعەسکەرییەدا، فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان توانیان هێزی چەکداری دەوڵەتی ئێران چەک بکەن. ئاشکرایە کە بوونی سپای سووری سۆڤێت لە وڵات شەرتومەرجێکی زۆر لەباری بۆ ئەو ڕاپەڕینە پێکهێنابوو.

٢) ڕەنج ونیازی چینە زوڵم لێکراوەکان: شەرتومەرجێکی تری پێکهاتنی باری شۆڕشی ئەوەیە کە دەرد و ڕەنج و نیازی خەلک بەتایبەتی چینە چەوساوەکان ئەوەندە زۆر بووبێ کە زوڵم هەڵنەگرن و بێنە نێو مەیدانی خەبات بۆ گۆڕینی باری ژیانیان و، ئامادەبن بۆ ئەوەی بە گژ حکوومەتی چینە دەسەڵاتدارەکاندا بچن. خەڵکی ئێران لە ساڵانی شەڕی جیهانیدا، بەتایبەتی دوای داگیرکرانی وڵات لە لایەن ئینگلیس و سۆڤێت، لە باری ئابوورییەوە تووشی سەختی و چەرمەسەرییەکی زۆر بوون. داگیر کردن تەنسیرێکی تەواوی لە گشت بەشەکانی ئابووری کرد. لەبەشی کشت و کاڵدا(کە بریتی بوو لە ٧٥٪ هێزی کاری ئێران و ٥٠٪ حاسڵاتی ناخالیسی خۆماڵی GDP)، بەرهەمهێنانی دەغڵ ودان و ئاژەڵ داشکا. بۆ وێنە حاسڵاتی گەنم وجۆ ٢٥٪، برینج ١٠٪، توتن ٧٪، میوە ٣٠٪–٢٥٪، ڕەشە ولاخ ٩٪ کەم بووە. پێداویستی تێرکردنی هێزی هاوپەیمانەکان (ئینگلیس، سۆڤێت و ئەمریکا) و ناردنی یارمەتی بۆ سپای سوور لە بەرەی شەڕی دژی فاشیستی ئەوەندەی دی خواستی خواردەمەنی و سووتەمەنی و جلوبەرگی پتر کرد. بێجگە لە ئازەربایجان و ناوچەی دەریای خەزەر، لە زۆر مەڵبەندی تر لە ئێراندا قاتی هەبوو و خەڵک لە تاران و لە شارەکانی تر شاڵاویان دەهێنا بۆ نان و خواردەمەنی.[١٨]

لە هەڵسەنگاندنی باری ئابووریدا، بانکی میللی ئێران ڕایگەیاند کە ئیندێکسی خەرجی بەڕێچوون(cost-of-living index) لە ١٠٠ڕا لە ساڵی ١٩٣٩گەیشتە ٢٦٩ لە ساڵی ١٩٤٢، ٦٥٠ لە ١٩٤٣ و ٧٥٧ لە ١٩٤٤. لە بەعزە ناوچەیێکی ئێران خەرجی بەڕێچوون لەوەش زیاتر بوو.[١٩] برسێتی و قاتی ئەوەندە زۆر بوو کە دەوڵەتی سۆڤێت ٢٥هەزار تۆن گەنمی، وەک یارمەتی، دا بە ئێران.[٢٠]

٣) کرداری مێژوویی سەربەخۆ: زۆر سەیر دەبوو ئەگەر لە بارودۆخی پڕ مەینەتی ساڵانی ٤٦-١٩٤١دا کرێکاران و جووتیاران و خەڵکی زەحمەتکێشی تر وەخۆنەکەوتبان و بۆ داهێنانی مێژووی خۆیان دەستیان بە کردەوەی سەربەخۆ نەکردبا. ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە وێنەی ناڕەزایی و خەباتی خەڵکی زەحمەتکێشیان تۆمار کردووە. سفارەت و کونسوولەکانی ئینگلیس و ئەمریکا لەو ڕاپۆرتانەی بۆ دەوڵەتی خۆیان دەنووسی باسی ناڕەزایی چینە ژێردەستەکانیان لە شار و لادێ دەکرد. لە یەکێک لەو ڕاپۆرتە نهێنییانەدا نووسراوە کە ناڕەزایی لەبەر بێ خۆراکی و بێ جلوبەرگی و نەبوونی دەرمان و مەدرەسە وخوێندن لەوانەیە بتەقێتەوە و بێتە«شۆڕشێکی بە گوڕم (violent revolution) لە دژی چینی دەسەڵاتداری ئێستە» و «ئەگەر هێزی هاوپەیمان(Allied) زوو لە ئێران بچنە دەر لەوانەیە ڕێگا بکاتەوە بۆ ئاژاوەی گشتی وەک شۆڕش کە ناڕەزایی هەراوی خەڵک لە حکومەت و نیزامی کۆمەڵایەتی ئێستە دەربڕێ.»[٢١]

لێکۆڵەرەوەیێکی مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دەڵێ کە بەهار و هاوینی ١٩٤٦ بە تایبەتی بۆ «بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان یەکجار لەبار بوو.»[٢٢] ڕێکخراوی **«شورای یەکگرتووی ناوەندیی سەندیکاکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان»**ی ئێران کە سەر بە حیزبی توودە بوو زۆربەی کرێکارانی ئێرانی ڕێکخستبوو و ١٨٦ یەکێتی کرێکارییەکانی ئەندام بوو(لە کرێکاری نەوت ڕا بگرە هەتا پێتچنی چاپخانەکان، میکانیکان، تەونکەران، نەجاران، مەعدەنچیان و هتد). ژمارەی کرێکارانی ئەندامی ئەو شورایە دەگەیشتە ٣٣٥ هەزار کەس کە دەیکردە ٧٥٪ هێزی کرێکارانی سەنعەتی. لە زۆربەی ٣٤٦ کارخانەی مۆدێرنی ئێراندا، ڕێکخراوەی کرێکاری دامەزرابوو، کە لە هەوەڵی ساڵی ١٩٤٦ هەتا مانگی نۆهەمی ئەوساڵە، زیاتر لە ١٦٠ مانگرتن(اعتصاب)ی سەرکەوتووی لە سەرانسەری ئێراندا بەڕێوەبرد.[٢٣] لە نێوان مانگی مای و جولای دا(ئەو دەمی کە ستالین نامەکەی نووسیوە)«کرێکارانی نەوت یەکێک لە مانگرتنە سەنعەتییە هەرە گرینگەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەو وەختەیان وەڕێخست و سەرکەوتن... لە ڕۆژی هەوەڵی مانگی مای (ڕۆژی جیهانی کرێکاران)١٩٤٦، هەشتا هەزار کرێکار لە ئابادان، جێگەی پاڵاوتنی نەوت، خۆپێشاندانیان کرد... لە ١٠ی مانگی مای، زیاتر لە دەهەزار کرێکار، بۆ پترکردنی مووچە لە کانگای نەوتی ئاغاجاری[خووزستان] مانیان گرت. شیرکەت[ی نەوتی ئێران وئینگلیس] ئاوی ناوچەکەی بڕی بەڵام دوای سێ حەفتە کە شورا هەڕەشەی مانگرتنی گشتی لە ئابادان کرد، شیرکەت سەری بۆ کرێکاران داتەواند... لە نێوەڕاست مانگی ژوئێن دا، حیزبی توودە بە شێوەیێکی کاری، بە سەر زۆربەی ئوستان [ی خووزستان] دا حکوومەتی دەکرد، نرخی خۆراکی دادەنا، ئامرازی ڕاگەیاندن وهاتووچۆی بەدەستەوە گرتبوو، خەیابانەکانی لە بەر دەستدا بوو و چاودێری دەزگا و ئامرازی نەوتی دەکرد.» لە پێداهەڵچوونێکی بەرین لە مانگی جولای دا، نزیکەی سەدهەزار کرێکار بەرەنگاری شیرکەتی نەوتی ئینگلیس – ئێران بوون و پاشەکشەیان پێکرد.[٢٤] دەوڵەتی ئینگلیس، لە ترسی هەڵمەتی کرێکارانی نەوتی خووزستان، لە مانگی جولای دا بنکەی دەریایی خۆی لە بەسرە پتەو کرد و دوو کەشتییان بەرەو ئابادان نارد و ئامادە بوون بۆ ناردنی سپا بۆ خووزستان.[٢٥] با بڕوانینە هەڵبژاردەیێک لە ڕاپۆرتە

←

نهێنییەکانی نوێنەرانی ئینگلیس سەبارەت بە باری خەباتی سیاسی لە ئێراندا:

❋ سەرەتای ١٩٤٤ (سەفیری ئینگلیس): «لە ئێران ئێمە بە ئاشکرایی لە سەرەتای سەردەمێکی نوێ داین و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیێکی کۆمەڵایەتی نوێ (new social movment) دەبینین.»[٢٦]

❋ ١٠ی ژوئێن ١٩٤٦ (ئاتاشەی عەسکەری ئینگلیس لە ئێران): «حیزبی توودە کۆنترۆڵی تەواوی کرێکارانی لە پاڵاوتنگا[ی نەوت]بە دەستەوەیە و لە مەیدانی نەوتیش خەریکی پەلهاویشتنە... توودە بۆتە نوێنەری دوفاکتۆی (de facto) هێزی کرێکار لە ئێراندا»[٢٧]

❋ ٣٠ ژوئێن ١٩٤٦ (کونسوولی ئینگلیس لە ئەهواز): «حکوومەتی کاری نوستان [ی خووزستان]کەوتووەتە دەست حیزبی توودە»[٢٨]

❋ ئاخری جولای (ئاتاشەی عەسکەری ئینگلیس): توودە نە تەنیا شاری ئیسفەهانی بە دەستەوەیە بەڵکە لە زۆربەی گیلان و مازندەران و خووزستان دەسەڵاتی هەیە[٢٩]

❋ ئووتی ٤٦ (کونسوولی ئینگلیس لە ئیسفەهان): «خاوەنی کارخانەکان[لە ئیسفەهان] ئەوەندە لە حیزبی توودە ترساون کە ناوێرن سەری کارخانەکەیان بدەن. حیزبی توودە ئیدارەی زۆربەی ناوچە و تەواوی کارخانەکانی ئوماشچنینی بەدەستەوەیە.»[٣٠]

هەر لەو نامەیەدا کونسوولی ئیسفەهان نووسی کە حیزبی توودە «لە ئیسفەهان ئامادەیە دەسەڵاتی[سیاسی] تەواو وەچنگ بخا، هەروەک دێمۆکراتەکان لە تەورێز کردیان.» ستالین لە نامەکەیدا دەڵێ هێشتا جووتیارانی ئێران وەخۆ نەکەوتوون. ئەو قسەیەش دروست نییە چونکە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکان کەمتر تخوونی گوندەکان دەبوون و فیۆدالەکان دەسەڵاتی تەواویان هەبوو، بە گوێرەی ڕاپۆرتی کونسوولی ئینگلیس لە ١٩٤٦دا، جووتیاران لە گوندەکانی مەشهەد، هەمەدان، یەزد، ئەردەکان، بەم، کرمان و مازندەران ڕاپەڕیبوون و باج وسووروساتیان بە دەرەبەگەکان نەدەدا. جووتیارانی دەوروبەری دێهاتی تاران وەک: وەرامین، گەرمسار و شەهریاریش هەر وایان کرد و قەوام بۆ سەرکوتکردنیان حکوومەتی عەسکەری لەو ناوچانەدا دانا. بەڵام ئاخری ناچار بوو وەعدەی ئیسلاحی زەوی بدا. حیزبی توودە لە هاندانی ئەو خەباتانەدا دەورێکی سەرەکی هەبوو.[٣١]

لەگەڵ ئەوەشدا پروپاگەندەی ئینگلیس و ئەمریکا دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان و کوردستانی وەک پیلانێکی سۆڤیەت، درخواردی بیروڕای گشتی ئێران و دنیا دەدا، نوێنەرە دیپلۆماتەکانی ئە دوو وڵاتە لە نامە نهێنییەکانی خۆیاندا دانیان بەوە داناوە کە بنچینەی ئەو دوو کۆمارە بزووتنەوەیێکی کۆمەڵایەتی خۆماڵی وخۆڕسکە. بۆ وێنە کونسوولی ئینگلیس لە تەورێز لە سەروبەندی دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان گەشتێکی ناوچەی کرد و بە دەوڵەتی خۆی ڕاگەیاند:

«ئەمن بڕوام بەوە نییە کە رووسەکان تەواوی ئەو بزووتنەوەیان[ئازەربایجان]داتاشیوە: ئەمن پێموایە ئەوان [رووسەکان) لە بارێکی شۆڕشیی ڕەسەن (genuine revolutionary situation) کەڵک وەردەگرن.»[٣٢]

کورتی بکەمەوە، ئەو پێداچوونەوە خێراییەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤١ هەتا ١٩٤٦ ڕوونی دەکاتەوە کە تەواوی شەرتومەرجی «قەیرانی شۆڕشی» کە لینین باسی کردووە لە ئێراندا پێکهاتبوو. بە دامەزرانی دوو کۆمار، قەیرانی سیاسی وەها بەهێز و قووڵ بوو کە دەوڵەتی ئێران و ئەمریکا و ئینگلیس هیوایێکیان نەبوو بە ساغی لێی دەربازبن. لەو بارودۆخەدا، نامەی ستالین دارشتن و هێنانە سەر شانۆی تراژێدیێکی دڵتەزێنە کە لەوێدا عەولاد بە دەستی باب دەکوژرێ، شۆڕش بە دەستی پێشەوا سەرکوت دەکرێ[٣٣]، دۆستی ڕاستەقینە دەبێتە دوژمنی قەستەسەر و خوێن لە فرمێسکدا نوقم دەبێ.

## ج) درامای ڕووخانی دوو کۆمار

**١) بە بڵاوبوونی یەکپەڕ ئاگاهی:** ئەگەر ئەرتەشی شاهەنشاهی لە ساڵی ١٩٤١دا، بە بڵاوبوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی لە تەیارەکانی سۆڤیەت لەبەر یەک ترازا، دەوڵەتی ئێران چوار ساڵ دوایە بە بڵاوبوونی یەکپەڕ ئاگاهی دامەزرانی «حکوومەتی میللی ئازەربایجان»کەوتە گیانەڵایە. دەوڵەت پێیوابوو هێزی فیدایی ئازەربایجان، وەک چل ساڵ پێشتر(شۆڕشی مەشرووتە)، بەرەو تاران وەڕێدەکەوێ و پێتەخت ڕزگار دەکا. شا وەها تۆقیبوو کە دەیەویست پێتەخت لە تاران بگوێزێتەوە ئیسفەهانێ. مورەی(Murrey)، سەفیری ئەمریکا لە تاران، لە برووسکەیێکدا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا(٢٨ی نوامبری١٩٤٥)نووسی:

شوارتسکۆف[موستەشاری عەسکەری ئەمریکا لە ئێران]خەبەر دەدا کە زنجان بە یەقین کەوتووەتە دەست شۆڕشییەکان [ی ئازەربایجان]کە ئێستە گەیشتوونەتە تاکستان و بەرەو قەزوێن دەڕۆن. لە زنجان ژاندارمێری و ٣٠ سەرباز ئامادە بوون بەرگریی شار بکەن بەڵام رووسەکان دەستووریان دائێ کە دەست نەکەنەوە و چەکیان دابنێن وئەوانیش وایان کرد. «شورای جەنگی»ی ئێران چاوەڕوانە کە ٢٠٠٠ شۆڕشیی چەکدار دوای کەوتنی (fall)قەزوێن بەرەو تاران وەڕێ بکەون و تەخمین دەکا[تێی دەخوێنێتەوە] کە دەهەزار سەمپات لە ناو شار[ی تاران] هەڵدەستن و لەکاتی خۆیدا یارمەتی هێرشکەران دەدەن... ڕاپۆرتێک لە جابۆن نزیک فیروزکوە دەڵێ کە خەڵکی ئەو ناوچە و مازندەران کۆبوونەوە و ئامادەن لە وێرا وەڕێکەون.

ژەنەراڵ ئەرفەع، ڕەئیسی ستادی ئەرتەش، کراوەتە بەرپرسی تەواوی هێزی چەکداری ئێران وێڕای پۆلیس و ژاندارمێری و، نەخشە بۆ بەرگریی لە شار[ی تاران]داندراوە و بەرنامە بۆ ئوستانەکان تەنیا عەمەلیات خافڵێنەر(delaying actions) تاوەکوو هێزی پارێزگاری خەریکی پێتەخت بێ. فەرمان دراوە کە ڕێگای تاران ـ قوم بە هەر بەهایێک بێ نەبەسترێ هەتا هێزی یارمەتیدەر لە باشوورەوە بهێندرێ و ئەگەر پێویست بێ پێتەخت بەتاڵ بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ ئیسفەهان... هێزی خافڵێنەر ناردراوەتە حەسەن ئاباد و عەلی ئاباد کە نزیکەی بیست کیلۆمیتری باشووری تارانن...

... عەمەلیاتی ئێستە[ی ئازەربایجان] وێدەچێ دوو هێڵی سەرەکی وەڕێکەوتنی هەبێ، یەکیان لە ئاستارا(کە گرتوویانە)بەرەو [بەندەر]پەهلەوی و ئەوی دیکەیان لە زنجان بۆ قەزوێن و تاران. تا ئێستە هیچ ڕاپۆرتێک سەبارەت بە چالاکی لە مەراغەوە بەرەو سەنەندەج لە ڕۆژئاوا نەگەیشتووە و ناوچەی حکوومەتی عەسکەری (martial law) لە شەش مایلی دەوروبەری شاری تارانەوە کراوەتە ٤٠ مایل.

**❑ بە پێی ڕێکەوتننامەی دەوڵەت و ئازەربایجان، حکوومەتی تەوریز قەراربوو زنجانێ بداتە دەست دەوڵەت و دەوڵەتیش سەردەشت و تکاب بداتە دەست حکوومەتی ئازەربایجان.**

ئەرتەشی ئێران ئەخشەی هەیە کە ئەگەر شۆڕشییەکان بە شەمەنەفەر بگەن [بە تاران]لە کاتی شیاودا ڕێگای ئاسن بتەقێنێتەوە. بێشک وەزع زۆر جیدییە و سەرلێشێواوی و تۆقین (panic) لە کۆڕەکانی بەرزی ئەرتەش هیچ ڕێگە نادا بە دڵنیایی(confidence).٣٤

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی ئێران زوو تێگەیشت کە فیرقەی دێمۆکرات و دەوڵەتی سۆڤیێت هیچکامیان بەرنامەی سەرنخوونکردنی ڕێژیمی پاشایەتییان نییە، ڕزگاربوونی ئازەربایجان و بەشێک لە کوردستان، دەرباری شای وەها ڕاتڵەکاند کە ئومێدێکی بە ڕاگرتنی تەخت و تاجی نەما. کۆنەپەرستان وپشتیوانەکانیان ـ دەوڵەتی ئینگلیس و ئەمریکا ـ بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە سیاسییە حەوڵێکی زۆریان دا. یەکێک لەو تەقەلایانە هێنانەوەگۆڕی قەوام وەک سەرۆوەزیری بوو بە هیوای ئەوە بە«کارزانی» و «ئیرادە» و «لێهاتوویی» خۆی دەوڵەتی ئێران لەو قەیرانە دەربازبکا.

**٢) شانۆی دیپلۆماسیی سۆڤیێت:** قەوام لە ١٧ی فێبرویەی ٤٦ (١٣٢٤/١١/٢٨) جارێکی تر بوو بە سەرۆوەزیر و ڕۆژی دوایە بەپەلە بەرەو مۆسکۆ وەڕێکەوت و لەگەڵ ستالین و کاربەدەستانی تری سۆڤیێت وتووێژی کرد. لە ٤ی ئاوریل قەوام و سادچیکۆف (سەفیری سۆڤیێت لە ئێران) پەیماننامەیێکیان ئیمزاکرد ئەو خاڵانەی تێدا بوو:

١) بەشەکانی ئەرتەشی سوور لە تاریخی ٢٤ی مارسی ١٩٤٦دوە واتە یەکشەمۆ چواری فەروەردینی ١٣٢٥ لە ماوەی مانگ ونیوێک تەواوی خاکی ئێران چۆڵ دەکەن.

٢) ڕێکەوتننامەی دامەزرانی شیرکەتی تێکەڵاوی نەوتیی ئێران و سۆڤیێت و مەرجەکانی لە تاریخی ٢٤ی مارس تا تەواوبوونی ماوەی حەوت مانگ بۆ پەسند کردنی مەجلیسی پازدەهەم پێشنیار دەکرێ.

٣) سەبارەت بە ئازەربایجان لەبەر ئەوەی ئەمرێکی ناوخۆی ئێرانە، تەرتیبێکی هێمنانە بۆ ئیسلاحات بە پێی قەوانینی مەوجوود و بە گیانی خێرخوازی بەرانبەر بە خەڵکی ئازەربایجان لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی ئازەربایجان دەدرێ.»٣٥

ئەو ڕێکەوتنە، ڕێگەی هێرشی دەوڵەتی بۆ ئازەربایجان و کوردستان خۆشکرد. دیارە سپای سوور هەر دەبوو لە ئێران بچێتەدەر. دەوڵەتێکی سۆسیالیستی کە خۆی بە نوێنەری چینی کرێکار دادەنێ حەقی نییە وڵاتی دی داگیر بکا. بەڵام بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە و بەرانبەر بە «قەوانینی مەوجوود» دامەزراندنی شیرکەتی نەوت پێویستی بە پەسندکردنی مەجلیس هەبوو؛ بۆ پێکهێنانی مەجلیس دەبوو هەڵبژاردن بکرێ؛ بۆ هەڵبژاردن دەبوو ئازەربایجان وکوردستان لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دابێ؛ بۆ ئەوەی دەوڵەت کۆنترۆڵی هەبێ دەبوو ئەرتەش چاودێری هەڵبژاردن بکا و بۆ ئەو مەبەستەش ئەرتەش دەبوو بگەڕێتەوە ئازەربایجان وکوردستان.

ئاخرەشی سپای سوور لە ٩ی مانگی مای، ڕۆژێک دوای نووسرانی نامەی ستالین، لە ئێران وەدەرکەوت. دەوڵەتی ئێران کە بۆ وەدەرنانی سپای سوور بە هاندانی ئەمریکا و ئینگلیس شکایەتی لە «شورای ئەمنیەت»ی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو، شکایەتەکەی وەرگرتەوە بەڵام ئەمریکا و ئینگلیس دەستیان هەڵنەگرت و شورای ئەمنیەتیان ناچارکرد شکایەتەکە لە دەستووری کاری خۆیدا ڕابگرێ.٣٦

بۆ جێبەجێکردنی خاڵی ٣ی ڕێکەوتنامەکە، وتووێژی دەوڵەت لەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان کە نوێنەری کۆماری کوردستانیشی تێدا بوو دەستی پێکرد و دوای دوو خول وتووێژ لە ١٩٤٦/٦/١٣ (١٣٢٥/٣/٢٣/) ڕێکەوتننامەیێک لە نێوان دەوڵەتی قەوام و ئازەربایجان لە لایەن مظفر فیروز و پیشەوەری ئیمزاکرا. ئەو پەیمانە بەعزە داخوازێکی ئازەربایجان و کوردستانی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمییێکی سەروگوێلاک شکاودا پەسند کردبوو بەڵام ڕێگەی دەدا بە دەوڵەتی ناوەندی هەتا دەسەڵاتی خۆی لە هەردوو کۆماردا دابمەزرێنێتەوە. لە وتووێژەکاندا سەفیری سۆڤیێت لە تاران بەشداری و نێوبژی دەکرد و نوێنەرانی ئازەربایجانی هان دەدا کە لەگەڵ دەوڵەت بسازێن. دوای ئیمزای پەیمانەکە، پیشەوەری گوتی ئەگەر لە ڕێگەی ئەو ڕێکەوتننامەیە بە ئامانجمان نەگەین «چارەمان نییە لە سەرڕا چەک هەڵدەگرین و لە ڕێگەی شەڕکردندا بە ئامانجی خۆمان دەگەین.»٣٧

**٣) ڕووخانی دوو کۆمار:** هەروەک لە پێشدا باسکرا، لەو سەروبەندەدا، لەسەرەتای هەوەڵ مانگی هاوین، بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا، تەقییەوە. قەوام بۆ ئەوەی پێشی لافاوی شۆڕش بگرێ، پاشەکشەی کرد هەتا لە فرسەتێکی تردا دەست بوەشێنێ. لە پێشدا جلوبەرگی ئازادیخوازی و دێمۆکراسی لەبەرکرد. قانوونی کارێکی کە تارادەیێک بە قازانجی کرێکاران بوو ڕاگەیاند، بە مالیکانی گوت کە دەبێ ١٥٪ حاسڵات بە جووتیاران بدەنەوە(هەر قسەبوو و کەس جوابی نەداوە). فشاری سەر حیزبی توودە و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی کەمکردەوە و هەڕەشەی لە بەعزە کەسایەتی و ڕۆژنامەی بەرەی کۆنەپەرستان کرد و تەنانەت لە سەرەتای مانگی ئووتدا سێ ئەندامی حیزبی توودەی هێنا نێو کابینەی خۆی و دووکەسی تر لە لیبراڵەکانیش بوون بە وەزیری عەدلیە و کار. ئیتر حیزبی توودە لە ئیهایەتی دەسەڵاتی حیزبایەتی و سیاسی خۆیدا بوو.٣٨

بەڵام حیزبی توودە لە باتی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانە، لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆیشت کە ستالین لە نامەکەیدا وەک ئامۆژگاری بۆ پیشەوەری نووسیوە. حیزب دەیەویست بە پشتیوانی کردن لە قەوام، ئەو«دێموکراسیی کەم و کورتە»ی(دمکراسی ناقص) کە بە وەلاچوونی ڕەزاشا پێکهاتبوو بپارێزێ. لە ڕێبازی حیزبدا، دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی ئەرکی هەرە گرینگ ئەوە بوو کە شەڕ لە سەرڕا هەڵنەئایسێتەوە. کەوابوو دەبوو خەبات بکرێ بۆ ڕاگرتنی «ئاشتی جیهانی» و «پاراستنی یەکێتی سۆڤیێت» وەک بنکەی ئاشتی وسۆسیالیزم. لەو ڕێبازەدا، دەستکردنەوە لە بەرانبەر ئەرتەشی شاهەنشاهی ئاشتی لە ئێران وجیهاندا لە مەترسی دەخست چونکە لەوانەبوو ئینگلیس و ئەمریکاش تێوەچووبان و شەڕێک لە نێوان ئەوان و یەکێتی سۆڤیێتدا هەڵایسابا. لەو بۆچوونەدا، خەباتکردن وشۆڕش وەک کانگایێکی شەڕهەڵایساندن چاوی لێدەکرێ.

لە کاتێکدا کە حیزبی توودە لە ماوەی دە حەفتە بەشداری لە دەسەڵاتی دەوڵەتیدا ئەوەندەی بۆی کرا حەولیدا ئاوری خەباتی کرێکاری دامرێنێتەوە(بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی و دەوڵەتی ناوەندی بپارێزێ). قەوام خەریکی پیلانگێڕان لە دژی حیزبی توودە و دوو کۆمارەکان بوو. لە ئاخری سپتامبردا، عەشایری خووزستان و فارس و ناوچەکانی تری باشووری ئێران ئاژاوەیان خستە وڵات و داوای خودموختاری چەشنی ئازەربایجانیان کرد. قەوام ئاژاوەی عەشایری کردە بەهانە و بیانوو. لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبردا وەزیرە توودەییەکانی لە کابینە دەرکرد و ئەو ئوستاندارانەی لایەنگری

تووده بوون لابردن و داخوازییەکانی عەشایری پەسند کرد. دوای چەند حەفتان دەستی کرد بە سەرکوتکردنی حیزبی تووده و یەکێتی کرێکاران و ڕۆژنامە ئازادیخواز وچەپییەکان؛ لە هەمان کاتدا، لە چەند ئوستان حکوومەتی عەسکەری دامەزراند. چەند ئوستانداری دژی کومونیستی لە سەر کاردانا و ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنی مەجلیس لە مانگی دیسامبردا دەست پێدەکا و لە پێنج ڕۆژاندا ـ هەتا ١٦ی ئازەر (٧ی دیسامبری ١٩٤٦)ـ دەبێ تەواوبێ و ئەرتەش بۆ چاودێری هەڵبژاردن دەنێردرێتە ئازەربایجان وکوردستان.٣٩

بە پێی ڕێکەوتننامەی دەوڵەت و ئازەربایجان، حکوومەتی تەورێز قەراربوو زنجانێ بداتە دەست دەوڵەت و دەوڵەتیش سەردەشت و تکاب بداتە دەست حکوومەتی ئازەربایجان. لە ڕۆژی یەکی سەرماوەز/ ئازەر (٢٢ی نوامبر) کە هێزی فیرقە لە زنجان وەدەرکەوت ئەرتەش هێرشی هێنا و دەستی بە کوشتاری لایەنگرانی فیرقە و جووتیاران کرد. قەوام ڕۆژی ١٠ (١ی دیسامبر) بە ئازەربایجانی ڕاگەیاند کە ئەرتەش لە زنجان ڕا وەڕێدەکەوێ بۆ چاودێری هەڵبژاردن. هێزی فیدایی هەر لەو ڕۆژەدا هێرشی ئەرتەشیان لە خەڵخاڵ و هروآباد شکاند و پیشەوەری گوتی ئازەربایجان دەست دەکاتەوە.٤٠

پیشەوەری هەم بە قسە و هەم بە کردەوە دەیەویست هێزی فیدایی دەست بکاتەوە و وەک سەردەمی شۆڕشی مەشروتە تارانیش بگرن و ئازادی بکەن. ڕۆژی ١١ی سەرماوەز، ڕۆژنامەی ئازەربایجان دەنگی فیرقە نووسی: «مردنی بە شەرافەت لە ژیانی کۆیلەتی و بە مەینەت باشترە». ڕۆژی ١٢، ڕۆژنامە ڕایگەیاند کە ئەوجار بە یەکجاری بەرەنگاری داگیرکەران دەبین و «ئاخر قسەی» خەڵکی ئازەربایجان ئەوەیە: «مردن هەیە، گەڕانەوە[بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت]نییە». پیشەوەری لە مێتینگێکی گەورە لە تەورێز گوتی: «حکوومەتی تاران حکومەتێکی جینایەتکار و پەڕپووتە؛ ئێمە ئەو حکومەتە لەناو دەبەین و حومەتێکی میللی لە جیاتی وی دادەنێین... دوژمن لە بەرانبەر گەلی ئێمەدا تێکدەشکێ. لە بیرتان نەچێ سەتارخان بەخۆی وچەند کەسان ڕاپەڕی. بەڵام ئێمە بۆ پاراستنی ئازادی هێزێکی ئەبەز و ڕێکخراوێکی بەرینمان هەیە». لەوڕۆژانەدا خەڵکی ئازەربایجان ڕۆژێ دەیان نامەیان بۆ تەورێز دەنارد و ئامادەبوونی خۆیان بۆ دەستکردنەوە ڕادەگەیاند. بێجگە لە هێزی ڕێکوپێکی فیدایی و قزلباش، هێزی پارتیزانی«بابەک»یش دامەزرابوو.٤١

دەوڵەت بۆ ئەوەی پێشی شۆڕش لە ناوچەکانی تر بگرێ، لە چەند شاری شمال (گیلان و مازەندەران) حکوومەتی عەسکەری دامەزراند و ئەرتەش ڕۆژی ١٦ی (٧ی دیسامبر) بەرەو میانە وەڕێکەوت. پیشەوەری بڕیارێکی بۆ تەواوی ئازادیخوازان دا و گوتی «ئێمە هێرشی کۆنەپەرستی تێکدەشکێنین و سفرەکەی هەڵدەپێچین. نەتەوەی ئێران بە زەبری دەستی فیداییە ئازاکانی ئێمە زنجیری کۆیلایەتی خۆی دەپسێنێ... ئێمە تۆڵە دەستێنینەوە و ئەو تۆڵەیە خوێناوی و بێڕەحمانە دەبێ. تۆڵەیێک دەبێ کە لە حیکایەتاندا بیگێڕنەوە و ئینسانی بەشەرەفی پێ شاد بێ.» ڕۆژی ١٧، ئەو ئەفسەرانەی کە مامۆستای «دانیشکەدەی ئەفسەری»تاران بوون و ئێستە دەگەڵ هێزی فیدایی کەوتبوون پەیامێکیان لە ڕادیۆی تەورێزەوە بۆ سەربازان و ئەفسەرانی ئەرتەش نارد و گوتیان: «لەو مەئموریەتە شوومەدا بەشداری مەکەن... ئەوەش بزانن کە سەرکەوتنی هێزی هێرشهێنەر بۆ ئازەربایجان خەو و خەیاڵێک زێتر نییە. ئێوە باش دەزانن کە چەک هەرچۆنێکی بێ، ئەوە دەستی بەشەرد کە دەبێ دەکاری بێنێ و لە ئازەربایجان ئەو دەستانە یەکجار بەهێزن». کۆمیتەی عەسکەری تەورێز پەیتاپەیتا دەستووری ئامادەبوونی شەڕی دەدا و چەک و بێنزینی تەیارەی بۆ فڕۆکەخانەی عەسکەری میانە دەنارد. هێزی ئازەربایجان بەرەو ناوچەی کوێستانی قافلانکوە وەڕێکەوت و تەنانەت هێزی پارتیزانیش دەستی بەکارکرد. ڕۆژی ١٩ شەڕ لە میانە دەستی پێکرد، بەرەی باشوور، لە بەر غافڵبوونی فەرماندەری هێزێکی تازەکار، تووشی شکست بوو و پاشەکشەی کرد. بەڵام لە بەرەی باکووردا، هێرشکەرەکانیان ڕەپاڵنا و بەرەو زنجان وەپێشکەوتن. دەستەی پارتیزانیش گەیشتە نێوان زنجان وتاکستان و پردی شەمەتەفەری قەرەبلاغیان ڕووخاند.٤٢

عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی کە لەو ڕۆژانەدا لە تەورێز بوو دەگێڕێتەوە:

«ئێمە کۆمەڵە قوتابییەکی کوردبووین لە تەوریز لە زانکۆی سیاسی دەمانخوێند، لەم زانکۆیە نزیک بە(١٥)پانزە قوتابی کوردی تێدابوو ئێمە تەنها دوو قوتابی بووین کە لە کوردستانی خوارووەوە هاتبووین و لەسەر داوای بارزانی نەمردوە قەبووڵ کرابووین...

ئێمە بە بەردەوامی هەستمان بەوە دەکرد کە کاربەدەستانی ئازەربایجان هاتووچۆی تاران دەکەن و دەگەڵ دەوڵەتی قوام الاسلطنه دادەنیشن ووتوێژ دەکەن... لە مانگی ١٩٤٦/١١ەوە گۆڕینکارییەک لە بەرنامەی زانکۆکەمان کرا و هەوتووی دوو ڕۆژ دەبوو فێری بەکارهێنانی چەک بین و مەشقیان پێ دەداین و ناوە ناوە لە زانکۆدا کۆڕیان بۆ دەبەستین و باسی هەلومەرجی ئازەربایجان دەکرا و ڕۆژانە هێز بۆ(قفلان کوه) بۆ بەرامبەر لەشکر و قشوونی شاهەنشاهی ئێران دەنێردرا. لە سەرەتای مانگی ١٩٤٦/١٢ وەفدێک لە تاران بوو بۆ گفتوگۆ، دیاربوو لە سەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە سوپای شا بە ناوی هەڵبژاردنەوە بگەڕێتەوە ئازەربایجان و لە پاشدان[پاشان]کار وباری ئیداری بکەوێتە دەست ئازەربایجانەکان.

ئێمە لە زانکۆ سەرمان لێشێوابوو و شاش بووبووین و نەماندەزانی چیبکەین، ئەوانەی خەڵکی تەورێز بوون بەشی زۆریان چوونەوە ماڵە خۆیان . شەو کۆمەڵە مامۆستایەکی خۆمان هاتنە لامان و کوڕێکی گەنج و ڕێک و پێکیان لەگەڵدا بوو نێوی مهر[محمد]بیریا بوو و سەرۆکی سەندیکای کرێکاران بوو، وتارێکی پڕ حیماسەتی بۆ خوێندینەوە و بە دوورودرێژی باسی لەوە کرد کە وەفدەکە لە تاران خەیانەتی کردوە و ترسنۆکی نواندوەو ئێمە دەستبەرداری کۆماری خۆمان نابین و دەبێ ئێمە هەمووومان ببین بە سەربازی پاراستنی کۆمارەکەمان هەموو چەپڵەیان بۆ لێدا و مهر[محمد]گوتی ئێستا زۆر جێگای دیکە هەیە دەچم و بۆ سبەی لە فلان جێگا ئامادەبن و ئێمە تا دوا هەناسە داکۆکی دەکەین. ئێمە نزیکەی (٣٠)قوتابی بووین لە زانکۆ مابووینەوە، بۆ سبەی کە چووین بۆ لای کافی کرێکاران سەرتاپا ئەو شارە چۆڵ وهۆڵ بوو و هەموو دوکانەکان گاڵدرابوون لە پێش کافی کرێکاران لە خەیابانی ستارخان لە سنوری(٣٠٠)کەسی لێ بوو چەکدار و بێچەک و هەر خەڵکیان هان دەدا کە کۆبنەوە و هەر ئێستا چەک و چۆڵمان بۆ دێ....٤٣

بەڵام ئەو ٣٠٠ کەسە و هەزاران تێکۆشەری چەکخوزازی تر بڵاوەیان پێکرا. لەباتی چەکدارکردنی بێچەکەکان، ئەوەی چەکیشی هەبوو چەک کرا. ڕۆژی ٢٠ لە ناکاو دەستکردنەوە بە یەکجاری بوو بە پاشەکشە و خۆ

**□ له مه‌هاباد ڕۆژی ١٤ی سه‌رماوه‌ز (٥ی دیسامبر) کۆبوونه‌وه‌یێکی ده‌که‌سی که پێشه‌وا و سه‌یفی قازی و سه‌دری قازی تێدا بوو بڕیاری ده‌ستکردنه‌وه‌ی دا.**

به‌ده‌سته‌وه‌دان. «هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ی که قه‌وام ده‌ستووری هێرشی بۆ ئازه‌ربایجان ده‌رکرد، به‌رپرسه سیاسییه‌کانی سۆڤیێت به‌ڕه‌سمی ده‌ستووریان به پیشه‌وه‌ری دا که هێزی چه‌کداری ئازه‌ربایجان نابێ له به‌رانبه‌ر هێزی ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندی ده‌ست بکه‌نه‌وه و پێشنیاریان کرد که ته‌نیا چه‌ند که‌سێک له به‌ڕێوه‌به‌رانی فیرقه په‌نابه‌رنه خاکی سۆڤیێت. پیشه‌وه‌ری به توندی دژی ده‌سته‌ه‌ڵگرتن له ده‌ستکردنه‌وه و خۆ به ده‌سته‌وه‌دان له به‌رانبه‌ر هێزی ده‌وڵه‌تی بوو. به‌ڵام به‌و په‌ڕی داخه‌وه، ئه‌و ڕێگه‌ی ئه‌و پێیدا ڕۆیبوو له‌و بارودۆخه‌دا چاره‌یێکی غه‌یری ملدان به‌و ده‌ستووره نه‌بوو...» ٤٤

پیشه‌وه‌ری له‌به‌رچاوان ئه‌ما و ته‌وریز به ڕادیۆ و به برووسکه په‌یتا په‌یتا ده‌ستووری پاشه‌کشه‌ی به هێزی فیدایی ده‌دا. ڕۆژی ٢٠ بیریا و جاوید له میتینگدا ڕایانگه‌یاند که فیرقه به گه‌ڕانه‌وه‌ی ئه‌رته‌ش ڕازییه. ڕۆژی ٢١ جاوید و شه‌بوسته‌ری (له به‌ڕێوه‌به‌رانی ده‌ستی ڕاستیی فیرقه) بروسکه‌یان بۆ قه‌وام و شا نارد و نووسیبان ئه‌ورۆ «به یارمه‌تی ئاغای شه‌بوسته‌ری توانیمان ئاغایان (پیشه‌وه‌ری و هاوبیره‌کانی) ڕازی بکه‌ین ده‌ست له دوژمنایه‌تی [ده‌وڵه‌ت] هه‌ڵبگرن. ئه‌و مه‌به‌سته‌ش به خزمه‌ت ئاغای سه‌یفی قازی ڕاگه‌یێندرا». هه‌ر له‌و بروسکه‌دا، داوایان له قه‌وام کرد که ده‌ستوور به ئه‌رته‌ش بدا که ده‌ست له دوژمنایه‌تی و شه‌ڕ هه‌ڵبگرێ. به‌ڵام نه شا و نه قه‌وام هیچکامیان وه‌ڵامی ئه‌و بروسکه‌یان نه‌داوه و ئه‌رته‌ش وجاشه‌کان، که به بیستنی ده‌ستنه‌کردنه‌وه‌ی هێزی فیدایی له پڕرا بیوون به شێر، کوشتار و قه‌تڵوبڕ و ده‌ستدرێژیان درێژه پێدا. ٤٥

له مه‌هاباد ڕۆژی ١٤ی سه‌رماوه‌ز (٥ی دیسامبر) کۆبوونه‌وه‌یێکی ده‌که‌سی که پێشه‌وا و سه‌یفی قازی و سه‌دری قازی تێدا بوو بڕیاری ده‌ستکردنه‌وه‌ی دا. ڕۆژی دوایه که خه‌ڵکی شاری کۆبوونه‌وه بۆ بڕیاردان له سه‌ر ده‌ستکردنه‌وه، پێشه‌وا و سه‌دری قازی بڕوایان به به‌ربه‌ره‌کانی کردنی هێزی ده‌وڵه‌ت بوو، به‌ڵام ئاشبه‌تاڵی فیرقه و ڕووخانی له ناکاوی ده‌وڵه‌تی ته‌وریز ده‌ورێکی گرینگی گێڕا له وه‌رگه‌ڕانی باری سیاسی کوردستان. ٤٦ بڕیاری ده‌ستکردنه‌وه له کوردستانیش بوو به «خۆ به‌ده‌سته‌وه‌دان». «ڕۆژی ٢٦ی سه‌رماوه‌زی ١٣٢٥- ١٩٤٦ ئه‌رته‌شی شڕ وشپرێوی شاهه‌نشاهی ته‌واو ساڵه وه‌ختێک پاش هه‌ڵکردنی ئاڵای کوردستان شاری مه‌هابادی گرته‌وه.» ٤٧

**٤) ئازه‌ربایجان:له‌وسێوی ڕزیوه‌ڕا هه‌تاوستالینگرادی ڕۆژ ئاوا.**

ڕووخانی له‌ناکاوی دوو کۆمار ڕووداوێکی وه‌ها چاوه‌ڕوانه‌کراو بوو که که‌س ـ نه دۆست نه دوژمن ـ باوه‌ڕی نه‌ده‌کرد و بۆی لێک نه‌ده‌دراوه. ته‌نانه‌ت چوار مانگ دوای وه‌ده‌رکه‌وتنی سپای سوور له ئێران، ده‌وڵه‌تی ئینگلیس هیچ ئومێدی نه‌بوو که دوو حکومه‌ت سه‌رنخوون بن. ئالن(Allen)سه‌فیری ئه‌مریکا له ئێران له بروسکه‌یێکدا بۆ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا (له ٢٨ی سپتامبری ١٩٤٦) نووسی:

«به‌عزه نیشانه‌یێکی فره‌تر واده‌رده‌خه‌ن که ئینگلیسییه‌کان چاو له ئیمکانی جیابوونه‌وه‌ی ئازه‌ربایجان له ئێران ده‌که‌ن وه‌ک ئالترناتیوێک له به‌رانبه‌ر درێژه‌پێدانی باری ئێسته، که ئه‌وان [ئینگلیسییه‌کان] ده‌ترسن ببێته هۆی ئه‌وه‌ی به‌شێکی زۆرتری مه‌مله‌که‌ت بکه‌وێته ژێر ناوچه‌ی[نفووزی] سۆڤیێت. وا دیاره که بیری ئه‌وان ئه‌وه‌یه که باشتره به‌شی ڕزیوی سێوی ده‌رێنی هه‌تا ته‌واوی سێوه‌که نه‌ڕزێنی. له قسه‌کردنماندا دۆینی سه‌فیری ئینگلیس گوتی که هه‌ست به‌وه ده‌کا که پێداویستییێکی سه‌ره‌کی ئه‌وه‌یه که سنوورێکی یه‌کجاری له نێوان یه‌کێتی کۆماره سۆسیالیسته سۆڤیێته‌کان دابندرێ. ئه‌و هه‌ست به‌وه ده‌کا که حه‌ولی درێژه‌داری حکوومه‌تی تاران بۆ ئه‌وه‌ی ئازه‌ربایجان وه‌ک به‌شێک له ئێران دابنێ له‌گه‌ڵ واقعیه‌ت یه‌ک ناگرێ وناکامه‌که‌ی وه‌زعێکی شلکه‌په‌ته(mushy)ی وایه که هیچ سنوورێکی ڕوون له گۆڕێدا نییه. سۆڤیێته‌کان ده‌توانن درێژه بده‌ن به نفووزکردنیان له تاران و فشارهێنان به‌ره‌و باشوور. وێده‌چێ بیری وی ئه‌وه‌یه که تاران به قه‌تعی ده‌ست له حکوومه‌تی ته‌وریز هه‌ڵبگرێ و هێزی عه‌سکه‌ری به‌هێز به‌درێژایی سنووری ئێران ـ ئازه‌ربایجان دابنێ...» ٤٨

له به‌ڵگه نهێنییه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌دا واده‌رده‌که‌وێ که دوای ئه‌وه‌ی ئه‌مریکا بۆ ماوه‌یێک شا و قه‌وامی هانده‌دا که به پشتیوانی ئه‌مریکا هێرش به‌رنه سه‌ر ئازه‌ربایجان، ده‌وڵه‌ت و ئه‌رته‌شه شپرێوه‌که‌ی پێنج مانگ دوای وه‌ده‌رکه‌وتنی سپای سوور له ئێران هێشتا وره‌ی شه‌ڕکردنیان نه‌بوو. ئالن له بروسکه‌ی ٨ی نوامبری بۆ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا نووسی که له دیداری خۆی له‌گه‌ڵ قه‌وام له‌و ڕۆژه‌دا پێی گوتووه که:

« ئه‌مریکا له سیاسه‌تی خۆی بۆ پاراستنی ته‌واوێتی خاکی ئێران هیچ شل نه‌بۆته‌وه به‌ڵام ئێرانیش ده‌بێ وه‌ک ئه‌مریکا شێلگیر بێ له‌و مه‌سه‌له‌یه‌دا. قه‌وام به سه‌فیری گوت که سووره له سه‌ر ئه‌وه‌ی هه‌تا ده ڕۆژی دی زنجان بگرێ، ئه‌گه‌ر پێویست بێ به شه‌ڕ. سه‌فیری ئه‌مریکاش پێخۆشبوونی خۆی ده‌ربڕی. به قه‌وامی گوت که گرتنه‌وه‌ی زنجان به‌س نییه به‌ڵام به‌لانی که‌مه‌وه ده‌ستپێکردنێکه. قه‌وام گوتی مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه که «که‌م که‌م» به‌ره‌و پێش بڕوا.» ٤٩

به‌قسه‌ی سه‌فیری ئه‌مریکا، که ته‌واو ئاگاداری هێرشی ئه‌رته‌ش بوو «به‌رنامه‌ی عه‌سکه‌ری ده‌وڵه‌تی ئێران له پێشدا ئاوابوو که ته‌نیا میانه‌ی داگیر بکه‌ن. ئه‌گه‌ر شتێکی وا کرابا، ئێرانییه‌کان به‌رنامه‌یان ئه‌وه‌بوو که سه‌بربکه‌ن و بزانن چ ده‌کرێ. ڕووخانی له پڕڕای بزووتنه‌وه‌ی ته‌وریزێ به ئاشکرایی سه‌رسووڕمان(surprise)ێکی گه‌وره بۆ قه‌وام و شا و حه‌موو که‌سی تر بوو.» ٥٠

له‌و نامه و بروسکانه‌ی که سه‌فیره‌کانی ئه‌مریکا له تاران و مۆسکۆ و پاریس وجێگه‌ی تر بۆ ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکایان ناردووه حه‌ولێکی زۆر دراوه که هۆیه‌کانی ڕووخانی دوو کۆمار و پشتیوانی نه‌کردنی ده‌وڵه‌تی سۆڤیێت لێکبده‌نه‌وه. ده‌وڵه‌تی فه‌ڕانسه پێیوابوو که مۆسکۆ له گه‌ڵ قه‌وام سازابوو له سه‌ر ئه‌وه‌ی که مه‌جلیس په‌یمانی نه‌وتی باکوور په‌سند بکا و یه‌کێتی سۆڤیێت ده‌ست له پشتیوانی ئازه‌ربایجان هه‌ڵبگرێ. ئالن له بروسکه‌ی ٢٣ی دیسامبردا، به‌ربه‌رچی بۆچوونی ده‌وڵه‌تی فه‌ڕانسه‌ی داوه و نووسی که هه‌م شا و هه‌م قه‌وام پێیان وابوو که سۆڤیێت به شێوه‌یێکی زۆر خورت یارمه‌تی ئازه‌ربایجان ده‌ده‌ن. سه‌فیر له درێژه‌ی قسه‌کانیدا نووسی: « به‌و به‌ڵگانه‌ی له به‌ر ده‌ست دان ده‌توانین بڵێین که کاربه‌ده‌ستانی سۆڤیێت له هه‌وه‌ڵێرا ته‌واوی مه‌سه‌له‌که‌یان زۆر خراپ به‌ڕێوه‌برد. ئه‌و یارمه‌تییه‌ی

سۆڤیەتەکان لە ساڵی ڕابوردوودا دایان بە ڕێژیمی ئازەربایجان تارادەیێک لەچەرانە بوو و بە چەنەلێدانێکی زۆر کردیان. ئەوان ئازەربایجانییەکانیان ناچار کرد گەنم وجۆ و کەلوپەل و پێداویستیتریان بە نرخێکی زۆر لێبکڕن. لە کاتێکدا میقدارێکی بەرچاو تفەنگی ئۆتۆماتیک و فیشەک و کەلوپەلی سووکیان دانێ، هیچ چەکی قورسی تێدا نەبوو. سەر کونسوولی سۆڤیێت لە تەورێز لە باتی ڕێنوێنی کردنی ڕێژیم[ی ئازەربایجان] بە بێ لەمپەرهاویشتن، کۆنتڕۆلی خۆی بە شێوەی بێشەرمانە و خۆهەڵکێشان پێشاندەدا و بەو چەشنە پیشەوەری لەو پشتیوانییە خۆماڵییە بەرچاوەی کە لە هەوەڵ ڕۆژەکانی ڕێژیمی خۆیدا هەیبوو بێبەش دەکرد.»٥١ سمیث(Smith)، سەفیری ئەمریکا لە سۆڤیێت، لە برووسکەی ٢٧ی دیسامبر بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، نووسی: «با وای دابنێین کە ڕێژیم[ی تەورێز] خەڵکی دڵسارد کردبوو، هێشتا سەیرە کە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستییە سۆڤیێتەکان لەو نوستانەدا هێزێکی وای ڕێکنەخستبوو، کە ئەگەر پێویست بێ زۆرتر لە ئازەربایجانییەکانی سۆڤیێت[ پێکهاتبا ]، دەست بکەنەوە لە بەرانبەر بەرەوپێشچوونە تاقیکەرەوانە و ترسەنۆکانەی ئێرانییەکان.»٥٩ ئالن لە برووسکەی ٢٣ی دیسامبردا نووسیبووی: سۆڤیێت هێزی چەکداری بۆ ئازەربایجان نەنارد لە بەر ئەوەی کە «ڕێژیمی ئازەربایجان زۆر زوو ڕووخا، لە بەر بەرژەوەندیی ناوخۆیی لە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستییە سۆڤیێتەکان، لە بەر کێشەی بەرین تری سیاسەتی دەرەوەی[ سۆڤیێت] لە ئاست ئورووپا، لە ترسی ڕەخنە و لۆمەی شورای ئەمنیەت و بیروڕای جیهانی، یان لەبەر تەواوی ئەو هۆیانە بە یەکجاری.»٥٣

ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئازەربایجان وکوردستان وا سەریان سووڕمابوو، لایەنگرانی ڕزگاریش، کە ئاگایان لە هێزی گەل بوو، سەد ئەوەندە بە ڕووخانی دوو کۆمار تووشی سەرسامی بوون. مامۆستا هێمن کە تێکۆشەرێکی حکوومەتی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٧٣دا نووسی:

«ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەتر و بەهێزتر و زۆر تەیارتر و پڕچەک تر بوو لە کوردستان... ئازەربایجانی وا تەیار و پڕچەک بە لەشکری ساز و پەرداخ و فەرماندە لێ زانەکانیەوە بۆ وا زوو تەسلیم بوو؟ پیشەوەری کارامە و شۆڕشگێڕ و کۆنەپیاو و ئازا و ڕابەرەکانی تری ئازەربایجان بۆ وا بە پەلە ڕایان کرد؟ پرسیارێکە کەس بە تەواوی جوابی نەداوەتەوە و منیش جوابم بۆ نادرێتەوە. بەڵام دڵنیام ئەگەر فیدایی دەستی کردباوە و ئەگەر فیرقە بەربەرەکانی بکردایە، لەشکری شڕوشپڕێوی تاران نەتەنیا پێی لە تەورێز نەدەناوە و ئەو هەموو کوشتارەی نەدەکرد، بەڵکە تارانیش دەشێوا و لەوانەبوو لە سەرتاسەری ئێران دا نفووزی ئیمپریالیسم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا زووتر بنەبڕ بێ...

ڕاستە کوردستان پاش گیرانەوەی ئازەربایجان و لە دەست دانی ئەو هاوپەیمانە بە هێزە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، ڕاستە بەشێکی عەشایر گوێ یان لە سلاو پڕاندبوو و چاوەنۆڕی خراپەیان لێ دەکرا، ڕاستە خەزێنەی کۆمار بەتاڵ وحەتاڵ بوو و هەمووی درابوو بە تووتن وهێشتا نە فرۆشرابۆوە و لە عەمباردا مابۆوە، ڕاستە لە هەموو پارمەتیەکی دەرەوە هیوابڕاو کرابوو، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام ئەگەر دەستەودەکەری کرابا و ئێمە ئەزموونی شۆڕشگێڕیمان هەبا مێژووی کۆماری مەهاباد بەو جۆرە دوایی نەدەهات کە هات.»٥٤

لە برووسکەیێک لە ١٧ی دیسامبر(٢٦ی سەرماوەز)، ئالن دەنووسێ کە لە مەجلیسێکی شادی کە لە ١٦ی دیسامبر لە تاران پێکهات، «شا پێهەڵگوتنێکی(tribute) تەواو و تەنانەت تەریق کەرەوەی(embarrassing)٥٥ لەمەڕ یارمەتی ئێمە کرد. بەعزە کەسێک گوتیان ئازەربایجان «ستالینگرادی دیمۆکراسییەکانی ڕۆژئاوایە» و «وەرسووڕانی شەپۆلە لە دژی دەستدرێژی سۆڤیێت لە سەرانسەری دنیایە».٥٦

سەفیر هەروەها نووسیوێتی کە ئەندامانی کابینە و کاربەدەستانی دەوڵەت وەک وەزیری شەڕ، وەزیری دارایی، ڕەئیسی بانکی میللی، ڕەئیسی ئاخرین مەجلیس وهتد پەیتا پەیتا سەری سفارەت دەدەن بۆ ئەوەی سپاسی ئەمریکابکەن کە «ئازەربایجانی داوەتەوە بە ئێرانێ.»٥٧

## د) دوو ڕێباز و دوو چارەنووس

نامەی ستالین چ ڕووناکاییێک دەخاتە سەر کێشەی دوو کۆمارەکان؟ ئازەربایجان بۆ تەسلیم بوو؟ پیشەوەری بۆ ڕای کرد؟ کوردستان بۆ دەستی نەکردەوە؟ هەم پەنجا ساڵ لەوەی پێش دیاربوو و هەم ئێستە ڕوونە کە هۆی ڕووخانی دوو کۆمار بە هێزبوونی دوژمن نەبوو. ڕێژیمی شاهەنشاهی لەگەڵ ئەوەشدا، بە سەرنخوون بوونی دوو کۆمار، خۆی گرتەوە، قەیرانە سیاسییەکەی وەها قووڵ بوو کە نەیتوانی دەسەڵاتی خۆی پتەو بکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا لە ١٩٤٢ بەولاوە بەرنامەی بەهێزکردنی ئەرتەشی شاهەنشاهی درێژەپێدا، شا لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵک و بۆ پاراستنی گیانی خۆی، تاج وتەختەکەی بەڕەڵاکرد و لە ئووتی ١٩٥٣ هەڵاتە بەغدا و لەوێش گیر نەبوو و ڕایکرد بۆ ئیتالیا. گرینگی ئەو ڕووداوە لەوەدایە کە سەرکردەی ڕێژیمی پاشایەتی، بەپێچەوانەی بۆچوونی ستالین، بە بێ شەڕ کردن لەگەڵ وڵاتی دەرەوە و تەنیا بە ڕاپەڕینی خەڵک لە بارودۆخی قەیراندا، لێی قەوما و دەرپەڕێندرا.٥٨ هەروەها گەڕانەوەی شا بە کودیتاییێکی ئەمریکایی سیاسەتی ڕیفۆرمیستی حیزبی توودەی لە قاودا ـ ئەو سیاسەتەی کە پەیتا پەیتا بۆ ماوەی ١٢ ساڵ خەباتی گەلانی ئێرانی تووشی شکست کرد.

پێداچوونەوەی ڕووداوەکان و بەڵگەکان ئاشکرای دەکا کە هۆی هەرە گرینگی ڕووخانی دوو کۆمار ئەوەبوو کە یەکێتی سۆڤیێت فەرمانی ئاشبەتاڵی بە ڕابەرایەتی فیرقەی دیمۆکرات و حیزبی دیمۆکرات دا و ئەوانیش بە قسەیان کرد. لەو ئاشبەتاڵەدا، هۆی دەرەکی(سیاسەتی سۆڤیێت) وهۆی ناوەکی(قەبوڵکردنی ئاشبەتاڵ) وەها تێکوەردراون کە لێک ناکرێنەوە، کێ بەرپرسە؟ کام هۆ سەرەکییە؟ با لە پێشدا بڕوانینە هۆی دەرەکی. ستالین لە نامەکەیدا لۆمەی پیشەوەری دەکا و پێی دەڵێ کە نابێ زۆر خێرا بڕوا و دەبێ بە ئاسپایی تێبکۆشێ و بە «پشتیوانی مەعنەوی» دەوڵەتی سۆڤیێت پشت ئەستوور بێ. پشتیوانی مەعنەویی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی کە خۆی بە «بنکەی شۆڕشی جیهانی» دادەنا چ بوو؟ ستالین بە ڕاشکاوی دەڵێ کە ئەگەر پیشەوەری وئازەربایجان ژیرانە بجووڵێنەوە، بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤیێت دەتوانن بە داخوازە هەرە کەمەکەیان بگەن. بەڵام ئەوە پشتیوانی مەعنەوی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی نییە. ستالین باسی تیۆری قەیرانی سیاسی لینین دەکا بەڵام خاڵێکی گرینگی ئەو تیۆرییەی وەلاناوە. لینین گوتبووی سەرباقی ئەوەی قەیرانی سیاسی لە ڕووسیا و لە وڵاتانی تری ڕۆژئاوادا زۆر بوون بەڵام شۆڕش زۆر کەم بووە «بۆچی وابووە؟ لەبەر ئەوەی کە هەر بارێکی شۆڕشی نابێتە بە

**□ وا دیارە پەنجاساڵ دوای ئەو کارەساتە، دواکەوتوویی فاکتۆری زەینی لە فاکتۆری عەینی (ئۆبژێکتیو) پتر لە جاران لە ئارادایە.**

شۆڕش: شۆڕش لە بارێکی وادا سەرهەڵدەدا کە گۆڕانکارییە ئۆبژێکتیوەکانی باسکراو[بڕوانە قسەکانی لینین لە سەرەوە] تێکەڵاوبن لەگەڵ گۆڕانکارییەکی زەینی(سۆبژێکتیو)، واتە توانایی چینی شۆڕشگێڕ بۆ ئەوەی کارێکی جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی ئەوەندە بەهێز بکا کە بتوانێ حکومەتی کۆن تێکبشکێنێ(یان جێگەی پێ لێژ بکا)، ئەو حکومەتەی کە قەت، تەنانەت لە زەمانی قەیراندا،«ناکەوێ» مەگین ئەوەی سەرنخوون بکرێ.»[59]

پیشەوەری دەیەویست ئەو کارە بکا کە لینین لێرەدا باسی کردووە: باری ئۆبژێکتیو (کزبوونی دوژمن و بەهێز بوونی ڕیزی خەبات) و باری زەینی (ڕابەرایەتی شۆڕش) نابێ وەدوا بکەوێ و دەبێ بەرنامەی هەرە زۆر (ماکزیمۆم)بێنێتە گۆڕێ و تێبکۆشێ بۆ بەدیهێنانی. بەڵام ستالین ڕێگەی شۆڕشی لە پیشەوەری گرت و، لەوەش خراپتر، پێنج مانگ دوایە، کە دەستکردنەوە مەسەلەی مان و نەمان بوو، جەماوەری ئازەری و کورد و ڕابەرەکانی چەک کرد.

پرسیارێکی تر ئەوەیە: ئاخۆ پیشەوەری و ڕابەرایەتی حیزبی دیموکرات ناچار بوون بە قسەی یەکیتی سۆڤێت بکەن؟ ئێستە کە سپای سوور لە ئێران نەمابوو و نەیدەتوانی بگەڕێتەوە ئازەربایجان وکوردستان، بۆ دەبوو پیشەوەری لە قورسایی مەعنەویی یەکیتی سۆڤێت بسلەمێتەوە؟ ئەو هێزە مەعنەوییەی کە یەکیتی سۆڤێت لە ناو خەباتگێڕانی دنیا هەیبوو، مەعنەویاتی شۆڕش، تێکۆشان، کۆڵنەدان وخەبات بۆ ڕزگاری چینی کرێکار و زەحمەتکێشان بوو نەک مەعنەویاتی بەرنامەی مینیمۆم و ڕیفۆرمیسم. ئێستە کە ئەو هێزە مەعنەوییە لە دژی شۆڕشکردن دەکارهات، بۆچی پیشەوەری لە دژی ڕانەوەستا؟

ئەو پرسیارە لە دنیای پاش شەڕی جیهانی بەتایبەتی لە ٤٦-١٩٤٥بۆ زۆر بزووتنەوەی کرێکاری و ڕزگاریخواز هاتبوە گۆڕێ. ڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوانە دوو وەڵامی جیاوازیان داوە. ڕێبازێک کە حیزبی توودە، بەشێکی زۆری ڕابەرایەتی فیرقە و حیزبە کومونیستەکانی یۆنان و ئیتالیا و فەڕانسە و ئەمریکا و زۆر وڵاتانی تر ڕەچاویان کرد، ئەوەبوو کە لە نامەی ستالیندا گەڵاڵە کراوە: سازان لەگەڵ ئەوانەی دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە بۆ ڕیفۆرم و حەولدان بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانی لە ڕێگەی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی یەکیتی سۆڤێت. بۆ وێنە حیزبی کومونیستی یۆنان کە لە پرۆسەی شەڕێکی دژی فاشیستیدا وڵاتی ڕزگارکردبوو، لە جیاتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی و شۆڕشگێڕ، وڵاتی پێشکەشی ئینگلیس کرد و ئەویش بە شێوەیێکی دڕندانە خەڵک و شۆڕش و ڕابەرەکەیان سەرکوت کرد. دەوری یەکیتی سۆڤێت لەوکارەساتەدا وەک ئازەربایجان وکوردستان وا بوو. ڕاوێژکەرانی سۆڤێت لە ئاتێن هێزی چەکداری بزووتنەوەی دژی فاشیستیان ناچار کرد کە چەک دابنێن.

لەو ساڵانەدا چەند حیزبێکی کومونیستی و کرێکاری وەدوای ڕێبازی سەردانەواندن نەکەوتن بەڵام بەربەرەکانییەکی واشیان ـ لە بواری تیۆری و ئیدیۆلۆژیدا ـ لە دژی ڕێبازی ڕیفۆرمیستی نەکرد. بۆ وێنە حیزبی کومونیستی چین، دوای تەواوبوونی شەڕی دژی فاشیستی، خەباتی خۆی درێژە پێدا و لە ساڵی ١٩٤٩ سەرکەوت. لە مانگی ئووتی ١٩٤٦دا، ئەو دەمی کە حیزبی توودە دەیەویست «صلح جهانی» بپارێزێ و سەفیری سۆڤێت لە تاران ڕێگەی ئاشبەتاڵی خۆش کردبوو، ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی «ئانا لوییز سترانگ»، لە ڕابەری حیزبی کومونیستی چین مائۆی پرسی: «چ دەبێ ئەگەر ئەمریکا بۆمبای ئەتۆمی دەکار بێنێ و لە بنکەکانی خۆی لە ئیسلەند و ئۆکیناوا و چین ڕا یەکیتی سۆڤێت بۆمباران بکا؟» مائۆ لە وەڵام دا گوتی: «بۆمبای ئەتۆمی بەبری کاغەزییە کە کۆنەپەرستانی ئەمریکا بۆ ترساندنی ئینسانان دەکاری دێنن.. هەڵبەت بۆمبای ئەتۆمی چەکی کوشتاری تێکڕاییە، بەڵام گەل خۆی ئاکامی شەڕ دادەهێنێ نە یەک یان دوو چەکی نوێ. تەواوی کۆنەپەرستان بەبری کاغەزین.»[60] ئەو قسانەی مائۆ ڕەخنەیێکی ناڕاستەوخۆ بوو لە ڕێبازی ڕیفۆرمیستی لە بزووتنەوەی کومونیستی ئەو سەردەمە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا هێزی چەکداری لە خاکی چین دا هەبوو و یارمەتییێکی یەکجار بەرینی ئەرتەشی چینی دەدا، حیزب وەدوای ڕێبازی ڕیفۆرمیستی نەکەوت و توانی کانگاێکی گرینگی شەڕ هەڵایسێساندن (دەوڵەتی چین و هاوپەیمانەکانی) لە خاکی چین پاک بکاتەوە. دیارە فیرقە حیزبێکی بە ئەزموون و پتەوی وەک حیزبی چین نەبوو. پیشەوەری، وەک ڕابەرێک، بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی بەتایبەت لە ١٩٤٦دا ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو. بەڵام نەیتوانی فیرقە بکاتە ڕێکخراوێکی وا کە لە باری سیاسییەوە لە یەکیتی سۆڤێت و ڕێبازە ڕیفۆرمیستییەکەی بپچڕێ و سەربەخۆ بێ.

شکانی دوو کۆمار شکستێکی عەسکەری نەبوو، تێکشکانی سیاسی بوو، فیدایی و پێشمەرگە وجەماوەری گەل بە دەستی ڕابەرانی خۆیان و، ڕابەران بە هۆی ڕێبازی سیاسی خۆیان و بە ڕێنوێنی یەکیتی سۆڤێت چەک کران و تێداچوون. وا دیارە پەنجاساڵ دوای ئەو کارەساتە، دواکەوتوویی فاکتۆری زەینی لە فاکتۆری عەینی (ئۆبژێکتیو) پتر لە جاران لە ئارادایە. ئێستە لە ساڵرۆژی «شۆڕشی ئەیلوول»دا، دوای سی و پێنج ساڵ شەڕ لە کوردستانی عێراق، دیمەنی وڵاتێکی وێران و گەلێکی قەڵاچۆکراو و برسی و ڕووتمان لەبەر چاوە کە، لەگەڵ ئەوەشدا قەت لە خەباتکردن و خۆبەختکردن شل نەبوونەوە، هەرگیز وا کوێلە و ژێر چەپۆک نەبوون ـ هەم بە دەستی دوژمنی دەرەوە و هەم لە ژێر ئاڵای خۆماڵیدا. بە بۆچوونی من، کۆماری کوردستان، سەرباقی نەبوونی پارلمان و ژیانی فرە حیزبی، لە زۆر جیهاتەوە لە حکوومەتی هەرێم لەپێشتر بوو، ئەوەش تا ڕادەیێک پێوەندی بە ڕابەرایەتی کۆمارەوە هەبوو، هەروەها بوونی هاوپەیمانێکی وەک «حکوومەتی میللی ئازەربایجان» و یەکیتی سۆڤێت ـ سەرباقی ئەو سیاسەتە هەلپەرستانەی کە لە نامەی ستالیندا تۆمار کراوە.

**تەواو**

## پەراوێزەکان:

١) ئەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان: کورد لە تێو گەمەی سۆڤیتی دا، ١٩٩٣، ل ٢٤٥.

دەوڵەتی ئەمریکا پێش تەواوبوونی شەڕی جیهانی، حەولی خۆی بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی لە ئێران دەست پێکرد. یەکێک لەو بەرنامانەی ئەمریکا دانانی بنکەی ئابووری و عەسکەری بوو. دوو کۆمپانی نەوتی ئەمریکایی لە ١٩٤٤دا داوایان لە ئێران کرد کە ئیمتیازی نەوتیان لە باکووری ئێران ـ واتە لە سەر سنووری سۆڤێت ـ بدرێتێ. دەوڵەتی سۆڤێت بۆ ئەوەی ئەمریکا بنکەی جاسووسی لە سەر سنوورەکانی دانەمەزرێنێ، بە دەوڵەتی تارانی ڕاگەیاند کە ئەگەر ئێران پێویستی بە داهاتی نەوت هەیە، دەوڵەتی

سۆڤیێت ئامادەیە بەشەرت وەمەرجێکی زۆر باشتر لە ئەمریکاییەکان ئەوتی باکوور رەعەمەل بێنێ.

دەوڵەتی ئینگلیس و ئەمریکا بە پێی لێکۆڵینەوە تەهێنییەکانی خۆیان بۆیان روون ببۆوە کە یەکیەتی سۆڤیێت نیازی بە ئەوت نییە. راپۆرتێکی فەرماندەکانی ستادی هاوبەشی(ئەمریکا) بە دەوڵەتی ئەمریکای راگەیاند کە «ئامانجی سەرەکی [سۆڤیێت] پاراستنی ناوچە حەیاتییەکانی پلوئێستی(Ploesti)، خارکۆف و باکۆیە. دەوڵەتی سۆڤیێت بە دروستی پێی وابوو کە دروستکردنی بنکەی هێزی هەوایی ئەمریکا لە ظهران ی عەرەبستان مەترسییەکی سەرەکی بۆ یەکیتی سۆڤیێتە.

Fred Lawson, "The Iranian crisis of 1945-1946 and the spiral model of international conflict, " *International Journal of Middle East Studies*, Vol. 21, No. 3, 1989, pp. 317, 320.

٢) عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، ١٩٨٥/ ١٣٦٤، ل٩١-٩٠.

٣) عبدالرحمن قاسملو، ل ٩١.

٤) ئەوشیروان مستەفا ئەمین دەنووسێ: «قەوام دەستی ستالینی ئەبڕی»ل ٢٥١

٥) بەعزە لێکۆڵەرەوەیێک ژمارەی کوژراوان زیاتر حیساب دەکەن. سۆکۆلۆڤ، کە لە چەند ساڵی رابوردوودا زانیاری لە ئارشیوەکانی سۆڤیێتی کۆکردۆتەوە، دەڵێ ژمارەی کوژراوان ٤٣،٤٤٨،٠٠٠ کەس بوو کە لەوانە ١٦،٩٠٠،٠٠٠کەس غەیری عەسکەری و ٢٦،٥٤٨،٠٠٠ عەسکەری بوون.

B. V. Sokolov, "The cost of war: Human losses for the USSR and Germany, 1939-1945," *The Journal of Slavic Military Studies*, Vol. 9, No.1, March 1996. p. 187.

٦) بڕوانە نووسراوەی لێنین، «رووخانی ئینترناسیۆنالی دووەم».

V. I. Lenin, "The collapse of the second International" K. Marx, F. Engels, V. Lenin, *On Historical Materialism*. Moscow, Progress Publishers, 1972, p. 465.

٧) هەژار لە هۆنراوەی «عەقل و بەخت»دا ئەو چەند بەیتە بە ناوبانگەی گوتووە

هات بە گرمە فڕۆک لەلای مەسکەو    بۆ عەجەم وەک شەهێن دەچێ بۆ کەو

هەڵمەتێکی کەیانــــدە تەختی جەم    تێکی دا شەوکەت وجەلالی عــەجەم

بە بڵاوبوونی دوو پەڕ ئاگـــــاهی    بوو بڵاو ئارتێشی شــــاهەنشاهی

شا کە شێر بوو لە ڕاوی مسکێندا    دیم کە مشــــکە لــە ژێر ستالیندا

هەژار، ئاڵەکۆک، تەورێز، ١٩٤٥-١٣٢٤، ل٨.

9) Thomas Ricks, "U. S. military missions to Iran, 1943-1973: The political economy of militiray assistance, "in L. Meo (ed.), *U.S. Strategy in the Gulf: Intervention against Liberation*, Belmont, Massachustte, 1981, pp. 38, 40.

10) Ervand Abrahamian, *Iran Between Two Revolutions*. Princeton University Press, 1982, pp. 209, 182.

11) Abrahamian, p. 185.

12) Abrahamian, p. 229.

13) Abrahamian, p. 183.

مجید تفرشی، «سقوط قوام السلطنه»، گفتگو، شماره٢، دی ١٣٧٢ ص١٣٥.

14) Abrahamian, p. 229.

15) Abrahamian, p. 236.

١٦) ابوالحسن تفرشیان، قیام افسران خراسان(١٣٢٤)، چاپ دوم، کتاب کانون ایران، سوئد ١٩٨٥.

١٧) جبهه آزادی مردم ایران(جامی)، گذشته، چراغ راه آینده است، ١٣٥٥، [اروپا]، ص٣٥٨.

18) John Foran, *Fragile Resistance: Social Transformaition in Iran from 1500 to the Revolution*, Boulder, Westview Press, 1993, pp. 265-266.

19) Nikki Keddi, *Roots of Revolution: An Interpretive History of Modern Iran*. Yale University Press, 1981, p. 116.

٢٠) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٢١٦.

٢١) بۆ سەرچاوەی ئەو راپۆرتانە بڕوانە: Abrahamian، ل ١٧٢.

22) Foran, p. 280.

23) Abrahamian, pp. 353-54.

24) Foran, p. 280.

25)Abrahamian, p. 237.

26) Abrahamian, p. 357.

27) Abrahamian, p. 362.

28) Abrahamian, pp. 361-62.

29) Abrahamian, p. 234.

30) Abrahamian, p. 359.

31) Abrahamian, p. 381.

32) Abrahamian, p. 218.

٣٣) ئیشارەم بەو میسرەعە شێعرەیە کە لە زەمانی کۆماردا جارویار وێڕای سروودی «ئیشتمانان رەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە» دەگوترا: «ئیستالین پێشەوایە، بۆ کوردان وەک باب وایە.»

34) *Foreign Relations of the United States Diplomatic Papers*. 1945, Vol.VIII, Washington, Government Printing Office, 1969, pp. 464-65.

٣٥) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٣٥٢.

٣٦) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٣٥٢.

٣٧) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٣٧٣.

38) Foran, p. 280.

39) Foran, p. 281.

٤٠) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٤١٠

٤١) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٤١١-٣٩٨.

٤٢) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٤١٤-٤١٣.

٤٣) عیزەتی سلێمان بەگی دەرگەڵەیی، «هەفتەیەک بەر لە دەستگیرکردنی پێشەوای ئەمرەوە»، برایەتی، ژمارە ١٩٠٨، ١٩٩٤/٣/٣١، ل ٣. (ئیشانەی ٧ لە رێنووسی ئەو قسانەی کاک عیزەت زیاد کراوە).

٤٤) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٤١٧-٤١٦.

٤٥) جبهه آزادی مردم ایران، ص ٤١٩-٤١٦.

٤٦) عبدالرحمن قاسملو، ل ٦٧-٦٦؛ هێمن، تاریک و ڕوون، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل٢٨-٢٦.

٤٧) هێمن، ... ل ٢٨.

48) *Foreign Reletions of the United States*.1946. Volume VII. Washington, Government Printing Office, 1969, p. 517.

49) *Foreign...*, p. 545.

٥٠) برووسکەی ٢٣ی دیسامبری ئالن لە سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٦٥.

٥١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥-٦٤.

٥٢) برووسکەی سمیت لە ٢٧ی دیسامبر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٤.

٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٥.

٥٤) هێمن، ل ٢٦، ٢٧، ٢٨.

٥٥) مەبەستی ئالن ئەوەیە کە شا ئەوەندەی بە ئەمریکا هەڵگوت کە ئالن تەریق بووە.

٥٦) برووسکەی ئالن لە ١٧ی دیسامبر، *Foreign Relations...*، ل ٥٦٣.

٥٧) سەرچاوەی پێشوو.

٥٨) هێمن دوای ڕاکردنی شا لە کۆبوونەوەیێک لە شاری مەهاباد(١٣٣٢/٦/٢٦) دا شێعری «بەغدا ئێوەی ڕێ یەت بێ»ی خوێندەوە کە لە بەندی هەوەڵی دا گوتی:

خـــاین، خـــوێڕی، درۆزن، بەدفـــەڕ، شـــەڕانی، ســـەرشـــۆڕ!

پیـــاوکـــوژ، تاوان بار، ڕووڕەش، ناکـــەس، مل هوڕ، دیکتـــاتۆر

خـــەڵکی ئێـــران بە دەس تۆ کـــرابوون زیندە بە گـــۆڕ

ئەوە تۆی لێت قـــەومـــاو، دەریان پەڕاندووی، هەی گـــۆڕ

دەبڕۆ ئەی شـــاهی خـــاین بەغـــدا ئیـــوەی ڕێ یەت بێ

هێمن، تاریک و ڕوون. ل ١٢٧

٥٩) V. I. Lenin, pp. 464-465، وەنەبێ ستالین ئاگای لەو باسانە نەبووبێ. ستالین دەورێکی گرینگی گێڕاوە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی لێنینیسم دا. ئەو خۆی ئەو باسەی لە زۆر جێیان هێناوەتە گۆڕێ(بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٣٤ لە: ی. استالین، مسائل لنینیسم، جلد دوم، مسکو، اداره نشریات بزبانهای خارجی، ١٩٤٩، ص٦٨٦-٦٨٥).

٦٠) «مصاحبه با خبرنگار آمریکایی انا لویز استرانگ(اوت ١٩٤٦)»، مائوتسه دون، منتخب آثار، جلد چهارم، ص ١٤١.

# چوار بەڵگەنامەی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە کوردستان و ئازەربایجان

وەرگێڕان لە ڕووسیەوە:
ئەفراسیاب حەلیمی

**ژمارە١) چاوپێکەوتن لەگەڵ باڵوێزی تورکیا حەیدەرئەکتای**

**لە یادداشتەکانی ڕۆژانەی «نا. ی ویشینسکی»**

١٥ ژانویەی ١٩٤٢ ژمارە ف. ٤٤

نیمڕۆ لە کاتژمێری ١٥دا، ئەکتای هاتە لام و لە ئەنجامی داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ئێران لە لایەن کەرتەکانی سوپای سۆڤیەت و ئینگلیزەوە، ئەم شتانەی پێڕاگەیاندم کە کوردەکانی ئێران و عێراق توانیویانە دەست بە چالاکی نواندنەوە بکەن و بە ئاراستەکردنی هێندێ داوخوازی خۆیان بە دەولەتی ئێران، کەوتوونەتە جموجۆڵ. بەم بوونەوە دەولەتی تورکیا ناتوانێت بەرانبەر ئەم ڕووداوانە و چالاکی کوردەکان کە لە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ ئێران ڕوودەدەن، بێدەنگ بێت. دەولەتی تورکیا لەم بارەوە لە ڕێگای باڵوێزی ئینگلستانەوە لە تورکیا، دەولەتی ئینگلیزی ئاگادار کردووە.

هوگسۆن لە وەڵامی ئەم بیرخەرەوەدا ڕایگەیاند کە، نە هێزەکانی سوپای ئینگلیز و نە سۆڤیەتی جێگیر لە ئێران، هان و پاڵپشتی بزووتنەوەی کوردەکان نادەن. دەولەتی تورکیا لەم وەڵامەی باڵوێزی ئینگلیز دڵنیایە و زۆر سوپاسی دەولەتی سۆڤیەت دەکات.

باڵوێزی ئینگلیز لە ئانکارا هەروەها ڕایگەیاند کە لە کاتی وتووێژی ئاغای «و. م مۆلۆتۆف»لەگەڵ ئاغایانی«ئیدەن»و«هوگسۆن»لە مۆسکۆ، مۆلۆتۆف هێندێک مەسەلەی لە سەر کێشەی کورد شیکردەوە.

لەم بارەوە ئەکتای داوا لە ئاغای مۆلۆتۆف دەکات کە سەبارەت بەمە ئەوی ئاگادار بکاتەوە تا بتوانێت ڕاگەیاندراوی ناوبراو بگەیێنێتە دەولەتی خۆی لە تورکیا.

منیش لە وەڵامی ئەکتای دا گوتم کە داواکەی دەگەیێنمە هاوڕێ مۆلۆتۆف و دیسانەوە ئاگاداری دەکەمەوە.

وتووێژ دە دەقیقەی درێژە کێشا و «نیکیتینکۆڤا» لەوێ ئامادەبوو.

نا. ی ویشینسکی

**ژمارە٢) بیرخەرەوە**

**لە ڕێگای هاوڕێ «ویشینسکی»یەوە بدرێت بە ئەکتای**

١٩٤٢/١/٢٠

لە وەڵامی داوخوازی باڵوێزی تورکیا، ئاغای ئەکتای کە لە ڕێکەوتی ١٤ی ژانویە لە لایەن کۆمیساریای گەلیی کاروباری دەرەوە«نا. ی ویشینسکی» درابۆوە. لە سەر هەواڵی ئەو وتوێژانە کە لە نێوان کۆمیساریای گەلیی کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت کە بە داخوازی «ئیدەن»سەبارەت بە کێشەی کورد کرابوو، دەتوانن بەم چەشنەی خوارەوە پێی ڕابگەیێنن.

پێش ڕۆیشتنم لە مۆسکۆ لە مانگی دیسامبری ساڵی ڕابوردوو، ئاغای ئیدەن بیرخەرەوەیەکی دابوو بە «و. م مۆلۆتۆف» سەبارەت بە پەرۆشی تورکیا لە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران. لەم بیرخەرەوەیەدا گوتراوە کە دەولەتی تورکیا، سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد لە ئێران، دوو جاری تایبەتی باڵوێزی ئینگلستانی لە تورکیا ئاگادارکردووە. بە تایبەتی لە سەر ئەوە کە کوردەکان بە نیازن دەولەتێکی سەربەخۆی کورد پێکبێنن، دەستدرێژی دەکەنە سەر خاکی تورکیا، گوایە کەرتەکانی سوپای سوور کە لە ئێراندا جێگیر بوون، یارمەتی شۆڕشگێرانی کورد دەدەن کە بووەتە هۆی ئاژاوە لە ناوچەکەدا. وێدەچێ کە هەواڵەکانی دەولەتی تورکیا زۆر گەورە کرابن، لە بیرخەرەوەکەی ئیدەن دا جگە لەوەش، نیگەرانی تێکچوونی پێوەندییەکانی ڕووس و تورکیا، هەروەها لە گەڵ ئینگلیزیش بە دوای ئەم ڕووداوانەدا دەربڕاوە.

لە یادداشتی ئینگلستان هەروەها ئەوەش دەستنیشان کراوە کە دەولەتی تورکیا لە وانەیە ناچار بێت سوپای خۆی بنێرێت بۆ سەر سنوورەکان. هەر لەوکاتەش لە زمانی باڵوێزی ئینگلستان لە ئێرانەوە ئاغای «ر. بولارد»لە بیرخەرەوەدا گوتراوە کە یەکێک لەو هۆیانەی کە بووەتە هۆی شک وگومان، سەفەری هێندێک لە ڕێبەران و سەرەک هۆزەکانی کوردە بۆ باکۆ.

کۆمیساریای گەلیی کاروباری دەردوە لە وەڵامدانەوەکەی خۆی بۆ ئاغای ئیدەن لە ڕێگای لەندەنەوە و هەروەها بۆ ئاغای کریپسو لە مۆسکۆ دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە تەنیا لە بیرخەرەوەی ناوبراوی دەولەتی ئینگلستان کە تێیدا وتەکانی شالیاری دەردوەی تورکیا دەگێڕێتەوە، ئێمە زانیومانە کە کوردەکان بە نیازن دەولەتێکی سەربەخۆ پێکبێنن و هەروەها کوردەکان هێرش دەبەنە سەر خاکی تورکیا. لە وەڵامدانەوەکەی ئێمەدا هەروەها گوتراوە کە دامودەزگاکانی سۆڤیەت هیچ پێوەندییەکیان بە نیاز و کردەوەی ناوبراوی کوردەکاندا نییە، سوپای سووری جێگیر لە ئێران نەتەنیا یارمەتی ئەو کوردانە و کوردەکانی تر بۆ نانەوەی ئاژاوە نادات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ چەککردنی کوردەکان هەنگاو هەڵدەگرێت و ئەو چەکانەش لەو ناوچانە پەیدا دەبن کە هێزەکانی ئێمەی تێدا نییە.

هێزەکانی سۆڤیەتی هەوڵی زۆری داوە وەدەدات کە نەهێڵێت هیچ پێکدادانێک لە نێوان کوردەکان و ئێرانییەکاندا ڕووبدات. لەیادداشتی وەڵامدانەوەکەدا هەروەها گوتراوە و ئیمڕۆش دەکرێ دووپاتبکرێتەوە بۆ ئاغای ئەکتای و دەولەتی تورکیا کە نابێ هیچ پەرۆش بێ بەرانبەر بە وەی کە لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە یارمەتی کوردەکانی ئازەربایجانی ئێران بۆ

ئانەوەی ئاژاوە لەوێ دەدرێت. سەرەڕای ئەوەش، هیچ بیانوویەک بۆ ناردنی هێزەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر سنوورەکانی تورکیا ـ ئێران لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە نییە. بەمجەشنە دەتوانین بڵێین کە هیچ دەلیلێکیش نابیندرێ کە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ تورکەکان.

بەڵام ئەوەی سەبارەت بە ڕۆیشتنی هێندێ لە ڕێبەرانی کورد بۆ شاری باکۆ کە ئاغای ئیدەن لە بیرخەرەوەی ناوبراودا باسی کردووە، دەبێ بگوترێت کە ئەم دیدارە تەنیا لایەنی فەرهەنگی هەبووە و بە مەبەستی سیاسی نەبووە.

ئەمە کورتەی یادداشتی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ئاغای ئیدەن و مۆلۆتۆف لە سەر کێشەی کورد بوو کە ئاغای ئەکتای دەیەوێت ئاگادار بێت و بە دەوڵەتی خۆی ڕابگەیێنێت.

کۆمیساریای گەلیی کاروباری دەرەوە
٢٠ی ژانویەی ١٩٤٢

**ژمارە٣) کۆمیسیۆنی سێ لایەنە سەبارەت بە ئێران**

**ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ**

نو ١، د ٨، پ ٢، ل ٧ و٨، دیسامبری ١٩٤٥

گەڵاڵەی نوێنەرانی بریتانیا لە ٢٤ی سپتامبری ١٩٤٥،
وێڕای ڕاستکردنەوە و پێشنیارەکانی نوێنەرانی سۆڤیەت
لە ٢٥ی سپتامبری ١٩٤٥

١) دەوڵەتانی بریتانیای گەورە و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی کۆمارە سۆسیالستییەکانی سۆڤیەت لە سەر پێکهێنانی کۆمۆسیۆنێکی سێ لایەنە سەبارەت بە ئێران ڕێککەوتن.

٢) کۆمیسیۆن دەبێ لە کاروباری خۆیدا ئەو فاکتەرانەی لەبەرچاو بێت کە لە ماوەی جێگیربوونی هێزەکانی سێ ولات لە ئێراندا، ئابوور و دامودەزگای ئێرانی تووشی زەرەر و زیان بوون و لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و دانیشتووانی هێندێ ناوچە گیروگرفت هاتووەتە پێش. سێ زلهێز دان بەوەدا دەنێن کە هێندێک لەم بارەوە بەرپرسیارن و لەبەر ئەوەشە کە ئەوانە دەبێ هەوڵ بدەن یارمەتی ئێران بدەن بۆ بەدیهێنانی بارێکی ئاسایی لەو ناوچانەی کە ڕازی بوونی هەموو لایەنەکانی دانیشتووانی ئەوێ و ڕاگرتنی نێوانی دۆستایەتی ئێران لەگەڵ ولاتانی تری تێدا بێت.

٣) بە مەبەستی لابردنی نیگەرانی دەوڵەتی ئێران و نەهێشتنی هۆیەکانی گیرە و کێشەی نێونەتەوایەتی، کۆمیسیۆن دەبێ خەریکی خێراترکردنی دەرچوونی هێزەکانی سێ ولات لە ئێران بێت تا ئەو جێگایەی کە بکرێت پێشنیارە پێویستەکانی سەبارەت بەم ئەرکە ئاراستەی هەر سێ ولاتە زلهێزەکە بکات.

٤) کۆمیسیۆن دەبێ ئاگاداری: ئا) بەڵێنەکانی بریتانیای مەزن و یەکێتی سۆڤیەت لە پەیمانی ژانویەی ١٩٤٢، سەبارەت بە ڕێزلێنانی سەربەخۆیی سیاسی ئێران، دەسەڵاتداریتی، پاراستنی تەواوەتی ئێران بێت. ب) بەیانییەی هاوبەشی سەرۆک روزڤێلت، ژەنەراڵ ستالین و میستر چرچیل لە کۆنفرانسی تاران سەبارەت بە ئێران بێت.

٥) کۆمیسیۆن دەبێ بۆ ئاشتکردنەوە و لابردنی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی ئێران و هێندێک لە هەرێمەکانی ولاتدا هەیە، ڕێنوێنی بدات و بۆ ڕێکخستنی شوراکانی هەرێمیی بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران، یارمەتی دەوڵەتی ئێران بدات.

٦) پێشنیارەکانی کۆمیسیۆن ـ بە پێی پەسندکردنیان لە لایەن سێ دەوڵەتی زلهێزەوە تا ڕاگەیاندنیان بە دەوڵەتی ئێران ـ دەبێ بۆ هەموو ئێران بێ و هەروەها ئازەربایجانیش بگرێتەوە.

٧) یاساکانی ئێستا، لەو بەندانەی کە تەواکەری یاسای بنەڕەتین ـ سەبارەت بە شوراکانی هەرێمیی ـ دەبێ سەرچاوەی کار بن، بەڵام، کۆمیسیۆن دەبێ پێشنیار و ڕێنوێنی پێویست بدات سەبارەت بە هەر گۆڕانکارییەک بۆ هەڵبژاردنی شوراکانی هەرێمیی، ماف وئەرکەکانی شوراکان و هەروەها چۆنیەتی دابینکردنی وەزعی مالیی شوراکان.

٨) کۆمیسیۆن هەروەها دەبێ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی پێویست ئاراستە بکات سەبارەت بەکارهێنانی ئازادی زمان بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان وەک: عەرەبەکان، تورکەکان، کوردەکان بۆ مەبەستی پەروەردەکردن و بارهێنان و مەبەستەکانی تر.

٩) لە پرۆسەی ڕێکخستنی ئامۆژگارییەکان، کۆمیسیۆن دەبێ هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و نوێنەرانی ناسراوی هەموو چین وتوێژەکانی ناوچەکان، لە پرسکردن و وتوێژدا بێت.

١٠) سێ ولاتی زلهێز دەبێ هەموو هەوڵدانی خۆیان بۆ سەلماندنی ئامۆژگارییەکانی کۆمیسیۆن وەک یاسا لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەکاربێنن و ئەم ئامۆژگارییانە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەڕێوەبچن یا جێبەجێ بکرێن.

١١) کۆمیسیۆن نابێ ئامۆژگاری وا بدات کە ببێتە هۆی لاوازکردنی بنچینەی یەکێتی دەوڵەتی ئێران.

١٢) یەکەم هەڵبژاردنەکانی هەرێمیی، دەبێ لە ژێر چاودێری کۆمیسیۆن بەڕێوەبچن.

٢٥ی دسامبری ١٩٤٥
ئارشیوی ٥٩٤، نو٨، د ٥٥٧، پ ٣٥.س ٦و٥

**ژمارە٤) نامەی ستالین بۆ پیشەوەری**

**ئارشیوی وەزارەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت**

نو ٧، د ٥٤٤، پ٣٤، ل ٨و٩، ڕێکەوتی ٨ی مای ١٩٤٦

**بۆ هاوڕێ پیشەوەری**

پێمرایە ئێوە ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران و هەروەها نێونەتەوایەتیشتان ڕاست هەڵنەسەنگاندووە.

یەکەم: ئێوە ئێستا دەتانەوێ هەموو داوخوازە شۆڕشگێرییەکانی ئازەربایجان وەدەستبهێنن. بەڵام هەلومەرجی ئیمڕۆ بواری گەیشتن بۆ بەدیهێنانی ئەو پرۆگرامانە نادات. لینین داوخوازە سەرەکییە شۆڕشگێڕییەکانی کاتێک هێنایە کایەوە کە لە کردەوەدا بەدی بکرێن ـ دەستنیشانی دەکەمەوە لە کردەوەدا بەدی بکرێن ـ ئەویش کاتێک کە قەیرانێکی بەهێزی شۆڕشگێڕانە لە ناوەوەی ولات و هەروەها سەرنەکەوتنی سوپایی لە گەڵ دوژمنی دەرەوەدا هەبێت، لە سالی ١٩٠٥ کاتێ کە شەڕ لەگەڵ ژاپۆن سەری نەگرت، هەروەهاش بوو لە کاتی شەڕی سەرنەکەوتوو لەگەڵ ئالمان لە ١٩١٧دا. ئێوە گەرەکتانە لەم بارەوە لاسایی لینین بکەنەوە، ئەمە زۆر باشە و جێی ڕێز لێنانیشە. بەڵام ڕووداوەکانی ئیمڕۆی ئێران بەپێچەوانەی ئەوەیە، ئێستا لە ئێران قەیرانی قوولی شۆڕشگێڕانە نییە، جووتیارانی ئێران هەتا ئێستا چالاکییەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە. ئێران ئێستا خەریکی شەڕ لەگەڵ دوژمنی دەرەوە نییە، کە بتوانێت داروودەستەی کۆنەپەرستی ئێرانی ئەگەر بێتوو لە شەڕدا سەرنەکەوێت، لاواز بکات. دوای ئەمە لە ئێراندا هەلومەرجێکی وا نییە کە بکرێت تاکتیکی

لێنینی لە ساڵی ١٩٠٥ و ١٩١٧ بەکاربهێنرێت.

دووەم: بێگومان ئێوە دەتانتوانی بۆ سەرکەوتنی خەباتتان و داخوازە شۆڕشگێرییەکانی ئازەربایجان، **هیوادار بوایەن ئەگەر سوپای سۆڤیەت لە ئێراندا مابایەوە. بەڵام ئێمە نەمانتوانی ئەوانە زیاتر لە ئێران بهێڵینەوە.** زۆرتر لە بەر ئەوە، مانەوەی سوپای ئێمە لە ئێران بنەڕەتی سیاسەتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەی لە ئاسیا و ئورووپادا خەوشدار دەکرد. ئەمریکایی و ئینگلیزییەکان بە ئێمەیان گوت کە ئەگەر سوپای سۆڤیەتی دەتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە بۆدەبێ سوپای ئینگلیز نەتوانێت لە میسر و سوریا و ئەندەنوزیا و یۆنان و، سوپای ئەمریکاش لە چین و ئیسلەند و دانمارک دا بمێننەوە. لەبەر ئەوە بڕیارمان دا، سوپاکەمان لە ئێران و چین بکێشینەوە، بۆ ئەوەی ئەم بیانوویە لە دەستی ئەمریکا و ئینگلیزدا نەهێڵین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کۆلۆنییەکان فراوان بکەین و بەمجەشنە سیاسەتی ڕزگاریخوازانە مەشروع و کاریگەرتر بکەین. ئێوە وەک شۆڕشگێڕێک لە ئێمە تێدەگەن کە نەماندەتوانی بە شێوەیەکی دی هەڵسوکەوت بکەین.

سێیەم: بە لەبەرچاوگرتنی گوتراوەکان دەکرێ بەم ئەنجامەی خوارەوە سەبارەت بە هەلومەرجی ئێران بگەین. لە ئێران قەیرانی بە هێزی شۆڕشگێڕانە نییە، ئێران لە حالەتی شەڕ لەگەڵ دوژمنانی دەرەوەدا نییە کە سەرنەکەوتنی ببێتە هۆی لاوازبوونی کۆنەپەرستی و قووڵبوونەوەی قەیران. تاکوو سوپای سۆڤیەت لە ئێران هەبوو ئێوە دەرەتانی درێژەدان بە خەباتتان لە ئازەربایجان هەبوو و دەتانتوانی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیک بە داخوازییەکی دووروودرێژ و فراوان، ڕێکبخەن. بەڵام سوپای ئێمە دەبوا لە ئێران بکشێتەوە کە کشایەوە. ئێستاش لە ئێران ئێمە بەرەورووی چین؟ ئێمە تێکهەڵچوونی دەوڵەتی «قەوام»مان هەیە لەگەڵ لایەنگیرانی ئینگلیز کە کۆنەپەرستترین داروودەستەن لە ئێران. ڕابوردووی کۆنەپەرستانەی قەوام هەرچۆنێک بووە، ئێستا ئەو، ناچارە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی و هەروەها پاراستنی دەوڵەتەکەی خۆی، هێندێک ڕیفۆرمی دێموکراتییانە بکات و بە دوای پاڵپشت لە ناو هێزە دێموکراتەکانی ئێرانیدا بگەڕێت.

تاکتیکی ئێمە لەو کەینوبەینەدا دەبێ چی بێ؟ من وا بیر دەکەمەوە کە ئێمە دەبێ لەم تێکهەڵچوونەدا کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی قەوام پاشەگزە نەکات، دەبێ پشتیوانی لێبکرێت تاکوو لایەنگیرەکانی ئینگلیز وەلابخرێن و، بەمجەشنە هێندێک پێگە بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران پێکبێت. هەموو ئامۆژگارییەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەو ئەساسەڕا سەرچاوە دەگرێ. بەڵام دەکرێ تاکتیکێکی دی بگرینە پێش: واز لە هەموو شتێک بهێنرێت، پێوەندیی لەگەڵ قەوام بپچڕێت و بەمجەشنە سەرکەوتنی لایەنگیرانی کۆنەپەرستی ئینگلیز مسۆگەربێت، بەڵام ئەوە تاکتیک نییە بەڵکوو حەماقەتە، ئەمە لە ڕاستیدا خەیانەت بە گەلی ئازەربایجان و دێموکراسیی ئێرانە.

چوارەم: ئێوە لە وانەیە بڵێن کە ئێمە لە سەرەتاوە ئێوەمان گەیاندە ئاسمان، بەڵام دوایە بەرەڵامان کردن و ڕیسوامان کردن. ئەگەر وایە جێی سەرسوورمانە. بەڵام لە ڕاستیدا چی ڕووی داوە؟ ئێمە لێرەدا شێوەی دیاریکراوی شۆڕشگێرانەمان بەکارهێناوە کە لای هەموو شۆڕشگێڕێک ڕوون وئاشکرایە. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی وەک ئێران بگونجێنین و لانیکەمی داخوازییەکانی بزووتنەوە جێبەجێ بکرێت، پێویستە بە داخوازی کەم(مینیمۆم) دەست پێبکرێت و پێشڕەوی بکرێت و بۆ دەوڵەت مەترسی دروست ببێت و پاشەگزەکردنی دەوڵەت بێتە کایەوە. بەڵام ڕاکردنتان بۆ پێشەوە، ئێوە نەتاندەتوانی لە بارودۆخی ئێستای ئێران بەو داخوازییانەی کە دەوڵەتی قەوام ئێستە ناچارە جێبەجێیان بکات، مسۆگەریان بکەن. ئەمە یاسای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام قسە لە سەر ڕیسواکردنی ئێوە هەر نابێ بێتە کایەوە. جێی سەرسوڕمانە ئەگەر ئێوە وا بیر بکەنەوە کە ئێمە ئێستر ئێوەمان ڕیسوا کردووە. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێوە ژیرانە بجووڵێنەوە، بە پشتیوانی مەعنەوی ئێمە دەگەنە ئەو داخوازییانەی کە ناساندمن و زۆربەیان لە هەلومەرجی ئازەربایجاندا هەیە. هەم ئازەربایجانییەکان و هەم ئێرانییەکان وەک پێشڕەوانی بزووتنەوەی پێشکەوتووخواز ــ دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوعای بەخێرتان بۆ دەکەن.

ی. ستالین، ٨ی مای ١٩٤٦

**تێبینی:** ژمارەی بەڵگەنامەکان لە لایەن «گزینگ»ەوە داندراون.

---

# بەڵگەیێك لە ئارشیوەکانی ئەمریکا

**وەرگێڕان: ئەمیر حەسەنپوور**

جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ جێگری کونسوول[ی ئەمریکا] لە تەورێز(دووهر Dooher)

واشینگتۆن، ٢٩ی ئاوریل، ١٩٤٦- ٧ی ئێوارە

مەحرەمانە

ئێمە هەست بەوە دەکەین کە زۆر ناشیاوە(undesirable) کە تۆ یان ڕاسۆ[1] لەو هەلومەرجەی ئێستەدا وەک میوانی قازی محەمەد سەری مەهاباد بدەن لە بەر ئەوەی کە قازی هێشتا ڕابەری بزووتنەوەیێکی سەربەخۆی(independent movement) دژی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانە.* زێدە لەوەش، سەردانێکی وا لەوانەیە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە عێراق و تورکیا وەک نیشانەی سەمپاتی ئەمریکا بۆ ئارەزووی کوردان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد تەعبیر بکرێ.

[برووسکە]بۆ تەورێز، دووپاتکراوە بۆ[سفارەت لە] تاران

ئاچێسن(Acheson)

* لە برووسکەی ٦٤٨، ٦ی مای، کاربێتری (chargé)[سفارەت]لە تاران پێشنیاری کرد کە قەدەغەبوونی سەفەری کاربەدەستانی سفارەتی تاران وکونسوولگەری تەورێز بۆ کوردستان تەواو ببێ، لەبەر ئەوەی کە تەواوی هێزی سۆڤیێت هەتا ٧ی مای دەکشێنەوە[بۆ خاکی سۆڤیێت]. وەزارەتخانە [ی دەرەوەی ئەمریکا]، لە برووسکەی ٣٩٨، ٧ی مای، پەسندی کرد کە قەدەغەی سەفەرکردن بۆ کوردستانێ لەو تاریخە لابردرێ.

سەرچاوە:

*Foreign Relations of the United States*. 1946, Vol. VII, Washington, Government Printing Office, 1969, pp. 442-43.

١) ڕابرت ڕاسز(Rossow)کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز بوو لە دیسامبری ١٩٤٥ هەتا ژوئێنی ١٩٤٦.

## شەش بەڵگەنامەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا

# سەبارەت بە کورد

**وەرگێرانی: ئەنوەری سوڵتانی**

### ژمارە ۱) لە تارانەوە بۆ بەغدا

میستر هۆلەنا
نهێنی
ژمارە: ۲۱۳، ۱۲ی مانگی جون ۱۹٤۲

۲) کاری ئەرتەشی ئێران، گەلێک چاک بووە و ئێستا لە هیچ شوێنێک هێزی بەشداریکردن لە چەرمەسەری هەست پێناکرێ. بەڵام ئێمە زۆر دڵنیگەرانین کە دەبینین«حەمەرەشید»لە عێراق گیراوە، ئەوە هەنگاوێکی گەلێک باشە بۆ زامن کردن لە بەرانبەر تەنگ وچەڵەمەی دواتردا، ئەوەیش لە ناوچەیەکی ئەوتۆ کە زۆر کەمعەقڵی دەبێ ئەگەر خۆی لە قەرە بدەین.*

* پاراگرافی یەکەمی ئەم دەستاوێژە، پێوەندیی بە کوردەوە نییە و هەربۆیەش تەرجەمە نەکراوە. وەرگێڕ

### ژمارە ۲) باڵوێزخانەی بریتانیا - تاران

۱۷ی فەبریوەری ۱۹٤٥
ژمارە ٤٨
(G182/6/45)
نهێنی

جەناب،
شانازیم هەیە لە مەڕ خەڵاتکردنی سەردک هۆزان و کەسانی دیکە ــ لە شێوەی دیاردەیەکی بچووکدا، بۆ وەڵامدانەوەی میوانداریی و یارمەتیدانی کاربەدەستانی کۆنسولیەتی ئەعلاحەزرەتی شا، لە ناوچە عەشیرەتییەکان، پێشنیارێکتان بخەمە بەر چاو.

۲) پێشنیارێکی ئەوتۆ، سەرەتا لە مانگی جوندا لە لایەن کۆنسولی ئەعلاحەزرەتی شاوە لە ئیسفەهان پێشکەش کراوە، کە گوتبووی دیاری بچووک بچووک بۆ هەر دوو زەمینەی پروپاگەندەی سیاسی و هەروەها گەڕاندنەوەی لانیکەم بەشێکی ئەو مەسرەف وزەحمەتەی وا ڕێبەرانی هۆزەکان لە پێناوی یارمەتی دانی کاربەدەستانی ئینگلیسی لە ئیش و کاریاندا تووشی هاتوون، شتێکی بە کەڵکە.

[کۆپی بۆ میستر ئارمسترانگ بنێرە]

تێبینی: بەڵگەنامەکە، بە درێژی باسی چۆنیەتی دیارییەکان و چلۆنایەتی پێشکەشکردنیان دەکات و دەڵێ هێندێ شتی وەک سەعاتی سەفەری، قوتووە جگەرەی زێو، قوتووی دەرمانی سەفەری لە زێو یا چەرم(بە شەرتێک چەرمی بەراز نەبێت)، چرای سەفەری، خێوەت، تفەنگی قوڵە و... بۆ ئەم نیازە بە کەڵکن. من بە پێویستم نەزانی تەفسیلاتەکەی تەرجەمە بکەمەوە. (وەرگێڕ)

### پاشکۆ

**کۆنسوولی ئەعلاحەزرەتی شا، لە شیراز:**

۱) **فەتحوڵلاخانی کمشکۆلی**، کە مەئموورییەتێکی ئەستەم و پڕمەترسی بەڕێوەبرد، بۆ گەمارۆدانی ئەو ئاڵمانییانەی «بۆیر ئەحمەد»کە بە چەکی بۆمبا و چەکی ئۆتۆماتیک تەیار کرابوون، ناوبراو ئاڵمانییەکانی بەرەو«کۆشکی زار»کشاندەوەدواوە، چەکی کردن و[چەکەکانی]دا بە ئەرتەشی بریتانیا. ئەگەر ئاڵمانییەکان لەو شوێنە چەک نەکرابان، بێگومان زیانێکی گەورە لە بەرەی بریتانیا دەکەوت.

**کۆنسوولی ئەعلاحەزرەتی شا، لە کرماشان:**

۲) **فەرەجوڵلا ئاسەف**، خاوەنمڵکی گەورەی کوردستان، حاکمی پێشووی کوردستان و نوێنەری ئێستای کوردستان[لە مەجلیس].

۳) **سالار سەعیدی سەنەندەجی**، خاوەنمڵکی گەورەی کوردستان و نوێنەری ئێستای کوردستان [لە مەجلیس].

٤) **وەکیل ئەلسولتان**، خاوەنمڵکی گەورەی کوردستان.

هەموو ئەو سێ کەسە، میوانداریییەکی گەلێک گەرمی نوێنەرانی بریتانیایان کردووە و لە ماوەی ئەم شەڕە و شەڕی پێشوو لە پێناو خێر و قازانجی بریتانیادا، هاوکارییان کردووین.

**کۆنسوولی ئەعلاحەزرەتی شا، لە ئیسفەهان:**

٥) **مورتەزا قولی خان**، حاکمی بەختیاری کە میوانداریی خۆی لە ژمارەیەک کاربەدەستانی بریتانیا لە ناوچەی بەختیاری نیشان داوە.

٦) **جەهانشاهخان**، کوڕی دووهەمی ژمارە ٥[مورتەزا قولی خان]، کە چەندین جار سەفەری بۆ کۆنسوولان ڕێکخستووە و خواردن و شوێنی مانەوەی بۆ دابین کردوون و پیاوی لەگەڵ خستوون. ناوبراو لە مەسەلەی هەواڵناردنیشدا، بە شێوەیەکی هەمیشەیی هاوکاری کردووین.

۷) **ئەمیر بەهمەن خان**، کوڕی سێهەمی ژمارە ٥، کە ئەویش هاوکاریی کاربەدەستانی بریتانی بۆ ڕێکخستنی سەفەری پروپاگەندەیی کردووە.

## ژمارە ٣) لە کرماشانەوە بۆ تەورێز

میستر داویس

ژمارە: بێژمارە، ١١ی مارچی ١٩٤٦

دووپاتکراو، بۆ وەزارەتی دەرەوە ژمارە٦، تاران

دۆستێکی سنەیی کە هەمیشە هەواڵی ڕاستی هەیە، بە لێبڕاوییەوە ئەو ڕاپۆرتەی سەلماند کە لە پاراگرافی ١٤ی تەقویمی جانیوەری ئێرەدا هاتووە وگوتراوە کە میاندوواو لە دەست کوردی مەهاباد دایە.

٢) ئەو و هەروەها ئەفسەرێکی قۆماندانی ئەرتەش لێرە، پێیان گوتم کە عومەربەگی شکاک، «ورمێ»ی گرتووە و هەموو نوێنەرانی دێمۆکراتەکانی تەورێزی لە شار و ناوچە دەرکردووە. هەرچۆنێک بێت، ئەمان دەڵێن سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە «عومەر» بۆ لێک حاڵی بوون، لەم دواییەدا سەری مەهابادی داوە، پێوەندیی لەگەڵ قازی محەمەد لە مەهاباددا، باش نییە.

## ژمارە٤) بڵاوکراوەی کابینە، لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

سێر ر. بولارد

ژمارە ٣٥٥، ١٦ی مارچی ١٩٤٦

ئەوانەی خوارەمان لە تێلگرافی ژمارە٨٧ی ١٥ی مارچی تەورێزەوە پێگەیشتووە، بەبێ ژمارەش بۆ کرماشان نێردراوە. ژمارەی تێگرافی وەزارەتی دەرەوە ٢٤ە.

تێلگرافی کرماشان بۆ ئێمە ژمارەی نەبوو و لە ١١ی مارچ دا بەڕێکرابوو.

سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو هەر ئێستا لە میاندوواو ڕادەگەیێنێ و دەڵێ کاربەدەستانی دێمۆکرات دەعایەی ئەوە دەکەن ئێستاش هەر کاروباری ئەوێ بەڕێوە دەبەن. حەوتووی ڕابوردوو، خەڵکی شارەکە، دژ بە وان خۆپێشاندانیان کردووە و داواکاری حکوومەتی کورد بوون. قازی محەمەد، سەری لە شارەکە داوە و ئاشتییەکی دابین کردووە.

٢) من لە سەر ئەو باوەڕە نیم کە دێمۆکراتە[ئازەربایجانییە]کان بە تەواوەتی دەستیان لە ورمێ هەڵگرتبێ. هەر دوو لا، دەعایەی شارەکەیان هەیە و هەردووکیان کاربەدەستیان لەوێ داناوە. ڕووسەکان کە وەک هەموو شوێنێکی دیکە، لەوێش حاکمن، بەرگرییان لە پێکدادانی ئەو دوو لایەنە کردووە.

٣) تاران، تکایە نوسخەی تێلگرافی ژمارە ٢٤ی من بۆ وەزارەتی دەرەوە بنێرە.

## ژمارە٥) لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

میستر لی ڕوجێتێل

ژمارە ١٤٦٨، ١٤ی سپتەمبەری ١٩٤٦

دووپاتکراو بۆ حکوومەتی هیند

لە تێلگرافی ژمارە ٢٥٨ی ١١ی سپتەمبەری تەورێز گەیشتووە.

[سەرەتا]

«قاسم ئێلخانیزادە» یەکێ لە سەرەک هۆزانی کوردیی دێبوکری، دوێنەو هاتەلام. زانیارییەکی تازەی کەمی پێبوو، بەڵام بە توندی باسی دژایەتی هۆزەکەی خۆیانی کرد لە گەڵ حیزب[ڕوونی نییە؟ دێمۆکرات]ە کوردەکان و داواکاریی یارمەتی بریتانیا بوو، بۆ بەکارهێنانی نفووزیان و پێشنیازی ئەوەی خستە بەردەم کە هاوکاری لە نێوان بنەماڵەی ئەو و کاربەدەستانی بریتانیا[ڕوون نییە؟ عێراق]دابمەزرێ ئەویش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە کۆنترۆڵی دێمۆکراتەکان پێوەندیی لەگەڵ من بە تەواوەتی ئەستەم کردووە.

من ئەو پێشنیارەم ڕەت کردەوە و داوام لێکرد نفووزی خۆی و عەشیرەتەکەی بۆ وەدیهاتنی موافقەی کوردی ـ ئێرانی بخاتە کار و بە هۆی هاریکاریی لە کاری یەکپارچەیی ئێراندا، یارمەتییەکی زیاتر بۆ بەرگری نفوزی بێگانە بکات. ئەو، بە شێوەیەکی سروشتی ئەم داواکارییەی منی دوور لە واقیعبینی و بێتام هاتە پێش چاو.

٢) ژمارەیەک سەرەک هۆزی کورد، ئێستا لە تەورێز کۆبوونەوە و قاسم ئاماژەی بە هێندێ هەنگاوی بە هێزتری حکوومەتی کورد کرد، لە پێناوی کۆتایی هێنان بەو حاڵەتە وەستانەی وا لە پێوەندیی ئازەربایجانییەکاندا تووشی هاتوون.

## ژمارە ٦) بڵاوکراوەی کابینە، لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە

میستر لی ڕۆجێتێل

ژمارە: ١٦٥١، ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦

بەهۆی تێلگرافی ژمارە ٣٠٥ی تەورێز لە ٧ی ئۆکتۆبەر گەیشتووە.

[سەرەتا]

تێلگرافی ٣٠٥ی من.

زانیارییەکی ئاماڵ بێ هەڵەم پێگەیشتووە کە دەڵێ حکوومەتی ناوچەیی ئازەربایجان لەگەڵ «قازی محەمەد»دا گەیشتووەتە ئەو پێکهاتنە کە داهاتی خۆی،[ڕوون نییە]پیرا[؟ ناڕوونە] شاهپوور، ورمێ و میاندوواو بە شێوەیەکی بەرانبەر[ناڕوونە؟ چ شتێک] لە نێوانیاندا دابەشبکرێت بۆ سەرفی ئەو خەرج و مەخاریجە زۆرەی وا هەیانە. هیچ ڕاگەیاندنێکی ڕەسمی سەبارەت بەو مەسەلەیە، تا ئێستا بڵاونەبووەتەوە.

٢) بەگوێرەی هەر ئەم پێکهاتنە، دەگوترێ یەکێ لە کوردەکان لە دەفتەری دەوڵەت[ی ئازەربایجان] داندراوە.

٣) کوردەکان خەریکی ناونووسکردنی سەربازن کە[ناڕوونە]مانگانە ٨٠ تا ١٢٠ تمەنیان پێدەدرێ کە ئەوە گەلێک زیاترە لەو مەواجیەی وا لە لایەن حکوومەتی ئازەربایجان بە سەرباز دەدرێ بۆیە فیداییەکان بە تفەنگەوە هەڵدێن و ڕەگەڵ کوردەکان دەکەون.

[تەواو]

**تێبینی:** ژمارە ی بەڵگەنامەکان لەلایەن «وەرگێڕ»ەوە داندراوە.

# دەسته‌ڵاتی سیاسی و حاکمییەت له‌ کۆماری کوردستاندا

**عەبباسی وەلی**
دیپارتمانی سیاسەت، زانکۆی وەیلز، سوانزی

وەرگێڕان له‌ ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی

ئامانجی ئەم نووسراوەیە ئەوەیە ڕووی(formation) سیاسی و ئیدیئۆلۆژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد له‌ خاکی کورد له‌ ئێران له‌ ساڵی ١٩٤٤وە تا ساڵی ١٩٤٧، شی بکاتەوە؛ سەروبەندێکی کورت بەڵام گرینگ که‌ تێیدا [ڕووداوەکان]له‌ ترۆپکی خۆیاندا گەیشتنە دامەزرانی کۆمار له‌ ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی[ژانڤییەی ١٩٤٦] له‌ شاری مهاباد. نووسراوەکە بەکورتی تایبەتمەندیی مێژوویی کۆمەڵگەی کورد له‌ ئێران و گرینگی نیسبی هێزە سیاسی و ئیدیئۆلۆژییەکانی کۆنەباو(traditional)و تازەباو(modern) وئەو پێوەندییانەی بوونە هۆی خۆگرتن و پێشوەچوونی هەوێتی نەتەوایەتی کورد وکردەوەی سیاسەتی ناسیۆنالیستی هەڵدەسەنگێنێ. ئەم نووسراوەیە قسەی ئەوەیە که‌ تایبەتمەندیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد له‌ ئێران، [هێزی]پاڵپێوەنەری بناخەیی وی و ئەوعییەتی پێشوەچوونی، دەبێ له‌ پێوەندییەکانی لەگۆڕانهاتووی نێوان کۆمەڵگەی کورد و دەوڵەتی نوێباوی ئێراندا ببیندرێ. ئەو پێوەندییە که‌ بناخەی پێچەڵپێچی هێزە کۆنەباو و تازەباوەکان و دامەزراوانی(institutions) له‌ هێلەگ دا سازمانی سیاسی، ڕووی ئیدیئۆلۆژی و ئامانجە درێژخایەنەکانی(strategic) بزووتنەوە کوردییەکانی له‌ ئێران دیاری کرد لەو سەروبەندی که‌ لێرەدا باسی لێدەکرێ.

## له‌ کۆمەڵەی ژێکافەوە تا دامەزرانی کۆمار:

### هەلومەرجی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

ئەمن له‌ نووسراوەی دیکەمدا ئەوەم هێناوەتەگۆڕێ که‌ لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکاف له‌ سێپتامبری ١٩٤٢دا دیارخەری دەستپێکردنی ناسیۆنالیزمی نوێباو له‌ کوردستانی ئێرانە[1]. ئەم ڕێکخراوە نیوە ـ نهێنییە که‌ له‌ مهاباد دامەزرا تەمەنی کورت بوو؛ ئەو نە ڕووخا و نە لەبەریەکچوو، بەڵام هەڵوەشا و له‌ مانگی نۆوتی ١٩٤٤ بووبە حدک، له‌ کاتێکدا که‌ له‌ ترۆپکی هێز و خۆشەویستیدا بوو. بڕوای گشتی ئەوەیە که‌ ئەم ئاڵوگۆڕە گەلاڵەی سیاسی کۆمەڵەی بردە بن گڵ و کۆتایی بە ئاواتی ناسیۆنالیستی و بەرنامەی ڕیفۆرمیستی کۆمەڵە هێنا. بەڵام ئەو بیروڕایانەی وا لەم بارەیەوە ئاگادارن بۆچوونیان سەبارەت بە هۆی سەرەکی ئەم ئاڵوگۆڕە زۆر له‌ یەکتری جیاوازە. بۆچی سەرۆکایەتی ڕێکخراوەیەکی گەلویست و له‌ حالی گەشەونەشەدا دەستی له‌ گەلاڵەی سیاسی ڕێکخراوەکەی خۆی هەڵگرت و بنی[کاغەزی] ئەمانی وی ئیمزاکرد؟ داخودا ئەمە هەنگاوێکی ژیرانەی تاکتیکی بوو، یان چۆکدادان بوو بۆ گوشاری سیاسی له‌ دەرەوە که‌ لەلایەن یەکێتی شوورەوی ڕا بۆ دەهات؟

بیروڕای سەرەکی ناسیۆنالیستی پێیوایە که‌ ئەو ئاڵوگۆڕە چارەسازە له‌ ڕێبازی بەرەوپێشچوون(جووڵان)ی تەبیعی مێژوو و سیاسەتی کوردی دا بوو و ئەوەی که‌ حدک گەلاڵەی سیاسی کۆمەڵەی وەخۆکرد و هەڵوێستی ئیدیئۆلۆژییەکی کردە ڕێبازی خۆی. بزربوونی بەرچاوی قسە پۆپۆلیستییەکانی کۆمەڵە سەبارەت بە زەوی وزار له‌ نووسراوە و دەربڕینەکانی کوردستان ئۆرگانی ڕەسمی حدکدا، له‌ تەک وەلانانی ئەندامە کلیلییەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە(بەتایبەتی سەرۆکی زانای وی عەبدولرەحمانی زەبیحی)له‌ سەرۆکایەتی ڕێکخراوە تازەکەدا یان تکوولی لێدەکرێ یان دەبەسترێتەوە بە«ئاڵوگۆڕی هەلومەرج» وتەیەکی چەشناوچەشن که‌ له‌ نووسراوە و قسەکانی ناسیۆنالیستە سەرەکییەکوردەکاندا زۆر کەم ڕوون دەکرێتەوە. ئەو ڕوانگەیە، که‌ بە شێوەیەکی بەربڵاو له‌ ناو ئەندامان و لایەنگرانی سەر له‌ پێناوی حدکدا ڕیشەی داکوتاوە، بە ڕاشکاوی ڕوانگەیەکی یەک لایەنەیە[2]. ئەو ڕوانگەیە سەرنجی کەم دەداتە سەر هەلومەرجی تایبەتیی سیاسی و ئیدیئۆلۆژی که‌ بە سەر پرۆسەی ئەو ئاڵوگۆڕەدا زاڵ بوون و سەرنجێکی کەمتریش دەداتە سەر ئەو شێوەیەی که‌ تێیدا ئەو هەلومەرجانە تایبەتمەندییەکانی سیاسی و ئیدیئۆلۆژی ئەو ئاکامە واتە حدک و بە دوای ئەودا کۆماری مهابادیان دیاری کرد.

ڕوانگەی ڕادیکاڵی ناسیۆنالیستی، که‌ جاروبار له‌ تێرمینۆلۆژی مارکسیست ـ پۆپۆلیستیدا دەنگ دەداتەوە لەو بۆچوونەی له‌ سەرەوە باسکرا جیاوازە. لەم ڕوانگەیەوە توانەوەی کۆمەڵەی ژێکاف، وادادەندرێ نیشانەی تەسلیم بوون وسەر وەبەرهێنانی سیاسی سەرۆکایەتییەکەی له‌ ئاست سیاسەتی شوورەوی بێ، که‌ دژی گەلاڵەی سیاسی ڕادیکاڵی کۆمەڵە بوو، له‌ ترسی ئەوەی که‌ ئەم سیاسەتە ئاکامی پێچەوانەی بۆ هێمنایەتی و قازانجە ستراتێژییەکانی شوورەوی له‌ هەرێمدا هەبێ. نەبوونی قسەی ڕادیکاڵی پۆپۆلیستی و وەلانانی هەنگاوی ڕیفۆرمیستی گەلیی له‌ دەربڕین و نووسینەکانی کوردستان دا بۆ ئەوەبوو که‌ پشتیوانی وهاوکاریی سەرۆکایەتی عەشیرەتی، چینی خاوەمولک و بۆرژوازی تەجاری دەستەبەر بکرێ، که‌ له‌ ڕێکخراوە سیاسی و عەسکەرییەکانی حدک و کۆماردا نوێنەرایەتی بە توانایان هەبوو. جا لەبەر ئەوە وادادەندرێ که‌ گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حدک، ئاواتی ناسیۆنالیستی تێکدابێ و له‌ ڕێبازی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی خۆی هەتلە کردبێ.

ئەم بۆچوونە ڕوانگەی ناوەندییە له‌ نێو هێزی چەپی ڕادیکاڵی هاوچەرخدا، که‌ بە شێوەی جۆربەجۆر شاییان بە شیکردنەوەی مارکسیستی سەرهەڵدان و ڕووخانی کۆماری مهابادەوە دێ[3]. ئەو بۆچوونە له‌ نزیکەوە پێوەندی بەو بەشانەی ڕووناکبیرانی کوردەوە هەیە که‌ له‌ دەوروبەری

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆبووبوونەوە. ڕێکخراوەیەکی مائۆئیستی کە زوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە سالی ١٩٧٩دا سەری هەڵهێنا. ئەو ڕێکخراوەیە زۆر جار دەستی کرد بە ڕەخنەی توند وتیژ لە سەرۆکایەتی حدک و سەرکۆنەی سیاسەتەکانی دەکرد لە بەر ڕیفۆرمیزم وهەلپەرستی و پشتکردن لە گەلاڵەی ڕادیکالی سیاسی و ئاواتە شۆڕشگێڕانەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی. ئەو جۆرە بۆچوونە هێشتاش لە نێو چەپی گەلییدا بۆ خزمەتی ئەم مەبەستە باوە، لەگەڵ یان بەبێ تێرمینۆلۆژی باوی مارکسیستی[٤].

قسەی سەرەکی لێکدانەوەی مارکسیستی ـ ناسیۆنالیستی سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حدک وێدەچێ ڕاست بێ، بەڵام ئەمە تارادەیەک ڕاستە، ئەو سۆنگە و بەڵگانەی بە دەستەوەن دەری دەخەن کە سەرۆکایەتی حدک بە شێوەیەکی کاریگەرانە دەستی لە گەلاڵەی سیاسی ڕادیکالی کۆمەڵە هەڵگرت. هەم لەباری ناسیۆنالیزمی قەومیی تریتۆریالییەوە و هەم لەمەڕ پۆپۆلیزمی جووتیێری، بەر لە دامەزرانی کۆمار لە سالی ١٩٤٦دا. ئەوەش هەروەها ڕاستە کە ئالوگۆڕی ئەوتۆ لە ڕێباز و ئامانجەکانی سیاسەتی ناسیۆنالیستیدا، کە چینی خاوەنمولکی کوردی لە بناخەی کۆمەلایەتی و سیاسی و تەشکیلاتی عەسکەری بزووتنەوەکەدا جێگیرکردەوە، لەگەڵ هێمنایەتی شووڕەوی و قازانجە ستراتێژییەکانی لە هەرێمدا لە ماوە ودوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا یەکی دەگرتەوە. بەڵام لە کاتێکدا گوشاری شووڕەوی لەڕاستیدا هۆکارێکی بڕیاردەر بوو بۆ ناچارکردنی سەرۆکایەتی ناسیۆنالیست بۆ گۆڕینی ئامانجە ڕاگەیێندراوەکان و ئاواتەکانی بزووتنەوە، ئەوە تەنیا بەشێکی داستانەکەیە. شیکردنەوەی مارکسیستی ـ ناسیۆنالیستی لە تواناى دا نییە کە هەلومەرجی بناخەیی ئەو گۆڕانە لەبەر چاوبگرێ کە بەشێکی جیا نەکراوە بوون لە کۆمەڵگەی کورد لە ئێران. ئەو جۆرە شیکردنەوەیە، پێداویستییەکانی سیاسی، ئابووری و قەوارەیی ڕێکخراوەی سیاسی جەماوەری و سیاسەتەکانی گەلویستانە (Popular) لەبەر چاوناگرێ. بە چاو منەوە، ئەو هەلومەرجانە زۆر گرینگ تر بوون لە هێمنایەتی و تێبینییە ستراتێژییەکانی یەکێتی شووڕەوی. ئەو هەلومەرجانە تا ڕادەیەکی زۆر نەک هەر سەبارەت بە شەرتومەرجی پێکهاتنی حدک بڕیاردەر بوون، بەڵکوو فۆرمی سیاسی و خەسڵەتی کۆمەلایەتی کۆماریشیان دیاری کرد. بە گوتنێکی دی ئەو هەلومەرجانە، هۆی سەرەکی پێکهاتنی کۆمار، دیاریکەری هەستان، پێشوەچوون و ڕووخانیشی بوون[٥].

کۆمەڵەی ژێکاف، کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو کە بەرنامە ناسیۆنالیستییەکەی ئامانجەکانی دیاری دەکرد؛ لە سەرەوەی هەمووان دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی لە کوردستانێکی یەکگرتوودا. ئەو ئامانجە ناسیۆنالیستییانە حەقانییەتێکی زاتی دەدا بە کۆمەڵە کە سیمای خۆ بە خۆداوی کۆمەڵەی وەکوو پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە هێز دەکرد و بەم شێوەیە سێبەری دەخستە سەر مەسەلەی گرینگی پێداویستییەکانی سیاسی و بناخەیی لە ستراتێژی ناسیۆنالیستیدا: واتە هەلومەرجی سیاسی و بناخەیی بوونی پرۆسەی ناسیۆنالیزمی سیاسی وکردەوەیی لە کوردستانی گەورەدا. ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە مانایەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ حەقانییەتی کۆمەڵەی ژێکاف و بانگەوازی بۆ یەکێتی نەتەوەیی و کردەوەی جەماوەری، بەڵام ئەو بابەتە لە بەرنامەکەیدا بە ڕوونی دیاری نەکرابوو. لایەنی هەرە گرینگی ئەو بابەتە، مەسەلە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی بوون لە بناخەی دامەزراوی(institution) کۆمەڵەدا و ئەو بابەتانەش بە دەوری خۆیان دەگەڕانەوە سەر تەبیعەتی پێوەندی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ ئەندامان و لایەنگرانی پشتیوانی لە کوردستانی گەورەدا.

تا ئەو جێگەی کە کۆمەڵەی ژێکاف وەکوو کۆمەڵەیەکی سیاسی ـ ڕوناکبیری بەرتەسک وابوو و ئەندامان و پشتیوانانی لایەنگری، بە شێوەی سەرەکی لە شاری مهاباد و دەوروبەری هەرە نزیکی تێنەدەپەڕین، مەسەلەی وەکوو دەسەلاتی سیاسی و بەڕێوەبەری بە هاسانی دەکرا وەقەراغ بخرێ بە بێ ئەوەی حەقانییەتی کۆمەڵە لە کورتی بدا و کزبێ. بەڵام هەلومەرجی ئاسوودە کە دەرفەتی بۆ کۆمەڵە ڕەخساندبوو بە بێ ئەوەی خۆی لە قەرەی ئەو مەسەلانە بدا چالاکی بنوێنێ، ماوەیەکی دووروودرێژی نەخایاند. ئەو هەلومەرجانە زۆر زوو وەک وەڵامدانەوەیەک بە پێداویستییەکانی بناخەیی سیاسەتی نوێباوی جەماوەری لە کۆمەڵگەیەکی کۆنەباوی / بەر لە سەرمایەداریدا گۆڕان.

بەرنامەی ناسیۆنالیستی ـ پۆپۆلیستی کۆمەڵەی ژێکاف و بانگەوازی بۆ هەستان و کردەوە سەرنجی خەڵکی مهابادی بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو و ژمارەیەکی زۆر لە ڕیزی بورژوازی بچووکی شار، چ ئی کۆنەباو و چ ئی نوێباو و توێژەکانی خوارەوە و مامناوەنجی بورژوازی تەجارەتی بە دەوری ئەو کۆمەڵەیەوە کۆ بووبوونەوە، یان وەک ئەندام یان وەک پشتیوان. تا نێوەڕاستی مانگی ئاوریلی ١٩٤٣، ماوەیەک کەمتر لە شەش مانگ لە دوای دامەزرانی، کۆمەڵە توانیبووی پێگەی خۆی لە مهاباد سەقامگیر کا و نفووزی خۆی لە خوارروو و ڕۆژئاوا لە ناوەندە سەرەکییە شارییەکانی وەکوو بۆکان، سەقز، بانە و سەردەشت بلاوکاتەوە، بە وەخۆکردنی هێندێک ئەندامی تازە و وەدەستهێنانی پشتیوانییەکی بەرچاوی جەماوەری لە سەرووی ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا. زیادکردنی ئەندامان و پەرەسەندنی پشتیوانی جەماوەری، [جێ بەجێ کردنی]گیروگرفتی قەمتەرنەکراوی بەڕێوەبەری هێناگۆڕێ. کۆمەڵەی ژێکاف وەکوو هەموو ڕێکخراوەیەکی سیاسی دیکە کە ئاردزووی سیاسەتی دێمۆکراتی، [هەبوونی] بنکەی هەرەمەیی و پشتیوانی جەماوەری لە سەردا بوو دەبوو بەرەو ڕووی ئەو مەسەلە گرینگە ببایەوە. ئەوە هەلومەرجێکی خۆ لێنەبوێر بوو. ئیتر کۆمەڵە چیدی نەیدەتوانی وەک کۆمەڵەیەکی سیاسی بەرتەسک بریتی لە تاک و تەرای ئازاد و سەربەخۆ بمێنێتەوە. بەڕێوەبەری مانای دەسەلاتی ڕەسمی بوو و دانانی ڕێوشوێن و قانوون بۆ دیاریکردنی هەلومەرج و وەسیلەی خەبات لە چوارچێوەی کۆمەڵەدا. دانانی دەسەلاتی ڕەسمی ئاکامی ناخۆشی لە سەر ئالوگۆڕی دواتری کۆمەڵەی ژێکاف لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە هەبوو.

جا بۆیە ئەوە پێداویستییە بناخەییەکانی سیاسەتی جەماوەری نوێباو بوون کە ئەندامانی ئەسڵی (دامەزرێنەری) کۆمەڵەی ژێکافیان ناچارکرد لە ئاوریلی ١٩٤٣دا سەرۆکایەتییەکی ناوەندی هەڵبژێرن. ئەو کۆمیتەیە، کە وەک بلاوبووەتەوە لە لایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحی یەوە ڕێبەری دەکرا، نیشانەی سەرهەڵهێنانی دەسەلاتی سیاسی و هێرارشی قەوارەیی لە چوارچێوەی کۆمەڵە دایە. پێوەندی نارەسمی سیاسی و تێکەلاویی شەخسی وخزمایەتی تارادەیەکی بەرچاو دەبوو جێگە بۆ سەرهەلدانی هێرارشی فەرماندەیی و گوێڕایەڵی کە لە خەسڵەتەکانی ڕێکخراوە نوێباوە سیاسییەکانە چۆڵ کەن یان چۆکیان بۆ دادەن. کۆمەڵەی ژێکاف لە پلەی سەرەتاییدا بوو بۆ ئەوەی لە کۆمەڵەیەکی نیوە ـ نهێنی سیاسی ـ ڕوناکبیری لە تاک وتەرای هاوبیر پێکهاتوورا ببێتە پارتییەکی سیاسی ڕێکخراو. ئەو ڕەوتە بەرەو ئاخروئۆخرەکانی سالی ١٩٤٣ خێراتربوو، کاتێک کە کۆمەڵەی ژێکاف لە نێوەندە شارییەکانەوە دەرکەوت و ڕێی ⬅

بەرەو ناوچە لادێییەکان لە بەشەکانی سەروو و سەرووی ڕۆژئاوای خاکی کورد دەرکرد. جا بۆیە ئەوە لە بەرایی سالّی ١٩٤٤دا بوو کە گوشارێکی لە زێدە هاتە سەر کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەوەی بناخەی قەوارەیی خۆی، شوێن و پرۆسەی دەستەلاتی سیاسی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەدا زۆر چاکتر روون کاتەوە، چونکوو زیادبوونی ئەندامان و پەرسەندنی پێگەی جەماوەری ڕێکخراوەکە، جێگەی حەقانییەتی وی لە ئیدیئۆلۆژی ناسیۆنالیستییەوە بەرەو کردەوەی سیاسی گۆڕیبوو. ئیتر بەرنامەی ناسیۆنالیستی ـ پۆپۆلیستی کۆمەلەی ژێکاف و قسە و دەربڕینە سەرەکییە ئیدیئۆلۆژییەکانی لە لایەن کۆمەلانی خەلکەوە پەسند دەکران؛ ئەوە سیاسەتەکانی کۆمەلە بوو کە خەلک چاویان تێبڕیبوو. ئەو پێشوەچوونەش نیشانەی هەنگاوێکی دیکە بوو لە ڕێبازی سیاسەتی نوێباودا. وەک ئەوە دەهاتە بەرچاو کە بزووتنەوەی تازە سەر لەهێلکەدەرهێناوی ناسیۆنالیستی کەوتبێتە چنگی نوێباوییەوە.

بەلاّم ئەوە وای لێنەهات. لەڕاستیدا، مەسەلەی دەستەلات و سەرۆکایەتی سیاسی سەلماندی کە نوختەی هەرە کزی(Achilles heel) بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بێ، کە بەرەو دواوەی دەکێشایەوە و دەیبردەوە نێو زەلکاوی پێوەندییە کۆنەباوە کۆمەلایەتییەکان و پێبەندییە سەرەتاییەکان. چونکوو گۆڕانی جێگەی حەقانییەتی کە نیشانەی خەسلەتی دێمۆکراتی گەلیی بزووتنەوەکە بوو هەروەها بەو مانایەش بوو کە هەلومەرجی دەستەلاتی سیاسی ئیتر چیدیکە تەنێ بە ڕێکخراوەی پارتییەکەوە بەرتەنگ نەدەبوو. ئەو هەلومەرجانە بە قوولّی لە بناخەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕێکخراوەی فەرهەنگی کۆمەلگەی کورد لە ئێران ڕیشەیان داکوتابوو کە هێشتا لە باری خەسلەتەوە شێوەی بەر لە سەرمایەداری بەسەردا زالّ بوو و لەباری شێوەی بیرکردنەوەوە کۆنەباو بوو. قورسایی بەرەودواکێڕەوەی پێوەندییەکانی بەر لە سەرمایەداری لە بناخە کۆمەلایەتی ـ ئابوورییەکان و ڕێکخراوی فەرهەنگی دەستەلاتی سیاسیدا بە هاسانی بە سەر «هێزی نوێباو»دا دەشکایەوە. دینی باو وجەماوەری، پێبەندییە سەرەتاییەکان(primordial loyalties) و نەریتی ناوچەیی وەک پێویستییەکی جوێ نەکراوە لە حەقانییەتی سیاسی لە پرۆسەی ناسیۆنالیستی سیاسیدا کە بووژابوونەوە، مانەوە ودرێژەیان کێشا.

سەرۆکایەتی تازە خۆگرتووی کۆمەلەی ژێکاف بە پێویستی زانی ڕوو لە هێزە کۆنەباوەکان بنێ بۆ بەهێزکردنی دەستەلاتی سیاسی خۆی لە هەلومەرجی زیادکردنی ئەندامان، پەرەسەندنی ڕێکخراوەکەی و بووژانەوەی پشتیوانی جەماوەریدا. لەڕاستیدا، ڕێکخراوەکە هەرچەندی بەهێزتر و لە ناو خەلکدا نفووزی زیادتر دەبوو ئەوەندەش لە هێز و دامەزراوە کۆنەباوەکان نزیکتر دەبووەوە. جا لەبەر ئەوە پێوەندی کۆمەلەی ژێکاف لەگەل چینی خاوەنزەوی بە زەحمەت جێی سەرسووڕمانە. تا سەرەتای ١٩٤٤ کۆمەلە بە ڕێژە پێوەندیی پتەوی سیاسی و دامەزراوی لە تەک بەشێک لە چینی خاوەنزەوی کورد و بورژوازی تەجاری و کەسایەتییە پایەبەرزە ئایینییەکان دامەزراندبوو، ئەوانەی کە لە ئاست گەلالەی ناسیۆنالیستی پەیمانیان دا و دەستیان لە هاوکاری ئاشکرا لە گەل دەستەلاتدارانی سیاسی و عەسکەری ئێران هەلگرت. ئاغاوەت (خاوەمولک)و سەرۆک عەشیرەتەکانیش بە پیر بانگەوازی کۆمەلەوە هاتن؛ ترسی ئەوان لە پەرەسەندنی لە زێدەی کۆمەلە لە نێو کۆمەلانی خەلکی شارنشیندا بە هاسانی لە ڕق و بێزاریی ئەوان لە ئاست پۆپۆلیزمی جووتیری تێدەپەڕاند.

پێوەندییەکانی کۆمەلەی ژێکاف لەگەل خاوەنزەوی و سەرۆک

**□ سەرۆکایەتی تازە خۆگرتووی کۆمەڵەی ژێکاف بە پێویستی زانی ڕوو لە هێزە کۆنەباوەکان بنێ بۆ بەهێزکردنی دەستەڵاتی سیاسی خۆی لە هەلومەرجی زیادکردنی ئەندامان، پەرەسەندنی ڕێکخراوەکەی و بووژانەوەی پشتیوانی جەماوەریدا.**

عەشیرەتەکوردەکان و پشت بەستنی لە زێدە بە هێزی کۆنەباوە بەر لە سەرمایەدارییەکان لە نێوەندە شارییەکاندا بیرخەرەوەیەکی پتەوی هەلوێستی تەوەرەیی پێوەندییە سەرەتاییەکان و ئایینی بوون لە بناخەکانی دەستەلاتی سیاسی و حەقانییەت لە کۆمەلگەی کورددا. ئەو هێز و پێوەندییانە هەلومەرجی کردەوەی سیاسی کۆمەلەی ژێکافیان دیاریدەکرد، هەولەکانی کۆمەلەیان بۆ سەقامپێدانی هەوێتی نەتەوایەتی تازەسەرهەلداو لە سەر زەمینەی نوێباوی سیاسی سست و لاواز دەکرد. ئەگەرچی کۆمەلە لەوەدا سەرکەوت کە پێگەیەکی دێمۆکراتی ـ گەلی بۆ کردەوەی ناسیۆنالیستی دابمەزرێنێ، [بەلاّم] بناخە بەرلە سەرمایەدارییەکانی جڤاتی کوردی لە ئێران بە دژی هەوڵە بەراییەکانی بۆ پێکهێنانی دەستەلاتێکی نوێباوی سیاسی و بەڕێوەبەری لە ناوچەی پەرەگری بەر دەستەلاتی هەلدەسووڕا. جیاوازییە مانایییەکانی نێوان« گەلی کورد» و «نەتەوەی کورد»، بابەتەکانی «سیاسەتە ناسیۆنالیستییەکان» و«مێژووی ناسیۆنالیستی»لە گوتە و دەربڕینەکانی نشتمان دا بە خێرایی بنەمای سیاسی خۆیان لە کیس دەدا و دەبوونە قوربانی پێداویستییەکانی پرۆسەی گەلریستی سیاسی لە کۆمەلگەیەدا کە شێوەی بەر لە سەرمایداری بەسەردا زالّ بوو.

جا بۆیە بەرفرەوان بوونەوەی لە زێدەی قەلشی نێوان قسە وبۆچوونی ئیدیئۆلۆژی کۆمەلەی ژێکاف و کردەوەی سیاسی وی نیشانەی زیادبوونی گرینگی هێزە کۆمەلایەتییە کۆنەباوەکان، بەتایبەتی سەرۆکایەتی عەشیرەتی بوو، لە بناخەی دەستەلاتی سیاسی و بەڕێوەبەری لە جڤاتی کوردیدا. پێشوەچوونی سیاسی و پەرەسەندنی جوگرافیایی(territorial expantion) بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و حەوجێتی لە زێدە بۆ سازکردنی ڕێکخراوەیەک کە بتوانێ باری سیاسی و عەسکەری ڕاپەڕێنێ و بەڕێوەبەرێ، سەرۆکایەتی کۆمەلەی ژێکافی والێکرد کە دەست لە بەرنامە سیاسییەکەی هەلگرێ و سازشتی لە سەر بکا. هاوکاریکردنی لەگەل هێزە کۆنەباوەکان ئەو قیمەتەی بوو کە بۆ پێشوەچوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی درا کە زەمینەی بۆ سەرۆکایەتی قازی محەمەد و گۆڕانی دواتری کۆمەلەی ژێکاف بە حدک لە مانگی ئووتی ١٩٤٤دا پێکهێنا.

چارەنووسی کۆمەلەی ژێکاف نموونەیەکی ئاشکرایە لەو مەترسییانەی کە دێنە سەر ڕێی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ئەزمە کۆنەباو/بەر لە سەرمایەدارییە کۆمەلایەتییەکاندا. ڕێکخراوەکە بنەمای ئیدیئۆلۆژی بۆ پرۆسەیەکی نوێباوی سیاسی ناسیۆنالیستی دانا بەلاّم نەیتوانی لە ئاست گوشاری پێداویستییە سیاسی و بناخەییەکانی ئەو پرۆسەیەدا خۆی ڕابگرێ. حەوجێتی پەرەگر و لەزێدە بۆ هەبوونی دەستەلاتێکی سیاسی ⬅

ناوەندی بە بوونی پێگەیەکی دامەزراوی جوگرافیاییەوە(territorial institutional base) کەوتە دژایەتی لە تەک بناخەی بەرتەسکی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژێکاف و شکڵی نیوە ـ سیاسی سەرۆکایەتییەکەی. ئاکامی ئەم پرۆسەیە بە هۆی هۆکارێکی نائاسایی مێژوویی دیاریکرا کە نەخواستە قازانجە ستراتیژی و هێمنایەتییەکانی دەوڵەتی شووروەوی و بەرژەوەندە ئابووری و سیاسییەکانی چینی خاوەنزەوی کوردی کردە یەک. لە دایکبوونی حدک بە دوایدا و هێنانەگۆڕی گەلالەی خودموختاری لە لایەن سەرۆکایەتییەکەی ڕا ڕێگا چارەیەکی سیاسی لە ئاست ئەو ناتەباییە بوو، کە پێوانەی سیاسەتەکانی نوێباوی ناسیۆنالیستی لە نێو جڤاتی کورد لە ئێران کە پێوەندی بەر لە سەرمایەداری بە سەردا زاڵ بوو، دیاری کرد.

## کۆمار

کۆمار کە لە [ ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی] ٢٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦دا پێکهات، بەرهەمی هەمان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە ببووە هۆی دامەزرانی پێکهێنەرەکەی واتە حدک، نزیکەی ١٨ مانگ زووتر. لەڕاستیدا، حدک بناخەی ڕێکخراوەیی کۆماری لە ماوەی تەمەنی کورتیدا پێکدەهێنا. بە گوتنێکی دی کۆمار شێوەی قەوارەیی دەستەڵاتی سیاسی حدک و هەبوونی بە کردەوەی بوو کە ناوەندی لە مهاباد بوو و بەرەوخواروو و خوارووی ـ ڕۆژئاوادا دەکشا و شارۆچکەکانی بۆکان، بانە، سەردەشت و شوێنە بچووکترەکانی نەغەدە و شنۆی وەبەردەگرت. کۆمار لە ماوەی ژیانی کورتیدا زیادتر وەک دەزگایەکی بەڕێوەبەری شاری مایەوە. کۆمار نەیتوانی بنکەی هێزی جەماوەری خۆی لە دەرەوەی شاران و پەیامی ناسیۆنالیستی خۆی لە نێو کۆمەڵانی جووتیراندا بلاوبکاتەوە، لەبەر ئەو هۆیانەی کە بەشێکی زاتی و جوێ نەکراوە بوون لە بناخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی. تەنانەت کۆمار نەیتوانی دەستەڵاتی خۆی لە گشت ناوەندە سەرەکییە شارییەکانیشدا دامەزرێنێ کە لەباری قانوونییەوە بە بەشێک لە شوێنی بندەستەڵاتی خۆی دەزانین: ورمێ، خۆی و سەلماس لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێزەوە ئیدارە دەکران. جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان سنووری «واقعی» و «خەیاڵی» کۆماردا هەبوو، کە باڵی بە سەر داخوازە ناسیۆنالیستییەکانی سەرۆکایەتیدا دەکێشا. گەلالەی ناسیۆنالیستی بە شێوەیەکی جیددی لەبەر لاوازی بناخەیی دەستەڵاتی سیاسی داکشابوو.

لەبەر ئەوەی کۆمار سنوورە جوگرافیاییەکانی دیاری نەکردبوو، سەلاحییەتی قانوونی وی بە دەستەڵاتی سیاسی بەسترابووەوە، کە بە هۆی بەیانی ئابووری و عەسکەرییەوە دەپارێزرا: واتە مالیات وەرگرتن و هێزی عەسکەری عەشیرەتی، هەرچەند ئەرتەشێکی بچووکی ڕەسمیش لە گۆڕێدا هەبوو. ئەوە مانای وا بوو کە دەکارکردنی دەستەڵاتی سیاسی لە لایەن سەرۆکایەتییەوە لەلایەکەوە بەسترابووەوە بە توانایی بۆ مالیات بڕینەوە و کۆکردنەوەی و لە لایەکی دیکەوە دەنگدان و بەکارهێنانی هێزی عەسکەری لە چوارچێوەی ناوچەی ژێردەستەڵاتیدا ئەگەر پێویست بووبایە. ئەو دوو تواناییە بەش بەحاڵی خۆیان بنکەی کۆمەڵایەتی دەستەڵاتی سیاسییان لە کۆماردا دیاریدەکرد.

مالیات وەرگرتن سەرچاوەی سەرەکی داهات بوو. کۆمار بەو مالیاتەی دەژیا کە لە داهاتی دانیشتووانی شارنشینی ژێر دەستەڵاتی قانوونی خۆی وەردەگرت. توانایی مالیات لەسەردانان و سەندنی لە سایەی پشتیوانیی چالاکانەی دانیشتووانی شارنشین بوو، بەتایبەتی توێژەکانی خوارەوە و مامناوەنجی بورژوازی تەجارەتی و وردە بورژوازی کۆنەباو، هەردووکی ئەم گرووپانە زیادتر بەو جۆرە چالاکییە ئابوورییانەوە خەریک بوون کە سەر بە مەڵبەندی کۆنەباوی ساتوسەودا و ئاڵوگۆڕ لە بازاری شارەکاندا بوون. پشتیوانی چالاکانەی ئەوانە بە هۆی ئامرازی ئیدیۆلۆژی و سیاسییەوە دەستەبەر دەکران، لە بەسیج و وەخۆخستنی گشتییەوە بگرە تا بەشداریکردن لە کاروباری دەزگای بەڕێوەبەری لە ئاستی ناوچەییدا.

بەڵام ئامرازی هەرە کاریگەر بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی چالاکانەی وردە بورژوازی شارنشین و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا سەرهەڵهێنانی حەوزەی ئەفکاری عموومی(public Sphere)بوو. پێکهاتەیەکی دەربڕ و نیشاندەر کە بۆ پشتگیری لە سیاسەتەکانی دیمۆکراتی گەلی هەڵدەسووڕا. وردە بورژوازی کۆنەباو و زۆربەی بورژوازی تەجارەتی بە قووڵی لە حەوزەی ئەفکاری عموومی دا تێوەچووبوون. چ لە باری ڕاپەڕاندنی کاروباری شاری و چ لە باری فەرهەنگییەوە و چالاکییە لایەنگرییەکانی ئەوان یارمەتی کرد بە بووژانەوەی سیاسی و دانی پشتیوانی مالی بە بەڕێوەبەرایەتی کۆمار. بێ ئەملا و ئەولا وردە بورژوازی شاری پاڵپشت و خوڵقێنەری سیاسەکانی دیمۆکراتی ـ گەلیی لە کۆماردا بوو، چ لە باری سیاسی وچ لەباری ڕووناکبیرییەوە. ئەو وردە بورژوازییە لە باری ڕێبازەوە، ناسیۆنالیست ـ پۆپۆلیست بوو، داوای سەربەخۆیی سیاسی و ئیسلاحی کۆمەڵایەتی دەکرد و ئەوانەش تۆوی بنەڕەتی بوون بۆ هەویتی سیاسی وی. وردە بورژوازی شاری چ کۆنەباو وچ نوێباو، بناخەی کۆمەڵایەتی حەوزەی ئەفکاری عموومی تازەسەرهەڵداوی لە جڤاتی کوردیدا پێکهێنا و سوودبەری سەرەکی پێشوەچوونی سیاسی و قەوارەی وی بوو.

سەرۆکایەتی کۆمار، بەتایبەتی کارگێڕە چالاکەکانی، لە ڕیزی چینە گەلوێستەکانی شارییەوە بوون. ئەو چینانە هەروەها گەرای ڕووناکبیری ی نوێباوی کوردیان دانا، کە خوڵقێنەری دیسکۆرسی(وتە، دەربڕین وداوا)ی ناسیۆنالیستی و بناخەدانەری سەرهەڵدانی حەوزەی ئەفکاری عموومی لە جڤاتی کوردیدا بوون. پێوەندی جیانەکراوەی نێوان سەرۆکایەتی سیاسی و ڕووناکبیرانی نوێباو، لە نێو ڕێکخراوی حدکدا جێگیر و سەقامگیر بوو و گونجانی ئەوانەی دوایی لە بناخەی قەوارەیی کۆماردا بۆ پێشکەوتنی ئەو حەوزەی ئەفکاری عموومی یە، مانایەکی گرینگی هەبوو. لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەوە بوو کە ئەم حەوزەیە تەقریبەن بە تەواوی بوو بە زەمینەی دەربڕین و باسی جیاوازی لەگەڵ قەوم و هەوێتی حاکم دا. جیاوازییەکانی نێوخۆیی، کێشە و دژایەتییەکان لە ئاستی سەرۆکایەتی و لە چوارچێوەی داودەزگای بەڕێوەبەریدا بەگشتی قەت لە حەوزەی ئەفکاری عموومی دا دەرنەکەوتن. دیسکۆرسی دیمۆکراتی ـ گەلیی زۆربەی جار هەر وەک قسە و دەربڕینی ڕەسمی وا بوو، کە گەلالە ناسیۆنالیستییەکانی سنوورە لە گۆڕان هاتوەکانی حەوزەی ئەفکاری عموومی دیاریدەکرد. کەوابوو پێشوەچوونی قەوارەیی کۆمەڵگەی مەدەنی(civil society) سەرهەڵداو لە کۆمار لەسەرتر بوو لە ئاستی پێشوەچوونێکی ئەوتۆ لە پرۆسەی دیمۆکراتی سیاسیداکە لە نزیکەوە پێوەی بەسترابووەوە.

توێژی سەرەوەی بورژوازی تەجارەتی، تاجرە گەورەکانی بازاڕیش مالیاتیان دەدا بە داو و دەزگای کۆمار، بەڵام زیادتر بە ناچاری تا ئەوەی لە ڕووی قەناعەت و بەدڵی خۆیان. سیما سەرەکییەکانی ئەو بەشە بچووکە بەڵام ـ لە باری ئابوورییەوە ـ بەهێزەی دانیشتووانی شارنشین خاوەنزەوی گەورە و مامناوەنجیش بوون، چ خاوەنی مستغلات(دارایی نەجوول) و چ

زەوی کشتوکاڵی. ئەوان لە سەرۆکایەتی کۆمار دەترسان و دڵەڕاوکێی لەزیدەیان سەبارەت بە ئامانج و مەبەستەکانیان هەبوو و شکی کۆمۆنیزمیان لێدەکردن. پشتیوانی بەرتەنگی شووڕەوی لە سەرۆکایەتی کۆمار کە دووجار بۆ وتووێژ بانگهێشتنی باکۆ کرابوون و پێوەندی گەرم وگوڕیان لەگەڵ کۆماری ئازەربایجانی دراوسێدا. کە سەرۆکایەتییەکەی زۆربەی مارکسیست ـ لێنینیستی دوو ئاتەشە بوون، بەس بوون بۆ ئەوەی کە ترسی هەرە زۆری ئەو بورژوا خاوەنزەوییانە دابگرنەوە. جابۆیە پشتیوانی ماڵیی ئەوان [لە کۆمار] تا ئەو جێیەی دەستەبەر دەبوو کە سەرۆکایەتی کۆمار توانیبای دەسەڵاتی خۆی بە کاربهێنێ و هێمنی و ئەزم لە خاکی «ڕاستەقینەی»بەردەستی خۆیدا بپارێزێ، کە وەکی باسکرا[ پاراستنی ئەم دەسەڵاتە ] بە توانایی عەسکەری سەرۆکایەتییەوە بەسترابووەوە، ئەویش بە پێی پێوەندی و تێکەڵاوی خۆی لە گەڵ سەرۆکایەتی عەشیرەتیدا. سەرۆکایەتی عەشیرەتی کە ئیتیلافێکی شلی لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمار لە سەر بنەمای هەراوی خودموختاری پێکهێنابوو، زۆربەی دانیشتووانی دەرەوەی شارانی لە باری سیاسی و ئابوورییەوە کۆنترۆڵ دەکرد.

دانیشتووانی دەرەوەی شاران چ پارەتییەکی ئەوتۆیان نەدەدا بە سندووقی داوودەزگای بەڕێوەبەری، چونکوو هێشتاش کۆمەڵانی جووتێرانی کورد بەهرە و زەکات(دە و دوو)ی خۆیان دەدا بە خاوەمڵکەکان. هەم لە ناوچەی عەشیرەتی و هەم لە ئی ناعەشیرەتیدا، خاوەمڵکەکان زۆربەی ئەو داهاتانەی کە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەکەوتنەوە دەیانخستە گیرفانی خۆیان و مالیاتێکی زیادتریان نەدەدا بە داوودەزگای بەڕێوەبەری کوردی، هەر ئەوەندەی نەبێ کە پێشتر دەیاندا بە دەوڵەتی پەهلەوی بەر لە ڕووخانی لە مانگی سێپتامبری ١٩٤١دا. مالیات لە سەر زەوی کشتوکاڵی، کە تا بەر لە ساڵی ١٩٦٣ بە شێوەی سەرەکی موڵکی چینی خاوەمڵکی کوردبوو، کەم بوو ، نیشانەیەک لە هەڵکەوتی مومتازی ئەوان لە بناخەی کۆمەڵایەتی هێزی سیاسی یان لە ژێر حوکمی سەرەڕۆیی پەهلەویدا. داوودەزگای بەڕێوەبەری کۆماری نە توانای ئەوەی هەبوو و نەویستی ئەوە کە ئەو سیستمی مالیات سەندنەی کە لە گۆڕێدا (باو) بوو بگۆڕێ؛ ئەو داوودەزگایە نەیدەویست چینی خاوەمڵک لە خۆی بکاتە دوژمن، چونکوو مانەوەی بە پشتیوانی چالاکانەی سیاسی و عەسکەری ئەو چینە بەسترابووەوە. بەڵام چینی خاوەمڵکی کورد بە هیچ جۆر نهاد (پێکهات)ێکی یەکدەست نەبوو و پێوەندییەکی سیاسی و ماڵی وەکوو یەک و هاوسانی لەگەڵ کۆماردا نەبوو.

خاوەمڵکە گەورەکان، بە شێوەی سەرەکی ئەوانی عەشیرەتی سێرەی تیری سیاسەتی سانترالیزمی تێریتووریال لە کوردستان لە زەمانی ڕەزاشا لە ساڵەکانی ٣٠دا بون و زۆر لەوان خەساری قورسی سیاسی و زەبری توندی عەسکەریان وێکەوتبوو. ئەوان زوو دوای ڕووخانی حوکمی مەرکەزی ڕەزاشا لە سێپتامبری ١٩٤١ توانیبان خۆیان چەکدار کەنەوە. لە دەوری یەک کۆبینەوە و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بە سەر ناوچەکانی کۆنی بەر نفووزی خۆیان دابسەپێننەوە. خاوەمڵکە عەشیرەتییەکان جارێکی تر بوونەوە خاوەنی دەستە و سوارەی عەسکەری و ژیانی ئەوانیان دابین دەکرد کە هەر لە کۆنەوە لە دانی مالیات بە دەسەڵاتی ناوەندی سیاسی تەرخان کرابوون. تەبیعەت و ڕادەی پشتیوانی سیاسی وماڵی عەشیرەتەکان لە کۆمار بە شێوەیەکی زەق و چاوڕاکێش جۆراوجۆر بوو و تا ڕادەیەکی زۆر بە قورسایی باوەڕی ناسیۆنالیستی ئەوان بەسترابووەوە و ئەوەش بە نۆرەی

**□ خاوەنزەوییە مامناوەنجی و بچووکەکان زۆربەیان ڕەچەڵەکیان ناعەشیرەتی بوو و بە گشتی بیر و باوەڕی ناسیۆنالیستییان لە خاوەمڵکە عەشیرەتەکان بەهێزتر بوو. ئەوان زۆر زیادتر بە دەنگ سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەهاتن و پشتگیرییان دەکرد.**

خۆی بە بەرپوانی کردن بە هۆی تۆرێکی پێچەڵپێچی سیاسی پێوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ دەوڵەتی ئێران.

هۆکارێکی دیکەش هەبوو بۆ شوێندانان لەسەر بۆچوون و ڕوانگەی خاوەمڵکە گەورەکان، بەتایبەتی سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ئاست کۆمار و سەرۆکایەتییەکەی کە بە شێوەی سەرەکی شارستانی بوو. سەرۆکایەتی عەشیرەتی بە گشتی چەقی دەسەڵاتی سیاسی کۆنەباو لە جڤاتی کوردیدا بوو. بەتایبەتی لە دەرەوەی شاران ئەو دەسەڵاتە ڕیشەی لە هەڵکەوتی گرینگی ئەوان واتە لە بناخەی ئابووری وعەسکەریدا بوو. ئەو دۆخە هەستێکی حەقانییەت و خۆ بە گەورەدانانی تێدا پێکهێنابوون لە پێوەندییەکانیان لە گەڵ دانیشتووی شاراندا، کە زیادتر بە ساتوسەودا و بازرگانییەوە خەریک بوون یان وەک کاربەدەست لە بۆرۆکراسی حکوومەتیدا کاریان دەکرد. ئەو «تەعەسوبی عەشیرەتی»یە خاڵێکی گرینگ بوو لە پێوەندی نێوان سەرۆک عەشیرەتەکوردەکان وڕێبەران وکارگێڕانی کۆماردا، کە جگە لە چەند ڕیزپەڕی بەرچاو زۆربەیان سەر بە وردە بورژوای شار و تاجری بازاڕ بوون.

خاوەنزەوییە مامناوەنجی و بچووکەکان زۆربەیان ڕەچەڵەکیان ناعەشیرەتی بوو و بە گشتی بیر و باوەڕی ناسیۆنالیستییان لە خاوەمڵکە عەشیرەتەکان بەهێزتر بوو. ئەوان زۆر زیادتر بە دەنگ سەرۆکایەتی کۆمارەوە دەهاتن و پشتگیرییان دەکرد. ئەگەرچی ئەو پشتگیرییە هەر پشتیوانی ماڵی بوو، کەسایەتییە هەڵکەوتووەکان لە نێو خاوەنزەوییەکانی مامناوەنجی و بچووکدا دەکرا بە هاسانی لە پلە بەرزەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا بناسرێنەوە کە زۆربەیان سەر بە هەمان پێشینەی کۆمەڵایەتی بوون. ئەگەرچی ئەوان وەک خاوەمڵکانی بچووکتری ناعەشیرەتی هێزێکی بەکاری عەسکەرییان نەبوو بۆ ئەوەی شوێن لە سەر ڕووداوەکانی نێو کۆمار دانێن و دەسەڵاتی کۆمار لە چوارچێوەی ئەو خاکەی وەدەستی هێنابوو بەهێزکەن.

جا بۆیە توانایی کۆمار بۆ دەنگدان و وەخۆخستنی دەستە وپەلی عەسکەری، واتە هێزی عەسکەری بەکار، بە دەرەجەی یەکەم بە سەرۆکایەتی عەشیرەتی بەسترابووەوە. هەرچەند هەر وەکوو چینی خاوەمڵک بەگشتی، سەرۆکایەتی عەشیرەتیش لەباری سیاسی و ئیدئۆلۆژییەوە هێزێکی یەکدەست نەبوو. هێندێک لەوان کە چالاکانە دوژمنایەتی سیاسەتی قەڵاچۆکردنی عەشیرەتان و نیشتەجێکردنیان لەلایەن ڕەزاشاوە کردبوو و بەدەست ئەشکەنجە و ئازاری ئەوەوە ناڵاندبوویان و تلابوونەوە، لە ترسی هاتنەوەسەرکاری دیکتاتۆریی عەسکەری لە دڵەوە پشتیوانییان لە کۆمار دەکرد. ئەوانی دیکە کە سەریان بۆ سەرەڕۆیی پەهلەوی دانەواندبوو و لە ئاکامدا ببوونە بەشێک لە بناخەی

هێزی سیاسی و ئابووری لە ئێراندا بە گشتی، بۆچوونێکی زیادتر خۆپارێزانەیان لە ئاست داوودەزگای کوردی هەبوو. ئەو جۆرە سەرۆکە «هاوڕەنگی جەماعەت»ەش پشتیوانییان لە سەرۆکایەتی کۆمار دەکرد، بەڵام بە تەواوی لە بەر سۆنگەی هەلپەرستانە. ئەوان لە تاک کەوتوویی سیاسی و زەرەر وزیانی ئابووری دەترسان، بەتایبەتی بە لە بەرچاوگرتنی هەڕەشەی پەرەگری کە پێشوەچوونی ناسیۆنالیزمی پۆپۆلیستی و پەرەسەندنی سیاسەتەکانی دیمۆکراتی ـ گەلیی لە کوردستاندا سازی کردبوو.

زۆربەی خاوەنمولکە عەشیرەتییەکانی«هاوڕەنگی جەماعەت»سەرۆکایەتی لە سەرەخۆ و هێمنانە و دەربڕینە ئیدەئۆلۆژییە نەرمەکان و بەرنامەی سیاسی خودموختاری خوازی حدک یان تەحەمول دەکرد. ئەوان زۆربەیان وەک ئەندامانی چالاک هاتبوونە نێو حیزب، کە لە ئاکامدا هێندێکیان توانیان لە داوودەزگای کۆماردا جێ پەیداکەن، چ پایەی ڕەسمی و چ نێ فەخری، بەتایبەتی لە ڕێکخراوی عەسکەریدا. بەڵام سیاسەتی زۆربەی ئەو ڕێبەرە عەشیرەتە بەهێزانە لە ئاست کۆمار و سەرۆکایەتییەکەی بە تەواوی هەلپەرستانە بوو. سەنەد و بەڵگەی زۆر بە دەستەوەن کە نیشان دەدەن کەسایەتییە ناسراوەکان لە نێو ئەواندا بە شێوەی بەردەوام پێوەندییان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە تاران و هەروەها ئەفسەرانی سیاسی بریتانیایی و ئامریکایی کە لە کوردستان و ئازەربایجان بوون هەبووە. بۆ ئەوەی ڕاوێژیان پێبکەن و سەبارەت بە پێوەندی خۆیان لەگەڵ کۆماردا ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان لێوەرگرن. لە هەمان کاتدا، ئەوان کاتیان بە سەردەبرد و چاوەڕێی ڕووخانی موحتەمەلی داوودەزگای کوردی و گەڕانەوەی حکوومەتی ناوەندی بوون.

سەرۆکایەتی کۆمار(بە تایبەت ڕەئیس جمهوورەکەی قازی محەمەد) وا ویدەچێ ئاگایان لە هەلپەرستی سیاسی سەرۆک عەشیرەتە هەرە زلەکان بووبێ، کە هێندێکیان سوێند و بەڵێنی هاوکاری و وەفایان لە ئاست کۆمار خواردبوو و لە حکوومەتی [کوردستان]دا پلەی گرینگیان هەبوو؛ بەڵام سەرۆکایەتی چاوی لەم پێوەندییە ناڕەوایە لەگەڵ حکوومەتی تاران و نوێنەرانی بریتانیا و ئامریکایی لە هەرێم دادەقووچاند. ئەو تابوشت و ددان بەجەرگداگرتنە شێلگیرە کارێکی تاکتیکی نەبوو و لە بەر بوونی ڕیشەی ڕوحییەی دیمۆکراتی ئاشکرا لە دەزگای بەڕێوەبەری کۆماریشدا نەبوو، بەڵکوو نیشانەی ئاگاداری و تێگەیشتنی تاڵی سەرۆکایەتی کوردلە پلەی گرینگی خاوەنزەوییە عەشیرەتەکان لە بناخەی دەسەڵاتی سیاسی کۆماردا بوو، مانەوەی کۆمار زیادتر بە هاوکاری ئەوان بەسترابووەوە.

لە ساڵانی ۱۹٤۰دا، هەڵکەوتی خاوەنمولکە گەورەکان بە گشتی و سەرۆکایەتی عەشیرەتی بە تایبەتی لە سازمانی هێزی سیاسیدا، بە شێوەی سەرەکی بە خەسڵەتی بەر لە سەرمایەداری پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە بناخەی ئابووری جڤاتی کورد لە ئێران دا دیاری دەکرا. زاڵبوونی ئیجارەی زەوی فیۆداڵی لە کشتوکاڵدا، نەبوونی زێدە نرخێکی ئابووری شیاوی ساتوسەودا کە ئەوەندە بێ بناخەیەکی پێشوەچوونی پێوەندی کالایی و دراوی بپارێزێ و ئاکامی دواکەوتوویی تەجارەت و بازرگانی و نەبوونی بازاڕێکی هەرێمی تاقانە، مانای ئەوەبوو کە بناخەی ئابووری جڤاتی کوردی نەیدەتوانی ئەو ئامراز و مێکانیزمانەی کە بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی سیاسی لە باری جوگرافیاییەوە(territorialisation of political authority) بۆ کۆمار پێویست بوون ئامادە بکا. لە نەبوونی پێوەندی کالایی کاپیتالیستیدا هێزی عەسکەری مێکانیزمی هەرە بەرین بوو کە بتوانێ زەمینەی حوکمی مەرکەزی کۆمار لە باری جوگرافییەوە دابین بکا و بپارێزێ. کەوابوو هێزی عەسکەری لە کۆماردا دەگەیشتە ئاستێک لە سەرەوەی دامەزراوێک بۆ بەرگریی نیشتمانی؛ هێزی عەسکەری ، هێزێکی بناخەیی بوو کە ڕێکخراوی سیاسی دەسەڵاتی دەپاراست و دەرەجەی بەکاربوونی وی بە سەر وڵاتدا دیاری دەکرد، سازمانی عەسکەری کۆمار جیاوازیی زۆر گرینگی نێوان سنوورەکانی«واقعی»و «خەیاڵی» کۆماری دەیاری دەکرد. ئەوە بۆ مانەوەی کۆمار گرینگ بوو.

سازمانی عەسکەری کۆماری کورد تێکەڵاو بوو. ئەو سازمانە بریتی بوو لە ئەرتەشی ڕەسمی (هێزی پێشمەرگە) ودەستە و سوارەی عەشیرەتی. ئەرتەشی ڕەسمی، کە زوو دوای سازبوونی کۆمار دامەزرێندرا، بە هەژمار کەم و لە مەیدان(ی شەڕ)دا بێ ئەزموون بوو. ئەفسەران و سەربازەکانی بە دەرەجەی یەکەم لە ڕیزی وردە بورژوازی شارییەوە وەرگیرابوون. وەفاداری ئەوان بۆکۆمار و ڕەئیسی جمهور بوو، ئەوان لە حکوومەتدا لەلایەن وەزیری شەڕ (وەزیری هێزی کوردستان)ەوە نوێنەرایەتی دەکران کە هەروەها فەرماندەی گشتی کۆماریش بوو. ئەرتەشی ڕەسمی بۆ ڕاهاتن و مەشق بە شێوەی سەرەکی بە دەستەیەکی بچووکی ئەفسەران ی ناسیۆنالیستی بەسترابووەوە کە لە ساڵی ١٩٤٤ ئەرتەشی عێراقیان بە جێهێشتبوو و چەک وتەقەمەنیشیان بە گشتی لە یەکانەکانی ئەرتەشی شووروەوی کە لە دەوروبەری هەرێمەکەدا دامەزرابوون وەردەگرت. ئەندازە وتوانایی هێزەکانی ڕەسمی (هێزی دیمۆکراتی کوردستان) لە چاو دەستە و سوارەی عەشیرەتی ناگرینگ بوو، ئەوانەی دوایی هێزی سەرەکی تەشکیلاتی عەسکەری کۆمار بوون. فەرماندەی گشتی ئەرتەشی ڕەسمی یەک لە چوار ژەنەراڵەکانی کۆمار بوو کە بناخەی فەرماندەیی هێزە عەسکەرییەکانی پێکدەهێنا. سێ ژەنەراڵەکەی دیکە سەرۆک عەشیرەت بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکایەتی کۆمار، هێزێکی دیکەشی لە بەر دەست دابوو کە تاڕادەیەک یارمەتی ئەوەی کرد ئەو ناپارسەنگییە کە لە نێوان هێزەکانی عەشیرەتی و ناعەشیرەتی لە تەشکیلاتی عەسکەریدا هەبوو تێهەڵێنێتەوە. ئەوەش هێزی بارزانی بوو کە لە سێپتامبر ـ ئۆکتۆبری ١٩٤٥ەوە لە شاری مهاباد و دەوروبەری دامەزرابوو، هێزی بارزانی کە ئەو دەمی بە ژمارەی جۆربەجۆر لە ٢ هەزار تا٣ هەزار کەس دادەندرێ، لە لایەن سەرۆکەکەی مەلا مستەفای بارزانییەوە ڕێبەری دەکرا، کە پەنای بۆ کوردستانی ئێران هێنابوو بۆ ئەوەی لە دەستی ڕاونانی حکوومەتی عێراق کە بە ماوەی ساڵان لەگەڵی لە کێشەدا بوو ڕزگاری بێ. ئەگەرچی هێزی بارزانی بە شێوەی عەشیرەتی ڕێکخرابوو و پێبەندییە سەرەتاییەکان بە سەر نێوانی سەرۆک وتاک وتەرای عەشیرەتدا زاڵ بو، بەڵام هەڵسوڕانی ئەو هێزە بە پێی هەلومەرجێکی جیاوازی سیاسی بوو لە چاو ئەو شێوەیەی کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی عەشیرەتە کوردەکانی کوردستانی ئێرانی دیاریدەکرد. مەلا مستەفا و هێزە عەشیرەتییەکەی لە کوردستانی ئێراندا لاوەیی بوون و درێژەکێشانی مانەوەیان لە ناوچەدا بە دڵی هێندێک لە عەشیرەتە سەرەکییەخۆجێییەکان نەبوو، کە سەرۆکەکانیان بێزاری وناخۆشەویستی خۆیان لە ئاست بارزانییەکان نەدەشاردەوە. ئەفسەرانی سیاسی شووروەویش لە ناوچەدا هاتنی بارزانییەکانیان پێخۆش نەبوو. ئەوان شکی ئەوەیان لە مەلا مستەفا دەکرد کە مەئموری بریتانیا بێ و لە پێوەندی گەرم و گوڕی وی لەگەڵ سەرۆکایەتی[کۆمار] دەترسان. جا بۆیە بارزانییەکان دەبوو پشت بە خێرخوازی و هاوکاری دانیشتووانی شاری و هێزە سیاسییەکان ببەستن بە شێوەی سەرەکی حدک و دواتر کۆماری

کوردستان کە ئەوان زیادتر بە پشتیوانی ئابووری وی پشت ئەستوور بوون. جا بۆیە بارزانییەکان لە وزەیان دا نەبوو کە ئیتیلافێکی سیاسی لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمار دانەمەزرێنن و قازانجێکی چالاکانەیان لە مانەوەیدا نەبێ، بەلانی کەمەوە تا ئەو جێگەیەی کە ئێوانیان لەگەڵ حکوومەتی ئێران کەمتر دۆستانە بوو وەدەروویەکی روونیان بۆ گەڕانەوەی بە سلامەت بۆ زێدی عەشیرەتی خۆیان لە داهاتوویەکی نزیکدا لە بەرچاو نەبوو.

سەرۆکایەتی کۆمار، بەتایبەتی قازی محەمەد، دەیتوانی پشت بە پشتیوانی و هاوکاری بارزانییەکان ببەستێ وکردیشی. هێزی بارزانییەکان سەلماندیان کە زۆر لە ئەرتەشی سابیت کاریگەرتر بوون و جاروبار لە کێشە عەسکەرییەکانی مەحەلیدا دەوری بڕیاردەریان هەبوو، بەتایبەتی کاتێک سەرۆک عەشیرەتی ناوچەیەک دەستی لەوە گێڕایەوە کە هێزەکانی بخاتە پاڵ هێزی حکوومەتی کوردی.

هێزەکانی عەشیرەتی ناوچەیی یەکەیەکی سابیتی عەسکەری بە بناخەیەکی فەرماندەیی تاقانەوەیان پێکنەدەهێنا، بەڵکوو هەتا بڵێی هێزێکی تێکەڵاو بوون، چ لەباری ڕەچەڵەک و چ لەباری تەشکیلاتەوە و وەزارەتی شەڕ (وەزارەتی هێزی کوردستان) چ کۆنترۆڵێکی بە سەریانەوە نەبوو. دەستە و سوارە عەشیرەتییەکان هەرکامەیان لە لایەن سەرۆکەکانی خۆیان ڕێکخراوبوون، بەڕێچوونیان بە وان بوو ولە مەیدان[ی شەڕ]دا لە ژێر فەرمانی ئەواندا بوون و هەر بە قسەی ئەوانیان دەکرد؛ لە ئەسڵدا هێزە عەشیرەتییەکان دەکرا بە پێی داوای ڕەئیس جمهور ئامادەی هاتنە مەیدان بن، بەڵام ئەو حاڵە بە کردەوە بە هەڵوێستی سیاسی سەرۆک عەشیرەتەکەوە بەسترابووەوە وەک باسکرا، ئەو بۆ خۆشی بەتۆڕێکی پێچەڵپێچی قازانجی کورت و درێژخایەنی ئابوورییەوە گرێدرابوو کە ئاڵوگۆڕبوونی پێوەندییەکانیان لەگەڵ حکوومەتی ئێران ئەوەی دیاری دەکرد. ڕقەبەرایەتی نێوان عەشیرەتەکانیش تایبەتمەندییەکی باو لە کوردستان، لەو بارەوە گرینگ بوو، سەرۆک عەشیرەتە ڕەقیبەکانی سەر بە کۆمار زۆرجار لە دژی یەکتری دەجووڵانەوە، لە سەر پایە بە گژیەکدا دەهاتن، یان دەستیان لەوە دەگێڕایەوە کە لە عەمەلیاتی هاوبەشی عەسکەریدا بەیەکەوە هاوکاری بکەن و بەوجۆرە دەبوونە هۆی هەڵوەشانەوەیان.

هێزە عەشیرەتە ناوچەییەکان، ئەگەرچی تێکەڵاو بوون ویەکدەست نەبوون و بە یەکەوە هەڵیان نەدەکرد، بە ئاشکرایی لەباری ژمارە و چەکەوە لە هەردووک هێزی سابیتی کۆمار و چەکدارە بارزانییەکان پێکەوە، زیادتر بوون. ئەوان هێزی سەرەکی بناخەی عەسکەری کۆمار بوون. ئەوە هەم بە لاوازبوونی عەسکەری کۆمار و هەم بەسترانەوەی بەخێرخوازی سەرۆکایەتی عەشیرەتی بەحیساب دەهات. هەلومەرجی لاوازی عەسکەری و بەسترانەوە لەو بارەیە خۆیان بە سەر یەکتریدا دەسەپاند بە ناکامی بناخەیی جۆربەجۆرەوە بۆ کۆنترۆڵی جوگرافیایی(territorialisation)و سەقامگیربوونی هێزی سیاسی لە کۆماردا. بۆیە چەندایەتی و بڕبڕبوونی هێزی عەسکەری لە بناخەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئۆتۆنۆمی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی عەشیرەتی لە چوارچێوەی کۆماردا دەستەبەر دەکرد. سەرۆکایەتی کۆمار چ ڕێی لەبەر نەبوو و دەبوو پێ لەو ئۆتۆنۆمییە بنێ. ئەگەرچی بە قسە نا بەڵام لە کردەوەدا، هەوڵ بدا لەگەڵ ناکامە سیاسییەکانی ئەگەرچی بە قیمەتێکی گرانیش لە سەری ڕاوەستێ بسازێ. ئەگەرچی ئەو هەلومەرجانەی کە دەستەبەری ئۆتۆنۆمی خاوەملکە عەشیرەتەکان بوون دژی حاکمییەتێکی سیاسی نوێباویان لە کۆماردا دەئاڵۆزاند و تێکدەدا. کۆماری کورد بناخەیەکی سیاسی نوێباو بوو کە بە

☐ **چەندایەتی و بڕبڕبوونی هێزی عەسکەری لە بناخەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئۆتۆنۆمی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی عەشیرەتی لە چوارچێوەی کۆماردا دەستەبەر دەکرد. سەرۆکایەتی کۆمار چ ڕێی لەبەر نەبوو و دەبوو پێ لەو ئۆتۆنۆمییە بنێ.**

هۆی پێوەندییەکانی کۆنەباو پارێزرابوو. پێوەندییەکانی بەر لە سەرمایەداری کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرۆکایەتییە ناسیۆنالیستییەکەی وا لێکردبوو کە دەست لە هەلومەرجی پێویست بۆ هەوێتێکی نوێباوی نەتەوایەتی هەڵگرێ. گەڵاڵەی خودموختاری سیاسی، کە بە شێوەی ڕەسمی لە لایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە کاری بۆ دەکرا زیادتر پێگەیەک بوو بۆ ئەو سازشتە، بۆ دەربڕینی داوای هێزەکانی نوێباو و کۆنەباو تا ئەوەی کە تەنێ وەڵامێکی کۆنەپارێزانە بێ لە ئاست ئەو هەلومەرجە ژێئۆپۆلیتیکییەی کە لە گۆڕێدا بوو. ئەو سەرۆکایەتییە پێی نەکرا هەلومەرجی پێویست بۆ سەقامپێدانی هەوێتێکی تازەزاوی نەتەوایەتی دابین بکا. هەوێتی نەتەوایەتی کوردی وەک(دیاردەیەک)لاواز مایەوە، بەڵام درێژەی بەوە دا داکۆکی لە خۆی بکا لە هەموو دەمێکی کێشەی نێوان نوێخوازی و نەریت دا کە نیشانەی هەستان ورووخانی کۆمار بوو. ئەوە لە دڵی ناڕوونی و لێڵییەکاندا بوو کە خەسڵەتی دیسکۆرس و کردەوەی سیاسی سەرۆکایەتی ناسیۆنالیست دیاریی دەدا*.

## پەراوێزەکان

١- چاو لە نووسراوەکەی من بکە:

"Genése et Structure du Nationalisme Kurd en Iran"

لە گۆڤاری "Peuples Méditerranéens" دا ژمارەی ٦٨-٦٩، ژوییە ـ دیسامبری ١٩٩٤، لاپەڕەی ١٤٣-١٦٤. شەرحێکی درێژتری ئەم نووسراوەیە بە ئینگلیسیە بەناوی:"Making of Kurdish Identity in Iran" دواتر لە گۆڤاری "Critique"، ژمارە ٧، ساڵی ١٩٩٥ بڵاوبووەتەوە، ئەو نووسراوەیە لە لایەن حەسەنی قازی ڕاکراوەتە کوردی خواروو(سۆرانی) ولە لایەن بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ ـ سوێد بە بەناوی «پەیدا بوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران» لە ژوییەی ١٩٩٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

٢- بۆ ئاگاداری لە ڕوانگەیەکی سەرەکی ناسیۆنالیستی سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕە بڕوانە «کوردستان وکورد» نووسراوی عەبدولڕەحمانی قاسملوو، چاپی لەندەن ١٩٨٠، قاسملوو هەروا بە ڕاگوزاری باسی کۆمەڵەی ژێکاف دەکا، وەکوو پلەیەکی بەرتەسک لە پرۆسەی خەباتی ناسیۆنالیستیدا کە گەیشتە پێکهاتنی حدک و دامەزرانی کۆمار. لە نووسراوەیەکی دواتریدا سەبارەت بە مێژووی حدک، ئەو دوور و درێژتر باسی کۆمەڵەی ژێکاف دەکا و ڕووخانی بە سەرنەکەوتن لە سازکردنی پێگەیەکی سیاسی جەماوەری دادەنێ، بڕوانە: «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»، کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرگی ١، ١٩٨٨.

مەحموودی مەلا عزەت یش لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا سەبارەت بە هەستان و ڕووخانی کۆماری کوردستان هەر بۆچوونێکی ئەوتۆی هەیە، هەرچەند بە هێندێک جیاوازییەوە. ئەو لە گێڕانەوەی کاکڵگر(essentialist)ی خۆیدا پێشوەچوونی مێژووی ناسیۆنالیستی بە پرۆسەیەکی نەپچڕاو دادەنێ و هیچ سەرنج ناداتە سەر ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی وا تەئسیریان کردە سەر هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژێکاف و پێکهاتنی حدک. بڕوانە کتێبەکەی: «کۆماری میللی مەهاباد»، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٤.

٣- بۆ وێنە بڕوانە نووسراوەکانی ئەمیری حەسەنپوور، بە تایبەتی مەقالە تازەکەی:
"Nationalist Movements in Azarbaijan and Kurdistan 1941-1946,
لە "A Century of Revolution" دا کە "John Foran" سەرپەرستی کردووە و لە لایەن بەنگەی Minnosota University Press لە ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوکراوەتەوە.

٤- پێداگرتن لە سەر بەرژەوەندی سیاسی شوورەوی لە هەرێم دا و قازانجە ستراتیژییەکانی و نفووزی ئەو بۆ گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە هیچ جۆر هەر بۆچوونی نووسەرە مارکسیست ـ پۆپۆلیستەکان نییە. تەنانەت نووسەری ئەوتۆش کە لەوبەری ئەو بەرەیەی سیاسی ـ ئیدئۆلۆژی دان هەر وای بۆ دەچن، بۆ وێنە بڕوانە نووسراوە بەبڕەکەی ویلیام ئیگلتن ی کوڕ:
William Eagleton, Jr. "The Kurdish Republic of 1946", Oxford University Press, 1963.
هەروەها نووسراوەکەی ئارشی ڕوزڤێلت ی کوڕ
R. Roosevelt, Jr. "The Kurdish Republic of Mahabad"
گۆڤاری Middle East Journal, Vol. 1, No. 3, 1947. لە لایەکی دیکەوە لە ڕوانگەی نەوشیروان مستەفا ئەمین ەوە، پێوەندی سەرۆکایەتی کۆمار لەگەڵ یەکێتی شوورەوی دینامیکی ئەو پرۆسەیە سیاسییەی پێکهێنا کە [دەبێ]بە [هۆی] ڕووخانی لە بڕی وەحیساب بێ. ئەمین [لە لێکدانەوەیکەدا] زۆر کەم سەرنج دەداتە سەر هەلومەرجی ناوخۆیی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و سیاسی و دەوری بنەڕەتییان لە دیاریکردنی خەسڵەت و ناکامی بزووتنەوە لەو ئاڵۆزی مێژوویی دا. بڕوانە کتێبەکەی بە کوردی[خوارووا]حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤ - سەرماوەزی ١٣٢٥کورد لە گەمەی سۆڤیێتیدا"، ئوترێخت ١٩٩٣. لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەدا سەبارەت بە هەستان و ڕووخانی کۆماری کوردستان، بورهانەدین یاسین بیروڕایەکی زیاتر ئاگادار و هەمەلایەنەتر سەبارەت بە پێوەندی دوولایەنەی نێوان هەلومەرجەکانی «ناوخۆیی» و «دەرەوە» دەهێنێتە گۆڕێ. یاسین لە سەر ئەوە پێدادەگرێ کە ئەوا ڕێبازە دیپلۆماسی نێوان نوێباوی و کۆنەباوی پێدا تێپەڕێ نرخته گرێدانەکەی دادەزگای کۆماری بوو. یاسین بە دروستی ئاماژە بەو [ڕاستییە] دەکا کە لە ماوەی چارەسازی نێوان ١٩٤١و١٩٤٧دا یەکێتی شوورەوی سیاسەتێکی «خودموختاری» یان «یەکدەستی» سەبارەت بە کوردەکان لە ئێراندا نەبوو. ئەگەرچی یاسین تووشی گشتاندنی بانەکی(sweeping) و بێ کەڵکی(unhelpful) سیاسی حەسەنپوور و ئەمین نایە،[بەڵام] لێکدانەوەکەی بە پەنەوی لە چوارچێوەی مێژوونووسییەکی«ئەزموونگەری»دا دەمێنێتەوە کە پێداویستییە شێوەییەکانی بە دژی هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە «فاکتان» هەڵدەگەڕێنەوە. جا بۆیە ئەو لە دەستی نایە کە هەلومەرجی هەبوون و دینامیکی دیالێکتیکی خۆی لە سەر نوێباوی و کۆنەباوی ڕوون کاتەوە و بیخاتە ڕوو، وە [بابەتەکە]دادەکشێنێتە ڕێکی حوکمدان. بڕوانە کتێبەکەی:
Vision or Reality? The Kurds in the Policy of The Great Powers, 1941-1947, Borhanedin A. Yassin, Lund. University Press, 1995.

٥- ئەم لێکدانەوەیەی خوارەوە بە پێی چەند سەرچاوەی دەستی یەک گەڵاڵە کراوە و ئی هەرە سەرەکی لە نێو ئەواندا بریتین لە

ئا) ژمارەکانی (نیشتمان) ـ کە هێندێکیان لە لایەن جەمال نەبەزەوە کۆکراونەوە و بڵاوکراونەتەوە ـ ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێکاف.

ب) ئەو ژمارانەی کوردستان ـ ئۆرگانی ڕەسمی حدک لە سەردەمی کۆماردا ـ کە بە دەستەوەن

ج) وتووێژی گشتی لە ماوەی کارکردن لە سەر ئەم لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامانی ئێستا و پێشووی ڕێبەرایەتی حدک چ ئەوانەی دانیشتووی وڵاتانی ئورووپان و چ ئەوانەی سەریان لەم وڵاتانە داوە

د) نامە و بەڵگەی بڵاونەکراوەی دیپلۆماتێکی بریتانیا لە ماوەی ساڵانی ١٩٤١تا١٩٤٧(سێری ٣٧١ Fo)
Public Record Office, London.

* لە بەر درێژی ئەم نووسراوەیە و جێگرتنی کەمتر، لە سەر داوای بەرپرسی گزینگ، دەستاوێژ و پەراوێزەکانی ئەو بەشەی دوایی وەلاخراون ـ نووسەر.



## «پەنجاساڵ کۆڵنەدان»

لە نێو ئەو کەسانەی کە تێکەڵاوی خەبات و تێکۆشانی سیاسین کەم کەس هەیە «عەبدولقادری دەباغی» نووسەر و تێکۆشەری شاری کوردپەروەری سەقز نەناسێ. دەباغی ئەندامی پێشووی کۆمەڵەی ژێکاف، هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستاش کە ئەندامی حدکایە، لە ڕێی ئاوات و ئامانجیدا شێلگیرانە تێکۆشاوە، نە زیندان و چەرمەسەری، نە ئاوارەیی و دەربەدەری کۆڵیان پێ نەداوە. بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ بیرەوەری دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، یەکێک لە نێو ئەو کەسانەی کە زیندوون و بە هەق دەبێ شیاوی نێوبردن و ڕێزلێنان بن، یەکێکیان مام قادری دەباغی یە.

ئەوەی ڕاستی بێ، دەمێک بوو بەو هیوایە بووین کە لە گەڵ مام قادری دەباغی چ وەک یەکێک لە یادگارەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) و چ وەک یەکێک لە تێکۆشەرە چالاک و دڵپاکەکانی کورد، سەبارەت بەم ژمارەیەی تایبەت بە «کۆماری کوردستان»، هێندێک پرسیار و سەرنج لە سەر ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بخەینە بەرباس؛ بەڵام بە هۆی بارودۆخی نالەباری کوردستان ئەم هیوایە نەهاتەدی، بۆیە لێرەدا بۆ ئەوەی هەم یادی «کۆماری کوردستان»مان زیندووکردبێتەوە و هەم ڕێزلێنانێکیش بێ لە خەباتی پەنجاساڵەی ئەونیشتمانپەروەرە، پەنامان بردەبەر کورتەیێک لە قسەکانی خۆی کە لەو بارەوە گوتوویەتی: « ... ئەو باخە خەملی بوو، هاتبووەبەر، زمانی کوردی کە لە زەمانی ڕەزا شا دا قەدەغەکرابوو، ببووە زمانی ڕەسمی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکوردی یەکان لە چاپخانەی کوردستان چاپ و بڵاودەبوونەوە، ئەدیب و شاعیرانی وەک خالەمین، سەید کامیل، حەقیقی، هەژار، هێمن، شێواو، عەتری و چەندین نووسەری وەک حەسەنی قزلجی بە شێعر و بەرهەمە هەمەڕەنگ و بەنرخەکانیان زمانەکەیان ژیاندەوە.

بەڵێ ئەو کۆمارە ساوایە لە ماوەی کەمی نزیک بە ساڵێ، بە ٧ماشێنە کۆنەوە و بە نەبوونی دوکتۆر و موهەندیس و پسپۆڕەوە باخێکی ڕازاوەی پێکهێنا کە ئێستاش پاش پەنجا ساڵ و بە دوای ڕووخانی کۆمارەکە، حیزبەکەی نموونەی نەزم ودڵسۆزی یە، ڕووخانەکەشی تێکشکانی سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بەرامبەری سیاسەتی ئەمریکا و بەریتانیا بوو، نە نازایەتیی دەوڵەتی تاران».*

(گزینگ)

* ئەم کورتەیە لە «کوردستان»، ژمارە ٢٣٠، ل١٦ وەرگیراوە.

لە یوبیلی ئالتوونیی جەمهوریەتی کوردستاندا

# با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە

مەحمود مەلا عزەت

سەبارەت بەو بارودۆخە پڕ لە ئاڵۆزی و گرێوگۆڵانەی کەجەمهوریەتی کوردستان)ی[1] تێدا بەوەلەد بوو، ئەو دۆخە ئالەبارەی پڕبوو لە ناکۆکی و ململانێ لە سەر ئێران و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان، سەرباری بۆشایی وگرفتەخۆییەکان و گەمارۆ وئابلۆقەدانی ئەو سەرزەمینە، حکوومەتەکەی لە سەر زەمینەیەکی پتەو و هەلومەرجی ڕەسیو دانەمەزرا، بێ پێناسەی یاسایی و سیاسی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی[نێونەتەوەیی] هاتە ئاراوە و مایەوە، لە ناو ئاووهەوای نە شەڕ و نە ئاشتی یا ڕووبەڕووبوونی ڕۆژانە و پێکدادانیدا کاری دەکرد بە جۆرێ کە دەتوانین حکوومەتەکە بە حکوومەتی جەنگ ناو ببەین، بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری لێپرسراو و کاربەدەستان، لە گەڵ کاری سەربازی و مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی بەردکانی شەڕ خەریک بوون.

لەبەر ئەوانە، هەرچەندە کۆمەڵێ کار وهەنگاوی بە سوود و باش و جێگر لە مەیدانەکانی سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیری و یاسایی و کۆمەلایەتی و بەڕێوەبردندا ئەنجام دران، دیسان دیاردەی جۆرێ لە ئاڵۆزی و بێ نەخشەیی لە کاروباریدا.. بوونی فرە سەرچاوە لە یاسادانان و جێبەجێکردنیاندا، هەمە جۆر(ناو) بەکارهێنان لە (شێوەی دەوڵەتی و حکوومەتی)... وە نەوبوونی بڕیاری ڕەسمی و یاسایی بۆیان وبۆگەڵێ کاری گرینگی تر بەرچاوودەکەون.

لام وایە ئەوانە لە ناو ئەو ئاڵۆزیانەدا، بۆ ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی کورد زۆر نامۆ نەبن، بە ڕەخنەی زۆر گەورە دانەنرێن. بەڵام نامۆ و سەیر لەوەدایە کە لەم سەردەمەشدا ئەوانە بەردەام بن و زیاتریش بشێوێندرێن، ئەوەی هەبووە وەک خۆی باس نەکرێ و ئەوەی نەشبووە بۆی بخولقێنرێ و پێوەی بلکێنرێ. حەز وخواستی ناو بۆچوونی بێبەڵگە بخزێنرێتە ناو مێژووەکەیەوە. ئەوەی یارمەتیدەری ئەم جۆرە دیاردە نائاساییەیە نەبوونی لێکۆڵینەوەی بابەتی وزانستییانەی گەلێ لایەنی مێژووی سیاسی، سەربازی، بەڕێوەبەرایەتی، کۆمەلایەتی، ئابووری ودیپلۆماسیی ئەزموونەکەیە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، ئەوەندەی لەبەردەستبوونی بەڵگەنامە و شوێنەواری مێژوویی سەردەمەکە یارمەتی دەدەن، بژاری ئەو هەڵە و بۆچوونە چەوت و شێواندنە، لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر ئەو لایەنانە و بۆ ئەم مەبەستە بکرێ... لەم کورتە باسەدا هەوڵدەدەم ڕووناکی بخەمە سەر دوو لایەنی هاوپێوەند بەوانەوە کە «ناوی قەوارەکە» و مەسەلەی «خودموختاری وسەربەخۆیی»یە. بەو هیوایە کە لە ئایندەدا بێمە سەر لایەنەکانی تر.

باش وایە پێشەکیش ئاماژە بۆ چەند پرینسیپێکی ڕێبازی مێژوونووسین بکەم کە نووسەر و مێژووناس لە نووسین و لێکۆڵینەوەیاندا خۆیانی پێوە دەبەستنەوە:

• لە نووسین و باس وخواس لە سەر هەر ڕووداوێکی مێژوویی، پێویستە پەنا بۆ بەڵگەنامە و شوێنەواری سەردەمی باسەکە ببرێت، تا بە هۆیانەوە ڕا و بۆچوونەکان بسەلمێنرێن، بابەتی و زانستییانە لێکۆڵینەوە دابڕێژرێ. لەوەبەدەر نابێ بۆچوون و ڕا و تیۆری بە سەلمێنراوی بێگومان دابنرێن.

• لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا، دەبێ مێژوونووس بۆچوون و ڕاکانی خۆی لە سۆز و حەز و خواست و ویستی شەخسی لابدات و تێکەڵی ڕاستییە مێژووییەکانی نەکات، شەڕی سیاسی و کۆنە قین.. ململانێ وناکۆکی حیزبایەتی بخاتە لاوە و نەیەڵێت کار لە ڕەوتی بیرکردنەوەی ئاسایی و زانستییانە بکەن ڕێگە نەدا ڕق وکینەی ڕەوا بەرانبەر بە دوژمنی داگیرکەر کار بکەنە سەر هەڵێنجانی ڕاستییەکان.

• هەوڵدان بۆ ڕووناکی خستنەسەر ڕووداو و دیاردەی مێژوویی وەک هەبوون و ڕوویانداوە، هیچ پێوەندییەکی بە خواست و بۆچوونی نە ئەو سەردەمە و نە سەردەمی نووسین لە سەر ڕووداوەکە نییە. مانای لایەنگیریی بۆچوونێکی جیاواز یان دژ بەوە نییە، دوورە لە ڕەواجپێدانی سیاسەتی ئەم پارتی و ئەو ڕێکخراو، دوورە لە هەڵسەنگاندن بە کێش وپێوانەی ئەمڕۆ و ئەم سەردەمە، دەبێ بە تێگەیشتنی قووڵی هەمەلایەنەی ڕووداوەکان، هەڵە دەستنیشان بکرێ و ڕەخنە بگیرێ و نرخاندن و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێ.

• لە باسی سەربەخۆ یان خودموختاربوونی جەمهوریەتی کوردستاندا، دەبێ پێناسەی ڕەزمەندی هەر یەکەیان لەبەر چاو بگیرێ.. لە بنەما و زەمینە وپایەگاکانی ڕەخساندنی هەر یەکەیان بگەین. ساغکردنەوەی ئەم یان ئەویان نابێ بۆ مەبەستی سەردەم، بۆ شانازیکردنی بێبناغە، دەستکەوتی تەسکی حیزبایەتی بن. نابێ بۆ ئەو مەبەستانە، ڕاستییەکان لابخرێن و ناڕاست بخرێنە جێگەیان..

• هەوڵدان بۆ سەلماندنی خودموختاری ـ بوونی جەمهورییەتەکە لە ناو سنووری ئێراندا و سەربەخۆبوون لە ئازەربایجان مانای ئەوە نییە کە نووسەر لەگەڵ ئەو خودموختارییە دایە و دژ بە سەربەخۆییە یان بە پێچەوانەوە. کاتێ مرۆڤ دێتە سەر هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن و ڕەخنە و کەم وکوڕتی دەرخستن، ئەمە دەبێتە باسێکی جیاواز و پێویستە پێوانەیان لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجە ڕەخسیوەکانی ئەو سەردەمەدا بگونجێن و بکرێنە سەنگی جیاوازیی نێوان دید و بۆچوونی ئەو سەردەم وئەم سەردەم.

## ناوی مێژوویی قەوارەکە

• ڕیشەی ناوی قەوارەکە

یەکێ لەو باسانەی دوور لەو پرینسیپانە شێوێندراوە، ناوی ئەو قەوارەیەیە کە لە موکریانی کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئێراندا دامەزرا[2]، بە بێ لێکۆڵینەوە و گەڕانەوە بۆ سەردەمەکە و تێگەیشتنی ڕوداو و

دیاردەکانی، بێ هیچ بەڵگەنامەیەک، (ناو) داتاشراوە و بەکار دەهێنرێ، دەخوازرێ بسەپێنرێ و بخرێتە جێگەی ناوە مێژووییەکە، هەیە ناوی کتێب و بەرهەم و سەرباسی لێکۆڵینەوەی نووسەران بە ناوی قەوارەکە وەردەگرێ یا تێکەڵ بە ناوە مێژووییەکانی دەکات... لە ناو ئەو ناوانەدا کە بۆ نموونە دەهێنرێنەوە: کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، کۆماری خودموختاری کوردستان، کۆماری میللی مەهاباد، کۆماری مەهاباد.[٣]

هەیە ناوێک لە ناو ئەو ناوانەدا هەڵدەبژێرێ و داوا دەکات هەر ئەوە بەناوی قەوارەکە دابنرێت و دەبێ بەکار بهێنرێ. بێ ئەوەی بە لای ناوێک لە ناوە مێژووییەکاندا بچێ و، لەوەش بگات کە ناکرێ و ناگونجێ ناوی ڕووداوێکی مێژوویی وەک ئەزموونەکەی مەهاباد کە چەندین ناوی تایبەتیی خۆی هەبووە، ئەمڕۆ ناوی بۆ دابتاشرێ و دوای نزیکەی نیو سەدە لە جێگەی دابنرێ و بویسترێ و بسەپێنرێ...

لە باسی ناوی ئەو قەوارەیدا، ئەوەی تا ئێستا لای بەندە ئاشکرایە و پێچەوانەکەییم بەرچاو نەکەوتووە: هەر لە دامەزراندنییەوە تا ڕووخاندنی، هیچ جۆرە بڕیارێکی ڕەسمی و یاسایی تایبەت بە ناولێنان نەدراوە و نەبووە. لە ناو ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵە و بڵاوکراوەکانی تر و سەرجەمی بەڵگەنامەکانی سەردەمەکە، کە ئەمڕۆ لە بەر دەست دان، بڕیاری لەو بابەتە وەبەرچاو نەکەوتووە و ناکەوێ. لە گوتار و نوتقی لێپرسراوان لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستاندا ئاماژە بۆ بڕیار و کارێکی لەو بابەتە نەکراوە...

وەک دیاردەیەکی هاوپێوەند بەو نەبوونی بڕیارەوە، هەر وەک سەلمێنەرێکیش بۆی، چەندین ناوی دەوڵەتی وحکوومەتی لە ئارادا بوون، کەموزۆر لە سەرزار بوون و بەکارهێنراون کە لێرەدا هەوڵ دەدەم لە ناو بەڵگەنامە و ڕۆژنامە و گۆڤار و وتار و نوتقی لێپرسراواندا ڕاستییەکانی تایبەت بە وناوانە هەڵبهێنجم تا هیچ جۆرە گومان و دوودڵییەک لە سەر ئەم باسە نەهێڵرێ و جێگەی بۆچوونی بێجێ نەمێنێتەوە. وەک ئاماژەم بۆ کرد، گەلێ ناوی حکوومەتی و دەوڵەتی لە سەردەمەکەدا لە ئارادابوون و بە کار هێنراون کە هێندێکیان جێگەی مێژوویی خۆیان هەیە و دەکرێ لەبەر نەبوونی بڕیاری تایبەتی بۆ ناولێنان، بە یاسایی ورەسمی دابنرێن، وەکوو لێرەدا ڕووناکییان دەخەمە سەر.

**یەکەم) ناوی حکوومەتی:**

• **حکوومەتی میللی کوردستان:** لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان، لە کۆبوونەوە مێژووییە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا، لە ناو داوا و ڕاسپارەکاندا، ناوی قەوارەکە بەمجۆرە هاتووە:

«... ئەوڕۆ ئارەزوی عمومی خۆمان ئیزهار دەکەین ولە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین و ئیختیاری دەدەینێ:

١- لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستیقلالی تەواو بگا.

٢- ئینتیخاباتی مەجلیسی شورا دەست پێ بکەن.

٣- حکوومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن...هتد».[٤]

لە ڕاستیشدا ئەم ناوە حکوومەتییە لەگەڵ دروشم و داخوازیی خودموختاریدا جووت دەبێ، بۆیە بوون وبەکارهێنانی لە خۆوە و بە ڕێکەوت نەبووە. جا ئەگەر ناوی تری قەوارەکە، چی حکوومەتی وچی دەوڵەتی، لە ئارادا نەبوونایە و باس نەکرابانایە، وا دەتوانرا ئەم ناوە حکوومەتییە بە ڕەسمی و یاسایی و بڕیاری تایبەت بە ناوی قەوارەکە دابنرایە. بەتایبەتی هەر ئەم ناوە بوو کە هەر پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهوری کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنیدا و لە بەرنامەکەشیدا بەمجۆرە ئەو ناوەی دیاری کردبوو:

«ئەبێت یەکەم هەنگاوی حکوومەتی میللی دەستکردن بێت بە ئاوەدان کردنەوەی وڵات و...هتد».[٥]

جاری واش بووە «پێشەوا» خۆی ئەو ناوەی لە قسە ووتاردا بەکارهێناوە.[٦] کە وابوو ئەم ناوە هەر وا بە ڕێکەوت لە سەر زاران نەبووە و بەکار نەهێنراوە. هۆی بە ڕەسمی و یاسایی وەرگرتنی ئەم ناوە حکوومەتییە هەر لەوانەدا نییە، بەڵکوو لەوەشدایە کە لە ڕووداوێکی گرینگی وەک بەستن ومۆرکردنی پەیمانی یەکییەتی و برایەتی حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجانیشدا ئەو ناوە بەکارهێنراوە، لە نووسینی ناوی ئەندامانی وەفدەکەی کورددا بەمجۆرە دەست پێکراوە:

«جەنابی قاضی محمد رئیسی حکوومەتی ملی کوردستان»

دیسان ناوی سەیفی قازی بەمجۆرە نووسراوە: محمد حسین خانی سەیفی قازی « وەزیری هێزی حکوومەتی ملی کوردستان»[٧]

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم ناوە کەمجار بەکارهێنرا، ئەوەی سەرنج دەدرێ، زیاتریش لێپرسراوانی پلەی یەکەمی حکوومەتەکە و حیزبی دێمۆکرات بوون بە کاریان دەهێنا. بۆ نموونەی زیاتر لەوەی ئاماژەی بۆ کرا: معاوینی کۆمیتەی مەرکەزی حزبی دیوکراتی کوردستان.[٨] دیسان لە سەر ئەو کاغەزانەی ژمارەیەک لە دام و دەزگاکانی حکوومەت بۆ نامە نووسین بە کاریان دەهێنا کلێشەیان لە بەشی سەرەوەی ئەو کاغەزانەدا داڕشتبوو، لەگەڵ ئەو کلێشەیەدا(حکوومەتی میللی کوردستان) لە سەرووی نووسینەکانەوە نوسوسرابوو.[٩]

• **حکوومەتی کوردستان:**

نزیک بەو ناوە حکوومەتییەی باسکرا، یا دوور نییە هەر لەوەوە بە کورتکراوەیی بەکارهێنرابێت (حکوومەتی کوردستان)بوو.. ئەوەی زیاتر بایەخی ئەم ناوە دەردەخات، بەکارهێنانیتی لە لایەن بەرزترین دام و دەزگای دەوڵەتەکەوە، واتە (هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان) کە لەدواییدا، مەبەستم دوای ڕووخاندنی قەوارەکەیە، نووسەران بە (ئەنجومەنی وەزیران) ناویان بردووە، چونکە لە سەردەمی ئەزموونەکەدا ئەم ناوە هەرگیز بەکارنەهاتووە. نموونەی شێوەی بەکارهێنانی ئەم ناوە لە لایەن هەیئەتەوە: ڕۆژنامەی کوردستان لە مردنی «کالینین»دا، دوای ئەوەی باسی مردنەکە دەکات ئەم بڕیارەشی بڵاوکردبۆوە:

«... بەم بونەیە ڕۆژی ١٤-١٥ / ٣ / ١٣٢٥ مجلسی تذکر و عزاداری لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە گیرابوو و ئاڵای کوردستان لە سەربانی تەواوی ئیدارەکانی کوردستان نیو ئەفراشتە بوون.»[١٠]

• **حکوومەتی میللی دێمۆکراتی کوردستان:**

ئەم ناوە بە دەگمەن لە سەر زار بووە و بەکارهێنراوە، بۆیە هەر بە دەگمەنیش لە ڕۆژنامەی کوردستاندا دەکەوێتە بەرچاو. پێدەچێ زیاتر لە حەزی شەخسییەوە بەکار هێنرابێ ونووسرابێ.

• **هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان**

ئەم ناوە، زیاتر لە هەموو ناوە حکوومەتییەکانی تر بەکارهێنرا. دوای

ڕاگەیاندنی دامەزراتی جەمهوریەتی کوردستان، سەرۆکایەتییەکەی بە «حاجی بابە شێخ»سپێردرا و ئیتر بە «رەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان، یان هەیئەت رەئیسەی میللی کوردستان»ناودەبرا، هێندێ جاریش لەبری وشەی (رەئیس) سەرۆک بەکاردەهێنرا. جارجار هەر بە «هەیئەتی میللی» نووسراوە، دیارە ئەمەش هەر بۆ کورتکردنەوە بووە.١٢

ناوی ئەم دەزگای بەڕێوەبردنە، وەک «ئەنجومەنی وەزیران» بووە.. کە لە دوای رووخاندنی جەمهورییەتەکە، زۆر لە نووسەر و مێژوونووسان ئەویان بەکارهێناوە. زۆربەش هەر وایان زانیوە و وادەزانن کە لە سەردەمەکەشدا هەر «ئەنجومەنی وەزیران»بەکارهاتووە کە وەک لە پێشتر گوتم هەرگیز ئەم ناوە بەکارنەهێنراوە و نەنووسراوە هەر وەک رۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و بەڵگەنامەکان بۆمان روونئەکەنەوە.

بەڵام خودی ئەم ناوە بۆ سەردەمە نوێیەکە شتێکی تازە و داهێنراو نەبوو، چونکە هەر پێش ئەو دامەزراندنە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو (خودموختاری)یەی چوارساڵ بوو بەردەوام، ئەو دەزگای بەڕێوەبردنە بەو ناوەوە هەبووە. هەر وەک پێشەوا قازی محەممەد ئاماژەی بۆ کردبوو، کاتێ لێیدەپرسن: «چلۆن خودموختاری خۆتان هەڵدەسووڕێنن؟» بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە:

« لەو وەڵاتەی کە توانیومانە خودمختاری خۆمان دەکاربکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد کە چەندێک لەوەی پێش لە مهاباد حازر بوون انتخاباتمان کرد و هەیئەتێکی ٩ نەفەری بە ناوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە خۆمە...»١٣

واتە پێش راگەیاندنی دامەزراندنی کۆمار، پێشەوا خۆی سەرۆکی هەیئەتی رەئیسەی میللی بووە. ناوەکەش بەمجۆرە لە ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستاندا کە لە پێش راگەیاندنی کۆمار چاپدەکرا و بڵاودەکرایەوە، وەبەرچاو دەکەوێ.

لە باسی ئەم هەیئەتی رەئیسەی میللییەدا (ئەنجومەنی وەزیران)دەبێ ئاماژە بۆ دیاردەیەکی سەیر بکرێ ئەوەش بڵاونەکردنەوەی لیستەیەکی تەواوی وەزیر و سەرۆکی ئیدارەکانی حکومەتەکەیە، نە لە رۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵەدا ئەو لیستەیە دەبینرێ وە نە لە هیچ شوێنێکی تردا.. بۆیە بۆچوونی جیاجیا و جیاواز لە دەستنیشانکردنی لیستەی ناوی وەزیر و وەزارەتەکان و سەرۆکی ئیدارە و ناوی ئیدارەکاندا هەیە.

**دووهەم) ناوی دەوڵەتی:**

دیسان بۆ ناوی دەوڵەتیش بە هەمان شێوەی ناوە حکومەتییەکە، چەند جۆرێ ناو بەکارهێنراوە و نووسراوە کە ئەمانەن:

**• دەوڵەتی جمهوری کوردستان:**

هەرچەند ئەم ناوە زۆر کەم بەکارهێنراوە، بەڵام بایەخ و جێگەی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەو تابلۆیەی کە بۆ وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان ساز کرابوو کە بریتی بوو لە: ئارمێک، کە لە سەرەوەی بە شێوەی چەنبەر«دەوڵەتی جمهوری کوردستان» وە لە ژێریشەوە «وەزارەتی فەرهەنگ» نووسرابوون.١٤ تا ئێستاش لام روون نەبووەتەوە کەی وچۆن و کێ ئەو تابلۆیەی دارشتووە؟ ئەوە نەبێ کە لە بەرنامەکەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا، کە لە پێش دامەزراندنی جەمهوریەتەکەدا بلاوکرابۆوە. ئاماژە بۆ نیشانەی حیزبەکە بەمجۆرە کراوە:

«قەڵەم و گوڵە گەنم نیشانەی حیزبە.١٥ ئیتر بێنەوەی باسی ئەوە بکرێ کە نووسین و گوڵەگەنمەکە چۆن بووە، یان قسە لە سەر نیوکورە رۆژەکەی ناو



ئارمەکە بکرێ. بۆیە روون نییە کە ئایا حیزبی دیمۆکراتی کوردستان مەبەستی لەوە، ئارم و تابلۆکە بووە یان نە، چونکە دەکرێ هەر قەڵەم و گوڵەگەنم، بێ دارشتنی ئارم و تابلۆ بکرێتە نیشانە یا سیمبۆل، دوای ئەوەش حیزبەکە هیچ زانیارییەکی تری لەو رووەوە بڵاونەکردووەتەوە. لەوانەش گرینگتر ئەوە بوو کە ئارمەکە لە سەرەتادا لە ناوەڕاستی ئاڵاکەی کۆماردا دانرابوو، وەک لەو وێنەیەی بە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد ـ رۆژی ١٩٤٥/١٢/١٧دا هەڵکراوە، وا دەردەکەوێ کە ئارمەکە لە سەر ئاڵاکە دانراوە... هەرچەندە لە ماوەیەکی نادیاردا ئەوە بەو جۆرە بووە و نازانرێ کەی لە یەک جوداکراونەوە...(لە رۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد لە ژمارە ٢ی ر.ک، ٢١ی دیسامبری ١٩٤٥ ئەو مێژووە بە ١٣٢٤/٩/٢٧نووسراوە کەچی لە ژمارە ٣ دا ـ مارسی ١٩٤٦ بە ١٣٢٤/٩/٢٦ نووسراوە، کە بە گوێرەی ئەم ژمارەیان دەبێ لە ١٩٤٥/١٢/١٦دا بووبێت).

**• دەوڵەتی میللی کوردستان**

ناوێکی تری دەوڵەتی کەم بەکارهێنراوە.. پێشەوا لە وتاری رۆژی ١٣٢٥/٢/٢٠یدا باسی دەکات وەدڵێ: «ئەورۆ دەوڵەتی میللی کوردستان زۆر بە هێزە... هتد»١٦، رەنگە هەروا وەک وەسف، ناوەکە لە سەر زار بووبێت و ناوی هێنابێ. نزیکیشە هەر مەبەستی حکومەتی میللی کوردستان بووبێت. هەروەک جۆری تێکەڵیی هەر دوو ناوە حکومەتی ودەوڵەتییەکە دەبێ ئەو جۆرە بەکارهێنانەش ئاناسایی نەبووبێت، یان بێ لێکدانەوەی قووڵ بووبێت.

**• دەوڵەتی میللی دیمۆکراتی کوردستان**

ئەم ناوەش زۆر بە دەگمەن لە چاپەمەنییەکانی سەردەمەکەدا دەکەوێتە بەر چاو. ئەحمەدی عیلمی لە نووسینێکدا بە سەرباسی: «ظلمواستعمار نەتیجەی بە کوی دەگا»ئەو ناوەی تیا بەکارهێناوە.١٧

**• دەوڵەتی خودموختاری کوردستان:١٨**

سەید محەمەد حەمیدی مدیر و سەرەدبیری رۆژنامەی کوردستان لە وتارەکەیدا کە بە بۆنەی پێنەسپاردنی ئەم کارە رۆژنامەگەرییە، لەو کۆبوونەوەیەی بۆ ئەم مەبەست و کارە سازکرا، ئەم ناوەی بەکارهێناوە. زۆر دەگمەن ئەم ناوە بە بەرچاو دەکەوێ.بەکارهێنانی ئەم ناوەش لە کۆبوونەوەیەکی وادا و لەلایەن لێپرسراو و رۆشنبیرێکی واوە جێگای سەرەنجە.

**• جمهوری کوردستان (جەمهوریەتی کوردستان)**

لە ناو سەرجەمی ناوە حکومەتی ودەوڵەتییەکاندا، ئەم ناوە بە

شێـوەیەکی فـراوان بەکـار هێنراوە و زاڵ بووە بە سـەر ناوەکـانی ترد، زیاتریش لەوە جۆرێ لە ڕەسمیی و یاسایی بوونیشی بە خۆیەوە گرتووە سەبارەت بە گەلێ هۆ لەوانە:- زۆربەی زۆری وتاربێژانی ڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمـهوریەتی کـوردسـتـان لە دووی ڕێبەندانـدا (جـمـهـوری کوردستان)یان بە زار گوتووە و لە ڕۆژنامەی کوردستان دا نووسراوە.[١٩]

- دیسان لە سەرجەمی ئەو ئاهەنگانەی بەم بۆنەوە سازکران، وتاربێژان هەر ئەم ناوەیان بە کارهێنا.

- لەو سوێندە مێژووییەی کە پێشەوا و هەموو لێپرسراو و پێشمەرگەکان سوێندیان پێخـوارد، ناوی قـەوارەکـە بە جـمـهـوری کـوردسـتـان براوە و نووسراوە.[٢٠]

- لە تەواوی بەلگەنامەکانی بەرگەکانی دەولەتی جمهوری کوردستاندا « جەمهوریەتی کوردستان» نووسراوە.[٢١]

- لە پلەی یەکەمی ژیانی جمهورییەتەکەدا، لە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری هەلالە و کوردستان دا، زیاتر «جمهوری کوردستان» بەکارهاتووە و نووسراوە.

- نووسەران و شاعیران زیاتر «جمهوریەتی کوردستان»یان نووسیوە.[٢٢]

یەکێ لە دیاردە سەرنجڕاکێشەکان لە بەکارهێنانی ئەم ناو دەولەتییەدا ئەوەبوو کـە دوای ئەو ئالوگۆڕانەی بە سەر جەمـهوریەتی ئازەربایجـاندا هات، دوای پێکهاتنەکەی لەگەڵ تاران ـ کە بە پلەی وەرچەرخانی دادەنێم و لە بەشی دووەمی باسەکەدا زیاتر ڕووناکی دەخەمە سەر، ئەم ناوە و ناوی سەرەک یان ڕەئیس جەمهوریەت زۆر کەم و بە دەگمەن بەکاردەهێنرا، بۆیە زۆر کـەم و بە دەگمـەن لە مانگەکانی دوایی تەمەنی کۆماردا ئەم ناوە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و هەلالە دا بەکار دەهێنرا و تێیاندا دەبینرێ.

بەو جۆرە لە ڕێڕەوی باسەکەدا دەردەکەوێ کە ناوی « کۆماری دێمۆکراتی کوردسـتان» و «کۆماری کـوردستان» لە سەردەمی جەمهوریەتی کوردستاندا لە دامـەزراندنیـیـەوە تا ڕووخـاندنی لە ئارادا نەبوو، لە ناو ژمـارەکـانی ڕۆژنامە و گـۆڤاری کـوردسـتـان و هەلالەدا بەکارنەهێنراون و نەنووسراون. تەنانەت بۆ یەکـجـار چییـە وەبەرچاو ناکـەون، دیسـان لە کـۆی هەمـوو بەلگەنامەکانی ناو بەرگەکانی دەولەتی جمهوری کوردسـتان دا ئەو دوو ناوە نابینرێن و هەرگیز بەکار نەهاتوون. بەلکوو خودی وشەی «کۆمار» لە سـەردەمی جـەمـهـورییـەتدا هەر بە کـار نەهاتووە. دوای ڕووخـان و بەسـەرچوونی سـەردەمـەکـە ئەو وشـەیە هێنرایە ناو قـامـووسی سـیـاسی هاوپێوەند بەو جـەمـهـورییـەتەوە. کـەوابوو وشـەی کـۆمـار لەگـەڵ وشـەی دێمۆکرات یان نووساندنیان بە کوردستانەوە هەر لە ئارادا نەبووە.

بۆیە ناوی «کۆماری دێمۆکراتی کوردستان» ئەسلێکی مێژوویی نییە، سەپاندنی وەک ناوی مێژوویی، شێواندنی مێژووی ناوەکەیە وهەلەیەکی زەقە. چونکە ناکرێ دوای نیو سەدە لەو ڕووداوە مێژووییە خاوەن چەند ناوە، تازە بە تازە ناوێ دابتـاشرێ و بە مـێـژوویی دابنرێ وداوا بکرێ بخرێتە جێگەی ناوە مێژووییەکان. دیارە ناوەکە وەک ناوی کـتـێب و بەرهەم، بۆ نووسین و ئاسایی ناوهێنان و بۆ خۆلادان لە وشەی بێگانە، وا هەموو کەس سەر بەستە و ئازادە لە بەکارهێنان و نووسینی هەر ناوێکی تریشدا.

کەوابوو ناوی مێژوویی و ڕەسەن هەر ئاوانەن کە باسکران، لاشم وایە، لەبەر ڕووناکی باسەکە، شیاو و گونجاوتر لە ناوی دەولەتیدا جمهوری کـوردسـتـان(جـەمـهـوریەتی کـوردسـتـان)ە، دەکرێ (دەولەتی جـمـهـوری کوردستان)یش بەکاربهێنرێ.

بۆ ناوی حکوومـەتیش «حکوومـەتی مـیللی کـوردسـتـان کـە دەکرێ «حکوومەتی کوردستان»یش بەکاربهێنرێ.

دەمێنێتەوە چەند ناوێکی تر کە لە سەردەمەکە و دواتریش لە سەر زار بوون، لەوانە: دێمۆکرات، کۆمەلە، جەمهوریەتی مەهاباد... هتد، ئەوانەش هەر یەکە چیرۆک و باسێکی تایبەتی خۆی هەیە... کە لێرەدا مەودای لە سەر نووسینیان نییە وە بۆ ئەوەی باسەکەمان لەوە زیاتر نەبێت با بچینە سەر لایەنی دووەمی ئەم کورتە لێکۆلینەوەیە.

**• خودموختاری و سەربەخۆیی لە جەمهوریەتی کوردستاندا:**

خودموختـار یان سـەربەخۆبوونی جەمهوریەتی کـوردسـتـان باسێکی تری شێوێندراو و ئالۆزکراوە، سەبارەت بە گەلێ هۆ، لەوانە:

- ئالۆزی وتێکچرژاویی بارودۆخەکە.
- یاری و مانۆڤری سیاسی زلهێزەکان و تاران.
- باش حـالینەبوون لە کـاروانی سیـاسی و دیپلۆمـاسی ئەزمـوونەکـە و سـەرکـردایەتی کـورد و بازنەکـانی دەوری و ئاستی مـامـەلەی ئاچار لە ساتوکاتی پێویستدا.
- ئاسان حالینەبوون لە سیاسەت و هەلوێست و قسە و وتاری پێشەوا، بەتایبـەتی لە پلە جیـاجیـاکـانی ناو پێـچـوپەنای وەرچەرخـانە پڕ لە مەترسییەکانی ڕووداوە ئاراستەکراوەکاندا.
- باش سـاغنەبوونەوە لە سـەر ناوەرۆک و و بنەمـا و مـانا و واتای خودمـوختاری و سـەربەخۆیی و جۆری هەلسـەنگاندن و بەراوردیان لەگەڵ جەمهوریەتی کوردستاندا.
- باش حالینەبوون لە: مۆلەقەیی وهەلواسراوی ئەزموونەکەی مەهاباد، بۆشایی و کەلێنی یاسایی و سیاسی، بێ ددانپێدانانی ناوچەیی و هەرێمی و نێونەتەوەیی. وە نەبوونی هەلومەرجی دامەزراندنی جەمهورییەتێکی تەواو سەربەخۆ.
- تێکەلکردنی حەز و خواستی خۆ و سۆزی خۆشەویستی، شەڕی سیاسی و کۆنە قین و ناکۆکی و ململانێی کۆن ونوێ و پێچانەوەیان لە ناو باس و خواسی خودموختاری و سەربەخۆییدا و گەلێکی تر...

زۆر لە شـارەزا و نووسـەران بێ درێژەپێـدان و چوونە نـاو مـەبەسـتی ساغکردنەوەی باسەکە، خودموختاری جەمهورییەتەکەیان سەلماندووە، بەم لایەدا خـۆیان سـاغـکردووەتەوە وگـومـانێـکیـان لەوە نییـە. هەشـە بەپێچەوانەوە هێندێ جار قسـە و مشـومڕی لە سەر کراوە بێنەوەی تا ئێسـتـاش لێکۆلینەوە و باسێکی تێروتەسـەل و سـەلمێنەر کرابێ، یان بلاوکـرابێتـەوە، ئەمـەش خـۆی لە خـۆیدا هۆیەکی گـرینگی تری ئەو شێواندنەیە.

لاشم وایە هیچ لێکۆلینەوەیەک ساغکەرەوە و سەلمێنراو نابێت ئەگەر ئەم خـالانەی سـەرەوە و ئەم لایەنانەی خـوارەوە ڕوون و یەکـالانەکـرێنەوە و بەگشتی تابلۆیەکی سەرجەمی بارودۆخ و هەلومەرجەکانیان لێ وێنەگیر نەکرێ:

**یەکەم)** کورد وجەمهورییەتەکەی و لایەنە خۆییەکان وهاوپێوەندییان بە ڕووداوەکـانەوە و بۆچوونی هەر لایەک و ڕادەی دوور ونزیکیـان لە واقیعەکەوە:

- لایەنی ڕەسمی: لە ناو مـامـەلەی حکوومـەتەکـەدا، ڕا و بۆچوونی سەرەک جەمـهور کە سیاسەت و ئامانجەکان بەرانبەر بە لایەنەکانی هاوپێوەند و چارەنووسساز بە ئەزموونەکە دەردەخەن.
- نووسەر و شاعیران و جەماوەری کورد بەگشتی.
- ئاستی ئامادەیی کورد لەو مەلبەندە بچووکەدا بۆ کارێکی و اگەورە.

**دووهەم)** تاران و هەڵوێستی بەرانبەر بە جەمهوریەتی کوردستان.. نەخشە و ستراتیجی.

**سێیەم)** کۆماری ئازەربایجان و ڕاستیی هەڵوێستی بەرانبەر بە جەمهوریەتەکە. بەتایبەتی نەخشە و کاریان، گرفتی سنوور و ناوچە تێکەڵەکان.

**چوارەم)** یەکێتی سۆڤیێت و سیاسەتی بەرانبەر بە کورد و سەربەخۆیی کۆمارەکە.

**پێنجەم)** بریتانیا و ئەمریکا و هاوکارییان لە گەڵ تاران، ئەخشەیان بەرانبەر بە کورد و ئازەرییەکان، هەروەها دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ڕۆڵیان لە هاوکاری و پیلاندا لە دژی کورد و کۆمارە ساواکەی.

**شەشەم)** باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و ڕۆڵی لە خوڵقاندنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم خواستیی سەربەخۆییدا.

**حەوتەم)** لایەنی ئابووری و نەبوونی زەمینەی خوڵقاندنی ئابوورییەکی زەمینە پتەو کە دەوڵەتی سەربەخۆی پێدابمەزرێ و بەردەوام بێت، یا نەخوڵقاندنی ئەو ئابوورییە.

ئەوانەی لە سەر سەربەخۆبوونی جەمهوریەتی کوردستان ساغبوونەتەوە و ئامادە نین هیچ بوچوونێکی تر گوێ لێبگرن، سەبارەت بە چەند بنەما و دیاردەیەکی ئەو قەوارەیەیە کە کراونەتە بەڵگەی سەلمێنەری بۆچوونەکەیان، گرینگەکانیان:

– بوونی بیر و ئامانجی سەربەخۆیی لە مێشکی زۆربەی خەڵکی کورددا، بەتایبەتی خوێندەوار و ڕۆشنبیران و ئینجا یەکێ لە ڕاسپاردە گرینگەکانی کۆبوونەوە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی ڕێبەندان: «لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە استقلالای تەواو بگا.»[٢٣]

– دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆماڵی ئازاد لە دەستتێوەردانی ڕژێمی داگیرکەر، بە ناوی جەمهوریەتی کوردستان، هەڵبژاردنی سەرەک کۆمار، دامەزراندنی وەزارەتی هێزی دیمۆکراتی کوردستان، دارشتنی ستروکتوری سپایی و ئیداری.

– هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، بوونی ئارم و تابلۆ، مۆسیقا و سرودی میللی و ڕێوڕەسمی سەردان و یاد وپێشوازیی جێژنە نەتەوایەتی و ئایینییەکان.

– نەمانی شوێنەواری دامودەزگا و ئەرتەشی داگیرکەر و زوڵم و زۆری و چەوساندنەوە.

– بووژانەوەی کولتوور و ئەدەب و زمانی کوردی، بوونی میدیای ئازاد(ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار...) و سەربەستی نووسین و قسە و هاتوچۆ و کردنەوەی قوتابخانە و خوێندن و بە زمانی کوردی.

– مامەڵەی دیپلۆماسی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان و تا ڕادەیەکیش یەکێتی سۆڤیێت، گفتوگۆکردن لەگەڵ تاران وەک لایەنێکی خاوەن ئامانجی دوور لە زۆرکاری و فەرمانی داگیرکەرانەی ڕژێم.

– مامەڵە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان و بوونی هێزێکی گرینگ کە لە کوردستانی عێراقەوە گەیشتبوونە ناوچەکە.[٢٤]

– بەکارهێنانی وشەی سەربەخۆیی، استقلالی تام و تەمام، سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی کوردستان و... لە لایەن پێشەوا و لێپرسراوانی تر و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و بڵاوکراوەکانی تر، دیسان لە وتار و نوتقدا، بەتایبەتی لە پلەی یەکەمی مێژووی جەمهوریەتی کوردستاندا.

لێرەدا دەکرێ بپرسین ئایا ئەوانە بەس بوون بۆ سەربەخۆبوونی قەوارەکە؟ سەربەخۆ بە مانای وشە واتە جیابوونەوە لە لەشی ئێران و پچڕاندنی هەموو جۆرە پێوەندییەکی داگیرکەرانە و ژیانی ناو سنووری ئێران لە ڕووی

**❑ یەکێتی سۆڤیێت، لە دژی سەربەخۆیی بوو.. بۆیە لە ئاکامی مانۆڤرە سیاسییەکەیدا، لە پێناوی ئەوتداسێ ستراتیجی خنکێنەری بەسەر سەرکردایەتی کورددا سەپاندبوو، مەبەستم: ستراتێجی بەرگری و نەجووڵان، ستراتێجی گفتوگۆ و نەرم و نیانی لە بەرانبەر تاران، وە سێیەم: دروشم و ئامانجی خودموختاری و مانەوە لە ناو ئێراندا لە هەر بارودۆخێکدا بێت.**

بەڕێوەبردن، جوگرافی، سیاسی و یاساییەوە... جگە لەوە، لاخستنی هەڵوێست و بڕیاری لاکانی هاوپێوەند بە سەربەخۆیی جەمهوریەتی کوردستان، کە لە ڕاستیدا خاوەن و سەرچاوەی بڕیاری چارەنووسساز بوون، نەکە هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ کۆی مەسەلەکانی هاوپێوەند بە ئێران و ناوچەکەوە، مانای تێنەگەیشتن لە مانا و هەلومەرج و پێداویستییەکانی بوونی جەمهورییەتێکی تەواو سەربەخۆیە. مانای دوورییە لە زانیارییەکانی هاوپێوەند بە بوونی چەندین دەوڵەت و وڵاتی فرەنەتەوە لە شێوەی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا کە هەر یەکەیان چەندین قەوارە و کۆماری خاوەن هەلومەرج و دیاردەی وەکوو بوونی سەرەک کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئاڵا و ئارم تا ئەندامەتی UN بووە بە پێناسەی یاسایی ناوخۆ و هەرێمیشەوە، کە پێناسەی ناو دەوڵەتیش دەگرێتەوە، کە ئەگەر لە وانەی ناو جەمهوریەتی کوردستان زیاتر نەبووبن وا کەمتر نەبوون.

ڕووخانی یەکێتی سۆڤیێت، کە لای لاوازی دیمۆکراسی و لای سەقامگیریی هێزی داپلۆسەری دیکتاتۆری یەک چینی بوو، بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بۆمان دەردەخات کە جەمهوریەتەکانی ناو سنوورەکەی لە چی ئاستێکدا بوون، چونکە بە ڕووخاندنەکە هەر یەکە وەک دەوڵەتی سەربەخۆ بە بوونی زۆر لە هەلومەرجە گرینگەکانییەوە هاتنە ئاراوە یان دەرکەوتن کە تەنها پێناسەی نێو دەوڵەتانیان گەرەک بوو، دیارە لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە. بۆیە ئەو دەوڵەتەشم بە نموونە هێناوە تا دیەنی هەلومەرجی دامەزراندنی جەمهورییەتەکە و هێندێ دیاردەی وەکوو ئاو و ئارم کە نامۆ نەبوون بەو کۆمارانەی ناو یەکێتی سۆڤیێت بهێنرێتە بەرچاو. یوگوسلاڤیاش نموونەیەکی ترە بۆ ئەو بۆچوونە.

ئەگەر وردتر سەرنج بخەینە سەر ئەو لایەنانەی ڕەخساندنی هەلومەرجی سەربەخۆییان پێوەبەسترابوو، ناوچەیی و هەرێمی و نێونەتەوەیی، جگە لە لای بەرانبەر کە کورد خۆی بوو، وا تابلۆ سیاسییەکە بەمجۆرە دێتە بەرچاو:

– ڕژێمی تاران، ڕاستەوخۆ لە دژی جەمهورییەت و سەربەخۆیی و نەتەوەی کورد و هەموو جۆرە مافێکی نەتەوایەتی و دیمۆکراسی و مرڤی بووە...

– دەوڵەتانی تری سەر سنوور، تورکیا و عێراق، ڕاستەوخۆ دژ بوون، باری جیۆپۆلیتیکیان تەوا دژوارتر کردبوو، هاوکارییان بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتەکە دەکرد. پەیمانەکەش لەگەڵ تاراندا، بە بێ ئاگاداری کورد، شکاندنی بەڵێن و پەیمانی یەکێتی و برایەتی بوو لەگەڵ کورددا.

– ئەمریکا و ئینگلیز ڕاستەوخۆ لە دژی جەمهوریەتی کورد بوون، نەک هەر لە بەر سەربەخۆیی، بەڵکوو وەک خودموختاریش، بۆیە بە هەموو جۆرێ لەگەڵ ڕژێمدا بوون.

– ئازەربایجان یەکەم دۆستی ستراتیجی و هاوچارەنووس، هەرچەند لە مامەڵەی ئاشکرایدا دۆستی یارمەتیدەر بوو، بەڵام گەرەکی بوو کوردستان

به پاشکۆی خۆیەوە ببەستێتەوە، هەر وەک بەشێک لە ئازەربایجان سەیری دەکرد.

- یەکێتی سۆڤێت، لە دژی سەربەخۆیی بوو، بگرە کارێکی واشی نەکرد کە وەک خودموختاریش بمێنێتەوە، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەک بوو لەگەڵ تاراندا. بۆیە لە ئاکامی مانۆڤرە سیاسییەکەیدا، لە پێناوی ئەوتداسێ ستراتیجی خنکێنەری بەسەر سەرکردایەتی کورددا سەپاندبوو، مەبەستم: ستراتیجی بەرگری و نەجوولان، ستراتیجی گفتوگۆ و نەرم و نیانی لە بەرانبەر تاران، وە سێیەم: دروشم و ئامانجی خودموختاری و مانەوە لە ناو ئێراندا لە هەر بارودۆخێکدا بێت.

بۆیە هەموو زلهێزەکان و تاران لە چەندین پەیمان و ڕێککەوتن و کۆبوونەوەدا بڕیاریان دابوو کە : «ڕێز لە یەکێتی ئەرز و حاکمیەت و سەربەخۆیی ئێران بگرن. پەیمانێ نەبەستێ زەرەر ی یەکێتی حاکمیەت و سەربەخۆیی سیاسی ئێرانی تێدابێ. کارێ نەکەن زیان لەو یەکێتییەی ئێران بدات، دوای شەش مانگ لە بڕانەوەی جەنگ ئێران چۆڵ بکەن»[25]

سەرڕای هەموو ئەوانە جەمهوریەتی کوردستان هیچکاتێ بە نامە و یادداشت داخوازی جیابوونەوە لە ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازادی ئاراستەی تاران، مۆسکۆ، زلهێزەکانی تر و UN نەکردبوو، بە ڕەسمی داوای ددانپێدانان و پێناسێن و پێوەندیی دیپلۆماسی نەکرد، بەڵکوو تەواوی تەقەلای لە سەر ئەوە چڕ کردبوو کە وەک حکومەتێکی خودموختاری خولقاوی ناو بار و هەلێکی سیاسی، پێناسینی یاساییشی بۆ بخولقێ.

**• بەشی دووهەمی ئەو باسە: ڕیشەی بیری خودموختاری و مەبەستی سەربەخۆیی، لە ژمارەی داهاتوودا بخوێنەوە.**

## تێبینیەکان:

١) لە بەر ئەوەی ئەم باسەم بۆ ڕاستکردنەوەی دوو بۆچوونی هەڵە دەربارەی«ناو» و مەسەلەی خودموختاری و سەر بەخۆیی جەمهوریەتی کوردستان تەرخان کردووە، بۆیەلێرەدا لە ناوبردندا زیاتر ئەو ناوە مێژووییە بەکارهێنراوە.

٢)٢٢-١-١٩٤٦تا١٧-١٢-١٩٤٦.

٣) لام وایە زۆر لە نووسەران کە ئەو ناوانەیان لە بەرهەمەکانیان ناوە، هەر بۆ ناوی بەرهەم و نووسین بووە، نەک وەکوو ناوی مێژوویی، بۆ نموونە بەندە هەر کتێب و باس و لێکۆڵینەوەیەکم لە سەر ئەو ئەزموونە بە ناوێکی تایبەتییەوە بووە، لە وانە: کۆماری میللی مەهاباد، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، جمهوری مەهاباد، کۆماری دیمۆکراتی کوردستان و کۆماری مەهاباد و...

لێرەدا زیاتر قسەم ئاراستەی دوو ناوە:«کۆماری دیمۆکراتی کوردستان» و «کۆماری کوردستان»، چونکە نووسەری وا هەیە دەیەوێ وەک ناوی مێژوویی قەوارەکە بیسەپێنێ و داواش دەکات کە هەر ئەوە بەکار بهێنرێ، گوایە باسکردنی هەر ناوێکی تر هەڵەی مێژووییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم باسەم: «کتێبی دەوڵەتی جمهوری کوردستان و هەڵەی سەرنجەکانی ڕەخنەگرێک»، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەولێر، ژمارە ٥٣٩ و ٥٤٠و٥٤١، ١٨-٢١/١١/١٩٩٣.

٤) بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨، ٢٨-١-١٩٤٦.

تێبینی: لێرەوە لە هەر جێگەیەکدا ناوی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان بێرێ بە (ڕ.ک)، (گ. ک) ناویان دەهێنم کە لە سەردەمی جەمهوریەتی کوردستاندا بڵاوکرانەوە. گۆڤاری «هەڵاڵە»ش هەر لەو سەردەمەدا بووە.

٥) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، کۆماری میللی مەهاباد، ١٩٨٤، ١٩٨٦، ل ٧٩، فەسڵی سێیەم خاڵی ٨.

٦) بڕوانە: ڕ.ک، ژمارە ٥٠، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥.

٧) گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥.

٨) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی سێیەم، بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥٣)، ئەم بەرگە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

٩) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، هەمان سەرچاوە، بەڵگەنامەی ژمارە(٥٥٢).

١٠) ڕ.ک، ژمارە ٥٦، ١١ی ژوئیەنی ١٩٤٦.

- میخائیل ئیوانۆڤیچ کالینین، ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەر بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کومونیست و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شورای یەکێتی سۆڤێت ی پێنج سەردەمی کۆمار بوو.

- بۆ زیاتر سەرنجدان لە جۆر و سەرچاوەی بەکارهێنانی ناوی«حکومەتی کوردستان» بۆ نموونە بڕوانە: ڕ.ک، ژمارە ١٩، ٢٠، ٢٣، ٢٧، ٢٨، ٥٣، ٥٦ و ٥٨...

١١) ڕ.ک، ژمارە ٥٣و ٥٤ی ٤ و٦ی ژوئیەنی ١٩٤٦.

١٢) بۆ نموونە بڕوانە:

- ڕ.ک، ژمارە ١٧، ١٩، ٢١، ٤٣، ٥٢ و ٥٣.

- گ. ک، ژمارە ٣، خاکەلێوەی ١٩٤٦.

- گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە١، ڕەشەمەی ١٣٢٤.

١٣) ڕ.ک، ژمارە ١ و٢ی١١-١٣/١/١٩٤٦.

١٤) بڕوانە:

- مەحمود مەلاعززەت، د.ج.ک، بەرگی٢، ١٩٩٥، ڕووی دەرەوەی بەرگی دواوە.

- نجفقلی پسیان، *از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس*، آذرماه ١٣٢٨، تهران.

- لە زۆربەی زۆری بەڵگەنامەکانی دوو توێی بەرگەکانی د.ج.ک دا، ئەو ئارمە لە سەر نامەکان دەبینرێ.

١٥) مەحمود مەلا عززەت، ک.م.م، ل ٧٩. مێژووی داڕشتنی نیشانەکە و جۆری، هەر ئەوەندەی باسکراوە، پێدەچێ ئەوە سەرچاوەی سازکردنی ئەم ئارم و تابلۆیە بێت کە تا ئێستا ڕووناکی نەخراوەتە سەر مێژووی سازکردن و هونەرمەندەکەی.

١٦) ڕ.ک، ژمارە ٤٧، ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥.

١٧) ڕ.ک، ژمارە ٥٤، ١٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥، دیسان ژمارە ٥٣ و ٥٧.

ئەحمەدی عیلمی[ئیلاهی] سەرۆکی ئیدارەی مالیەی کوردستان(وەزیری مالیە)بوو.

١٨) ڕ.ک، ژمارە ٢، ١٣ی ژانویەی ١٩٤٦، لەو کۆبوونەوەیەی بۆ ناونیشانکردنی بەڕێوەبەرانی چاپخانە و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان سازکرا، ئەو کارەش بە سەید محەمەدی حەمیدی سپێردرا، سەبارەت بەوە وتارەکەی خوێندبۆوە.

١٩) ژمارەی وتاربێژان ٢٣ کەس بوون. بڕوانە: ڕ.ک، ژمارە ١٠، ٤/٢/١٩٤٦.

٢٠) ڕ.ک، ژمارە ١٤، ١٣/٢/١٩٤٦. دەقی سوێندەکە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا دەبینرێ.

٢١) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، د.ج.ک، بەرگی ١و ٢، بۆ نموونە بەڵگەنامەی ژمارە ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٣٢، ٥٤، ٨٠، ٨٣، ٨٧، ٩٥، ١١٦، ١٦٠، ١٦١ و ١٧١...

٢٢) ڕ.ک، بۆ نموونە ژمارەکانی: ٨ تا ١٧، ٢٠، ٢٧، ٢٩، ٣٠، ٣١ و ٥٦.

٢٣) ڕ.ک، ژمارە ٨، ٢٨/١/١٩٤٦.

٢٤) هەرچەند ئەم هێزە ڕێکخراوترین و بە ئۆمێدترین هێزەکانی جەمهوریەت بووە، بەڵام دیسان ناکرێ ئەو ڕاستییە لابخرێت کە کشانەوەی ئەو هێزە بۆ ئەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، لە ناچاری وگوشاری هێزی سەربازی و ئاسمانی عێراق بە پاڵپشتی بریتانیا بوو کە بارزانی ناچار کرد کوردستانی عێراق بە جێبهێڵێ... نەک لەو دیدە نەتەوایەتییەی هێندێ کەس پێیان خۆشە باسی بکەن، چونکە ئەگەر بارزانی دەرفەتی بەردەوامیی شۆڕشی هەبایە وا جێگە و مەڵبەندی خۆی بە جێ نەدەهێشت، ئەم دیاردەیەش جیایە لەگەڵ ئەو دیدە نەتەوایەتییەی کە خەڵک بخاتە بەردەم لێپرساوەتی بە مەبەست بۆ ئامانجی کۆمارەکە و پارێزگاریکردنی،واتە خودی چوونەکە لەو دیدە نەتەوایەتییە پێگەیشتووەوە نەبووە کە وەک ئەرکی نەتەوایەتی بە مەبەست و نەخشە هێزی چەکدار سازبکرێ و سنوور ببڕێ و تەنها بۆ بەرگری لەو قەوارەیە ئامادە بووبن... ئەو ڕاستییەش لە ڕۆڵی مێژوویی بارزانی و ئەفسەرە لێزان و بە تواناکانی ناو هێزەکەی و ئەو هێزە کەم ناکاتەوە، وەک هێندێک بە هەڵە بۆی دەچن.

٢٥) بە تایبەتی لە پەیمانی(اتحاد) ٢٢/١/١٩٤٢، کونگرەی(تاران)٢٧-/١٩٤٣/١٢/٢٩، کۆبوونەوەی (پۆتسدام)١٧/٧ تا٢/٨/١٩٤٥. بڕوانە:

**مەحمود مەلا عززەت**، *تێڕوانینێکی سەردەم لە کۆمارەکەی مەهاباد*، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەولێر، ژمارە ٥٩٢ و ٥٩٣، ٢٠-٢١/٨/١٩٩٤.

**نەوشیروان مستەفا ئەمین**، *حکومەتی کوردستان: کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا*، ١٩٩٣، ل ٣٤ و٣٥.

# له بیرەوەرییەكانم

## دامەزرانی لقی كۆمەڵەی(ژ.ك)

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

بەر لەوەی باسی بیرەوەرییەكانم بكەم لە بارەی دامەزراندنی لقی كۆمەڵەی(ژ.ك) و چالاكییەكانیەوە لە كوردستانی خوارووودا، بە پێویستی دەزانم كە پێشەكی كەمێ باسی بارودۆخی بزووتنەوەی كوردایەتی ئەو دەور و سەردەمەش بكەم لە ناوچەكەدا بە گشتی، چونكە دامەزراندنی كۆمەڵەی(ژ.ك) خۆی لە مەهاباددا، تا ئەندازەیەك بە یارمەتی و پشتیوانی بزووتنەوەی كوردایەتی لە كوردستانی خوارووودا پێكهاتووە.

لە ساڵی ١٩٣٩دا لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانەی چەند ئەفسەر و رۆشنبیری نیشتمانپەروەردا پارتییەكی نهێنی لە كوردستانی خوارووودا دامەزرێندرا بە سەركردایەتی مامۆستای ناودار ڕەفیق حیلمی بۆ دەستخستنەوەی مافە ڕەواكانی كورد لەو بەشە كوردستانەی كە لەوكاتەدا بەناو لە ژێر دەستی عێراق و بە ڕاستیش لە ژێر حومكی بریتانیادا بوو. سەبارەت بەو هەلومەرجانەی هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانی هەڵیخستبوو، لە ماوەیەكی كەمدا، ژمارەیەكی زۆر كورد لە هەموو جۆرە چین و بیروباوەڕی وەك ئەفسەر و سەرەك عەشیرەت و پارەدار و خوێندەوار و سەرباز وپۆلیسیشی تێدا كۆبوونەوە كە تا ئەندازەیەك دیەنێكی نیوە ئاشكرای وەرگرتبوو لە ساڵەكانی ١٩٤١و ١٩٤٢دا.

من ئەندام نەبووم لە حیزبەكەدا، بیرمە جارێك لە مایسی ١٩٤١دا كە بە هۆی ئینقیلاب «كودیتا»ی ڕەشید عالی گەیلانی و زابتە نەتەوەیی عەرەبەكانی سەر بە ئەڵمانەكانەوە، بانگ كرابوومەوە بۆ سەربازی وەك (زابتێكی ئیحتیات)و لەوكاتەدا لە كەركووك بووم، ئێوارەیەك لەگەڵ كۆمەڵێ لە ئەفسەرە كوردەكانی دۆستم كە زۆربەیان ئەندامی (هیوا)بوون لە «یانەی ئەفسەران»دانیشتبووین لە پڕ مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەركەوت و گشت زابتەكانیش بەرز بوونەوە هەروەكوو ئەو (هیتلەر) و ئەوانیش سەربازی نازی بن، دەستیان هەڵبڕی و هەموو بە یەكدەنگ گوتیان:«هەربژی سەرۆكی باڵا»بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە زابتە عەرەبەكانی دەوروبەریان و، هەتا «سەرۆكی باڵا»داوای دانیشتنی لێنەكردن دانەنیشتنەوە.

بەڵام ئەم ڕێز لە سەرۆك گرتن و ناوبانگ و ژمارەی ئەندام زۆربوونە ماوەیەكی ئەوتۆی نەخایاند كە هەڵگەڕایەوە و بوو بە ناكۆكی و چەند بەرەكی و قسە بەیەك گوتن و تۆمەتی خراپ دانەپاڵ یەكتری.

هاوینی ١٩٤٠بوو كە حیزبی هیوا لە برەودا بوو، من لە بەغدا خەریكی دەركردنی گۆڤاری «گەلاوێژ»بووم كە لە كانوونی یەكەمی ١٩٣٩وە دەستم پێكردبوو. لەوكاتەدا ڕۆژێ لە شوێنەكەی گەلاوێژ دانیشتبووم كە دۆستێكی ئەفسەرم كە یەكێ بوو لە ئەندامەكانی هیوا، هاتە لام و پێی گوتم كەوا لە «سەربازگەی ڕەواندز»(حامیە رواندز)بووە ، كاك ئەمین ڕەواندزی ڕایسپاردووە كە بەمن بڵێ هەرچۆنێك بووە دەبێ تا دوایی مانگ، كە هەروا هەفتەیێ شتێكی وای مابوو، بچم بۆ لای ، ئیشێكی گرینگی پێم هەیە، كە لێم پرسی ئیشەكەی دەبێ چیبێت سوێندی بۆخواردم كە نازانێ و، ئەو خۆشی لەوە زیاتری پێنەگوتروە. منیش هەر زوو ئابوونەی گەلاوێژ كۆكردنەوەدم كرد بە بەهانە و دوو سێ ڕۆژی پێنەچوو كەوتمەڕێ چونكە دەمزانی كاك ئەمین ڕەواندزی كە زابتێكی بەڕێز وكوردێكی دڵسۆز و ئەندامێكی دامەزرێنەری هیوا بوو و پێوەندییەكی پڕ باوەڕیشمان بە یەكەوە هەبوو، وە چەندجاریش داوای لێكردبووم كە ببم بە ئەندام لە هیوادا، بەڵام من لەبەر هێندێ هۆ كە ئەم وتارە جێی باسكردنی نییە قەبوڵم نەكرد ببم بە ئەندام. كاك ئەمین جگە لەمانەش، لە حكومەتەكەی شێخ مەحموودی ئەمریشدا یەكێك بوو لە زابتە ئازا و دڵسۆزەكان. لای منیش ئەوەندە ڕێزی هەبوو كە ئەگەر بمزانیبایە هەر بۆ چاوپێكەوتنیش بانگم دەكات ئامادەبووم لە هەر شوێنێ بێ بچمە لای بۆیە باوەڕم كرد كە ئیشی پێمە.

لای ئێوارە بوو گەیشتمە ڕەواندز كە ئەوە ماوەیەك بوو سپا عێراقییەكەی كە لە كاتی ئاساییدا لەوێ دەبوون دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئەڵمانیای نازی و بریتانیا و فەڕەنسە و هاوپەیمانەكانی بریتانیا، سپاكەی ڕەواندز نێردرابوو بۆ پاراستنی سنوور چونكە لەو ڕۆژانەدا نە ئێران و نە توركیا و نە سۆڤیەت، هەڵوێستیان ئاشكرا نەبووبوو كە چ لایەك دەگرن و چیان بەدەستەوەیە بیكەن.

كاك ئەمین هەر زوو بە دزییەوە پێی گوتم كە ئەوە ماوەیەكە چەند كەسێك لە خەباتكارە دڵسۆزەكانی ئەو دیومان ـ واتە كوردستانی ڕۆژهەڵات ـ دەیانەوێ چاویان بە هێندێك لە برا خەباتكارەكانی ئەم دیویان بكەوێ، بەتایبەتی ئەندامانی هیوا. بۆ وتووێژ لە بارەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەكەمانەوە و دانانی پلان و پرۆگرامێك بۆ یەكخستنی خەباتی هەموو لایەنەكان و دووبارەنەكردنەوەی هەڵەكانی پێشوومان وكەڵك وەرگرتن لە هەڵسوكەوت و سەركەوتنی گەلانی دیكەی دنیا. ئێمەش چەند كەسێكی لێزانمان داناوە بۆ ئەم ئیازە و لە سەر ئەوەش ڕێككەوتووین كە تۆ وەك خاوەنی تاقە گۆڤاری كوردستانی لەم كۆبوونەوەیەدا ئامادە بیت و ئێستەش چاكترین هەلە بۆ ئەم كۆبوونەوەیە چونكە لەشكرە(حامیە)كەی ڕەواندز كە زۆربەی زۆریان وزابتەكانیشیان كوردن و گەلێكیان ئەندامی حیزبی (هیوا)شن نێردراون بۆ سەر سنوور بۆ پاراستنی ئەم سنوورە دەستكردەمان. جا بۆیە سبەینێ تۆ، وەك خۆت گوتت بە بیانووی كۆكردنەوەی ئابوونەی ساڵانەی گۆڤاری گەلاوێژەوە بچووبۆ (حاجی هومەران) ،لەوێ چاوت بە «حەمە درێژ» (كە ناوەكەی شێخ محەمەدی شێخ سەلام بوو) و یا «شێخ قادر بەرزنجی بكەوێت(كە هەردووكیان لە زابتە ناودارەكانی حیزبی هیوا بوون)، ئەوان هەموو

شتێکت پێدەڵێین.

منیش هەر بەیانی تاکسییەکەم گرت و چووم بۆ حاجی هومەران ، لەوێ زۆر بە ڕێکەوت شێخ قادرم دیت و زۆری پێخۆش بوو کە چووم. باسی بۆ کردم کەوا چەند ڕۆشنبیرێک لە کوردستانی ئەودیو کۆمەڵەیەکی سیاسییان دامەزراندووە بە ناوی «کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کورد»ەوە بەڵام لەبەر زوڵم و زۆری ڕژێمی ڕەزاشا و بێ تەجرەبەیی خۆیان ئەوە ساڵێکە هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدینەهێناوە، بۆیە پەنایان هێناوەتە بەر ئێمە بە تایبەتی سەرکردایەتی هیوا کە پەندمان لێوەرگرن و چالاکی خەباتیمان لێوە فێربن و هاوکارییەکیشمان لەگەڵ پێکبێنن. ئێمەش ئەمەمان زۆر پێخۆش بوو و دامان نا کە شەوی (... مانگ)لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆببینەوە. وا ژوانەکەش هەر دوو شەوی ماوە، زۆر لە مەراقدا بووین کە تۆ لەم ماوەیەدا نەگەیتە لامان. باش بوو وا هاتی.

بەمجۆرە لە کات و شوێنی دانراودا لە پەنایەک لە گردەکانی نزیک سنووردا کەوتینە چاوەڕوان کردنیان، ئێمە (٣)کەس بووین لەگەڵ (٢)یاساوڵ کە هەم پاسەوانیان دەکردین وهەم دانرابوون کە ڕابەری براکانی ئەودیوشمان بکەن. بەڵام بە داخەوە دوای لە سەعاتێک چاوەڕوانی، یەکێ لە یاساوڵەکان بە پەلە هات بۆ لامان و بە شڵەژاوییەکی زۆرەوە پێی گوتین کە «لە بەغداوە تێلگراف هاتووە بۆ سەرلەشکر کەوا زۆر ڕێی تێدەچێت ئیمشەو هێزی سۆڤیەتی پەلاماری عێراق بدات، بۆیە دەبێ لەشکرەکە ئامادە بێت و هەموو هاتوچۆکردنێک لە سنوور و ناوچەکەشدا قەدەغە بکرێت. وا ئێستەش سپا خەریکی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانەیە.» کە ئەم دەنگ و باسە ناخۆشە سەیرەمان بیست ئێمەش بە ناهومێدی گەڕاینەوە و منیش دووسێ ڕۆژی دوای هەواڵە درۆکەش هەر لەوێ مامەوە بەڵام کە دیمان هیچ دەنگێ لە برایانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە نەبوو گەڕامەوە سەر کاری خۆم لە بەغدا.

دوای ئەمە بە ماوەیەک گەلێ گۆڕانی گرینگ لە شەڕەجیهانییەکەدا ڕوویدا کەوا گەورەترینیان ئەو هێرشە شێتانەیە بوو کە سپای هیتلەر کردییە سەر یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٢/٦/٢٢دا کە ئەمە نەک هەر دیەن، ڕێبازو ئەنجامی شەڕی جیهانیشی بە تەواوی گۆڕی. گۆڕانە گرینگەکەی تر کە پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبوو پەلاماردانی ئێران بوو لە لایەن هێزی بریتانیا و سۆڤیەتەوە لە ١٩٤١/٨/٢٥دا و لابردنی ڕەزاشا لە سەر تەختی شاهی و سپای سوور لە سنووری سۆڤیەتەوە تا سەردەشت و سەقز یان داگیر کرد کە بریتی بوو لە هەموو ئازەربایجانی ئێران و بەشێک لە کوردستان و هێزی بریتانیاش لە بەشەکەی تری کوردستانەوە تا کەنداوی فارسیان خستەژێر دەستی خۆیان و هەردوو لاشیان لەو شوێنانەدا مانەوە و دەسەڵاتی ڕژێمی ئێرانیان لەو ناوچانەدا نەهێشت. ئەم گۆڕانە گرینگانە لە ئێراندا بەگشتی بوو بە هۆی هێندێ بووژانەوەی ئازادی ودیمۆکراسی و هاتنەوە مەیدانی کۆمەڵە و پارتی و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هەروەها ئەو ڕۆشنبیر و سەردک عەشیرەتە کوردانەی زیندانی بووبوون لە(قەسری قاجار)دا بە درێژایی حوکمی ڕەزاشا. بەمجەشنە چالاکی سیاسی تا ئەندازەیەک لە هەموو ئێران دەستی پێکرد بەڵام ناوچەی ئازەربایجان و کوردستان لە بەر ئەوەی مەیدانی شەڕەکە بووبوون بزووتنەوەی دیمۆکراتی و ئازادیخوازی لەم ناوچانەدا گەرم و گوڕتر بوو. بۆیە ئەمجارەش ڕۆشنبیر و کوردە نیشتمانپەروەرەکانی«مەهاباد» و دەوروبەری ئەم هەلەیان قۆستەوە و کەوتنە چالاکی لە پێناوی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئازادیخوازانەی کوردستانیدا و بۆ ئەم نیازە دیسانەوە پێوەندییان بە حیزبی (هیوا)وە کردەوە و داوایان لێکردن کە نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ مەهاباد تا بەشداری و هاوکاری بکات لە دروستکردنی ڕێکخراوەکەیاندا. (هیوا)ش بۆ ئەم مەبەستە دووان لە خەباتکارە لێزانەکانی کە (میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو)بوون ناردنی بۆ لایان و لە کۆبوونەوەیەکدا لە باخی«حاجی داود»لە نزیک چەمی سابڵاخەوە کۆمەڵێ لاو ورۆشنبیر و کوردپەروەر پێکەوە بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی(ژ.ک)یان دا لە ڕۆژی ١٩٤٢/٩/١٦دا. ئیتر(ژ.ک) کەوتە چالاکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و لە پاش چەند مانگ، هەستی بە پێویستی کۆبوونەوەیەکی تر کرد بۆ لێکۆڵینەوەی ئەنجامی خەباتەکەیان و شەن وکەوکردنی و پڕکردنەوەی ئەو کەلێن و ناتەواوییانەی کە هاتووەتە ڕێیان بە پێی بۆچوونی ئەو کاتەی خۆیان و هەلومەرجی بزووتنەوەکەیان. بۆ ئەم نیازە لە مانگی نیسانی ١٩٤٣دا نزیکەی (١٠٠)کەسی ئەندامی (ژ.ک)لە باخی «خوداپەرستان»ی نزیک شاری مەهاباد کۆدەبنەوە و لەوێدا یەکێک لە کارە گرینگەکانیان بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێک دەبێ بە ناوی «نیشتمان»ەوە بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەپێکردنی هەستی نەتەوایەتی و پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی لقی (ژ.ک) لە ناویاندا. سەبارەت بەم بڕیارانە پێوەندی و هاوکاری خەباتی ڕاستەوخۆی نێوان کۆمەڵە و حیزبی هیوا بەرە و زیادی و پتەوی دەڕوات تا دامەزراندنی لقی کۆمەڵە لە کوردستانی خوارووداو لە ناوچوونی حیزبی هیواش.

لە بەهاری ١٩٤٤دا محەمەدئەمین شەرەفی دەنێرن بۆ کوردستانی خواروو، لە کەرکووک کاک یونس عەبدولقادر دەبینێ کە دوای لابردنی مامۆستا ڕەفیق حیلمی کرابوو بە سەرۆکی هیوا، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە ئەندامە ناودارەکانی دیکەی هیوا دەبینێ وەک ئەمین ڕەواندزی، عیزەت عەبدولعەزیز، سەید عەزیز شەمزینی، شێخ قادر بەرزنجی و ڕەمزی عەبدولکەریم، هەروەها هێندێ کەسی ناوداری تر لە کوردایەتیدا.

بەداخەوە من لەو ماوەیەدا ڕاستەوخۆ ئاگام لەم پێوەندی و ڕووداوانە نەبوو، چونکە لە مانگی شوباتی ١٩٤٢ەوە کرابووم بە (حاکم)لە پێشدا لە هەولێر ولە پاشانیش گواستیانمەوە بۆ هەڵەبجە و بە زۆری خەریکی کاروباری مەحکەمە و نووسین و ئامادەکردنی کەرەسەی چاپکردن بووم بۆ(گەلاوێژ) کەوا لەوکاتەدا مامۆستا عەلایەدین سەجادی(کە پێشنوێژ بوو لە یەکێ لە مزگەوتەکانی بەغدادا) ، کاک عەلی کەمال(کە یەکێک بوو لە یارمەتیدەرە هەرە دڵسۆزەکانی گۆڤارەکە) بۆی دۆزیەوە کەوا ئەرکی سەرپەرشتی لە چاپدان ودەرکردنی «گەلاوێژ» بخەینەسەر ئەو، بە شەرتێ کە من ناوەڕۆکەکەی، پێشەکی بۆ بنێرم. ئەو ئیتر بە ڕەسمی بوو بە (بەڕێوەبەری گۆڤارەکە)و بەرە بەرە دەستی کرد بە نووسینیش تێیدا، تا لە پاش ماوەیەک بوو بە یەکێ لە پایەکانی پێشخستن و مانەوەشی تا حکوومەتی عورفی زیندانی کردنی منی خاوەن گۆڤارەکەی کرد بە بەهانە بۆ داخستنی لە ئۆگوستی ١٩٤٩دا.

هاوینی ١٩٤٣بوو، بۆ بەشداریکردن لە موحاکەمەیەکدا بانگ کرابووم بۆ سلێمانی لەوێ لە هاوڕێیەکەم بیست کەوا لە مەهاباد گۆڤارێ دەرکراوە لە لایەن کۆمەڵەی(ژ.ک)ەوەکە ناوی «نیشتمان»ە. شایانی سەرسوڕمان لای من ئەوە بوو کە هاوڕێکەم ڕۆژنامەکەی لە سەر مێزی «مودیری تەحریرات = بەڕێوەبەری نووسینکاری موتەسەریف»چاو پێکەوتبووکە برادەری بوو و پێشی گوتبوو کە زابتی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی کە ناوی(میستر شوتەر)بوو ئەو بۆی بۆ ناردوون. منیش بۆ دڵنیا بوون لەم قسە سەیرەی برادەرەکەم لەگەڵ خۆم بردم بۆ لای میستر شوتەر، کە لە ڕووی ئەوەوە کە هەرچەند هاتوچۆی هەڵەبجەی دەکرد سەری لێدەدام وەک حاکمێ و

**❑ ئەوانەی وەکوو منیش بوون باوەڕمان وابوو کە بریتانیا ئاگری ئەو بن کایەیە کە کوردستانی تێدا دەسووتێ و لە هەر شوێن و کاتێکدا بەردێ لە ئاسمانیش بکەوێتە خوارەوە و بەر کورد بکەوێت، هۆی سەرەکییەکەی ئینگلیزە.**

ئاسیاوێکمان پەیداکردبوو، کە چووین لە سەر مێزی ژووری دانیشتنەکەی لەگەڵ هێندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی ئینگلیزی ئەک ژمارەیەک، دوو ژمارە «نیشتمان»یشمان دیت و من یەکێکیانم بۆخۆم لێوەرگرت و پێی گوتین کە ژمارەکەی موتەسەریفیش ئەو بۆی ناردوون.

کە هاتمە دەرێ پێوەندیم بە هێندێ لە هاوڕێ و ئاسیاواغەوەکرد کە جێی باوەڕبوون و ئەوەندەش خەریکی کوردایەتی بوون کە لەوانە نەبوو ئاگاداری دەرچوونی گۆڤارێکی وا نەبن، کەچی هەموو بێخەبەرییان پیشاندا و بە زۆری ڕەئیان وابوو کە باوەڕناکەن(ژ.ک) ڕاستەوخۆ، خۆی ئەو گۆڤارەی ناردبێ بۆ شوتەر بەڵکوو زۆرتری بۆ ئەوە دەچوون کە دەبێ بە هۆی ئەو ئەندامانەی هیوای سەر بە مامۆستا ڕەفیق حیلمی یەوە گەیشتبێتە دەست میستر شوتەر. چونکە قاوبوو لە ناو خەڵکدا کە ئەو بەشەی هیوا باوەڕێکی زۆریان بەوە هەیە کە کورد ئەگەر هێزێک هەبێ لە دنیادا پشتیوانی بکات ئەو هێزە بریتانیایە و کەسی دیکە نییە. هەر ئەم باوەڕە بێجێیەش بوو کە بوو بە هۆی ئەو ئاکۆکی و چەند بەرەکییەیەی لە ناو هیوادا بڵاوبۆوە و لە ئەنجامیشدا بوو بە هۆی تەفر وتونا بوونیشی.

ئەوانەی وەکوو منیش بوون باوەڕمان وابوو کە بریتانیا ئاگری ئەو بن کایەیە کە کوردستانی تێدا دەسووتێ و لە هەر شوێن و کاتێکدا بەردێ لە ئاسمانیش بکەوێتە خوارەوە و بەر کورد بکەوێت، هۆی سەرەکییەکەی ئینگلیزە. بۆیە کە ئەم پێوەندییەم هەست پێکرد و لە پاشانیشدا ئەو وتارانەم لە نیشتماندا خوێندەوە کە تێیدا بە شان و باهۆی بریتانیا و ئەمریکادا هەڵیدابوو ئەوەندەم لا گران بوو نەمویست تەنانەت وەک ڕۆژنامەنووسێکی کوردیش هیچ پێوەندی بە (نیشتمان)ەوە بکەم.

مانگی تەمووزی ١٩٤٤ حکوومەت ئاگاداری کردم، من کە حاکمم لە هەمان کاتدا گۆڤارێکیش دەردەکەم کە ئەمە لەگەڵ قانوون ناگونجێ بۆیە دەبێ (ئیمتیاز)ی گۆڤارەکەم واز لێبهێنم. منیش لە باتی ئەوە وازم لە حاکمێتییەکەم هێنا و لە(١٩٩٤/٨/٧)ەوە گەڕامەوە سلێمانی و دەستم کردەوە بە (ئەوقاتی= پارێزەری)و لە سەر گۆڤار دەرکردنی خۆشم ڕۆیشتم.

هێشتا مانگێ بە سەر ئەمەدا تێنەپەڕیبوو، **عوسمان دانش** کە کوردێکی پاک و چاک بوو، لەوکاتەدا لە بەر دەرکی **(سەرا)** کورسی ومێزێکی شەقوشڕی دانابوو(عەرز وحاڵچێتی= شکایەنووسی) دەکرد، بەیانییەک کە بە لایدا تێپەڕیم بە ئەسپایی پێی گوتم کەوا لەگەڵ **مامۆستا شاوەیس** دەیانەوێ ببینێ بۆ مەسەلەیەکی خۆمانە، منیش کە هێشتا شوێنی تایبەتیم دانەنابوو بۆ کاری ئەوقاتییەکەم، پێمگوت سبەینێ هەینییە و من هەر لە ماڵەوەم هەر کاتێ دێن بەخێر بێن. ئەمەم گوت و چووم بۆ مەحکەمە بەڵام تا ماوەیەک هەر بیرم لە داوای چاوپێکەوتنە تایبەتییە دەکردەوە، ئەگەرچی زۆر باش هەردووکیانم دەناسی بە تایبەتی **مامۆستا ئیسماعیل هەقی شاوەیس** کە کۆنە زابتێکی دەوری عوسمانی و هی شێخ مەحموود و عێراقیش بوو و ئاگاداری وخوێنەوارییەکی باشی لە باردی بزووتنەوە سۆشیالیستی و کومونیستییەکانی دنیا و سۆڤیەتیشەوە هەبوو و خەباتکارێکی کوردی دڵسۆزی چاک وچالاک و بێدەنگ بوو و زۆرجار کتێبی چەپڕەوی (قاچاغ)مان لە یەکتری وەردەگرت کە بە ئینگلیزی بڵاودەکرانەوە.

لە کات و شوێنی خۆیدا چاوم پێیان کەوت. لە پێشەوە مامۆستا شاوەیس کەوتە باسی بارودۆخی کوردایەتی لە پارچەکانی کوردستاندا لە پاشان هاتە سەر باسی کۆمەڵەی(ژ.ک) و پێشکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە سێبەری «ئاڵای سوور و چەکوشو داسا» و لەگەڵ قسەکردندا کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستم و گوتی ئەم نامەیەش لە سەر کردایەتی کۆمەڵەوە بۆ تۆ هاتووە، هەروەها بۆ چەند برادەرێکی دیکەش، داواتان لێکراوە کە ببن بە ئەندام و پێکەوە لقی کۆمەڵەی(ژ.ک)لە کوردستانی خوارووەدا دابمەزرێنن. کە نامە کورتەکەم خوێندەوە سەرێکم بادا و کەوتمە گلەیی کردن لەو هەڵوێستە سەر بە بریتانیاییەی کە لە گۆڤاری (نیشتمان)دا خوێندبوومەوە. مامۆستا شاوەیس گوتی: کەوا ئەو هەڵوێستانە لە ڕووی بە هەڵە بردنیانەوە بووە لە لایەن بەشە سەر بە ئینگلیزییەکەی (هیوا)وە وئێستە کە هیوا گۆڕاوە ووازی لەم سیاسەتە هێناوە ئەمانیش خۆیان لە هەڵەی ئەو هەڵوێستانەیان گەیشتوون و پێڕەو و پرۆگرامێکی ڕێکوپێکی کوردستانییان بۆ خۆیان داناوە و ئەمەش پرۆگرامەکەیانە. دوای وتووێژێکی زۆر لەم ڕووانەوە، داوام لێکردن کە چەند ڕۆژێک ماوەم بدەن کە پێڕەو و پرۆگرامەکەیان بخوێنمەوە ئەوسا ڕەئیی خۆمیان پێدەڵێم.

کە پێڕەو و پرۆگرامەکەم خوێندەوە، پێشکەوتنێکی تا ئەندازەیەک بە دڵی خۆمم تێدا بینی. بەتایبەتی کە هەر بوونی پێڕەو و پرۆگرامێک بۆ ڕێکخراوێکی کوردی لەوکاتەدا خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنێکی گرینگ بوو، جگە لەمە و لە هەموو بەندەکانی زیاتر بە دڵی من«کوردستانێتی»و خۆنەبەستنەوە بە سنووورە دەستکردەکەی دوژمنەکانمانەوە بوو، کە ئەم گیانی کوردستانێتییە بە لای ئەک هەر من، بەڵکوو هاوتەمەنەکانیشمەوە باوەڕێکی ئاسایی بوو. چونکە هەر لە منالییەوە بەو بیر وباوەڕە پەروەردە کرابووین و بە لای زۆرمانەوە لادان لەم باوەڕە وەک لە دین لادان وەهابوو. لەگەڵ ئەمەشدا بە ڕەئیی من پرۆگرامەکە دیسان هێندێ هەڵە و کەموکوڕی تێدا هەبوو. بەڵام لەوانە نەبوون کە لام بدەن لە بوون بە ئەندام، بەپێچەوانەوە هانیان دام کە بچمە لقەکەی کۆمەڵەوە و لەوێ هەوڵبدەم کە بە جۆرێکی دیمۆکراسی چارەسەری ئەم کەموکوڕیانە بکەین.

پاش ئەوەی گەیشتمە ئەو ڕەئییە ئامادەیی خۆم بە عوسمان دانش ڕاگەیاند بۆ ئەندامەتی. ئەوانیش پێیان گوتم کەوا لە ڕۆژێکدا لە دوایی مانگی ئەیلوولدا کۆدەبینەوە بۆ دانانی لیژنەی بەڕێوەبردن ودەستکردن بە چالاکی سیاسی و بنکە دامەزراندن لە شار وشارۆچکەکاندا.

لە ڕۆژی دانراودا، بە نهێنی نزیکەی (١٥)کەس لە ماڵی مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس کۆبووینەوە کە لە وانە هەر ناوی ئەمانەیانم لە بیرماوە: جگە لە مامۆستا خۆی، سەدیقی برای، کاک عوسمان دانش، **حەمە عەلی مەدهۆش** وەستای بەرگدروو وشاعیری ناودار، **کاک فایق بێکەس** شاعیری نیشتمانپەروەری ناسراو، خوشکە **بەهیە مارف خا-** وەستا، کاک **عەزیزی میرزا سالحی گوروون** بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەڵەبجە. لە کۆبوونەوەکەدا لیژنەیەکی (٥) کەسی هەڵبژێردرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لق و سەرپەرشتی کردنی چالاکییەکانی و فراوانکردنی بە دامەزراندنی بنکە لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە کوردیان تێدا دەژی. لەم کۆبوونەوەیەدا منیان هەڵبژارد وەک (بەرپرسیاری)ئەم لیژنە(٥)کەسییە. منیش بە ناچاری سەرم بۆ بڕیارەکەیان دانەواند. وەک

یەکەم پێشنیاز داوای ئەوەم لێکردن کە بۆ پاراستنی نهێنی چالاکییەکانی لقەکەمان و سەلامەتی ئەندام ولایەنگرەکانمان هەق بدرێ بە من و بە سەرکردەی هەموو بنکە و شانەکانیشمان کە ئەگەر خەباتکارەکان خۆیان نەیانویست یا ئێمە خۆمان بە باشمان نەزانی ناوی خەباتکار و جۆری چالاکییەکانیان تا تەنانەت بە ئەندامانی لێژنە و بنکە و شانەکانیش نەڵێین، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە کورد گوتەنی: «قسە کەوتە زارێ، کەوتە شارێ». وە لەو سەردەمەدا حکوومەت بە جۆرێکی دڕندانە دەستی کردبوو بە گرتن و ئازاردانی تەنانەت ئەندامانی پارتییە ئاشکراکانیش بە تۆمەتی نازیەتی وکومونیستی. مامۆستا ئیسماعیل هەر زوو پێشنیازەکەی منی پەسند کرد و ئەندامەکانی دیکەش پاش ئەختێ وتووێژ بڕیاریان لە سەردا، تەنیا ئەوەیان خستەسەر ئەوەندەی پێوەندی بە چالاکی لقەوە هەیە بۆ شاردنەوە و نەگوتنی بە لێژنە دەبێ بڕیارەکە بە ڕەئیی من و مامۆستا شاوەیس بێ کە ئەویش ئەندامی لێژنەکە بوو.

لەیەکەم کۆبوونەوەی لێژنەکەماندا بڕیاری ئەوەمان دا کە بە نامەیەک سەرکردایەتی (ژ.ک) لە هەڵبژاردنەکە ئاگادار بکەین. لەگەڵ ڕەئیی وپێشنیازی خۆماندا لە بارەی هێندێ لە بەندەکانی پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەوە. ئەرکی ئامادەکردنی ئەم کارەش خرایە سەر ئەستۆی من. ئەوەندەی لەبیرم مابێ ئەو ڕەخنانەی هەمانبوو شتێک بوون وەک ئەمانەی خوارەوە:

١) ئەوی بیویستبا ببێ بە ئەندام، دەبوو (حەوت جار بە قورئان سوێند بخوا کە خەیانەت لە نەتەوەی کورد نەکا) بەر لە هەمووی ئەم سوێندخواردنە دەربڕینی گومانێکی ناڕەوا و بێجێیە بەرانبەر بەو کەسە، چونکە قورئان خواردن جارێک و سەد جار لە بێباوەڕی زیاتر هیچی دیکە دەرناخات، ئەوی بڕوای بە قورئان بێت تەنیا یەکجار سوێند بەسە، ئەگەر باوەڕیشی پێی نەبێ ئەوە یەکجار وهەزارجار سوێند پێخواردنی وەک یەکە. جگە لەمەش (خیانەت لە نەتەوە نەکردن) کارێک نییە کەوا هەر بە بیریشدا بێت داوا لە یەکێ بکرێت کە ئامادەیە ببێ بە ئەندام لە ڕێکخراوێکی ئازادیخوازانەدا کە ئەرکێکی سەر شانی بە سەر ماڵ و ژیان خۆفیداکردنە لە پێناوی ئاوات وئامانجی ڕێکخراوەکەدا، بۆیە دەبێ ئەو کەسە سوێند لە سەر ئەوە بدرێت کە لەبەر هیچ هۆیەک وبە هیچ جۆرێ دریغی نەکات لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا.

٢) کۆشش کردن بۆ(خودموختاری) لەگەڵ بیر وباوەڕی کوردستانێتی ناگونجێ بەو شەرتە نەبێ کە بە ئاشکرا وەک هەنگاوی یەکەم دانرابێت. چونکە ئەگەر وانەبێ تەنیا وەرگرتنی هێندێ مافی ناوخۆیی کەمایەتی ئەو دەولەتە دەگرێتەوە کە ڕێکخراوەکە خەباتی تێدا دەکات. بۆیە کە کۆمەڵە بیەوێ هەموو کوردستان ڕزگار بکات و هەموو کوردی پارچەکانی بکا بە یەک و بۆ ئەم ئامانجە لق لەو پارچانەدا دابمەزرێنێ، پێویستە لە باتی خودموختاری داوای سەربەخۆیی بکات و بۆ ئەوەش کۆشش بکات نەک بۆ(خودموختاری).

٣) (یەکێ کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵە دەبێ هەتا مردن بە ئەندامەتی بمێنێتەوە)، ئەمەش بە لای ئێمەوە شەرتێکی بێ ڕێوجێ وزیانداریش بوو، چونکە بەر لە هەموو شتێ کۆمەڵە، یا پارتی یا ڕێکخراوێک کە ئەندام بەو هەموو سوێند و قورئان و پاش سەدی سەد دڵنیابوون قەبوڵ بکات چۆن دەبێ بە زۆر خەڵک بە ئەندامەتی لە ڕیزەکانیدا بهێڵێتەوە. چونکە ئەو کەسەی دەیەوێ لە ئەندامەتی دەرچێت مانای ئەوەیە کەوا باوەڕی بە کۆمەڵە نەماوە و ئامادە نییە وەک ئەندامێک ئەگەر بەناویش بێ تێیدا بمێنێتەوە و بە ئاشکرا دەری ببڕێت کە دەیەوێ ڕزگار ببێت لێی، جا هێشتنەوەی ئەم جۆرە کەسە بێباوەڕ و پەشیمانبووانە بە ئەندامەتی، بە زۆر و بەپێچەوانەی ویستی خۆیان هیچ دوور نیە وایان لێبکا کە بۆ خۆ ڕزگارکردن زیانێکی وا گەورە بگەیەنن بە ڕێکخراوەکە هەر لە ناویشی ببات. بۆیە بە ڕەئیی ئێمە ئەندامی وا دەبێ هەر زوو ئەندامەتی لێبسێندرێتەوە و تەنیا مەرجی ئەوەی لە سەردا بنرێت کە نهێنییەکانی کۆمەڵە دەرنەبڕێت بۆ کەس. وە ئەگەر دەریشی بڕی وەک خەیانەتکارێک سەزا بدرێت.

لە بارەی لق دروستکردنەوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دا ئامادەیی خۆمان پێشاندا کە هەموو هاوکارییەکی پێویست بکەین بۆ پێوەندیکردن بە کوردی سووریا و لوبنان و تورکیاشەوە کە ئەمە لەوکاتەدا سەبارەت بە بارودۆخی ناوەکی و دەرەکیش بە ئێمە ئاسانتر پێکدەهات تا ئەوان. وە پێشنیازی ئەوەشمان بۆ کردن کەوا هەر دوای دامەزراندنی ئەم لقانە بە زوویی کۆنگرەسێ ببەسترێ بۆ دانانی پرۆگرامێکی ڕێکوپێک و فراوان کە هەموو ئامانج و ئاواتە نزیک ودوورەکانی نەتەوەکەمان بگرێتەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئەمە بۆ هەموو لایەک. بەڵام بۆ جۆر و چەشنی چالاکی و خەبات بۆگەیشتن بەو ئامانج و ئاواتە گشتییانە، سەربەستی و سەربەخۆییەکی باش بدرێت بە هەر یەکە لەو لقانە کە بە پێی هەلومەرجی کات وشوێنی تایبەتی خۆی بجووڵێتەوە و جۆری چالاکی خۆی دابنێ و خەباتی خۆی بکات و هەر ساڵە جارێکیش کونگرەسێکی گشتی ببەسترێت لە نوێنەرە هەڵبژاردراوەکانی لقەکان بۆ پێداچوونەوەی چالاکییەکانیان و شەن وکەوکردن ورەخنەگرتن و هەڵبژاردن و پەندوەرگرتن لە سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی ساڵی پێشوویان. وە لەبەر ئەوەی کەوا کورد لە مەهاباد لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان ئازادانەتر دەتوانن بجووڵێنەوە بۆیە با جارێ شوێنی ئەم کۆبوونەوە ساڵانەیە ئەوێ بێت. هەروەها پێویستە لێژنەیەکی هەڵبژاردراویش لە نوێنەری هەموو لقەکان دابنرێت لەو کۆنگرەسە ساڵییەدا، بۆ ئەوەی لە ماوەی دوو کۆبوونەوەدا بە ئەرکی کاروباری پێوەندیکردن لەگەڵ لقەکان هەستێ ولە چالاکی و دەنگوباسی هەر لایەن و هی گەل ونیشتمانەکەمان ئاگادار بێ و لقەکانیشی لێ ئاگادار بکات بەوجۆرەی خۆی پەسندی دەکات.

هەروەها داوای پێکهاتنی پێوەندییەکی زۆرتر و پتەوترمان لە سەرکردایەتی کردبوو کە لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی سۆڤیەت پێکی بهێنێت کە بە پشتیوانا و ڕزگاریکەریی گەلانی ژێردەست و چەوساوەی دنیامان ناودەبرد لەو سەردەمەدا و تا دەرەنگتریش.

کە نامەکەمان نارد بۆ مەهاباد، ئەوەندەی پێنەچوو ئاگادار کراین کەوا پێشنیاز و ڕەخنەکانمان بە دەستکاری و گۆڕینێکی کەمی تەکنیکییەوە پەسند کراون و داوامان لێکرا کە پێوەندی بە کوردی سووریا و لوبنانەوە بکەین.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە لقەکەمان کەوتە چالاکییەکی ناوخۆیی تا ئەندازەیەکی باش، وە لە ماوەیەکی کەمدا هەر لە (ئامێدی)یەوە تا بەغدا ئەندامان پەیداکرد و هەتادەهاتیش بەرەو زۆربوون دەڕۆیشتین. لە ڕاستیدا دەنگوباسی پشتیوانیکردنی یەکێتی سۆڤیەت لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانی کورد لە مەهاباد دەستێکی درێژی هەبوو لە زۆربوونی ئەندام و پەرەسەندنی ناوبانگی لقەکەماندا. چونکە لەو سەردەمەدا سۆڤیەت لە ناو کورددا بە گشتی و لەناو خوێندەوار ورۆشنبیراندا بەتایبەتی ناوبانگێکی یەکجار باشی هەبوو.

شان بە شانی ئەم چالاکییانە، ئەو گۆڤار و بڵاوکراوە و دەنگوباسانەی لە مەهابادەوە بۆمان دەهاتن هەر زوو بە سەر لێپرسراوی«شانە»کانماندا ←

**❑ کە باسی چالاکی و دەوری لقی(ژ.ک)دەکەم لە کوردستانی خوارووردا بە پێویستی دەزانم باسێکی ئەو ڕۆڵەش بکەم کە بوویەتی لە نەهێشتنی ئەو گومان و ناحەزییەدا کە سەرکردایەتی دیمۆکرات و قازی محەمەد هەیانبوو بەرانبەر بە مەلا مستەفا..**

بلاودەکردەوە کە بۆیانی بخوێننەوە و قسەیان لەسەر بکەن، ئەوجا بیدەن بە دۆست و ناسیاوی جێی باوەڕیان، بەلام لەبەر نهێنی چالاکییەکانمان و نەبوونی کەرەسەی چاپکردنەوە و کەمی ژمارەی بلاوکردنەوەکان نەدەتوانرا بگەیەنرێتە زۆربەی لایەنگرەکانیشمان، بەتایبەتی کە لقەکەشمان هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بلاوکراوەیەکی هەمیشەیی خۆی نەبوو، تەنیا یەک دووجار بە ناوی(دەنگی ڕاستی) یەوە شتێکمان بلاوکردەوە.

کوردستانی خواروو، لە دامەزراندنی لقی کۆمەلەی(ژ.ک)ەوە سنووری وەک شتێ کرایەوە لەگەل کوردستانی ڕۆژهەلات، بەتایبەتی ناوچەی مەهاباد بۆ ئەوانەی لەوێوە دەهاتن بۆ کڕین و گواستنەوەی ئەو پێویستییانەی سەبارەت بە جیاوازیی بارودۆخی شەڕ لەمدیو و ئەودیو، لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەست نەدەکەوتن بەلام لای ئێمە هێشتا مابوون. زۆری ئەم کارانە بە یارمەتی ئەندام و لایەنگرانی لق جێبەجێ دەکران بە دزی کاربەدەستانی حکوومەتەوە. بەلام ئەم کەلێنەی سنوور هەر بۆ ئەوانە بوو کە لەودیوەوە دەهاتن. لە بارەی هاتوچووی خەلکی دیوی ئێمەشەوە تاڕەندازەیەک ئاژاوەی تێدا بوو، پاش ماوەیەک لە سەرۆکایەتییەوە مۆرێکی هەلکەنراومان بە ناوی لقەکەمانەوە بۆ هات و داواشیان لێکردبووین کە لەولا ئەو کەسانەی دەمانەوێ بیانێرین بۆ ئەودیو، سا بە هەر نیازێک بێ پێویستە نامەیەکی مۆرکراویان پێبێ. ئەگینا زۆر ڕێی تێدەچێ کە تووشی ناخۆشی بێن. وە ئێمەش بە ڕێکی ئەمەمان جێبەجێ دەکرد و زۆربەی ئەو کەسانەی چ لە کوردستانی خواروو و چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بیانویستایە بچن بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات پاش توێژینەوە و باوەڕکردن بە ڕاستی خۆیان و هۆی چوونەکەیان ئەوجا ئەو نامە مۆرکراوانەمان دەدانێ و هێندێ جاریش ناوونیشانی ئەوکەسەمان دەنارد بۆ یەک دوواتێ لەو ئەندامانەمان کە لە نزیکی سنوورەوە دەژیان بۆ ئەوەی یارمەتی پەرینەوەیان بدەن.

چالاکییەکی بە کەلکی دیکەی لق، پێوەندی بە دەستپێکردنی فێرکردنی خوێندن ونووسینی کوردییەوە هەبوو لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا. چونکە لە کوردستانی خوارووردا نەبێ، ئەویش هەر لە بەشی سۆراندا، خوێندن بە کوردی قەدەغە بوو، بۆیە لە هیچ لایەکی کوردستاندا کتێبێکی ئەلفوبێی کوردی یا خوێندن و خوێندنەوە ونووسین بە کوردی بۆ فێرکردنی منال و گەورەش دەست نەدەکەوت، تەنانەت مامۆستایەکیش نەبوو کە شارەزا بێ لەم باسانەدا(لەو ڕۆژانەدا کورد لە سووریا، کە لە ژێر دەسەلاتی فەرەنسەدا بوو تا ئەندازەیەک سەربەستی درابۆیە، بەتایبەتی بە وانەی لە تورکیاوە هاتبوون، بۆ ئەوەی لە کێشەی ئەسکەندەروون دا پشتیان بگرن، جا بنەمالەی بەدرخان و ڕۆشنبیرەکانی سووریا لەم هەلە زۆر کەلکیان وەرگرت و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە و نامیلکە و ئەلفوبێیان بلاوکردەوە، بەلام چونکە بە پیتی لاتینی بوون بە کەلکی ئەوێ نەدەهاتن). بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە گەورەیە وبەکارهێنانی یەکەم مافی نەتەوەییمان، کە بە زمانی دایکی خوێندنە، برایانی ئەودیو هەر زوو داوای یارمەتییان

لە لقی کوردستانی خواروو کرد. ئەمانیش لەوەدا بەختێکی باشیان بوو، نەک هەر لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی باش مامۆستایان هەبوو، زۆرتری سەبارەت بەوەی کە یەکێ لە ئەندامەکانیان کە ناوی سامی وخەلکی ئامێدی بوو فرمانبەر بوو لە دایرەی مەعاریف[فەرهەنگ]دا لە سلێمانی وبەشێ لە فرمانەکەشی ئەوە بوو کە ئاگاداریی ئەو جۆرە کتێبانە بکات و کلیلی ئەو ژوورەی کتێبی منالانی تێدا هەلدەگیرا لای ئەو بوو، ئەویش فیداکارانە و لە خۆبوردووانە یەکێ لە ئەندامانی (شانە)کەیان شەوێک بە ئوتۆمبیل دەبا بۆ شوێنەکە و نزیکی نیوەی کتێبەکان دەگوێزێتەوە بۆ مالی خۆیان لەگەل کۆمەلێ قەلەم و کاغەز ودەفتەریش. ئێمەش هەر زوو ئاگاداری ئەودیومان کرد و زۆری پێنەچوو دوو کەسی شارەزا لەوانەی جاروبار بۆ شت کڕین دەهاتنە سلێمانی بە نامەیەکەوە هاتن بۆ لق کە کتێبەکانیان پێدا بنێرین. وەکوو بیرم بێت یەکێ لەو دوو کەسە سەید محەمەدی ئەیووبیان بوو کە داروخانە= صیدلیە)ی هەبوو لە مەهاباد و لە پاشانیشدا کرا بە (وەزیری کاروباری لەشساغی). کەلوپەلەکانمان دایە دەستیان و وەک بیرم بێ لەگەل ئالایەکی کوردستانی لەمەڕ کۆمەلەی «خۆیبوون»وخەریتەیەکی کوردستان کە ماوەیەک بوو لە لوبنانەوە بۆمان هاتبوون. ئینجا تا سەر سنووریش بەڕێمان کردن.

گومان لەوەدا نییە کە ناردنی ئەم شتانە لەوکاتەدا، بوو بە هۆی دەستپێکردنی باش وشارەزایانە لە بلاوبوونەوەی بە کوردی خوێندن و منال فێرکردندا بەتایبەتی کە ئەوکاتە(ژ.ک) چاپخانەی خۆی هەبوو و دەیانتوانی بە پێی پێویست ژمارەشیان لێ چاپ بکەنەوە بەو دەسکارییەشەوە کە بە پێویستی دەزانن.

کە باسی چالاکی و دەوری لقی(ژ.ک)دەکەم لە کوردستانی خوارووردا بە پێویستی دەزانم باسێکی ئەو ڕۆلەش بکەم کە بوویەتی لە نەهێشتنی ئەو گومان و ناحەزییەدا کە سەرکردایەتی دیمۆکرات و قازی محەمەد هەیانبوو بەرانبەر بە مەلا مستەفا و هێزەکەی کە لە پاش شکانیان لە شۆڕشەکەی ۱۹٤۲-۱۹٤٥یاندا کشابوونەوە بۆ ناوچەکەی ئەوان. لێرەدا داوای لێبووردن دەکەم کەوا گرینگیی مێژوویی باسەکە و نەزانراوی لە لایەن زۆربەی خوێندەوارانی کوردەوە ناچارم دەکات کەوا ئەختێ بە وردیش لەم چالاکییەی لقەکەمان بدوێم کە دەستی هەرە درێژی هەبووە نەک هەر لە ڕووداوەکانی تەمەنی دوایی کۆماری جوانەمەرگی مەهابادا بگرە لە چارەنووسی بارزانی خۆیدا و لە هەموو ئەو ڕووداوانەشدا کە لە دوای ئەوەوە بە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان هاتووە لە هەموو کوردستاندا بە گشتی و لە کوردستانی خوارووردا بەتایبەتی بە چاک وخراپییەوە.

لە پاش ئەوەی لە ۱۹٤٥/۸/۲٥ەوە سپای عێراق بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بریتانیا کەوتە پەلامارێکی توند و دڕندانەی ناوچە وهێزی شۆڕشەکەی بارزان، ئەمە وای لە سەرکردایەتی شۆڕش کرد کە بڕیاری شەڕ وەستاندن بدەن و بکشێنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات. لە سەر ئەم بڕیارە لە ۱۱/۱۰/۱۹٤٥دا هێزەکە بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا و بارزانییەکان بە خاوخێزانەوە لە(کێلەشین)ەوە خۆیان گەیاندە ئەودیو کە حکوومەتی عێراق بە خۆ هەلکێشانەوە ئەم خەبەرەی بلاودەکردەوە و هەموو کوردێکی دلسۆز بە گشتی و ئەندام ولایەنگرانی لقی(ژ.ک)(=ح.د.ک)لە خۆشیی بە یەکگەیشتنی ئەم هێزە دلێرە خاوەن تەجرەبەیەی کوردستانی خواروو لەگەل دلاوەرە دلسۆزە گیان لەسەردەستەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات ناخۆشی و شکاندنی شۆڕشی بارزانیان لەبیرچووبووەوە، بە هیوای بەهێزتر وپتەوکردنی خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان لە

مەیدانێکا کە هەلومەرجی سەرکەوتنی تێدا لەبارتر و نزیکتر دەهاتە بەر چاو، کەچی بە داخەوە ئەوەندەی پێنەچوو کە بیستمان بارزانی خۆی وهێزەکەشی(ئافەرۆز کراون) و حیزبی دیمۆکرات و سەرکردایەتی وخەلکەکەش وەک(گلاو)لەگەلیان ئەجولێنەوە و لە خراپترین حالا دەژین نەک هەر سەبارەت بە برسێتی و نەبوونی و رووتوقووتی و بێکەسی و بێ هێوایی و بەس چونکە سەرەرای ئەمانە هەمووشی(رەشەگرانەتێ)شیان تێدا بلاوبۆتەوە و رۆژانە چەند کەسێکیان لێ دەمرد بەو پەتایە و بە دەردی تریش. ئەوەش هەمووی لەبەر ئەوەی کە کاربەدەستان بە چاوی پیاوی بریتانیا تەماشایان دەکەن و دەڵێن: (ئەمانە بە پلانی ئینگلیز هاتوونەتە ئەوێ بۆ ئەوەی خەباتەکەی ئەوان تێکبدەن، بۆیە ئەوانیش گوێیان نادەنێ). لێرەدا دەبێ ئەوە بلێین کەوا مەلا مستەفاش وەک زۆربەی سەرەک عەشیرەتە کوردەکان و تەنانەت هێندێ لە رێکخراوە نیشتمانییەکانیش وەک بەشەکەی (هیوا)ی سەر بە مامۆستا رەفیق حیلمی پێوەندییان بە بریتانیاوە بووە و ئینگلیز خۆی دەیویست ئەم پێوەندییەی بێ و تا دەشیتوانی هەولیدەدا کە ئەپچڕێ بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا کەلک لە هەستی کوردایەتی یا عەشیرەتگەریی یا خۆپەرستییان وەرگرێت بۆ ترساندنی ئەو حکوومەتانەی عێراق کەوا هێندێ جار هەموو داوخوازە ناڕەواکانیان قەبوڵ نەدەکرد. جا بۆیە لە سەرەتای شۆڕشی ٤٢-١٩٤٥ی بارزانەوە بریتانیا پێوەندی لەگەڵ مەلا مستەفادا هەبوو و زۆر رێی تێدەچێ کە ترساندنی تورکیاش کە لەو رۆژانەدا هەلوێستێکی دیاری نەبوو بەرانبەر بە شەڕە جیهانییەکە، دەستی بووبێ لە کارەکەدا. ئەمە هیچ ئەوە ناگەیەنێ کەوا بەڕێز مەلا مستەفا شۆڕشەکەی بۆ ئینگلیز کردووە وپیاوی ئەوان بووە، بگرە زۆرتری ئەوە پێشان دەدا کە مەلا مستەفاش وەک هاوڕێییەکانی کە لە سەرەتادا هەراکەی بە ناوی بارزانەوە دەست پێکرد بە هیوای ئەوە بووبێ کە بریتانیا بۆ راکێشانی بارزانییەکان هەر هیچ نەبێ هێندێک لە داخوازە عەشیرەتییەکانی بۆ جێبەجێ بکا. وە هیچ دوور نەبوو ئەمەشیان بۆ بکردایە ئەگەر لە سەر قسە و بە پشتیوانی لایەنە سەر بە خۆیەکەی هیوا کە لە ١٩٤٤دا، دوای لابردنی مامۆستا رەفیق حیلمی کاریان گرتە دەست، بزووتنەوەی عەشیرەتییەکەی نەکردایە بە شۆڕشێکی نیشتمانی بە سەر کردایەتی خۆی، یا دوای ئەمەش کە داوای راگرتنی شۆڕشیان لێکرد رایگرتبایە، بۆیە هەر دوای ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە لە ئامانج و رێبازی بزووتنەوەکەدا بریتانیا کەوتە دژایەتی مەلامستەفا و تاوانبارکردنی بە پێوەندی پەیداکردن لەگەڵ سۆڤیەت و هاوکاری کردن لەگەڵ (ژ.ک=ح.د.ک)ی دەستکردی سۆڤیەت. بۆ سەلماندنی ئەم تۆمەتانە بە دوژمنانی کومونیزم و داگیرکەرانی کوردستان بەلگەنامەی ساختەی وەکوو «پەیمانی سێ سنوور» و تێلگرافی قازی محەمەد بۆ مەلا مستەفا بۆ چاوپێکەوتنی لە سەر سنوور و گفتوگۆکردن لە بارەی چۆنێتی یەکخستنی خەباتیانەوە و گەلێ شتی دیکەی دەستکردی وایان هێنایە کایەوە، ئەمە جگە لەوەی کە پڕوپاگەندەی زۆر و بێ جێی ئێمەی کورد خۆشمان لە بارەی پشتیوانی کردنی سۆڤیەتەوە لە کۆماری مەهاباد و ئامادەیی بۆ یارمەتیدانی گەلی کورد لە خەباتە رزگاریخوازانەکەیدا، ئەمانە هەموو بوون بە هۆی سەرکەوتنی رەنیی ئەو دوژمنانەی نەتەوەکەمان کەوا هەموو بزووتنەوە و داخوازییەکی کوردیان بە فیتی کومونیزم دادەنا و بە گژداچوونیان کردبوو بە (بەندێ) لە هەموو ئەو پەیمانانەدا کە دژی =کومونیزم= یەکێتی سۆڤیەت) لە نێوان خۆیاندا دەیان بەست، بۆ نموونە (سەعدئاباد).

لە راستیدا ئەمانە بوون هۆ و بەهانە بۆ لێدان و شکاندنی شۆڕشە نیشتمانییەکەی بارزانی و، بە کورد و بێگانەشەوە لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر بریتانیا راستەوخۆ دژی شۆڕشەکە نەبوایە و یارمەتی حکوومەتی عێراقی بەو جۆرە نەدابایە بە هیچ چەشنێ نە مەلا مستەفا و نە هێزەکەی نەدەکشانەوە بۆ ئەودیو و هە رلە سەر خەباتی خۆیان دەڕۆیشتن و بێگومان سەریش دەکەوتن. ئێنجا وەرە بڕوانە ئەم بەختە (ئەم لا) بە تاوانی پێوەندیکردن لەگەڵ (ئەو لا) بێ بەگژتا، کەچی (ئەو لا)ش وەکوو پیاو و کرێگرتەی دوژمنە دەربەدەرکەرەکەت و دوژمنی خۆی تەماشات بکات و لە گەڵت بجوولێتەوە!

کە راستیی دەنگوباسی حالی مەلا مستەفا و هێزەکەی و هاو-کوچەکانیمان بە تەواوی بۆ دەرکەوت، لقەکەمان کەوتە چالاکییەک لە سنووری دەسەلاتی خۆی بە دەریش، جارێ هەر هیچ نەبێ بۆ سووککردنی باری ئەم بەلاگەورە و ئەم حالە ناڕەوایە. بەر لە هەموو شتێ کەوتینە کۆکردنەوەی پیتاک بە هۆی «شانە»کانی لقەوە لە ماوەیەکی کەمدا لە ئەندام و لایەنگر و دۆستەکانمان و خێرومەند و پیاوچاک و دڵسۆزانی شار، پارەیەکی لەچاو ئەوکاتەدا زۆر کۆکرایەوە و بە پەلە بە تەتەرە تایبەتییەکەی خۆماندا ناردمان کە بیداتە دەست مەلا مستەفا خۆی.

ئەوەندەی پێنەچوو کە ئەویش بە «نووری ئەحمەدی تەها»دا، کە یەکێ بوو لە زابتە خەباتکارە کوردە هەرە ئازاکانی ئەو سەردەمە، نامەیەکی تایبەتی نارد بۆمن، تێیدا لەگەڵ سپاسدا بۆ یارمەتییەکەی بۆمان ناردبوون، داوای لێکردبووم کە ئیمزای هێندێک پیاوی ناوداری ناوچەکەمانی بۆ کۆبکەمەوە لە سەر نامەیەک کە دەیەوێت بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەتی بنێرێت و تێیدا داوای ئەوەیان لێبکرێت کە ئەوەی بۆ کوردستانی رۆژهەلاتی دەکەن بۆ کوردستانی خوارووش بکەن. جگە لە مە داوای کردبوو کە هەوڵ بدەین هێندێ پارەی دیکەشیان بۆ بنێرین چونکە حالیان زۆر خراپە. ئێمەش واتە ئەندامانی لق، هەر زوو کەوتینە خۆمان، ئەو ژمارە ئیمزایەی داوای کردبوو لە گەڵ پارەیەکی دوو ئەوەندەی هینەکەی جاری پێشوو کۆکرایەوە و بە کاک نووری دا بۆمان نارد.

پاش ناردنی ئەم نامە و پیتاکە بە مانگێ، خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحموود پێی گوتم کەوا مرحامی «هەمزەعەبدوللا»* کە لە مهاباد بوو، هاتووەتەوە و ئێستە لای منە و دەیەوێ بە پەلە چاوی بە تۆ بکەوێت. منیش شەوێ چووم بۆ مالی شێخ لەتیف و بە دزیەوە کاک هەمزەم هێنایە مالی خۆمان و بەر لە هەموو شتێ نامەیەکی دامێ و گوتی ئەمە نامەی مەلا مستەفایە بۆ تۆ. کە کردمەوە دیم دوو کاغەزی تێدایە یەکێکی بۆ خۆمە و ئەوی دیکە بۆ «بابەعەلی شێخ مەحموود»ە کەوا پیاوێکی جێی باوەڕ و خۆشەویستی زۆربەی خەلک و ئیحتیرام و رێزی کاربەدەستانی حکوومەتیش بوو. وە یەکێکیش بوو لە دۆستە خۆشەویستە بەڕێزەکانی من. خۆشی وەک سیاسییەک ئەوەی لە دەستی بهاتبایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردایەتی، لە باری سەرنجی خۆیەوە درێغی نەدەکرد.

مەلا مستەفا لە نامەکەی مندا نووسیبووی کەوا پارە و نامەکەی وەرگرتووە و داوای کردبوو کە یارمەتی کاک هەمزە بدەم لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا و ئەو نامەیەش بدەم بە شێخ بابەعەلی دۆستم و تکاشی لێبکەم کە بە دڵ هەوڵبدا بۆ بەجێگەیاندنی داخوازییەکانی. منیش کە روانیم

---

* بارێزەر هەمزە عەبدوللا یەکێکە لە خەباتکارە کوردە چەپڕەو و هەرە چالاکەکانی ئەو سەردەمە و لە پێناوی ئەوەدا تووشی گەلێک گرتن و ئازار و دەربەدەری و ئاوارەیی و تەنانەت جنسییەی عێراقی لێوەرگرتنەوەش بووە و هەر لە زانکۆی حقووقی بەغداوە دۆستێکی زۆر خۆشەویست و جێی باوەڕی من بووە.

**☐ بۆ نامەکەی مەلا مستەفا و گەیاندن و نەگەیاندنی بە شێخ بابەعەلی، هەر زوو داوای کۆبوونەوەی (لێژنەی کارگێڕی لق)م کرد.**

نامەکە دانەخراوە لە پێشەوە هەروا چاوێکم پێداخشاند کە دیم چەندە گرینگە کەوتمە بە وردی خوێندنەوەی. بەکورتی ئەمە داخوازییەکانی مەلا مستەفا بوو، داوای لە بەڕێز بابەعەلی کردبوو کە هەوڵی بۆ بدا لە لای«وەصی عەبدولئیلا»: ١) ڕێگا بدرێ بە بارزانی یە ئاوارەکراوەکان کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ٢) ئەو (٣٥)کەسەیان کە پاش ملە بە لە(سێدارەدان) حوکم دراون، حوکمەکانیان بکرێ بە (ئەبەد=زیندانی تا مردن). ئەگەر ئەمانە جێبەجێ کران، ئەویش بەڵێن دەدا کە بگەڕێتەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە گەڵیدان و بەوانەشەوە کە حوکمیان لەسەرە، خۆی و ئەوانیش ئامادەن بچنە بەندیخانەوە و هەتا بڕانەوەی حوکمەکانیان تێیدا بمێننەوە و لەمە زیاتر هیچ شەرت و داخوازییەکی دیکەی نییە و موحامی هەمزە عەبدوڵلاش وەکیلی گشتی ئەوە و دەتوانێ بە ناوی ئەوەوە هەموو قسە و کارێک بکات.

کە نامەکەم خوێندەوە لە پێش هەموو شتێکدا ئەو پەرێشانی و حاڵخراپییەم هاتە بەرچاو کە یەکێکی وەک مەلا مستەفای وا لێکردبێ کە ناچار بێ بەو چەشنە سەر بۆ دوژمن دابنوێنێ و ژیانی ناو زیندانەکانی ئەمانی لا خۆشتر بێ لە ژیان لە کوردستانی گوایە ئازاددا! لەپاش ئەمە ئەنجامی ئەم بەسەرشۆڕی هاتنەوەیەم لێکدایەوە کە هیچ نەبێ لە ڕووی ورە و ناوبانگەوە چ کارێک دەکاتە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان لە هەموو لایەکدا بە گشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی، ئەوەش لە کاتێکدا کە چ ڕژێمی شاهی خۆی و چ ئیمپریالیزمی پشتیوانیشی بە هەموو جۆرێک تەقەلا دەدەن بۆ پوچەڵکردن و لەناوبردنی ئەو کۆمارەی بە درێژایی ساڵەهای ساڵ ئاوات وئامانج و خۆشترین خەوی هەموو کوردێکی دڵسۆز بووە. سەرەڕای ئەمە هەلێکیش بۆ ڕژێمی شاهی ئێران هەڵدەخات کە ژمارەیەکی زۆرتر لە سەرەک عەشیرەت و پیاوە ناودارە تۆقاوەکان لە کۆمارەکە دووربخاتەوە و بنکۆڵی بکات.

بەبێ ئەوەی لەگەڵ کاک هەمزە باسی ئەمانە بکەم، لێم پرسی کەوا ئیشەکانی ئەو چین؟ گوتی:«لە ئەنجامی ئەو نامەیەدا کە کاک نووری هێنابوویەوە بە ئیمزای کۆمەڵێ ناودارانی کوردی ئەمدیووە، سۆڤییەت ڕێنیی وایە کە ئێمەش، واتە کوردی کوردستانی خوارەوو، پارتییەکی دیمۆکراتی دابمەزرێنین لە سەر شێوە و ڕێبازی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئەودیو، بەناوی«حیزبی دیمۆکراتی کورد»ی عێراقەوە بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی و ئەو منی ناردووە کە وتووێژ لەگەڵ هەموو ئەو ڕێکخراو و هێزە کوردییانەدا بکەم کە خەریکی سیاسەتی کوردایەتین و داوای هاوبەشییان لێبکەم و منیش وەکوو خۆت دەزانی، ئەو سەربەستی هاتوچووکردنەم نییە کە بتوانم خۆم بەم کارانە هەستم بۆیە مەلا مستەفا ئەم کارەی بە تۆ سپاردووە کە چاوپێکەوتنی ئەو خەڵکەم بۆ ڕێکبخەیت. دیارە کە ئێوەش واتە لقەکەتان، بەشداریی ئەم پارتییە تازەیە دەکەن».

منیش لە وەراما ئامادەیی خۆم پێشاندا بۆ بەجێگەیاندنی هەر کارێ لە منی دەوێت بۆ چاوپێکەوتنی ئەو لایەنانەی حەز دەکات قسەیان لەگەڵ بکات. بەڵام بۆ بەشداریی لقەکەمان ئەمە بە دەست نەک هەر من، بە دەست لقەکەشمان نییە، چونکە پێویستە بڕیاری ئەوە لە پێشەوە لە لایەن سەرۆکایەتی حیزبەکەمانەوە بدرێ و دوای ئەو بەپێی بڕیاری لقەکەمان پێکبێت. کاک هەمزە بەمە ڕازی بوو، وە کاغەزێکی دیکەی دامێ و گوتی ئەمەش نامەی کاک عیززەت عەبدولعەزیزە ناردوویەتی بۆ ئەمین زەکی بەگ و نامەکە دانەخراوە دەتوانی بیخوێنیەوە و ئەوسا چۆنی بە باش دەزانی وا بینێرە بۆی. کە سەیری نامەکەم کرد، دیم ئەویش هەر لە بارەی داخوازییەکانی مەلا مستەفایە کە تکای لە ئەمین زەکی بەگ کردووە کەوا چی لە دەست دێ بیکا بۆ ئەوەی حکوومەتی عێراق داخوازییەکانی مەلا قەبوڵ بکات و ڕزگارییان بێت لەوحاڵە ناخۆشەی تێیدان.

بۆ نامەکەی مەلا مستەفا و گەیاندن و نەگەیاندنی بە شێخ بابەعەلی، هەر زوو داوای کۆبوونەوەی (لێژنەی کارگێڕی لق)م کرد. لە کۆبوونەوەکەدا دوای وتووێژێکی ورد هەموومان گەیشتینە ئەو ڕەئیەکەوا گەیاندنی زۆر خراپە، چونکە هیچ گومان لەوەدا نییە کە چ بریتانیا و چ حکوومەتی عێراقیش بەو پەڕی خۆشییەوە داخوازییەکانی مەلا مستەفا قەبوڵ دەکەن و ڕێی تێدەچێ کە لەوە زۆرتریشی بۆ بکەن. چونکە بە تیرێ دوو نیشان دەشکێنن، یەکەم کۆمارە ساواکەی پێ لاوازتر دەکەن کەوا بووە بە مۆتەکەی سەر سینگیان. دووەم ئابڕووی کورد ومەلامستەفا و شۆڕشەکەی پێ دەبەن بەشایەتی و کرداری سەرکردەی شۆڕشەکە خۆی و شۆڕشگێڕەکانی. جگە لەمە، گەڕانەوەی مەلا و خەڵکەکەی لە گەڵیدان بەو جۆرە پڕ سەر شۆڕی و پەشیمانییە سەبارەت بە نەک یارمەتی نەدان، داڵدە پێ نەدانیشیان لە بەشێکی تانەندازەیەک ئازادکراوی کوردستاندا، پووچەڵی و ناڕاستی کوردستانێتی و ئامانج و ئاواتی بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانمان دەخاتە ڕوو و دەبێتە بەڵگەیەکی گرینگیش بۆ دوژمنەکانمان کە هەمیشە دەیڵێن وەدەیڵێنەوە کە کورد نە نەتەوەیە و نە هیچ، بریتین لە چەند عەشیرەتێکی پچڕپچڕی دژ بە یەک و هەروا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین، دەبێ وەکوو بوون و هەن هەرواش بهێڵرێنەوە.

بۆ ئەوەی چارەیەکی ئەم بەلایە بکەین، پێشەکی بڕیارماندا کە نامەکە نەدرێ بە شێخ بابەعەلی و هەر باسیش نەکرێ لای کەس. ئینجا بکەوینە چالاکی لە دوو ڕێگاوە یەکێکیان ئەوەبوو کە لقەکەمان نامەیەک بنووسێ بۆ سەرۆکایەتی حیزب لە مەهاباد و تێیدا ڕەئیی ڕاست و ئاشکرای خۆی و خەڵکیش دەربڕێ بۆیان بەرانبەر بەو بوختانانەی لەودیو بە مەلا مستەفا دەکرێ و، ئەو تۆمەتانە بە درۆ بخاتەوە کەوا لە ڕووی نەزانی یا دوژمنایەتییەوە بەرانبەر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی

نەتەوەکەمان دەخرێنە ئەستۆی مەلا وهێزە خەباتکارەکەی کەوا لە پارچەیەکی کوردستانی ژێر دەستەوە زوڵم وزۆری و دڕندەیی داگیرکەر ناچاری کردوون بچنە پارچەیەکی ئازادکراوی نیشتمانەکەیان هەروەها بۆشیان بنووسرێت کە ئیمڕۆ بەڕێز مەلا مستەفا وەک قارەمانێکی نیشتمانی ناوی دەهێنرێ لەم بەشە کوردستانەی ژێر دەستی بریتانیا و عێراقدا. بۆیە هەر ڕەفتارێکی ناشیرین بەرانبەر بە خۆی یان هێزەکەی بکرێت لە هەر لایەکەوە بێ وەک ئەوە وایە کە بەرانبەر بە هەموو کوردێکی ئەمدیو و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی کرابێ کە ئەمەش کارێکی زۆر خراپ و زیاندار دەکاتە سەر ناوبانگ و خەباتی حیزب و لقەکەمان لەم کاتە ناسکەدا کە بزووتنەوەی نەتەوەکەمانی پێدا تێدەپەڕێ. جا سەبارەت بەم هۆیانە بە ئەرکێکی نیشتمانیی سەر شانی سەرکردایەتی حیزبەکەمانی دەزانین کە نەک هەر ماوەی هیچ جۆرە کارێکی پڕزیانی وا ئەندات، دەبێ

⬅

لەگەڵ مەلا مستەفا و هێزەکەی دەستیش بخەنە ناو دەست و شان بە شانی یەک خەبات بکەن بۆ پاراستنی کۆمارە ساواکەمان و گەشەپێکردن و سەرخستنی بزووتنەوە نەتەوەییەکەمان کە ئاوات وئامانجی هەموو کوردێکی دڵسۆزە لە گشت پارچەکانی کوردستانا و بە کوێرایی چاوی دوژمنەکانمان کەوا بە درێژایی مێژوویەکی لە چەکە کاریگەرەکانیان دژی کورد، لە یەک دابڕین و بەگژ یەکتریدا کردنمان بووە.

ڕێگەی دووەم کە گرتمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان ئەوەبوو هەوڵ بدەین کە ئەوەندەی بتوانین ئیمزای پیاوی ناودار و سەرۆک عەشیرەت و خەباتکار و کوردی دڵسۆزی ناسراو لە نامەیەکدا کۆبکەینەوە کە تێیدا نووسرابێ کەوا بەڕێز مەلا مستەفای بارزانی نوێنەر و سەرۆکی خەباتکارانی ئەمدیوە و شۆڕشەکەی لە پێناوی مافە ڕەواکانی کوردا بووە و خۆی وهێزەکەی جێی باوەڕ و سەرچاوەی هیوای ئێمە و هەموو کوردێکی دڵسۆز بوون و، ئەم نامەیە ڕاستەوخۆ بنێردرێت بۆ سەرۆکی دێمۆکرات بەڕێز قازی محەممەد و تکای لێبکرێت کە لەم باری سەرنجەوە بڕوانێتە مەلا مستەفا خۆی وهێزەکەی و وەهاش لەگەڵیان ڕەفتار بکەن. هەروەها بۆ پتەوکردنی کۆمارەکەش کەڵکیان لێوەربگیرێت و باوەڕ بە بوختان و تۆمەتی درۆی دوژمن و ناحەزانی نەتەوەکەمان نەکەن.

چەند نامەیەکمان بەم چەشنە قسانە پڕکردەوە و ئیتر بە ئەندام و لایەنگر و دۆستانی لقەوە بە نهێنی کەوتینە کۆکردنەوەی ئیمزا، لە ماوەیەکی کەمدا توانیمان ئیمزای ژمارەیەکی باش لە ناودار و ڕۆشنبیر و خەباتکار و مەلای مزگەوت و سەرۆک عەشیرەت و کوردپەروەرە ناسراوەکان کۆبکەینەوە نەک هەر لە لیوای سلێمانی، لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی خواروو و لە بەغدادیش. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کەوا شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر، کە دۆستێکی نزیکی لقەکەمان بوو لەم ئیمزا کۆکردنەوانەدا یارمەتییەکی باشی داین بەتایبەتی بۆ ئیمزای ئەو سەرەک عەشیرەت و ناودارانەی کە خۆیان لەم جۆرە شتانە لادەدا و بۆ یەکێکی وەکوو ئەو نەبوایە ئەو نامەیان ئیمزا نەدەکرد.

ناردنی ئەم نامەی پاکانە و پشتیوانی و ڕێز گرتنە لە بارەی مەلا مستەفا و خەباتکارەکانەوە کە لە گەڵی بوون، بۆ قازی محەممەد، بە ئیمزا و ناوی ئەو کۆمەڵە خەڵکە ناودار وناسراوانەوە لەگەڵ نامەی لقەکەمان، لەوکات و هەلومەرجە نالەبارەدا کە کۆماری مەهاباد تێیدا بوو، کەوا لەلایەکەوە بریتانیا و ئەمریکا بە توندی دژی بوونی کۆمارەکە بوون و بە هەموو جۆرێک پشتیوانی حکوومەتی شایان دەکرد و یارمەتی هێزەکەیان دەدا بۆ لەناوبردنی کە بە سەرەتای کۆمارێکی یەکگرتووی کوردستانی سەر بە سۆڤیەتیان دادەنا. پەیتا پەیتاش داوایان لە سۆڤیەت دەکرد کە وەک لەسەرەتاوە بەڵێنیان داوە ئەویش وەک ئەمان هێزەکانی خۆی لە خاکی ئێران بکێشێتەوە. لەلایەکی تریشەوە «قەوامولسەلتەنە» سەرەک وەزیرانی ئێران بە بۆنی نەوت سۆڤیەتی سەرخۆش کردبوو و ، ئەویش بەڵێنی دابوو کە لە مانگی مایسی ١٩٤٦دا لەشکرەکەی لە ئێران بباتە دەرێ ودەست نەک هەر لە «**کۆماری مەهاباد**»هەڵگرێ کە هیچ پشتیوانییەکی ئەوتۆشی لێنەکردبوو، بگرە واز لە پاراستنی کۆمارە ئازەربایجانییە ئازادەکەی«**باقرۆڤ**»یش بهێنێ کە خەوی بەوەوە دەبینی لە دوارۆژێکی نزیکدا لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەتی بیانکات بە یەک.

لەبەر ئەم هۆیانە، ئەم دوو نامەیە بەتایبەتی ئەوەیان کە ئیمزای خەڵکەکەی لە سەربوو کەڵکێکی یەکجار باش و دەستێکی زۆر درێژیشیان بوو، نەک هەر لە ڕەواندنەوەی تەمی گومان و بێباوەڕیدا بەرانبەر بە مەلا مستەفا و هێزەکەی، بووش بە بەردی بناخەی یەکێتی و پشت بەیەکبەستن لەو خەباتە سەختەدا کە لە پێشیان بوو لە پێناوی پاراستنی کۆمارەکە و دەستخستنی مافەڕەواکانی دیکەی نەتەوەکەماندا. ئەم مژدە خۆشەی ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن و یەکگرتنەوە بە هەر زوو لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبووەوە. تەنانەت تەتەرەکەی نێوان مەلا مستەفا وکاک هەمزە کە ناوی (سەعید)بوو لە مەهابادەوە بە پەلە هاتەوە بە مژدەی ڕێککەوتنەوە و گوتی کەوا پێشەوا(٤٥٠) تفەنگی برنەوی داوە بە مەلا مستەفا کە بەشی کات بە سەر هێزەکەیدا. نەک هەر ئەمە وەک بەڵگە مەلا مستەفا لەوچەکانە برنەوێکی ژمرە ١٧ی بە دیاری ناردبوو بۆ کاک هەمزە لەگەڵ چەند فیشەکێکدا. منیش بەمە لەگەڵ هەموو دڵخۆشبوونەکەشما ئەختێ شپرزە بووم لەوەی کە چۆن ئەم تفەنگە بشارمەوە. لە پاشان ئەختێ بە ئەقڵی خۆم پێکەنیم و گوتم: ئەوە شڵەژانی بۆچییە؟! چۆن هەمزەت شاردووەتەوە واش تفەنگەکەی بشارەوە خۆ ئەم لەو مەترسی زیاتر نییە.

پاش ئەمە ئەوەندەی نەخایاند لە گۆڤارەکانی مەهاباددا خوێندمانەوە کەوا لە ئاخری مانگی مارتی ١٩٤٦دا مەلا مستەفا کراوە بە یەکێ لە چوار جەنەراڵەکەی لەشکری کۆماری کوردستان.

ئەمە وا، بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکەی تری مەلا مستەفا لە بارەی یارمەتیدانی کاک هەمزەوە بۆ دروستکردنی حیزبی دێمۆکراتی کورد، دوای ئەوەی بۆ چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ ئەوانەی دەیویست، هەرچیم لە دەست هات بۆم کرد(پاش وەرگرتنی ڕەئیی لیژنەی کارگێڕی لقەکەمان). کە لە کارەکانی سلێمانی و دیتنەکانی خەڵک بووەوە، بە دزییەوە بە ئوتۆمبیل بردیشم بۆ بەغدا بۆ ئامادە بوون لە یەکەمین کۆنگرەدا کە بۆ دامەزراندنی «پارتی دێمۆکراتی کورد»پێکهێنرابوو. جا لەبەر ئەوەی لام وایە باسکردنی ئەم چالاکییانە لە سنووری ئەم وتارە بەدەرە، بۆیە لێرەدا دەیبڕمەوە و تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە من لە کاتی بە کوردیکردنی پرۆگرامە کورتەکەی حیزبا کە کاک هەمزە بە عەرەبییە جوانەکەی خۆی نووسیبووی، وشەی «حیزب»م بە ڕەزامەندی ئەو کرد بە «پارتی» کە لە پاشان بوو بە ئازناوی حیزبەکە.

ئینجا با بێمە سەر باسی لایەنێکی دیکەی پێوەندیی لقەکەمان لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبدا.

وەک لە سەرەتاوە گوتم هۆی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لقەکەمان لە دەوری کۆمەڵەی(ژ.ک) چەشنی دامەزراندن و کەسایەتی دامەزرێنەرەکانی و ئەو بیروباوەڕەی نەتەوایەتی و ڕێبازە دێمۆکراتییە بوو کە لە ڕێکخراوە کوردییەکانی تا ئەو سەردەمە و ئەم سەردەمەشی جیا دەکردەوە. کە ئەم جیاوازییە تایبەتە خۆییانەی(ژ.ک) ترسی دووبارەبوونەوەی هێندێ لەو کەموکوڕییە گرینگانەی تا ئەندازەیەک دەڕەوانەوە کە بووبوون بە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو تەقەلایانەی خەباتکارانی کورد داویانە دژی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان. سەرەڕای ئەمە، بەپێی کات وشوێنی دامەزراندنەکە هیوای ئەوەی دەخستە دڵی هەموو کوردێکی نەتەوەپەرستەوە کەوا لەماوەیەکی کەمدا بتوانرێت ئەوەندە گەشەی پێبکرێ کە ببێ بە بنچینەیەکی پتەو بۆ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی جەماوەری لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا کە نەک هەر بە چەک بە ئەقڵ و سیاسەتیش بکەوێتە خەبات بۆ ڕزگارکردنی وڵات ودەستخستنەوەی مافە ڕەواکانی و وەک گەلانی ئازادی دیکەی دنیا دەوڵەتی دێمۆکراتی و ئاشتیخوازانەی خۆی دابمەزرێنێ و ببێ بە ماکی برایەتی بۆگەلانی دراوسێ بەتایبەتی و گەلانی ناوچەکەش بەگشتی. ئەمە بوو خەون و ئاواتی ئەندامانی لقەکەمان. بەڵام دوای ئەو ڕووداوانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک بوونی بەڕێز قازی محەممەد بە ئەندامی (ژ.ک) و گۆڕینی (ژ.ک) بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر قسەی «باقرۆف» و گەیشتنی

**❑ ماوەیەک بوو، لقەکەمان بیری لەوە دەکردەوە کە چەند ئەندامێکی بنێرێ بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە حاڵەکە ببینن و باشتر لێی شارەزابن...**

دەنگوباسی جیا جیا بە لق، چ لە لایەن سەرکردایەتی و چ لە لایەن خەڵکی ترەوە، ئەمانە کارێکی گرینگیان کردە سەر لقەکەمان؛ هێندێ ئەم گۆڕانکارییانەیان بە پێشکەوتن وسەرکەوتن دادەنا بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە بە ئامۆژگاریی سۆڤیەت کراوە. هێندێکی دیکەشمان دەیانگوت کە ئەم ڕووداوانە پاشەکشەیەکی تەواون لەو بیر و باوەڕە شۆڕشگێڕانەی کەکۆمەڵەی(ژ.ک)یان لەسەر دامەزراوە و، بەمجۆرە (ژ.ک)یش دەبێ بە یەکێ لەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە تا ئێستە بوون و هەن، بە هەموو ئەو کەموکوڕییانەوە کە هۆی هەرە گرینگی سەرنەکەوتنی خەباتەکەیان بوون و هەر لایەنەش پەنای دەبردە بەر بەڵگە و بیروڕای ئەملا و ئەولا بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆی. بەمە سەریان لە هەموومان شێواندبوو.

ماوەیەک بوو، لقەکەمان بیری لەوە دەکردەوە کە چەند ئەندامێکی بنێرێ بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە حاڵەکە ببینن و باشتر لێی شارەزابن و لەبارەی چالاکییەکانی لقەکەمانەوە قسە لەگەڵ سەرکردایەتی بکەن. بەڵام هەر جارە کۆسپێ دەهاتەپێش ناردنیان تا پەیدابوونی ئەم بەنگوباوانە، ئیتر چارمان نەما، بڕیارماندا کەوا مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس و کاک عوسمان دانش بنێرین بۆ ئەودیوتا بە هەموو ئەو ئەرکانە هەستێ و لە ڕاست و درۆی ئەم بەنگوباوەش بکۆڵنەوە و بە چاوی خۆیان ئەنجامی چاک و خراپی ئەو گۆڕانە ببینن کە لە (ژ.ک)دا کراوە. جگە لەمە مامۆستا شاوەیس داوای لە لیژنەی لق کرد کە سەربەستی ئەوەشی بدرێتێ کە لە مەهاباد لێپرسراوی سۆڤیەت و لە تەوریزیش(کۆنسوول)ەکەیان ببینێ. جا ئەگەر بۆشیان دەرکەوت کە ئەو گۆڕانکارییەی لە (ژ.ک)دا کراوە پاشەکشەیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، ئەوسا ڕەئی سۆڤێتەکان وەرگرێت لە بارەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی خاوەن بیر وباوەڕێکی شۆڕشگێڕانەوە لە سەر بناخەیەکی جەماوەری لە کوردستانی خوارووودا بە ناوی(ک.ک.ک)ەوە واتە **«کۆمەڵەی کومونیستانی کوردستان»**. لیژنەکە بەگشتیی دەنگ ئەمەشی پەسند کرد و ئەوانیش کەوتنە ڕێ بەرەو مەهاباد.

مانگێکی پێنەچوو، مامۆستا شاوەیس گەڕایەوە، بەپێی بڕیاری لیژنەی لق، لە پێشدا منی بینی کە باسی سەفەرەکەیم بۆ بکات تا بڕیار بدەین چۆن وچەندی بە ئەندامانی لق و بنکەکانمان ڕابگەیەنین. منیش بەر لە هەموو شتێ هۆی نەهاتنەوەی کاک «عوسمان دانش»م لێپرسی، لە وەرامدا گوتی: لەبەر ئەوەی دەنگوباس وای دەردەخات کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دامەزراندنی کۆمارەکەی زۆر نزیک بۆتەوە و ئەمیش لە بەر هێندێ هۆی تایبەتی کە ئێمەش دەمانزانی، نەیتوانیوە خۆی بێنێتەوە تا ئەم ڕووداوە گرینگ و خۆشانە ببینێ، بۆیە دانشی لەوێ هێشتووەتەوە تا لە باتی لقەکەمان لە کۆبوونەوە و ئاهەنگ و بەزمەکاندا بەشداریی بکا و ببینێ چۆن ئەو خەونە هەرە خۆشەی نەتەوەکەمان دێتە دیی. دانشیش ئەمەی زۆر پێخۆش بووە. لە باسی بارودۆخی ناوچەکەدا، وەک بیرم بێ گوتی: «خەڵک بەگشتی حاڵەکەیان لاخۆشە و قازی محەمەد ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆری جەماوەری هەیە. وە لەچاو کەمیی ماوەو بێ تەجرەبەیی خەڵکەکەشدا، لە زۆر ڕوودوە لە بەڕێوەبردنی کاروباریدا پێشکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو دەبینرێت کە شایانی شانازییە بەتایبەتی لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی و کولتووری و فێربوونی نووسین وخوێندنەوەی کوردی و هەڵکەوتنی شاعیر و ئەدیبی نیشتمانپەروەری دڵخۆشکەر».

لێرەدا ئەوەشی گوت: کە ئەگەر بە چاوێکی ڕۆشنبیرانە و نەتەوەیی تەماشای ئەنجامی گۆڕینەکانی کۆمەڵە بکەین، دەبینین بزووتنەوەکە وەک ڕێکخراوێکی جەماوەری کوردستانی نەماوە، هەستی (ناوچەیی) لە برەو دایە و هەموو دەسکەوت و دەسەڵات هی ئەو کەسانەیە کە ئێمە پێیان دەڵێین کۆنە پەرست. سەرکردایەتیش ئەم حاڵەی بە دڵە، هێندێ لە دامەزرێنەرەکان و ئەندامە دڵسۆزەکانی پێشووی کۆمەڵەی لێدەرچێ کەسێکی وای نەدیوە کە نارەزایی دەربڕێ یان تاریکبینانە بڕوانێتە دوارۆژی کۆمارەکە وبزووتنەوەکەیان.

لە بارەی چاوپێکەوتنی نوێنەرانی سۆڤیەتەوە کە ئەمە بە لای هەردووکمانەوە لە هەموو شت گرینگتر بوو لەوکاتەدا، گوتی کەوا لە مەهاباد کەسی نەدیوە، چونکە گوتوویانە کە ئەوێ هەر پیاوێکی لێیە ئەویش بە ناوی وڵاخکڕەوە بە ناوچەکەدا دێت و دەچێت و ئەو کاتە ئەویش لەوێ نەبووە. بۆیە ئەمیش چووەتە (تەوریز) کە باش بووە لەوێ بە یارمەتی نوێنەرانی دیمۆکرات توانیویەتی دانیشتنێکی تایبەتی لەگەڵ(کۆنسوول) بکات و تێیدا زۆر بە سەربەستی و ئاشکرا لە بارەی کورد و کوردستان و ڕێکخراو و حکوومەتە داگیرکەرەکان و سیاسەتی بریتانیا و ئەمریکاوە بەرانبەر بە کورد ئەوەندەی ئاگادارە قسەی بۆ کردووە، ئەویش لە پاش گوێگرتنێکی باش وەدەربڕینی خۆشیی بەرانبەر بە سەربەستیی و ڕێکوپێکی قسە و بۆچوونەکانی پێی گوتووە: «کە یەکێتی سۆڤیەت ئەوە باش دەزانێ کە کێشەی کورد یەکێکە لەو کێشە گرینگانەی کە بێ چارەسەرکردنی دۆستانە ناتوانرێت ئاشتی و ئاسایشت بپارێزێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام کێ دەڵێ ئەو حکوومەتانەی پارچەکانی کوردستانیان لە ژێر دەستدایە و ئەو دەوڵەتانەش کە پشتیان دەگرن ئاشتی وئاسایشتیان دەوێت. بەپێچەوانە بە ئاشتی و ئاسایشت داگیرکەرەکان بیانووی هێشتنەوەی حوکمی دیکتاتۆریی عەسکەرییان نامێنێ وەدەوڵەتەکانی وەک بریتانیا و ئەمریکاش پشتگیری و دۆستایەتییەکەیان، کە لە بنەڕەتدا بۆ پاراستنی دەسکەوتی خۆیانە ئەو بایەخ و نرخەی نامێنێ بۆیە ڕژێمە سەرمایەدارییەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و حکوومەتە بورژوازییە نۆکەرەکانیشیان لە ئاشتی و ئاسایش زەرەر دەکەن لە بەر ئەمە ئەگەر مەترسی شەڕ و ئاژاوەی دوژمنایەتیش نەمێنێ ئەوان خۆیان دروستی دەکەن وەدەشی ئاخننە مێشکی خەڵکەکەشەوە بە پڕوپاگەندە و درۆ و دەلەسە. وەکوو ئەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت، هەمیشە وەک دوژمنی ئازادی گەلان و ئاشتی جیهان ناو دەبەن و باس دەکەن بۆ بەرگری ئەو مەترسییەی بە درۆ و دەسکردەش پەیمانی هاوکاری و پشتگیری لەگەڵ حکوومەتەکانی دنیا دەبەستێ بەتایبەتی لە ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتدا، وە دەیگوت هەر لەبەر ئەمە کێشەی کوردیش دەبەستێ بە ئێمەوە و ئەوەتە هەموو جووڵانەوەیەکی ئێوە، لە هەر پارچەیەکی وڵاتەکەتان ڕوویدات بەفیت و دەسکردی ئێمەی دادەنێن. جا لەبەر ئەمە ئەو هیچ بە باشی نازانێ کە ئێمە خۆمان بەڵگەیان بدەینە دەست بە دامەزراندنی کۆمەڵەی(ک.ک). باشتر ئەوەیە کە پارتییەکی دیمۆکراتی ئاشتیخواز پێکەوە بنێن و ئیتر ئەوەندەش باسی دەوڵەتی کوردستانی گەورە نەکەین، تەنیا داوای مافی کولتووریی

نەتەوەیی و جۆرە ئۆتۆنۆمییەک بکەین بۆ ئەوەی بە ئاشتی و برایانە وەک خەڵکی دیکەی وڵاتەکان شان بەشان و بێ جیاوازیی پێکەوە بژین. هەرچۆنێک بێ زۆر مەفرێ، کێشەکەی ئێوە زۆر ئاڵۆزتریشە لەوەی کە خۆتان بۆی دەچن و بە چەک نە بە ئێوە و نە بە حکوومەتە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەشتان چارە سەر ناکرێ». وە ئەوەشی گێڕایەوە: «کە کۆنسوول دانی بەوەشدا ناوە کە سۆڤیەت وەک پێویست یارمەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردی نەداوە و پاکانەی بۆ ئەم هەڵوێستەیان کردووە کە زانیویانە کێشەکە بەوان چارە ناکرێ بەپێچەوانە دەست تێخستنی ڕاستەوخۆی ئەوان دەبێ بە هۆی ئاڵۆزترکردنی کێشەکە و گرانترکردنی چارەکردنی».

قسەکانی مامۆستا ئیسماعیل شاوەیس ناڵێم سەدی سەد، بەڵام دڵنیام لەوەی لەو چوارچێوەیەدا بوون کە بۆی گێڕامەوە. لەبارەی چۆن و چەند گێڕانەوەیەوە بۆ ئەندامانی لق لێی پرسیم، پێمگوت خۆی سەربەست بێ لە گێڕانەوەی بۆ لق، بەڵام بڕیاری ئەوەش بدەین کە بە هیچ جۆرێک و لای کەس باسی نەکرێت و هەر لەناو خۆیاندا بمێنێتەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی کۆبوونەوەی لقمان هەبوو، مامۆستا شاوەیس بە چەشنێکی گەلێ کورتکراوەتر لەوەی من چاوەڕوانم دەکرد سەفەرەکەی بۆ لێژنەی کارگێڕ باسکرد و لێژنەکەشمان بڕیاریدا کە هەر بە ئەندامەتی دێمۆکرات بمێنەوە وەک پێشوو و چاوەڕوانی ڕووداوی تر بکەین.

یەکدوو مانگ پاش ئاڵاهەڵکردن و دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان، کاک عوسمان دانش هاتەوە بە کۆمەڵێک ڕۆژنامە و هەفتەنامە و قسەوباسی ئەو ماوەیەوە کە لەوێ بووبوو، بەڵام ئەوەندە دڵی خۆش بوو بە هەڵکردنی ئاڵا و دامەزرانی کۆماری کوردستان کە نەک هەر خۆی بە هیچ جۆرێ و لە هیچ ڕوویەکەوە ڕەخنەی لە بارودۆخی ئەودیو نەدەگرت و دەشچۆوە بە گژ دەمی ئەو کەسەدا کە لەوبارەوە دەدوا و قسەیەکی دەکرد، یا پرسیارێکی لێدەکرد، ئەوەندە کوردێکی دڵپاک بوو.

لە دوایی ئەم قسانەدا، دەمەوێ بە کورتی باسی هەڵوێستێکی سەرکردایەتی بکەم بەرانبەر بە چالاکییەکی لقەکەمان کە پێوەندی بە پاراستن و پشتیوانی کۆمارەکەمانەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە: وەک باسم کرد لق بە هەموو جۆرێک و لە هەموو ڕێیەکەوە تێدەکۆشا بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و پاراستنی دەسکەوتەکانی، وە ئەوەبوو وەک گێڕامەوە ئاکۆکی مەلا مستەفا و سەرکردایەتی بە تەقەلای لق بەو چەشنە باش و برایانەیە چارەکرا، ئێمەش هەر دوای ئەو سەرکەوتنە کەوتینە چالاکی بۆ هاندانی خەڵک، بۆ چوونە ئەودیو بۆ پاراستنی کۆمارە ساوا ئازدارەکەمان، ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو کوردێکی پاک ودڵسۆز خۆی لە خۆیدا بە بێ هاندان و قسەلەگەڵ کردن ئاواتەخوازی بەشداریکردن بوو لەو فرمانە نیشتمانییە پیرۆزەدا، بۆیە پاش ماوەیەکی کەم بە نامەیەک سەرکردایەتیمان ئاگادار کرد کەوا نزیکەی (٥٠٠) سەرباز و پۆلیس و خەباتکاری ئەمدیو لەگەڵ ١٥، ٢٠ ئەفسەر بەوەندە چەکەوە کە پێیان هەڵگیرێ ئامادەن بێنە لاتان بۆ خۆبەختکردن لە پێناوی پاراستنی کۆمارە کەماندا، کۆماری هەموو کورد و ئاڵای ڕزگاریی هەموو کوردستان، ئەمە جگە لە ژمارەیەک مامۆستا و چەند دوکتور و برینپێچیش. کەچی پاش ماوەیەکی کەم نامەیەکمان بە پەلە بۆ هات کە تێیدا دەڵێن نابێ هیچ چەکدارێک بێ بەمدیوا، چونکە پێویستییان بە هێز نییە و خۆیان ئامادەن ودەشتوانن کە (کۆمارەکەیان) بپارێزن. تەنیا دوکتوریان پێویستە، ئەگەر دوکتورەکان بچن، ئەوان مانگانەشیان دەدەنێ. کە ئەم نامەیەمان وەرگرت ئەوانەشمان کە باوەڕیان بە کوردستانێتی و نەتەوەیی بزووتنەوەکەی ئەودیو مابوو، ئەوانیش

هەڵگەڕانەوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی ئەم نامەیەدا کە ناچاربووین بەو خەڵکەی بگەیەنین کە دەیانویست بچن بۆ خزمەتی کۆمارەکەیان، قاو داکەوت کەوا کاربەدەستانی ئەودیو گوتوویانە خۆ ئێمە ئەم کۆمارەمان بۆ ئەوە دروست نەکردووە کە بیدەینە دەست خەڵکی ئەودیو و خۆشمان ڕەنج بەبابێن. ئەگەرچی هێندێ کەس هەوڵی بەرگری و بە درۆخستنەوەی ئەم جۆرە قسانەی دەدا بە وەی کە پێیان دەگوتن ئەو برایانە کە ڕازی نەبوون هێزی چەکدار لەم دیوەوە بچێتە ئەودیو لە ترسی ئێران و ئینگلیس و ئەمریکایە چونکە ئەوان هەموویان دوژمنی کۆمارەکەن و بە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانی گەورەی دادەنێن، جا ئەگەر ئەمان بهێڵن هێزی چەکدار لای ئێمە بچێتە ئەودیو بۆ پاراستنیان ئەوە ڕاستیی بۆچوونەکەی ئەوان زیاتر دەسەلمێنرێت و مەترسی لێدان و لەناوبردنیان زۆرتر دەکات. هێندێکی دیکەش دەیانگوت ئەمە بە ئامۆژگاری (سۆڤیەت)یشە چونکە ئەوانیش لەو ڕەنییە دان کە نابێ کورد بە هیچ جۆرێ ئەوە پێشانبدەن کە خەباتەکەیان خەباتێکی ئازادیخوازیی نەتەوەیی یەکگرتووە و بۆ ئەمە بەڵگەیەکی بە هێزیشیان بە دەستەوە بوو ئەویش ئەوەبوو کە مەلا مستەفا بە نامەی ئیمزاکراو لە لایەن پیاوە ناودار ونیشتمانپەروەر و ئازادیخوازەکانی کوردستانی خواروو داوای لێکردن کە ئەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەکەن بۆ ئەمانیشی بکەن. پێیانگوتبوو کە ئەوانیش با لەودیو حیزبێکی دێمۆکراتی وەک هینەکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزرێنن کە خەبات بکا بۆ ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) لە سنووری دەوڵەتی عێراق و خۆشی وهێزەکەشی بچنەوە ئەودیو، جا ئەگەر ئەو یەکگرتنی خەباتی کوردی بویستایە بۆ داوای لێ نەدەکرد کە بێن بە ئەندامی دێمۆکرات و کۆمارەکەیان بپارێزن. لەبەر ئەمە ئەو قاوە ڕاست نییە کە هێزەکەی ئەمدیو لەبەر هەستی ناوچەیی دێمۆکرات وەرنەگیراون. لەگەڵ ئەم هەموو پاکانە کردنەش ئەم قاوە بوو بە بنێشتەخۆشکەی ژێر دانی خەڵکەکە. پاش ئەمە هەرەسهێنانی کۆمارەکە بەبێ شەڕو بەرگرییەکی ئەوتۆ و خۆ بەدەستەوەدانی سەرکردەکانی بەو جۆرە، هەرچەند بەهانە و بیانووی بۆ هێنرابێتەوە و بهێنرێتەوە ئەوە ناسڕێتەوە کە ئەو (ئاڵا)یەی لە جەژنی هەڵکردنیدا لە (نەغەدە) شەهید محەممەد قودسی کە یەکێ بوو لە نوێنەرەکانی ئەمدیو، لە دوای قسە بە سۆز و دلێرانەکەیدا گوتبووی: «ئەی کورد ئاڵا ڕەمزمانە لە دوای هەڵکردنی، نرخی هێنانە خوارەوەی قوربانی کردنی میللەتی کوردە». ئا ئەم ئاڵا پیرۆزەمان، بێ ئەوەندە خەبات کە لە ڕوومان بێت باسی بکەین، وەک پارچەیەکی پەڕۆی پیس تووڕهەڵدرایە خوارەوە و لە جێی ئەو، لە چوارچرای مەهاباددا سەری پێشەوا و هەڤاڵەکانی و لە هەموو شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەدەیان سەری خەباتکاران، کرا بە پەتی سێدارەدا. لێرەدا و بەرانبەر بەم ئاشبەتاڵە خوێنینە هەموو ئەندامانی لقەکەمان و زۆربەی کوردە دڵسۆزەکانی کوردستانی خواروو باوەڕیان وا بوو کە ئەگەر سیاسەتی سەرکردایەتی کۆمار و حیزب بەرانبەر بە یەکێتی خەباتی نەتەوەیی کورد لە هەموو پارچەکانیدا وەک هی کۆمەڵەی (ژ.ک) بمایەوە و یا هەر هیچ نەبێ دووربین و واقیعبینانە تەماشایەکی کۆمارەکە و دوژمنەکانیان بکردایە دەبوو هەموو جۆرە پشتیوانی و ئالیکارییەکی خەباتکارانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاسمانەوە بقۆزنەوە و زیاتریشیان داوا لێبکردنایە. ئەگەر ئەمەیان بکردایە بە بڕوای زۆر شارەزایان تەنیا ئالیکاری خەباتکارانی کوردستانی خواروو لەوکاتەدا بەسبوو بۆ ئەوەی ڕێبازی مێژوویی بزووتنەوەکەمان بگۆڕێ، گریمان لە شەڕدا سەریش نەکەوتینایە، خۆ خەبات

و فیداکارییەکی وەها ئەکرا کە هەم زۆر بکەوێ لە سەر دوژمنەکانمان و هەم سەرنەکەوتنەکەمان لە بری سەرشۆڕیی پڕ بێ لە سەر بەرزیی وشانازی و یەکێتی خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەکەمانی بە ئەندازەیەک پێش بخستایە و پتەو بکردایە کە ئەو شکانە دوا شکانمان بێت. کەچی برایانی سەرکردایەتی، نە هی کۆمار و نە هی حیزب، نەک هەر یارمەتی و هاوکاری خەباتکارانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان قەبوڵ نەکرد بۆ پاراستنی کۆمارەکە، تەنانەت هێزە قارەمانە گیان لەسەردەستەکانی لای خۆشیان بەکارنەهێنا وەک هێزەکەی حەمە ڕەشیدخان و هێزەکەی مەلا مستەفا و هەزاران دلاوەری دیکەی ناوچەکەیان.

هەرچۆنی بێ کۆمار هەرەسی پێهێندرا و ئەمەش کارێکی زۆر خراپی کردە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە گشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و خواروودا بەتایبەتی. حیزبی دیمۆکرات هەر زوو تێکشکا و ئەندامەکانی ئەوانەی لە کوشتن و گرتن دەرباز بووبوون، زۆربەیان ڕوویان کردە کوردستانی خواروو، ئێمەش ئەوەندەی لە دەستمان هات یارمەتیمان دان هەر لەوانەیانەوە کە لە سنوور سەبارەت بە بێپاسپۆرتی گیرابوون تا ئەوانەی کە توانیبوویان خۆیان بگەیەننە ئەمدیو و لە ماڵی ئەندام و لایەنگرانی لێ دا شاردبوومانەوە، هەموویانمان پێ ڕزگار کرا تەنانەت ئەوانەی دەیانویست بڕۆنە دەرەوەی عیراقیش، هەلی ڕۆینیان بۆ هەڵخراو و ئەو ژمارەیەش کە ویستیان بێننەوە لای ئێمە مانەوە لە نیشتمانی خۆیاندا. بەڵام ئەو خەڵکەی لای ئێمەوە چووبوون بۆ ئەودیو، هەروەها هێزەکەی مەلا مستەفا و ئەو ژن ومنداڵانەی لە گەڵیان بوون و ئەوکەسانەی ئەو دیویش کەوا ژیانیان لە مەترسی دابوو کەوتبوونە گێژاوێکەوە نەیاندەزانی چۆن خۆیانی لێ دەربازکەن.

مەلا مستەفا هەر زوو دەکەوێتە گوفتوگۆ لەگەڵ ئێران کە پەنابەرییان بدەنێ بەڵام ڕێک ناکەون. هەروەها پێوەندی بە سەفارەتی ئەمریکاشەوە دەکات هەر بۆ ئەو مەبەستە و ئەمریکاش ئامادە نابێ کە پەنابەری بداتێ. بۆیە دەیانەوێ بگەڕێنەوە عێراق بەو مەرجەی حکوومەت لێیان خۆش بێ، ئەویش نەک هەر مەرجەکەیان قەبوڵ ناکات هێز دەنێرێت کە بشیانگرێ. لەم حاڵەدا ناچار دەبێ کە بێ بە دوو بەشەوە، شێخ ئەحمەد و پیر و ژن و منداڵەکان دەگەڕێنەوە و خۆیان دەدەن بە دەستەوە. ئەوانەی دیکەش دەمێننەوە بەشکوو ڕێیەکی تر بدۆزنەوە. بەڵام هەر زوو بۆیان دەردەکەوێت کە هەموو ڕێگایەکیان لێ گیراوە، بەر لە هەمووان ئێران بە سپاوە بۆیان وەستاوە و لەشکری هێناوەتە سەر سنوور بۆ ڕێگرتن ولەناوبردنیان. لەگەڵ ئەمەشدا کۆڵ نادەن و ئازایانە پاش چەند شەڕێکی قارەمانانە خۆیان دەگەیێننە ئاوی ئاراس و سۆڤیەت بە پەنابەر وەریان دەگرێت و دەپەڕنەوە ئازەربایجانی سۆڤیەت.

ئەوانەی لەگەڵ شێخ ئەحمەدیش دەگەڕێنەوە، حکوومەت هەر ئەوەندە لەگەڵیان باش دەبێ کە نایانکوژێ ئەگینا هەرچی خراپە هەیە لەگەڵیان دەکات، شێخ ئەحمەد خۆی وحوکمدراوەکانی لە گەڵی بوون و ژمارەیەکی تازەش بە بێ ئەوەی حوکمی هەڵواسینەکانیان بگۆڕێت فڕێیان دەداتە یەکێ لە زیندانەکانی شاری (بەسرە)وە و لەوێدا لە ژێر سێبەری سێدارەدا دەژین تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ڕزگاریان دەکات.

بەڵام ئەمان هەر بەختیار تر دەبن لە چوار زابتە قارەمانەکەی لەگەڵیان دەگەڕێنەوە کە «عیزەتعەبدولعەزیز»، «مستەفاخۆشناو»، «خەیروڵلا عەبدولکەریم»و «محەمەد قودسی» بوون کەوا هەر لە زووە لە پاش ملە حوکمی هەڵواسینیان درابوو، دیسانەوە دیوانی عورفی موحاکەمەیەکی ڕواڵەتییان دەکا و حوکمی هەڵواسینیان دەدات و لە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/ ١٩دا دەکرێن بە دارا و گەلەکەشمان ئەو ڕۆژەی کرد بە (ڕۆژی شەهیدی کورد) و تەرمەکانیشیان بە کوێرایی چاوی دوژمن بە ڕێز و شانازییەکی زۆرەوە بە خاکی پاکی کوردستانی بە خوێن ڕەنگین سپێردران.

شاعیری گەورەی کورد، «پیرەمێرد»ی ئەمر لە بارەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنانەی سەبارەت بە مەرگی لە ناکاوی کۆمارە ساواکەمان بەسەر نەتەوەی کورد هات لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، چەند شیعرێکی بە سۆزی پڕبەدڵی گوتووە کە هەر ئەم دووانەیم لە بیر ماوە:

**ئەمساڵ بەهارمان کە بێ بارانە** **گوڵاڵەی سوورمان جەرگی یارانە**
**لە هەر چوار لاوە شاییە بەرپێزە** **خەنەبەندانە، شینی تـــــازیزە**

پاش لەناوچوونی حیزبەکەمان ئێمەی پاشماوەش کەوتینە بیرکردنەوە و وتووێژ لە بارەی داوارۆژی لقەکەمانەوە و بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێکمان بەست لە کەرکوک لە مانگی ١٩٤٧دا کە ١٣ کەس بووین، وەکوو بیرم بێت: مامۆستا **ئیسماعیل هەقی** و من نوێنەری دوو بنکەی سلێمانی، **کەمال تەها کەتانی** نوێنەری بنکەی بەغدا، **ڕەشید باجەلان** نوێنەری خانەقین، **عەتا تاڵەبانی** نوێنەری کفری، **ساڵح ڕوشدی** نوێنەری ئامێدی و نوێنەرانی بنکەکانی **هەڵەبجە** و **زاخۆ** و **دهۆک** و **شارباژێر** و ئەوانە. لە کۆبوونەوەی یەکەمدا، بڕیاری ئەوەمان دا بە گشتی دەنگ، کە خۆمان نەکەین بە پارتییەکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی پرش و بڵاویی زیاتر نەکەین. لە پارتییەکانی تردا دووانیان بە لای ئێمەوە گرینگ بوون:

پارتی دیمۆکراتی کوردستان وحیزبی شیوعی عێراقی. لەبەر ئەوەی کە لەو کۆبوونەوەدا ڕێکنەکەوتین لە سەر ئەوەی کە بچینە کامیانەوە کۆبوونەوەکەمان خستە سبەینێ کە لە ماڵی عەتا تاڵەبانی کۆببینەوە کە لە ڕاستیدا ماڵی موکەڕەمی برای بووکە ئەندامی حشع بوو و لە کەرکوک دەژیا. لە کۆبوونەوەکەدا شەش کەس دەنگی دا بۆ حیزبی شیوعی و شەش کەسیشمان بۆ پارتی. زۆر چاک ئەوەم لە بیرە کە دەنگی سێزدەهەم هی عەتا تاڵەبانی بوو کەوا چارەنووسی سیاسی خۆمان ولقەکەمانی لە سەر بەند بوو ئەویش بێ سێ و دوو دەنگیدا کە بچینە پارتی دیمۆکراتی کوردەوە، بەم جۆرە و بەم مەرجەی کە هەموو ئەندامەکانمان پێکەوە وەربگرن، بڕیاری لەگەڵ پارتی یەکگرتنمان سەرکەوت و هەموومان بە لێژنە و بنکە و شانەکانمان بووین بە ئەندامی(پارتی).

لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە عەتا تاڵەبانی خاوەنی ئەو تاقە دەنگەی کە بوو بە هۆی سەرنەکەوتنی ڕەئیی لایەنگرانی حیزبی شیوعی، ئەو و زۆربەی ئەندامەکانی بنکەی کفریان چوونە حیزبی شیوعییەوە و تا ئێستەش لە هۆی ئەم هەڵگەڕانەوە سەیرە نەگەیشتووم.

لێرەدا لام وایە کە چاکترین قسە کە دوایی بە وتارە درێژەکەم بێنم ئەو قسەیەیە کەوا نووسەرێکی ئەمریکی کاتی خۆی لە گۆڤاری(فۆرن ئەفێرز)دا لەم بارەیەوە بڵاوی کردبۆوە کە ئەوەندەی بیرم مابێ گوتبووی: «خوێنی قوربانییەکانی کۆماری مەهاباد بە فیڕۆ ناڕوا ئەگەر کوردەکان پەندی ئەوەی لێوەرگرن کە جارێکی تر شۆڕشی ئازادیخوازیی نەتەوەکەیان بە ڕابەرایەتییەکی عەشیرەتییەوە نەکەن و ڕێبازێکی تازەی ڕۆشنبیرانەی ئازادیخوازانەی ڕاستەقینە بگرن لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕان وپێشکەوتنی جیهان بگونجێ...».

ئیتر خۆشیی ئێوە و سەرکەوتنی نەتەوەکەمانم ئاواتە و داوای لێبووردن دەکەم بۆ هەموو کەموکورییەک کە لە گێڕانەوەکەمدا هەبێ. ■

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد

# و

# کۆمەڵەی هیوا

د. عەبدوڵلا مەردوخ

لە ئەدەبیاتی سیاسی و مێژوویی گەلی کورد دا، لە سەر یەکەم حیزبی سیاسی کوردی کوردستانی ئێران، واتە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.ک) بیدەنگییەکی سەیر و سەمەرە و پڕ مانا دەبینرێ و لە باری لێکۆڵینەوەشەوە کارێکی تێر و تەسەل و بێلایەن هێشتا نەکراوە و زۆر جار تەنانەت ناوەکەشیان بە هەڵە نووسیوە. ئەم بێدەنگییە و بایەخ نەدانی ئەوتۆ بە هەبوونی (ژ.ک) هەر لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خوڵقێنرا و بە یارمەتی کارزان و پسپۆڕانی سەر بە بەڕێوەبەری ئەو کاتەی حیزبی کرمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت، واتە میر جەعفەر باقرۆف کە لەژێر رووپۆشی ئینترناسیۆنالیسمی پرۆلێتاریدا، سیاسەتی ناسیۆنالیستی و ناوچەگەری ئازەربایجانچێتی لایەنگرانی حیزبی موساواتی[1] بەڕێوە دەبرد و خەونی ئازەربایجانی گەورەی دەدی[2]، دامەزرا و (ژ.ک)یان بە هێندێ برو بیانوو هەڵوەشاندەوە. پاشان مێژوونووسانی پرۆئازەربایجان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ناوبراو و شێخ و مەلا و ئاغای کۆن پارێز دەورێکی دیاریان هەبوو لە کەم رەنگ کردنەوەی یادگارەکانی (ژ.ک) و چالاکی و تێکۆشانە لەبیرنەکراوەکانی.[3]

جم و جۆڵی سیاسی و حیزبایەتی پڕ بە پێستی وشەکە، لە لایەن کوردەکانی کوردستانی ئێرانەوە، تەمەنێکی ئەوتۆی نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بار و دۆخە نالەبارە وا کوردەکانی ئەم ناوە هەیانبووە. دووری کوردستان لە رێگای بازرگانی دەرەوە و سەختی ناوچەکە و نەبوونی رێگا و بانی باش بۆ هات و چوون و سیستەمی کۆمەلایەتی دەرەبەگی و هەروەها عەشیرەتی کۆچەری لە هێندێ شوێن دا بوو بە هۆی پێش نەکەوتنی ناوچەکە لە هەموو بارێکەوە. نەبوونی سەرمایە و هەژاریی گشتی و ژێردەستەیی دانیشتووانی کوردستان چ لە باری ئابووری ـ سیاسییەوە و چ لە باری فەرهەنگییەوە، خەڵکی لە کاروانی بەرەو پێش چوون بەتایبەت بازرگانی لە گەڵ دەرەوەدا وەدوا خست و هەر ئەمەش بوو بە کۆسپێکی گەورە لە رێگای گەشەکردنی بۆرژوازی کورددا. بۆرژوازی و پرۆلێتاریای پیشەسازی لە کوردستان دا بە شێوەیەکی سروشتی پەرەی نەگرت، بۆیە رۆڵی سیاسی و ئابووریان بە باشی دیار نییە. هەتا نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردستان بریتی بوون لە چینی وەرزێری هەژار کە لە گوندەکاندا دەژیان و بە دەستی خان و ئاغاکان دەچەوسانەوە. کۆمەڵێکیش عەشیرەتی کۆچەر هەبوون کە لە چوارچێوەی عەشیرەتی خۆیاندا و بە شێوەی باوک مەزنایەتی دەژیان. لە شارەکانیشدا کە زۆرتر لە گەورە دێیەک دەچوون، جگە لە حاکم و دەست و پێوەندەکانی کە کورد نەبوون و بۆ راو و رووت هاتبوون و ئاغا و مەلا گەورەکان، کە لە بار و دۆخێکی باشدا دەژیان، جەماوەری خەڵکەکە ژیانێکی مەمرە و مەژیان هەبوو. رادەی هۆشیاری سیاسی خەڵک لەبەر نەخوێندەواری و بەستراوی ناوچەکە و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی، زۆر لە خوارەوە بوو. رووناکبیرانی سەردەم کۆمەڵێک فەقێ و شێخ و مەلا بوون کە خەڵکی هەژار و رەش و رووتیان بە رەشەوڵاخ دەزانی و ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد کە دەبێ ئیتاعەی ساحێبی ئەمر واتە شا و حاکم و ئاغاکان بکەن و راپەڕینی هەژار و چەوساوەکانیان لە گوندەکاندا بە چەتەیی و لە شارەکانیشدا بە هەرا و بەزمی چەقاڵ و بەقاڵ دەزانی[4]. ئەم تاقمە جگە لە کاری ئایینی خۆیان، لە نەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت دا دەوری دەوڵەتیان دەگێڕا، کار و باری خوێندن و پەروەردە کردن و ژیان و مردن و بە گشتی کاری قەزاوەت و سزادان لە دەستی ئەوان دا بوو و گەلێک جار دەمڕاست و بەرپرسی شار و دێش بوون، لە گوندەکاندا پاڵیان بە ئاغاکانەوە دەدا و لە شارەکانیشدا لەگەڵ حکوومەت دەستیان تێکەڵاو بوو. لە بەر ئەمە نفووز و دەسەڵاتێکی بێ سنووریان هەبوو، بە داگیر کردنی ماڵی وەقف پووڵ و پارەیەکی زۆریان پێکەوەنا و پاشان کە توانیان گوند و زەوی ئاغا و مالیکە لێکەوتووەکان بکڕن نفووز و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیشیان دەس کەوت، جا شێخ و مەلا و ئاغاکان ئەگەر لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا دەمەقرەیان لێ پەیدا دەبوو لە ناڕازی بوونی جەماوەری خەڵکی هەژار و چەوساوە کەڵکیان وەردەگرت و وەک سەرگەورەیەک دژ بە دەوڵەت قیت دەبوونەوە، کە بەرژەوەندییەکانی جارانی خۆیانیان دەستدەکەوتەوە وازیان لە راپەڕین دەهێنا و خەڵکی تامەزرۆیان بەڕەڵلادەکرد. خۆیان دەرباز دەبوون و خەڵکی بێ تاوان کە هیچ شتێکیان بۆ بەرگری لە خۆیان نەبوو بە دەست هێزەکانی دەوڵەت قەلاچۆ دەکران. ئەمە یەکێ لە هۆیە بنەڕەتییەکانی سەرنەکەوتنی راپەڕینەکانی رابردووی گەلی کوردە. ئەم دیاردەیە لە گشت مێژووی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدیدەکرێ و بەو مانا نییە کە ئەو راپەڕینانە وا لە لایەن ئەو تاقمەوە بەڕێوەبراوە بێ بایەخن بەڵکوو بەپێچەوانە دانە دانەی ئەم راپەڕینانە ئالقەیەکی ئەپساوی زنجیرەی خەباتی گەلی کوردن لە پێناوی ئازادی وسەربەستیدا.

لە سالانی ئاخری سەدەی نۆزدەهەمدا، لە بەر بەربلاوی چالاکی سەرمایەدارانی هەندرانی لە ئێران دا، چینی بۆرژوازی کە زۆرتر بە لای بازرگانی دا داشکابوو گەشەی سەند و ئەم چالاکییانە بە چەشنێکی زۆر دیار کاری کردە سەر رەوتی بەرەو پێشچوونی بۆرژوازی و تایبەتییە

**☐ بەڵام سەرجەمی گەلی کورد وەکوو گەلێکی بن دەست، پشتی لە ژێر باری سێ جورە چەوساندنەوەدا چەمابووەوە، چەوسێنەرانی خۆیان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ناوەندی و ئیمپریالیستەکان. ئەمە یەک لە تایبەتییە هەرە گرینگەکانی گەلانی بەشخوراو و ژێر دەستە.**

ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی. بەڵام لەبەر دەسەڵاتی سیاسی دەرەبەگی و نەبوونی مسۆگەری بۆ سەرمایەی بازرگانی ئێراني هەروەها نفووز و رقەبەری سەرمایەی هەندەرانی، بۆرژوازی بازرگانی لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونیدا بەرەو بۆرژوازی پیشەسازی تووشی کەند و کۆسپ بوو و ناچار بەلای مڵکداری دا ڕۆیشت. ئەوەیە نفووز و ماڵ و سامانی راستەقینە لە مڵکداری و خانوو بەرەی زۆردا خۆی دەنواند. بۆرژوازی بازرگانی ئێرانی هەوڵی دەدا سەرکردایەتی بازاڕی وڵات بگرێتە دەستی خۆی و دەوڵەت بکاتە هۆیەک بۆ گەشە پێدانی خۆی و دامەزراندنی سیستمی سەرمایەداری لە کۆمەڵگای ئێراندا، کەچی لەبەر پێنەگەیشتنی بۆرژوازی پیشەسازی نەیدەتوانی دژ بە سیستمی بەرهەمهێنانی دەرەبەگی راوەستێ. بەڵام هەر لە گەڵ سەرخانی سیاسی دەرەبەگی و پشتیوانەکانیدا دژایەتی سەرەکی و بنەڕەتی هەبوو. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر و بڵاوبوونەوەی بیر و باوەڕی ئازادیخوازانە بەهەموو لایەکی وڵاتی ئێراندا، دەبوو دەوڵەتێکی بەقەوەت و چەسپاو بە هێندێ دروشمی پێویستی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەمەوە لە ئێران دا دامەزرێ. دیار بوو دەرەبەگ و نوێنەرەکانیان نەیاندەتوانی ئەم ئەرکە مێژوویی و پێویستە بەجێ بێنن. لە وەها بار و دۆخێکدا بۆرژوازی کۆمپرادۆری ئێران کە لە باری ئابوورییەوە بە ئیمپریالیزمەوە لکابوو قۆڵی لێ هەڵماڵی و ڕەزا خانی قۆزاقیان وەپێش خست. ڕەزا خان لە ساڵی ۱۹۲۱دا بە یارمەتی ئیمپریالیزمی ئینگلیس کودەتای کرد و پاشایەتی بنەماڵەی دارزاوی قەجەرەکانی داوەشاند.

سانترالیسم و بە هێزکردنی لەشکر گەورە ترین ئامانجی حکوومەتی ڕەزا شا بوو. لە ساڵی ۱۹۲۵دا قانوونی سەربازیی ئیجباری لە لایەن مەجلیسی شوورای میللییەوە پەسند کرا. ئەرتەشیان بە گشتی نوێ کردەوە. نوێنەرانی ئاریستۆکراتی دەرەبەگ کە سەرکردەیی لەشکریان داگیرکردبوو وەلانران و لە جێگای ئەوان ئەفسەری توێژاڵی ناونجی کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت ئەو ئەفسەرانە وا لەگەڵ ڕەزا خان لە قۆزاقخانەدا کاریان کردبوو، دانران. سیاسەتی سانترالیسم و بەربەرەکانی لە دژی دەرەبەگی ئاریستۆکرات و خان و ئاغای بە دەسەڵات و بە تایبەت سەرکردەی عەشایری کۆچەر درێژەی پەیدا کرد و زۆربەی زۆری عەشیرەتەکان بە زۆر نیشتەجێ و چەک کران و سیاسەتی شۆڤێنیسمی گەلی سەردەستی فارسیان بە سەر گەلە جۆر بە جۆرەکانی ئێراندا داسەپاند. بۆ باش چاوەدێری کردنی ئەم خان و ئاغای عەشیرەتانە و هەروەها ئەم گەلە چەوساوانە تەنانەت زۆر دوور لە تارانیش، ڕێگا و بان بەرەو شوێنەکانیان کێشرا. بۆ بەرگری لە مافی مڵکداری مالیک و بۆرژوای خاوەن مڵک قانوونەکانی وەزارەتی عەدلیە (دادگوستەری) یان ئاڵوگۆڕ کرد و قانوونی سەبتی ئەملاک پەسەند کرا. بە گشتی قانوونی داد و سزا لە ڕووی قانوونی بۆرژوازی ئورووپای ڕۆژئاواوە ڕوونووسکرا و بەرێوە دەچوو و بەم چەشنە دەسەڵاتی شێخ و مەلاش کە پێیانیان دەکوت قازی و حاکمی شەرع زۆر کەم کرایەوە، لەولاشەوە خوێندن و پەروەردەکردنی تازە بوو بە باو و دیسان جێگای شێخ و مەلایان پێ لەق کرد. بەگشتی دامەزراندنی هێندێ کارخانە و ڕێگا و بان بەتایبەت ڕێگای ئاسن و ئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییانە کە لە ساڵانی ۳۰-۲۰ دا دەست پێکران، بوونە هۆی ئەوە کۆمەڵگای ئێران لە باری چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بەرەو پێش بچێ و ئێوانی بۆرژوایی لە زۆربەی کار و باری ژیانی کۆمەڵایەتی دا گەشە بکا، بەڵام لە تەنیشت ئەم ئاڵوگۆڕە تازانە لە گوندەکاندا پێوەندی ئابووری دەرەبەگی هەر بەردەوام بوو. لەم سەروبەندەدا توێژاڵی ڕووناکبیریش بە چەشنێکی زۆر دیار پێی نایە مەیدان، برێ لەم ڕووناکبیرانە لە ژێر کارتێکردنی بیر و باوەڕی بۆرژوازی میللی دا بوون و بەشێکی دیکە هەست و ئەستی دێمۆکراتیکیان هەبوو و لە چینی ڕەنجدەر و کرێکار بەرگریان دەکرد، ئەمانە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی دا لە دژی دەوڵەتی ناوەندی خەباتیان دەکرد.

گەرچی کوردستانی ئێران هەمیشە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە پشت گوێ خراوە و وەکوو ناوچەیەکی داگیرکراو چاوی لێ دەکرێ و جگە لە پەرەپێدانی ئەرتەش و پۆلیس و بەکار هێنانی سیاسەتی شۆڤێنیستی ڕەگەزپەرستانە و ڕووتاندنەوەی خەڵک و سامانی ناوچەکە، کارێکی دیکەی بۆ نەکراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین سەرجەمی ئەو ئاڵوگۆڕە تازانە کە بە گشتی لە ئێراندا پێکهات کاری کردە سەر کۆمەڵگای کوردەواریش و کەم و زۆر باری چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی گۆڕانی بە سەردا هات. هێندێ شار و پێوەندی شاری پەیدا بوو. لە چینی ناوەندیدا توێژاڵی تاجر و کارمەند و مامۆستا و پزیشک و مافناس و بەگشتی ڕووناکبیر دەرکەوتن و هەر ئەمانە هێدی هێدی جێگای ئاغا و شێخ و مەلایان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا گرتەوە. لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا سەرمایەداری بە گشتی لە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی بازرگانی دا خۆی نواند. بەڵام سەرجەمی گەلی کورد وەکوو گەلێکی بن دەست، پشتی لە ژێر باری سێ جورە چەوساندنەوەدا چەمابووەوە، چەوسێنەرانی خۆیان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ناوەندی و ئیمپریالیستەکان. ئەمە یەک لە تایبەتییە هەرە گرینگەکانی گەلانی بەشخوراو و ژێر دەستە. ئەم چەوسانەوە سێ قاتیە بوو بوو بە هۆی سەرەکی پاراستنی داب و نەریتی کۆن لە نێو کورددا و بە چەشنێکی دیار کاری کردووەتە سەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم بێ بەشیی و زوڵم و زۆردارییە لە ڕادە بەدەرە و کارتێکردنی بزووتنەوەکانی گەلانی دەور و پشت لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا هەستی نەتەوەیی و وریایی چینایەتی کوردەکانی بزواند و بیری سەربەخۆیی کوردستانی ڕواند و لە ئاکام دا چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە چەشنێکی بەر فراوان پەرەی ئەستاند.

لە ساڵی ۱۹٤۱ دا، دیکتاتۆریی ڕەزا شا و تاقمەکەی کە ڕوویان لە ئەڵمانی نازی کردبوو بە هاتنی دوو ئەرتەشی ئینگلیس و یەکێتی سۆڤیەت بۆ نێو ئێران، ڕۆخا. ژێرەو ژوور بوونی تەخت و بەختی ڕەزا شا بە هۆی خەبات و بەربەرەکانی جەماوەری گەلەوە نەبوو بەڵکوو لە ئاکامی تەوژم و ویستی دوو زل هێزی ڕووس و ئینگلیس دا ڕوویدا. لە سەردەمی دیکتاتۆریی ڕەزا شا دا هیچ تاقمێکی سیاسی خەباتکار نەبوو کە خاوەن تاقیکاری شۆڕشگێڕانە بووبێ لە دژی دیکتاتۆری، ئەوە بوو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بەگشتی پێشەنگی شۆڕشگێڕانەی نەبوو. حیزبی توودەش بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژی دژ بە دوژمن نەبوو. ئەو کەسانە وا حیزبی توودەیان پێکهێنا، نە کرێکاری شۆڕشگێڕ بوون و نە ⬅

ڕووناکبیرێ کە لە گەرمەی خەبات لە ژێر ئاڵای بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار دا ئامادە و پەروەردە کرا بن. ئەم حیزبە بەرنامە و بۆچوونێکی دیار و ڕوونی بۆ گەلانی بندەست وەک گەلی کوردی بە دەستەوە نەبوو. ئەوە بوو نەیتوانی جێگای خۆی بە باشی لە کوردستان دا بکاتەوە. لە بەر ئەمە دەتوانین بڵێین بەگشتی ڕووناکبیرانی دێمۆکراتی کوردی کوردستانی ئێران زۆرتر لە ژێر کارتێکردنی کوردەکانی تورکیا و عێراق دا بوون تاکوو ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێران. هۆی بنەڕەتی و گرینگی ئەمەش هاودەردی و هاوهەستێتی کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بوو.

ئەم ڕەوتی گەشەکردن و پێنانە قۆناغی تازەوە کە پێشتر باسمان کرد لە وڵاتی عوسمانی (تورکیای ئێستا)دا بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی خۆی و نزیکی لە وڵاتانی ئوروپاییەوە، زۆر زووتر لە وڵاتی ئێران دەستی پێکرد، هەروەها کوردەکانی ئەو ناوەش گەلێک زووتر هۆشیار و وریا بوونەوە. بیری سەربەخۆیی کوردستان بەتوندی لای کوردەکان پەرەی سەند بە هۆی ئەو ڕژیە ناسیۆنالیستەوە کە تورکە لاوەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا دایانمەزراند، دوای ئەوە کۆمەڵەی «ئیتتیحاد و تەرەقی» دەسەلاتی گرتە دەست. ڕەگەز پەرستی ئەم ڕژیە بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا خۆی نواند. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی نەتەوە پەرستی و پانتورکیستی تورکە لاوەکان بە تایبەتی لە قوتابخانە و فێرگەکاندا بووە هۆی پەیدابوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لاوەکان[٥]. یەکەم گۆڤار و ڕۆژنامە و حیزب و کۆمەڵەی سیاسی کوردی لە لایەن ئەوانەوە پێکهات و هەر زووش توانیان لە گەڵ کوردەکانی باشووردا نێوانیان هەبێ و کاریان کردە سەر هەموو بزووتنەوەکانی ئەم ناوەش. یەک لەو حیزبانە وا خەباتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکرد حیزبی«خۆیبوون» بوو. بەڕێوەبەرانی ئەم حیزبە بە هۆی چەند کوردی کوردستانی ئێرانەوە، هەوڵیان دەدا لە گەڵ ڕووناکبیران و ئاغا کوردەکانی کوردستانی ئێران کە لە دەست سیاسەتی سەرکوتکەری ڕەزا شا تووڕە و قەڵس بوون، نێوانیان هەبێ. ئەحمەد ئاقا خانی ئەمیر ئەحمەدی لە بیرەوەریەکانیدا لەم بارەوە دەنووسێ: «لەو کاتەدا لە میسر[٦] کۆمەڵەیەک بە ناوی ـ خۆمان ـ[٧] پێکهاتبوو و گۆڤارێکیشیان لە سەر سەربەخۆیی کورد دەردەکرد. ئەم کۆمەڵەیە کە بنچینەی نائیسلامی[لائیک] بوو و لە سەرچاوەی ئوروپاییەوە ئاوی دەخواردەوە بێ ووچان لە ئێران و تورکیا دا خەریکی تێکۆشان بوو. ڕەزا شا لیستی ناوی سەرگەورە کوردەکانی ئێران کە لایەنگری سەربەخۆیی بوون و لەگەڵ کۆمەڵەی لایەنگری سەربەخۆیی کورد دا نێوانیان هەبوو، بە تێلێگرافی نهێنی، دا بە من و فەرمانی دا ئەمانە دەبێ بگیرێن و بنێردرێن بۆ تاران بەڵکوو نێوانی لایەنگرانی سەربەخۆیی کورد لەگەڵ ئێرانییەکاندا بپسێ. لە ڕۆژ و سەعاتی دیاری کراودا کوتوپڕ دوو سەد و پەنجا کەس لە سەرگەورەکانی کورد کە بە گوێرەی لیستەکەی تاران ئەندامی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد بوون گیران و هەتا شەهریوەری ١٣٢٠ی هەتاوی لە زیندان دا بوون»[٨]. ئەردەشیر ئاوانێسیان لە کومونیستە کۆنەکانی ئێران و لە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە کە هاوبەندی ئەم زیندانییانە بووە لە سەر بار و دۆخیان وا دەنووسێ:

«ڕۆژێک پێنسەد کوردیان بۆ زیندان هێنا، هێندێکیانیان بۆ زیندانەکانی تر وەکوو قوم و ئیسفەهان ناردبوو، کۆمەڵێکیشیان بۆ ئەو ناوچانە وا ئاو و هەوای خراپیان هەبوو بەڕێ کردبوو و ئەم پێنسەد کەسەشیان بۆ زیندانی ناوەندی هێنا بوو. هەموویانیان لە حەوشی زینداندا بە ڕیز کردبوو. لە پێشدا پشتێنەکانیان لێ وەردەگرتن، جل و بەرگە نەتەوایەتییەکەیانیان دادەکەند، سەریانیان دەتاشی و جلوبەرگی خەتخەتی زیندانیان لەبەر دەکردن. دڵی کوردەکان لەم چەشنە کارانە خوێناوی بوو. کەس گوێی بۆ قسەیان شل نەدەکرد. بۆ پێنسەد کەس تەنانەت دەوسیە دروست کردن و ئامادەکردنیان بۆ دادگاش کارێک بوو نەدەهاتە کردن، حوکمی بە کۆمەڵیان بۆ دەردەکردن. هەموومان دەمانزانی بە پێی قورسایی و قەد و باڵایان حوکمیان بۆ دەبڕینەوە، باڵابەرزەکان زیندانی هەتاهەتایی، مام ناوەنجییەکان پازدە ساڵ و کورتە باڵاکان هەشت ساڵ. لە نێو کوردەکاندا خان و نیوە خانیش هەبوون، هەرچی پێیانمان دەکوت بچنە حەوش بۆ پیاسە کردن و هەوا خۆری، نەدەچوون بە داب و ڕەسمی عیلاتی خۆیان دەیانگوت ئاغا شەرم دەکەین ئێمە بۆ خۆمان کەسێک بووین بەڵام ئێستا پارەی پیاڵەی چاشمان نییە چۆن بچینە دەرەوە و تێکەڵ بە خەڵک بین»[٩].

ناوچەی موکریان لە کوردستانی ئێران هەم لەباری ستراتێژی و هەم لەباری ئابووری وسیاسییەوە یەک لە گرینگترین مەڵبەندەکانی کوردستانە. هاوسنووری لەگەڵ ئازەربایجان و هەروەها پارچەکانی دیکەی کوردستان بارێکی تایبەتی داوە بەم ناوە. لە کۆنەوە حکوومەتی ئەم ناوچە بە دەستی مەزنانی بابامیرییەوە بووە، پاش کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی ئەم بنەماڵە کۆنە شاکانی قەجەر حکوومەتی ساوجبولاغی موکریانیان زۆر بە گران دەفرۆشت. دیارە خەڵکی ئاسایی نەیاندەتوانی بیکڕن و بە شازادەکانیان دەدا، ئەوانیش بۆ وەرگرتنەوەی پووڵ و پارەی لە دەستچوو بێ بەزەییانە خەڵک وخوایان دەڕووتاندەوە. ئەلێکساندرکوریانس لە ساڵی ١٨٨١دا لەم بارەوە لە سەر مەزنی مەنگوڕان حەمزەئاغای مەنگوڕ کە بە زۆرەملی باج وخەراجیان لێ وەرگرتبوو دەنووسێ: تەنیا ئارەزووی کە لە دڵیدا ماوەتەوە ئەوەیە کە بە هەر فروفێڵ و تەکبیرێک تۆڵەی خۆی لە ئێرانییەکان بکاتەوە و ئەو ڕشفەت و بەرتیلانە وا حکوومەتەکان وەریان گرتووە دووقات لە گەروویان دەرکێشێتەوە. حەمزەئاغا گوتبووی ماوەیەکی دوور و درێژ زنجیر لە مل گەلێک تاڵ وسوێری ژیانم چەشت. ئاخری هۆیەکم بە دەست هێنا تینووی هێمنی و بێوەی بوون بووم بەشکوو ماوەیەک بێ دەردی سەر بژیم، بەڵام شازادە بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆی ویستی من تووشی ئەم ماڵوێرانییە بکا و ڕۆژم لێ بکاتە شەوەزەنگ، دیارە منیش بە تەواوی هێزمەوە شەڕ دەکەم و ژیانی خۆم لە پێناوی ئەم کارەدا بەخت دەکەم.[١٠] ئەگەر ڕێگای شڵتاق و بەرتیل بۆ ماوەیەک داخرابا، دەست تێوەردان و خۆتێهەڵقوتانی حاکمەکان تا ئەو ڕادەیە بوو کە زۆربەی ناوچەکەیان لە پای قەرزوقۆڵە کە لە تاجرانی هەندەرانیان وەردەگرت بە بارمتە دادەنا. ئەمیر نیزام گەڕووسی لەم بارەوە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران دەنووسێ: لەبەر ئەو قەرزانەی کە خوالێخۆشبوو موزەفەرولدەولە و مەجیدخان و چەند کەسێکی تر هەیانبووە، لەم چەند ساڵەدا هێندێ لە شوێنە گرینگەکانی ئەم وڵاتە بە ناوی جۆربەجۆر بڕێ بە ناوی ئیجارە و هێندێ بە ناوی زەمانەت و بڕێ تریش بە ناوی کڕین کەوتووەتە دەست تاجرانی هەندەرانی و خۆتێهەڵقوتاندنی ئەم تاقمە لەم وڵاتەدا پەرەی ئەستاندووە کە هیچ خاوەملکێکی بەهێز ئاوا دەسەڵاتێکی نییە. ئەم تاقمە نەک هەر خۆیان بە خاوەملک دەزانن بەڵکوو لەبەر پشتیوانی دەوڵەتەکانی خۆیان و ئەو حوکم و نامە و قەرارانە کە بۆ بە هێزی و دەسەلاتی خۆیان لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئازەربایجان وەریدەگرن ئەم ملکانە بە وڵاتێکی سەربەخۆ دەزانن و لە ژێر فەرمانی حاکمی ناوچەکەیان بردووەتەدەر. لەبەر ئەوە لە ڕابوردوودا حاکمەکان زۆریان گوێ نەداوەتێ ئێستا ئەمانە هێز و قەوەتێکی زۆریان بە دەست هێناوە.[١١] زوڵم و زۆریی لە ڕادەبەدەر خەڵکی بەتەواوی بێ تاقەت

**شاری سابلاخ ناوەندی ناوچەی موکریان لە کۆنەوە وەکوو شارێک دەورێکی گرینگی هەبووە و بازاڕێک بووە بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلی وڵاتانی دەوروبەر لەلایەک و خەڵک وعەشیرەتەکان لەلایەکی دیکەوە.**

کردبوو و بۆ ڕاگرتنی ئەم خەڵکە پێویست بوو لەشکرێکی زۆر ڕابگیردرێ. ئەمیر نیزام گەڕووسی حاکمی موکریان لە سەر بارودۆخی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەنووسێ: لەبەر هاتوچۆی سەرباز و لەشکری دەوڵەت و تالان و کێشەی هێندێ لە خۆیان لە دژی ئەوی تر نیوەی ئەم وڵاتە وا کاول بووە ساڵانی ساڵی دەوێ هەتا ئەم وێرانییە ئاوەدان بکرێتەوە. بۆ نموونە محاڵی شارویران کە ئاواترین مەڵبەندی ئەم ناودیە بەتەواوی وێران بووە و سووتاوە وهەرکام لە گوندەکانی بووەتە تەپۆڵکێک خۆڵەمێش.[١٢] زوڵم وزۆریی حکوومەتی ئێران بۆ سەر خەڵکی ئەم ناوە وا کارەساتێکی هێناگۆڕێ کە خەڵکەکە لەوپەڕی بێ دەرەتانیدا داوا لە دەوڵەتی ڕووسیا بکەن بە هانایانەوە بێ و بۆ ڕزگارییان پشتیوانیان لێبکەن. لە نامەیەکدا کە بە ئیمزای بیست و شەش کەس لە مەلا و تاجر و مەزنانی عەشیرەتی ناوچەی موکریان گەیشتووە، داوا لە لە کامسارەکان کونسوولی ڕووسیا کراوە کە دەوڵەتەکەی خۆی ئاگادار بکا سەبارەت بە یارمەتیدانی کوردەکانی ئەم ناوە. لە بەشێ لەم نامەدا وا هاتووە: ئێمە خەڵکی کوردستان کە لە خاکی ئێراندا سێسەد هەزار ماڵین، لەبەر زوڵم و سەرەڕۆیی دەوڵەتی ئێران و بێ قانوونیان نەمانتوانی لە گەڵیان بحاوینەوە، پارەکە بە ناعیلاجی کە ئیتر تاقەتی ئەو هەموو زوڵم و زۆرییەمان نەما هێندێ گەلی کوردستان دژ بە زوڵم و زۆری ڕاپەڕین، لەلایەکەوە دەوڵەتی عوسمانی دژ بە ئێمە دەستی کرد بە هەڕەشە و گوڕەشە لەولاشەوە دەوڵەتی ئێران دوژمنی خوێنیمان بوو. هەرچەند ئێمە دەمانتوانی زوڵم وخراپەی دەوڵەتی ئێران لە سەر خۆمان وەلانێین بەڵام لە ترسی دەوڵەتی عوسمانی وازمان لە شەڕ لە دژی ئێران هێنا. ناچار [سێ]سەدهەزار ماڵ لە ئێمە کۆچمان کرد. پاش کۆچکردنی ئێمە دەوڵەتی ئێران لەشکری هێنا کوردستان و دەستی دایە قەلاچۆی خەڵک و لە کوشتن و بڕینی ژن و پیاو و منداڵ و ئەسیر گرتن درێغی نەکرد.[١٣] ئەم زۆرە ملی و بارودۆخە ناهەموارە کاری کردە سەر هەست ونەستی نەک هەر ڕووناکبیری ناوچەکە بەڵکوو هەستی نیشتمانپەروەری هەموو جەماوەری خەڵکیشی بزواند.

شاری سابلاخ ناوەندی ناوچەی موکریان لە کۆنەوە وەکوو شارێک دەورێکی گرینگی هەبووە و بازاڕێک بووە بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلی وڵاتانی دەوروبەر لەلایەک و خەڵک وعەشیرەتەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەم بارە تایبەتییە بووەتە هۆی ئەوە چینی بورژوازی کچکە کە زۆرتر لە تاجر و بازاڕیدا خۆی دەنواند پەرەبستێنێ و بەپێچەوانەی هێندێ شوێنی دیکەی کوردستان(وەکوو شاری سنە ناوەندی کوردستانی ئەردەڵان کە بە دەستی بنەماڵەی فیۆداڵی ئەردەڵان و وەزیری و وەکیل و مەلا گەورەکان کە هەرکامیان خاوەنی گەلێک گوند و زەویوزار بوون وبە سەر هێندێ عەشیرەتیشەوە سەرۆکایەتییان دەکرد و قاچێکیان لە شاربوو و ئەوی دیکەیان لە دێ، بەڕێوەدەچوو) تاجرەکان و تونەرکانیان کاروباری شاری سابلاخ بگرنە دەست. ئەم تاجرانە لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران و ڕووسیا و تفلیس و ئەستەمبوڵ و حەلەبدا هاتوچۆیان هەبوو و چەرم وتووتن وکەتیرەی کوردستانیان بۆ ئەوێ دەبرد و شتومەکی ئەوێشیان بۆ سابلاخ دێنا. ئەم تاجرانە کە خاوەندەسەڵاتی ئابووری بوون حاکمەکان هەمیشە قەرزداریان بوون، بەم بۆنەوە خاوەن دەسەڵاتی سیاسیش بوون. بە درێژایی سەد، سەدوپەنجا ساڵی ڕابوردوو ئەم تاجرانە بوون کە شاری سابلاخیان لە دەست تاڵان و چەپاوی عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش و شکاک کە شاری سابلاخیان گەمارۆ دابوو، دەپاراست. ئەم تاجرانە کە وڵاتانی ڕووسیا وعوسمانیان دیبوو لە باری بیروباوەڕەوە گەلێک لە پێشەوە بوون و هەر ئەمان بوون گەرای بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و دواتر کوردایەتییان لە ناوچەکەدا دانا.

لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا لە بەر پێوەندی سیاسی و بازرگانی لە گەڵ کوردستانی عێراق و تورکیا و هەروەها پێوەندی ئابووری و سیاسی لە گەڵ ئازەربایجانی ئێران دا و لە ڕێگای ئەوێشەوە لە گەڵ یەکێتی سۆڤییەت و هەروەها ڕابردووی پڕ کارەسات و خەباتی لە دژی داگیرکەر و چەوسێنەران، ببووە مەکۆی کوردایەتی و ڕاپەڕین و بەردەوام لەگەڵ ڕووناکبیران و تەنانەت کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی کوردستانی باکوور و گەرمێن دا پێوەندی پتەویان هەبوو.[١٤] ناوەندی ئەم ناوە شاری سابلاغ لەو سەردەمەدا شارۆچکەیەک بوو کە ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە بیست سی هەزار کەس و لە نیشانەکانی شارستانەتی تازە جگە لە کارخانەیەکی بچووکی کارەبا (بەرق)و چەند خانووبەرەیەکی ساکاری دوو قات، شتێکی دیکەی تێدا بەدی نەدەکرا.[١٥] بەڵام هەست و نەستی نەتەوایەتی بە چەشنێکی دیار بەرز ببووەوە. «ئـ. ک. س. لەمبتۆن» ڕاسپێراوی چاپەمەنی باڵیۆزخانەی بریتانیا لەم سەروبەندە بەو ناوەدا تێپەڕیوە لە ڕاپۆرتێکدا وا دەنووسێ: «لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچەکەدا قسەم کرد هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان، بازرگانێک بوو لە میاندوواو کە ئەستەم دەبینرا سوودێکی ڕاستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخودا وەچنگ بکەوێ، [بەڵام] دەیگوت کوردستانێکی سەربەخۆ، هەرچەند هەژاریش بێت و قوربانی لە پێناودا درابێت، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێت».[١٦]

پاش داگیر کردنی ئێران لە لایەن دوو هێزی ڕووس و ئینگلیسەوە و ڕووخانی حکوومەتی ڕەزا شا لە ئێراندا، کۆمەڵێکی زۆر لە ئازادیخوازان لە زیندانەکان بەربوون، لە کوردستان و بە تایبەت لە شاری سابلاغ دا جمووجۆڵی سیاسی دەستی پێکرد، ئەم جمووجۆڵانە لە ساڵانی ١٩٣٧-٣٨ەوە هەستیان پێدەکرێ؛ هەر لەم سەروبەنددا لە کوردستانی گەرمێن حیزبی ئازادی کورد[١٧] دەستی بە تێکۆشان کردبوو، دوور نییە هەواڵی ئەم خەباتکارانە بە هۆی قاچاقچییانی بیروباوەی قاچاق گەیشتبێتە شاری سابلاخیش لەبەر ئەمە لەم کاتەشدا بە دەستپێشخەری عەزیزی زەند کە بە دوکتور عەزیزی زەندی و عەزیز ئاڵمانیش بەناوبانگ بوو، کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان هاتە کۆڕی خەباتەوە هەتاکوو ئێستا بەڵگە ونووسراوێک کە لە لایەن ئەم حیزبەوە بڵاوبووبێتەوە بەدەست نەهاتووە. دەڵێن گوایە تاقە بەیانێکیان لێ بە جێماوە کە لەوەدا بەخێرهاتنی لەشکری سووری سۆڤیێت دەکەن.[١٨] ئەم بزاڤە بووە یا یەکەم هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، لەملا و لەولا دەگوترێ کە چەند کەسێک وەکوو حوسێن فرووهەر(زێڕینگەران) و عەبدولڕەحمانی زەبیحی و مەلا عەبدوڵڵا داودی(مەلا حەجۆ دوکاندار) و مەحموود

مەحموودیان و عەزیز زەندی ئالمانی سەریان بە یەکەوە ناوە و کۆمەڵەیەکی نهێنییان ساز کردووە. عەلادین سەجادی دەنووسێ ئەم کۆمەڵەیە ژ.ک بووە و پاشان عەزیز زەند بە هۆی کار و کۆششیەوە خۆی گەیاندووتە پلەی سەرۆکی و بەرپرسی کۆمەڵە و بە ڕاکێشانی چەند کەس لە ئەندامانی ژ.ک خۆی چووە «کۆمەڵەی ئازادیخوای کوردستان»ی پێکەوەناوە. کار وکردەوەی عەزیز دەکەوێتە بەرچاوی دەوڵەت و بە هێندێ قەول و قەرار بۆ لای خۆیانی ڕادەکێشن، ناوبراو ناوی ئەندامانی کۆمەڵە دەداتە دەستی دەوڵەت و دەیان گرن. پاشان عەزیز بە خەیانەتکار دەناسرێ، ئینجا سەر لە نوێ کۆمەڵە بە خۆی دا دەچێتەوە وئەم جارە حوسێن فرووهەر دەبێتە بەرپرسی کۆمەڵە.[19]

پێویستە ئەمە بگوترێ کە هەر لە سەرەتای ئەم جم وجووڵانە دوو بۆچوون و تێڕوانین لە ناو ئەم تێکۆشەرانەدا هەبووە: بیری سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستانی گەورە، کە زۆرتر ڕووناکبیران و مووچەخۆران و هێندێ مەلا و توێژاڵی دەسکورتی ناوچەکەلایەنگری بوون. نوێنەری دیاری ئەم بۆچوونە کۆمەڵەی ژ. ک بوو. ئەوی تر لایەنگری مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا بوو و بۆ هێندێ ئازادی کولتووری و ئیداری کە پاشان بە ناوی خودموختاری ناوبانگی دەرکرد، هەولی دەدا. ئەم تاقمە زۆرتر لایەنگری ئەوە بوون کە دەبێ لەگەڵ ئازەربایجان و هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا یەک بگرن نە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان. نوێنەری بەناوبانگی ئەم بۆچوونە حیزبی دێمۆکرات بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد بوو.

کۆمەڵەی هیوا کە ئاگاداری باری شپرزی ئێران و جموجۆڵییەکەی سابلاخ بوو کاتەکەی بە هەل زانی و بڕیاری دا سێ ئەندامی کارای خۆی کلۆنێل «میرحاج ئەحمەد» و کلۆنێل« مستەفا خۆشناو» و کلۆنێل«عیزەت عەبدولعەزیز» بۆ دامەزراندنی لقی هیوا بنێرێتە شاری مەهاباد. بەڵام پێش ئەوە درێژە بە باسەکە بدەین دەبێ بزانین کۆمەڵەی هیوا چ بوو و چۆن پێکهات.

لە دوای هەراکەی بەر دەرکی سەرا و کارەساتی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول[20] لە شاری سلێمانی، لە ناو گەنج و کوڕ و کاڵی ئەو ناوەدا سیاسەت بوو بە شتێکی ڕۆژانە. لەو لاشەوە چاپەمەنی کوردی بە شێوەیەکی زۆر دیار پەرەی سەند، (ژین) لە سلێمانی، (گەلاوێژ) و (دیاری لاوان) لە بەغدا و (زاری کرمانجی) لە ڕەواندز دەردەچوون. باڵیۆزخانەی بریتانیاش (دەنگی گیتی تازە)ی بڵاو دەکردەوە. خەبات لە دژی فاشیسم و هیوا و ئاواتی بێ سنوور دەربڕین بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بووبوو بە دروشمی سەرەکی زۆربەی چاپەمەنی و کۆڕ و کۆمەڵەی کوردەکان. گۆڤاری گەلاوێژ بە وتارە ڕێک و پێک و ناوەرۆکە دەوڵەمەندەکەی سەرنجی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری ڕاکێشا و بە ئاشکرا ڕێبازی دژ بە فاشیسمی گرتبووە بەر. هەر ئەم گۆڤارە هەلومەرجێکی لە باری بۆ دامەزراندنی حیزبی هیوا پێکهێنا.

لە بەهاری ساڵی ١٩٣٩ دا چەند ڕووناکبیر و قوتابی کورد کە پێشتر لە ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوول دا بەشداریان کردبوو، لە شاری کەرکووک لە کۆبوونەوەیەکدا لە سەر بنچینە و پاشماوەی دوو کۆمەڵەی پێشتر بە ناوی کۆمەڵەی ئازادی کورد و کۆمەڵەی دارکەر[21]، بە نهێنی (کۆمەڵەی هیوا) یان پێکهێنا و هیوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیان هەبوو و خەباتی دژی فاشیسمیان دەکرد.

بەرنامە و پێڕۆ و پرۆگرامی کۆمەڵەی هیوا هەر بەرنامەی دوو کۆمەڵەی ناوبراوی ڕابردوو بوو کە هێندێ ڕێک و پێک تریان کردبوو. ئامانجی دووری کۆمەڵەی هیوا، یەکگرتنی چوار پارچەکەی کوردستان و داواکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ بوو بۆ گەلی کورد. ئامانجی نزیکیشی داواکردنی ئیدارەیەکی زاتی کوردی بوو کە سەرپەرشتی خوێندن و ڕۆشنبیری کوردی و هەروەها پرۆژەی کردنەوەی نەخۆشخانە و قوتابخانە و ڕێگا و بان بکات لە ناوچەکانی کوردستان دا. هەروەها داواکاری ئەوە بوون کە زوڵم و زۆرداری لە لایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە نەمێنێ بەرانبەر بە جووتیارانی هەژار. ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا لە بەرنامەیان دابوو باری ژیانی جووتیار بگۆڕن و دژی پێوەندی دەرەبەگایەتی بوون لە ناو کۆمەڵدا بەتایبەت ئەو پێوەندییە کۆنەپەرستانەی نێوان مەلا و ئاغا و دەرەبەگەکان بەرانبەر بە جووتیارە هەژارەکان. داواکاری ئەوەش بوون کە هیچ چەشنە جیاوازییەک نەمێنێ لە نێوان کورد و عەرەب دا. ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا لە بەرنامەکانیان دا دژایەتی خۆیان سەبارت بە کۆمپانیا نەوتەکانی ئینگلیزیش دەربڕی.

کۆمەڵەی هیوا بەم بەرنامەیە لە ناو خەڵکدا زۆر زوو جێگای خۆی کردەوە. بەتایبەت لە هەولێر و کۆیە و سلێمانی و هەڵەبجە و کەرکووک و بەغدا و ناوچەی بادینانیش لقەکانی دەستیان کرد بە تێکۆشان، کە دەوری کرێکاران و جووتیاران و مووچەخۆران لەم چالاکییەدا زۆر دیار بوو.

لەمانگی ٢ی ساڵی ١٩٤٠ دا دامەزرێنەرانی هیوا کۆبوونەوەیەکی تریان گرت و لەم کۆبوونەوەدا بە زۆربەی دەنگ ڕەفیق حیلمی[22] کرا بە سەرۆکی هیوا. مەرج و داب و نەریتی هاتنە نێو کۆمەڵەی هیوا وا بوو لە پێشدا ئەندامی تازە هاتوو بە قورئان سوێند دەدرا کە ملکەچی فەرمانەکانی کۆمەڵە بێ و نهێنییەکانی بپارێزێ و خەیانەت لە گەلی کورد نەکا و خۆی لە پێناوی ئامانجەکانی کۆمەڵەدا بەخت بکا. دروشمی تایبەتی کۆمەڵەی هیوا بریتی بوو لە شاخێک بە ڕەنگی سەوز و هەتاوێکی هەڵاتوو لە ناو ئاسمانێکی شین دا. لە دروشمەکەدا نووسرابوو « کۆمەڵەی هیوا، بژی کورد و کوردستان» . هیوا گۆڤارێکی وەکوو ئۆرگان بە زمانی کوردی و بە ناوی هیوا و بە دەستنووس بڵاو کردەوە. لەم گۆڤارەدا شێعر و ئەدەبیاتی کوردیی نیشتمانپەروەرانە بڵاودەکرایەوە. لەم گۆڤارە هەشت ژمارە دەرچوو و دوا ژمارەی لە پاش شەڕی ڕەشید عالی گەیلانی[23] لە ساڵی ١٩٤١ دا بڵاو بووەوە.[24] هەروها بە بۆنەی کارەسات و ڕووداوەکانەوە گەلێک بەیاننامەیان دەرکرد وەکوو بەیانێک لە دژی پەیمانی سەعدئاباد[25]، بەیانێک بە بۆنەی ڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلوولەوە هەروەها بە بۆنەی شۆڕشی دەرسیم[26] و ئاگریداغەوە.[27] کۆمەڵەی هیوا هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ حیزبێکی پێشکەوتنخواز و بە قەوەت ترین هێزی سیاسی ئەوسای بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بوو و هەر لەو ماوەیەدا کاری کردە سەر کوردەکانی تورکیا و ئێران و سووریاش.

کۆمەڵەی هیوا هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە شک و گۆمانەوە کەوتە پێش چاوی کومونیستەکانی عێراق و ئەوان پێیان وابوو دەبێ دەستی ئینگلیسییەکان لە دروستکردنی دا لە کار دا بووبێ.[28] سێکرتێری گشتی حیزبی کومونیستی عێراق سەلمان یوسف سەلمان (١٩٤٩-١٩٠١) لە وتارێک دا کە بە بۆنەی دامەزراندنی کۆمەڵەی هیواوە نووسی، وای دەربڕی کە کوردەکان پێویستیان بە حیزبی کار و خەباتە نە هیوا و ئاوات.[29] ئەم جۆرە بۆچوون و سەرنجدانە گەرای کێشە و دووبەرەکی لە ناو هیوا دا بڵاو کردەوە. هەروەها سروشتی کۆمەڵەی هیوا وەکوو حیزبی وردە بۆرژوازی و بۆرژوازی مبللی تازە پێگەیشتوو لە خۆیدا زەمینەی کێشە و دوو بەرەکی ئامادە کردبوو، چونکە بۆرژوازی قەت ناتوانێ بڕوای بە خۆی و جەماوەری گەلەکەی بێ و هەر چاوە ڕوانی

> **کێشەی سەرەکی ناوخۆیی هیوا بە گشتی لە دوو بەرەی جیاوازدا خۆی دەنواند. یا بە واتایەکی تر بریتی بوو لە دوو بالی چەپ و راست. لە سالی ١٩٤٣ دا کە راپەڕینی بارزانییەکان دەستی پێکرد، کێشە و دووبەرەکی ناوخۆیی هیوا کرژ وتوندتر بوو و گەیشتە قۆناغی تەقینەوە.**

پشتیوانێکە لە دەرەوە بێ، دیارە ئەم پشتیوانەش دەبێ یەک لە دەولەتە زل و بەهێزەکانی سەردەم بێ.

کێشەی سەرەکی ناوخۆیی هیوا بە گشتی لە دوو بەرەی جیاوازدا خۆی دەنواند. یا بە واتایەکی تر بریتی بوو لە دوو بالی چەپ و راست. لە سالی ١٩٤٣ دا کە راپەڕینی بارزانییەکان دەستی پێکرد، کێشە و دووبەرەکی ناوخۆیی هیوا کرژ وتوندتر بوو و گەیشتە قۆناغی تەقینەوە. ناکۆکی بنەڕەتی دوو بالی ناوبراوی هیوا لەم دوو مەسەلەدا بوو: لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دا، بۆ چارە سەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد، کۆمەلەی هیوا دەبێ کام رێبازی سیاسی لە پێش بگرێ؟ ئایا دەبێ پشت بە ولاتی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیسم ببەستێ یا بریتانیا و ولاتانی رۆژئاوا یا بە واتایەکی تر ئیمپریالیستەکان؟ کێشەکەی تر ئەوە بوو، هەلوێستی هیوا بەرانبەر بە راپەڕینی بارزانییەکان دەبێ چ بێ؟ ئایا دەبێ بە تەواوی قەوەتییەوە یارمەتی بدا و بەشداری تێدا بکا و تەنانەت سەرکردایەتیشی بگرێتە دەستی خۆی، یا دەبێ بێ لایەن بێ و دوورەپەرێز راوەستێ. ئەگەر ویستی یارمەتیشی بدا دەبێ ئەم یارمەتی دانە وا نهێنی بێ کە سەرنجی تاقمی دەسەلاتداری عێراق رانەکێشێ و نەبێتە هۆی تووڕەبوونی ئینگلیسی هاوپەیمانی عێراق.

بالی راست لە رەفیق حیلمی سەرکردەی هیوا و لایەنگرەکانی پێکهاتبوو و دەیانگوت ئێمە لە دەست زۆرداری و خراپی تورک رزگار بووین. ئێستا ئینگلیس ئاغای ناوچەکەیە دەبێ تا ئەو رۆژە خۆمان دەگرین و دەولەتەکەمان بە هێز دەکەین و لە غەم دەیرەخسێنین لەگەل ئینگلیس دا شان بە شان برۆین بەڕێوە تا بە تەواوی سەربەست و ئازاد دەبین و لە سات و کاتی ئێستا دا بریتانیا بە هێزە و دەستی بە سەر عێراقدا گرتووە و هیواش ئەو هێزەی نییە کە بتوانێ بە گژی ئینگلیس دا بچێ. یەکیەتی سۆڤیەتیش لە بەر دووری لە خاکی کوردستانەوە، ناتوانێ یارمەتی کوردەکان بدا.

سەبارەت بە هەرای بارزانییەکانیش پێیان وابوو کۆمەلەی هیوا بە هیچ شێوەیەک نابێ خۆی تێکەلی ئەم کێشە بکا. چونکە خۆ نزیک کردنەوە لە بارزانییەکان، بە واتای جاڕدانی شەڕە لەگەل دەولەتی عێراق دا و ئەمەش دەبێتە هۆی دژایەتی ئینگلیس لە گەل کوردەکان. بالی راست و بەتایبەت رەفیق حیلمی خۆی لە بەر رابردووی و تێکشکانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود بە دەستی ئینگلیس، لە هێز و قەوەتی ئەم دەولەتە زراویان چووبوو و گەلێک لێی دەترسان.

بالی چەپ کوت و مت بە پێچەوانەی بالی راست بیری دەکردەوە. یەکێتی سۆڤیەتی بە تاقە پشتیوانی گەلانی بەشخوراو بەتایبەت گەلی کورد دەزانی و ئیمپریالیسمی ئینگلیسی بە دوژمنی سەرەکی هەموو رەنجدەران و گەلانی بەشخوراو بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی لە قەلەم دەدا. لەو سەردەمەدا بە پێی بۆچوونەکانی ستالین، گەلی کورد وەکوو گەلێکی سەربەخۆ نەدەهاتە ژماردن. بەلام لە بەر ئەوە سپای سوور توانیبووی بە سەر فاشیسم و نازیسم دا زال بێ و لەم رێگا دا بە ملوێن قوربانی دا و جاڕی ئازادی و یەکسانی دەدا، جێگای هیوا و ئاوات و رێزی کۆمەلانی زەحمەتکێش و ئازادیخواز و گەلانی ژێردەست بوو. ئەوە بوو لاوانی خوێن گەرم و پێشکەوتنخوازی کوردیش سەرەڕای ئەوە کە دەیانزانی لە لایەن سۆڤیەتییەکانەوە بە گەلێکی سەربەخۆ وەرناگیرێن، بەلام هەر چاوی ئومێدیان لێ بوو.

دەولەتی عێراق و ئینگلیس کە ئاگاداری ناکۆکی ناوخۆی ئەندامانی هیوا بوون ئاوری دووبەرەکییەکەیان خۆشتر کرد. ئاخری لە فێڤریەی سالی١٩٤٤دا بە بەشداری زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆمەلەی هیوا، کۆنفرانسێک لە شاری کەرکووکدا گیرا. لەم کۆبوونەوەدا بە دوور و درێژی باسی ناکۆکییەکان کرا بە تایبەت بالی چەپ رووی شاراوەی ئیمپریالیسمی ئینگلیسی بۆ ئامادە بووانی کۆنفرانسەکە دەرخست. بەم چەشنە کۆمەلەی هیوا دوو لەت بوو، بالی چەپ چوونە ناو حیزبی کومونیستی عێراقەوە[٢٠] و بالی راستیش ماوەیەک هەر بە ناوی کۆمەلەی هیوا مایەوە و پاشان نەیتوانی خۆی راگرێ و تێکچوو.

بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم باسە: (دامەزرانی کۆمەلەی ژ.ک) لە ژمارەی داهاتوودا بخوێنەوە.

## پەراوێزەکان

١) چەند ئازەرییەکی موسولمان بە سەرکردایەتی کەربەلایی میکاییل زادە و عەباس کازمزادە لەژێر کارتێکردنی شۆڕشی رووس لە سالی ١٩٠٥دا، «حیزبی دیمۆکراتیکی ئیسلامی موساوات»یان لە سالی ١٩١٢ دا پێکهێنا. دروشمی سەرەکی ئەم حیزبە بەرابەری مافی موسولمانەکان و رووسەکان بوو لە ولاتی رووسستان و ئامانجی درێژ خایەنیشیان پێکەوە نانی ولاتێکی ئیسلامی و یەکپارچە بوو بە سەرکردایەتی تورکەکانی ئاسیای گچکە. لە سالی ١٩١٣ رێبەرایەتی حیزب کەوتە دەست مەحەمەد ئەمین رەسوولزادە. ناوبراو حیزبی بەرەو سیاسەت و رێبازی پان تورکیسم برد و لایەنگری یەکیەتی هەموو تورک زمانەکان بوو. ئەم حیزبە لە مانگی ژوئنی سالی ١٩١٨ جاڕی سەربەخۆیی بەشێ لە قەوقازی دا بە ناوی «کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجان». ئازەربایجانی ئێرانیشیان بە ئازەربایجانی باشووری ناو دەبرد و بە بەشێ لە خاکی خۆیانیان دەزانی. پاش دوو سال بۆلشویکەکان ئەم حکوومەتەیان لە ناو برد، بەلام ئێوی ئازەربایجان هەر مایەوە. پێش موساواتییەکان ئەم بەشەی قەوقاز بە ئالان و ئەڕان بەناوبانگ بوو. بۆلشویکەکان حیزبی موساواتیان تێکدا بەلام نەیانتوانی بیر و باوڕی موساواتی بنبڕ کەن. ژمارەیەکی زۆر لەم موساواتیانە پاشان لە حیزبی کومونیستی ئازەربایجان دا خۆیان شاردەوە و تا سەرۆکی حیزبیش گەیشتن وەکوو میر جەعفەر باقرۆف کە هەر بەم تاوانەش کوژرا.

٢) ایرج اسکندری، *خاطرات سیاسی*، به کوشش علی دهباشی، تهران ١٣٦٨، ص ١٢٧.

٣) بۆ نموونە لە هیچکام لە چاپەمەنییەکانی حیزبی دیمۆکراتی ئەو سەردەمە دا ناوی (ژ.ک) نابردرێ و بە یەکجاری خۆیان لێ گێل کرد.

٤) فەقێکان بە گشتی هەتا نەبوونەتە مەلا لایەنگری خەلکن، کە بوون بە مەلا و ئاغایەکیان دۆزییەوە و بە نان و نەوایەک گەیشتن ئیتر دەبنە پشتیوانی ئاغا و حکوومەت و جەماوەری گەل لەبیر دەکەن. کۆلکە مەلا هەژارەکانیش زۆرتر لە بەرەی خەلکدان.

٥) ئەبولقاسم لاهووتی، کورد و کوردستان، گۆڤاری رۆژهەلاتی تازە، سالی ١٩٢٣، ژمارەی ٤ ل. ٦٤ (بە زمانی رووسی).

٦) کومەلەی خۆیبوون لە سالی ١٩٢٧ لە ولاتی لوبنان دا پێک هات نە لە میسر.

٧) مەبەست خۆیبوونە.

# ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان

## (لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆماری کوردستان)

س.ج. هێرش

ئەگەر بمانەوێ لە پرۆسەی شێعری نیشتمانی و سیاسی ئەو بەشەی کوردستان واتە موکریان بدوێین، ناچارین دەبێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی لەبەرچاوگیراو، بەتایبەت ئەو هۆیانەی کە بەستێنی ئەو دیاردەیان لە کوردستانی ژێردەستەڵاتی ئێران پێکهێناوە، بەکورتی و بەپێی توانا لێک بدەینەوە.

هەروەک دەزانین تا پێش شەڕی جیهانی یەکەم، کوردستانی ڕۆژهەلات سەرەڕای ئەوەیکە گەلێک بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە خۆیەوە دیوە، بەڵام لە هیچکامیاندا نە تەنیا هەستی نەتەوەیی و شعوری میللی لە حاند هەستی دینی و ئایینی و عەشیرەییدا پڕ ڕەنگ نەبوودەتەوە، بەڵکوو شوێنێکی ئەوتۆشیان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنگەری و شعوری کۆمەڵایەتی خەڵک دانەناوە. هەر بەو پێیەش لایەنی شێعری نیشتمانیش سەری هەڵنەداوە. دیارە ئەوەش زیاتر پێوەندی بە باردودۆخی کۆمەڵایەتی و نزم بوونی ڕادەی خوێندواری کۆڕ و کۆمەڵانی ئەو سەردەمەوە هەبووە و غەیری ئەوەش چاوەڕوان نەدەکرا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری کلاسیکی کوردی ئەوبەشەی کوردستان واتە «لقی موکریان»ی سەر بە«ڕێبازی سۆران» (بە ڕێبەرایەتی نالی)، لانیکەم لەم قۆناغەدا، دوورەپەرێزی بووە لەو بیر و بۆچوون و دەربڕینەی کە «هەستی نەتەوایەتی»تێدا دەبریسکێتەوە. هەرچەند بیر و بۆچوونی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوە خوازی زۆر پێشتر لە «مەم و زین»ی خانی شاعیری گەورەی کورددا، ڕەنگی دابۆوە، بەڵام پەیام و هاوارە مێژووییەکەی لەو بەشەی کوردستاندا، زۆر درەنگتر تەقییەوە.

دەوەدا شک نییە کە شعوری میللی و هەستی نەتەوایەتی پێوەندییێکی ڕاستەوخۆی بە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی، شێوەی بەرهەمهێنان، ڕادەی شارنشینی و شارستانی، پلەی خوێندەواری، زەوقی فەرهەنگی و هەروەها چۆنێتی ئاوێتە بوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆیە ناکرێ ئەو ئەرک و مەبەستەی کەوا ئەوڕۆ لە ڕوانگەی نەتەوایەتییەوە بۆ شێعر لە بەر چاوی دەگیرێ، لەبەر چاو گیرابا. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەگەر زمان وەک دیاردەیێکی زەق و لایەنێکی گرینگ بۆ نواندن و نیشاندانی هەستی نەتەوایەتی بە حیساب بێ، دیارە شێعری کلاسیکی کوردی تا ئەو سەردەمە خزمەتێکی زۆر شیاوی لەوبارەوە کردووە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە شێعر و شاعیری لە ئەساسدا ئەو ئەرکەی نەبووە و بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیش نەیدەتوانی هەیبێ. گریمان ئەگەر ئەو زەوق و توانایییەش هەبایە، لە چوارچێوەی پێوەندیی زەویداری و سیستمی کۆچەری ـ عەشیرەییدا نەدەگونجا. ڕەنگە ئەو قسەیەی «واسیلی نیکیتین» بێ جێ نەبێ کە گوتوویە: «ئەدەبی نووسراوی کوردی جگە لە دەرەتانێکی تەسک بۆ فیۆداڵە خوێندەوارەکان و هەروەها توێژێکی کەم لە ڕۆشنبیرانی خاوەن ئامانجی نەتەوەیی شیاوی دەست پێڕاگەیشتن نەبووە. کەچی زۆربەی خەڵکی کورد کە لە نێو چەندین وڵاتی بێگانەدا بڵاوبوونەوە لە ئەدەبی نووسراو بێبەش کراون؛ سەرەڕای ئەوەش چینەکانی سەرووی ئەو نەتەوەیە خۆیان بە کۆڕوکۆمەڵانی هاوتەرازی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوانەوە دەبەستنەوە کە حوکمیان بە سەردا دەکەن و لە زمانی ئەوان (تورکی یا فارسی یا عەرەبی و هێندێک جاریش هەرمەنی) وەک زمانی ئەدەبی بۆ بەجێگەیاندنی پێوەندیی سیاسی و فەرهەنگی کەڵک وەردەگرن».[1] بێ لەوەش دین و ئایین و تەریقەتەکانیش کەم تا زۆر وەک ڕاگر و پارێزەری نیزامی کۆنی کۆمەڵایەتی، ئەو بوارەیان نەدەرەخساند کە شێعر زیاتر لە ئەرکی دیاریکراوی خۆی، پەل بۆ «بیدعەت» و شتی نەخوازراو ڕابکێشێ. هەر بۆیەشە لەو قۆناغەدا کە قۆناغی شێعری سۆفیەگەریی یە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی لاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ناڕەوا دەبێ ئەگەر لە بوونی تەریقەتەکانی کوردستان بەتایبەت قادری و نەخشبەندی بۆ شوێندانان لە سەر پرۆسەی شێعر و شاعیریدا، چاوبپۆشین. دوای ڕووخان و لەناوچوونی ئەمارەتە کوردییەکان، مەزگەوت و تەکیە و خانەقا وەک بنکەیێکی گرینگی کۆمەڵایەتی، گەورەترین خزمەتیان لە بواری بووژاندنەوە و پەرەپێدانی شێعر و ئەدەبی کوردیدا کرد کە دەشێ لەو بارەوە وەک نێوەندێکی ئامال دەوڵەتی کوردی لە قەڵەم بدرێن. بۆ نموونە شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان، وەکوو: «ئەحمەدی کۆری موکریانی»، «مەلا سالحی حەریق»، «میسباحی ئەدەب» و «وەفایی مهابادی» و زۆری دیکە... ئەگەر ڕاستەوخۆ پەروەردەی نێو حوجرەی مزگەوت و خانەقاکانی «بورهان»و «زەمبیل» و «شەمزینان»نەبووبن، لانیکەم جارجار بە ناوی خاوێنی ئەوێ، دەستنوێژی عیشق و خۆشەویستییان شوشتووە و حاڵەتی جەزبەیان گرتووە و شێعریان گوتووە. هیچ عەیب و شووردییش نەبووە، ئەو بارودۆخەی ئەوان تێیدا دەژیان هەر ئەوەی هەڵدەگرت.

شاعیرانی ئەو سەردەمە بە تێکڕایی جیهانبینی یەکێتی بوون(پانتەئیستی) و ئەوپەڕی سروشتی(ئیدەئالیستی) یان هەبووە و زیاتر باسی عیشق و عیرفان و سروشت و پێوەندییەکانی ڕوحی و مەعنەوییان کردووە و تانەت لە دەربڕینی گەورەترین کارەسات و ڕووداوی سەردەمی ژیانی خۆیانیش، چاویان پۆشیوە. بۆ نموونە شاعیرێکی گەورەی وەک وەفایی کە مرید و میرزای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە، سەبارەت بە ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ساڵی ١٨٨٠ی شێخ دژ بە حکوومەتی قاجارەکان، جگە لە چەند پارچە شێعر کە ڕاستەوخۆ بە شێخی هەڵگوتووە، شتێکی ئەوتۆی لەو بارەوە دەرنەبڕیوە.

هاوکات لەگەڵ هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی و داگیرکرانی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ڕووس و عوسمانییەوە، قورسایی باری شەڕ دەکەوێتە سەر ئەستۆی خەڵکی هەژار و ناتەیار و بێ چەک و مەچەکی کورد. لەم هەلە ناسکەدا، بەشێک لە شێخەکان و سەرۆکە ئایینییەکانی کوردەواری دەبنە بڵیندگۆی ئیسلامخوازی عوسمانییەکان و لە بری ئەوەیکە خەڵکی بێلایەن بهێڵنەوە، دژی سپای ڕووسی تێزاری هانیان دەدەن و بەمجۆرە زۆربەی خەڵکی کورد لەسەرۆک عەشیرەتەکانەوە ڕا بگرە هەتا چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی شارەکان، لە ڕووی ناچارییەوە دەکەونە

نێو شەڕێکی نەخوازراوی لاپەڕەسەنی کە جگە لە ماڵوێرانی و کوشت و کوشتار و سووتانی زەویوزار، هیچ چەشنە بەرژەوەندییێکی لە بواری کۆمەڵایەتی ـ سیاسی بۆ گەلی کورد تێدا نابێ و تەنانەت گەلێک لە کەسایەتییە ناودارە بێلایەنەکانی ئەو سەردەمەش، بە تاوانی لایەنگری لەم و لەو بە دەست هێزی داگیرکەری ڕووس و عوسمانی دەکوژرێن و لەدار دەدرێن.[٢] لە ئاکامی ئەو شەڕ و شۆڕانە، قاتی و قڕی و گرانی لە کوردستان گەیشتووەتە پلەیێک کە خێزان ناچار بووە لە برسان منداڵی خۆی بخوا[٣]. بەم جۆرە چوارچێوەی ڕەوتی ئاسایی کۆمەڵگەی کورددواری بە تەواوی لێک دەترازێ. بۆیە لەو قۆناخەدا دەراوی زانیاری سەبارەت بە چالاکی فەرهەنگی و ئەدەبی (شێعر و شاعیری) زۆر لێڵ و ناڕوونە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەدەب و شێعری نووسراوەیە، دەنا کورد لەو کاتەدا لە بواری ئەدەب و شێعری فۆلکلۆرییەوە بەهەمان ئەندازە کە نەخوێندەوارە، بە هەمان ئەندازەش دەوڵەمەندە.

تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم و مەرجیش نییە وابێ، لەو قۆناغەدا جگە لەچەند پارچە شێعری کوردی، بەرهەمێکی ئەوتۆی شێعریمان بۆ نەماوەتەوە کە بتوانێ پرۆسەی چالاکی ئەدەبی و شێعری پێ دەربخرێ. یەکێک لەو پارچە شێعرانەی کە بە یادگار ماوەتەوە و تارادەیێک ڕووداو و کارەساتەکانی شەڕ دەردەخەن، پارچە شێعرێکە لە «عەلی بەگی حەیدەری» (١٨٧٢-١٩٥٦)، کە سەبارەت بەو کوشتار و تالانەی کە لە لایەن ڕووسەکانەوە لە ناوچەی موکریان و بەتایبەت لە سابڵاغ کراوە، گوتراوە:

لەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزانی وەتەن
دائیما جووتم لەگەڵ غەم، هەمدەمی حوزن ومیحەن
تۆزی خاکی هەرمیلێ ی تۆ سورمەیی چاوی دڵە
ئاوێ سەرچاوەی زولالی شەربەتی ڕوح و بەدەن
حوببی تۆ دینی منە، ئایینی من، ئیمانی من
یاد و فکری ئاو و خاکت شوغڵ و وێردی من وەتەن
گوڵبنی گوڵزارەکەی تۆ بوو کە جێی قومری و هەزار
ئاشیانەی جوغدە ئێستا بۆتە جێی زاغ و زەغەن
شار و بازارت دەڵێن سەرپاکی وێران وخەراب
موڵک و ئاسارت هەموو پامال و خالی و بێ سەکەن
کووچە و شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو بێ خەتا
جوملە وێران و خەرابن، پڕ لە سەگباب و لە سەن
حەیفە وا، بێ قوتبە قیبلەت بێ سەفا باغی وەفا
سەیرە وا، بێ سەیرە پرد و گۆلەکەی قازی حەسەن
مینبەر و مزگەوتی سوور و حوجرەکان وحەوشەکەی
پاکی جێ دەستەی قشوون و پاکی جێ وەعزی قەشەن
دلبەرانت بوونە یەخسیر، چوونە قەفقاز و سبیر
نەوجەوانانت هەموو کوژران و نێژران بێ کەفەن
حەشرە واوەیلایە ئەورۆ کەربەلایە شاری مە
کوشتنە، تالانە، یەخسیرە، کەوا دێن و دەیەن
ڕەنجی موسلیم بێ حیسابە، ڕەحمەتێ یا موستەفا
زولمی کافر بێ ژمارە غەززەبی، یا زولمینەن
ئەی خودا هەر کوردە یەخسیری هەموو میللەت بووە
دەی! «عەلی» تا چاک نەفەوتاوە، بلێ فکرێ بکەن[٤]

عەلی بەگی حەیدەری، هەرچەند لەو پارچە شێعرەدا بە شێوەییکی زۆر جوان و بە هەستێکی پاک بەشێک لە ڕووداو و کارەساتەکانی ئەو سەردەمەی بۆ تۆمار کردووین، بەڵام چونکە خۆی یەکێک لە شاعیرانی سەر بە خانەقای بورهان بووە، ڕووداوەکانی زیاتر لە ڕوانگەی جیهانبینی مەزهەبییەوە زەق کردووەتەوە تا لە ڕوانگەی نیشتمانییەوە. ڕاستە کۆشتار و تالان و برۆی ڕووسەکان لە ماوەی چەند ساڵان لە کوردستاندا بێ وێنە بووە، بەڵام زۆڵم و سەرەڕۆیی و دڕندەیی عوسمانییەکانیش دەستێکی کەمیان لەوان نەبووە.

ئەوەی ڕاستی بێ، لە کورردستانی موکریان، سەرەتای شێعری نیشتمانی و سیاسی لە پێناو ئامانج و بووژاندنەوەی هەستی نەوتەوەیی، هاوکات لەگەڵ داگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە بە هۆی دوکتور «مستەفا شەوقی» (مەستەفا قازی ناسراو بە قازی زادە) دەستی پێکردووە کە لە ساڵی ١٨٩٦ لە سابلاغ (مهاباد) لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٠دا مردووە. ئەو لە بنەماڵەی قازی مهابادە و ئامۆزای قازی عەلی (باوکی پێشەوای قازی) و کوڕی قازی لەتیفە.[٥]

بەگوێرەی ئەو کۆمەڵە شێعرانەی کە لە بەردەست دان، ئەگەر مستەفا شەوقی خاوەنی ئەو شێعرانە بێ کە لە سەرەتای لاویدا نووسیبونی، بە بەراوردکردن لە گەڵ ئەوە کە لە ساڵی ١٩٥٠دا کۆچی دوایی کردبێ، دەبێ بەرهەمی شێعریی گەلێک لەوە زیاتری لە پاش بە جێ مابێ. بەهەرحاڵ مەستەفا شەوقی یەکێک لەو شاعیرانەیە کە لە سەر بەستێنی شێعری کلاسیکی کوردی و لە سەر هەمان ڕووخسار و شکڵی باوی دەربڕین، ئاماڵ گۆڕانێکی لە باری ناوەرۆک و کاکڵەوە پەدیهێناوە. واتە بە پێچەوانەی شاعیرانی پێشوو، نەهاتووە شێعری ڕووتی بێ پشتیوانە، یان دەربڕینێکی گشتی بێژانە بێنێتە ئاراوە. هەرچەند ئەویش کە خۆی لە سەرەتای لاویدا لە خانەقای بورهان خوێندوویەتی و پێگەیشتووە، لە بیر و بۆچووندا زیاتر بۆ لای لایەنگیری لە عوسمانییەکان دادەشکێتەوە تا ڕووسەکان، بەڵام هەرچۆنێک بێ، وەک نوێنەری تازە پێگەیشتووی توێژی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، هەوڵی داوە کوڕ و کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەرەو بیر و ئامانجی پێشکەوتنخوازانە هان بدا و هەستی نەتەوایەتی وکوردایەتییان وەخۆ بخا. بەتایبەت دوای ئەوەیکە مستەفا شەوقی بە مەبەستی خوێندن وڵات بە جێ دێڵێ و لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات لە شاری ئیستانبووڵ ئاشنا دەبێ[٦]، هەم لە باری جیهانبینییەوە و هەم لە باری بیر و بۆچوونی نیشتمانییەوە گۆڕانێکی قووڵی بە سەر دادێ و لە سەر مەسەلەی کوردان و هۆی وەپاشکەوتنیان (نەخوێندەواری و جەهل و نیفاق) زیاتر وردەبێتەوە؛ بۆیە ناوەرۆکی شێعرەکانی لە چاو ئەو کاتە، دەربڕی هەستێکی کوردانە و نیشتمانپەروەرانەن.

مستەفای شەوقی سەرەڕای ئەوەیکە ڕیشەی دەرد و ڕەنجی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کورددەواری چ بە شێعر و چ بە نووسراوە باس دەکا، تا ئەو جێیەی لە تواناشیدا بووبێ، هۆ و سەبەب و ڕێگا چارەشیان ڕوون دەکاتەوە. ئەو، لە پارچەشێعرێکیدا کە بە بۆنەی قەتلوعامی (سابلاغێ) لە لایەن ڕووسەکانەوە گوتوویەتی دەڵێ:

جەبینی مینایی زێو، کوردی هوما، خاڵ مشکی تاتاری
شەدەشل، چاو بەکل، ڕوو سوورە گوڵ، تەڕڕاڕ و عەییاری
..............................
وەرە تا شەرحی ئەحوالی دڵی خۆمت لە بۆ بێژم
وەرە تا من بە فرمێسکم بشۆم بۆت پەردەیی تاری
عەلیموللا لە پاش تەشریف و چوونی تۆ لە (سابلاغێ)
وەتەن وێران و ماڵ سووتاو و کیژ بێ لاو و خوێن باری...

دە نێو مێرگۆڵەکاندا سووشیی[7] زەرد و هەڵاڵەی سوور...
لە باغ و باغچەکاندا بولبولی شەیدا و پاساری
بە زوڵم و جەوری دوشمن بوو، بەهاریان زەردە پاییزێک
لە بێ ڕەحمیی و دڵ سەختی بە باریان بار لە لێو باری
لە ئاغایان و ئەشراف و مەلایان کەس ئەما ئەورۆ
لە سەر ئەنقازی مالیان خۆ دەخوێنن کوند بە بێ عاری
لەوەی پێش من کە دەمگوت ئەی برایان غەفڵەتو بەس بێ!
جەفات فەرموو و تەعنەت دا کە شەوقی پووچە بازاڕی؟
ئەوێ وەختی ئەتۆ مەست و غورووری حوسن و ئانت بووی...
ئەتۆ شا و من جەوانێکی فەقیر بووم ڕوو بەشر[8]، شاری
لە تیرژی ئاگری عیشقی تۆ زێهنم هێندە مودریک بوو!
کە ئەو ئەحوالەکانم یەک بە یەک دیبوو بە بێداری[9]

هەروەک دەزانین لە شەڕی یەکەمی جیهانی گەلێک لە عەشیرەت و بنەماڵە شارەییەکانی کوردستان کەوتنە نێو ئاگری شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو، کە بە تێکڕایی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمەی بە سەر سێ بەرەی جیاوازدا دابەش کرد، بەرەیێک لایەنگری هێزی ڕووس و بەرەیێک لایەنگری هێزی عوسمانی(کە هاوپەیمانی ئاڵمان بوو) و بەرەی سێهەمیش بەرەی دژ بە هەردوولا، واتە هەم ڕووس و هەم عوسمانی بوو. بەشێک لە شێخ و خەلیفەکانی سەر بە ڕێبازی نەخشبەندی بۆ نموونە:شێخ حیسامەدین(ی تەوێڵە) و مەولانا محەمەد سادقی مەرزینگ ( خەلیفە و سەرپەرستی خانەقای بورهان دوای وەفاتی شێخ)[10]، بەرەی یەکەم پێکدێنن کە بە هەواخوازی لە ئیسلام و لایەنگریی لە عوسمانی دژی هێزی داگیرکەری ڕووس فتوای جیهاد دەدەن و زۆربەی عەشیرەت و بنەماڵەکانی سەر بەو خانەقایانە لە موکریان، لە شەڕ و ڕووداوەکاندا بەشداری دەکەن. بەرەی دووهەم واتە لایەنگری لە ڕووس و دژی عوسمانی لەلایەن خانەقای شەمزینان بە ڕێبەرایەتی شێخ عوبدولقادری شەمزینان[11] و بەرەی سێهەمیش کە بەشێک لە سەرۆک عەشیرەت و بنەماڵە و حاکمەکانی موکریان دەگرێتەوە پێکدێ کە یەکێک لە بە ناوبانگترین سەرداری ئەو شەڕانە قازی فەتاحی شەهیدە کە لە پێناو بەرگری و دیفاع لە شاری ساباڵغ، لە شەڕێکی نابەرانبەردا بە دەست ساڵداتەکانی ڕووس دەکوژرێ و بەشێک لە خزم وکەسوکارەکەی بە دیل دەگیرێن[12] کە «عەلی بەگی حەیدەری» لە شێعرکەیدا ئیشارەی پێکردووە. هەڵبەت جێی خۆیەتی ئەوەش بگوترێ کە شەڕ و بەرەنگاریی خەڵکی کوردستان، چ لە ئاست هێزی ڕووس و چ لە ئاست هێزی عوسمانی، هەڵوێستێکی دروست و نیشتمانپەروەرانە بووە، چونکە هەرچۆنێکی لە قەڵەم دەین ئەو شەڕ و خۆڕاگری و بەرەنگارییانە لە پێناو پاراستنی شەرەف و نامووس و نیشتمان بووە؛ هەرچەند ئەگەر بە پێی بارودۆخی ئەوکاتە ئامال بەرەیێکی یەکگرتووی ڕێکوپێک بە دیهاتبایە ڕەنگە تەلەفات کەمتر بووبا و تورکە عوسمانییەکانیش نەیاتوانیبا لەلایێک ئاوا بە هاسانی لە هەستی ئیسلامەتی خەڵکی کورد کەڵک وەرگرن و لەولاش گەورە پیاوانی موکریان وەک حەمە خانی بانە، محەمەد حوسێنخانی سەردار، سەیفەدین خانی سەقز و شێخ بابا سەعیدی غەوسابات(کە خۆی شاعیریش بووە) ڕەپێچەکدەن و لە سێداردیان بدەن.[13]

مەبەست لە هەتلەبوونی باسەکە، دەستنیشانکردنی ئەو خاڵە بوو کە مستەفا شەوقی وەک ڕۆشنبیرێکی خوێنگەرمی شارەیی ئەو سەردەمە، زۆر ڕێی تێدەچێ کە چەشنە بیر و بۆچوونێکی گەلاڵەکراوی سەبارەت بە شەڕ و بەرگری هەبووبێ بەڵام ئەم گەورە پیاوەی کە لە شێعرەکەدا مەبەستێتی ـ من ڕۆژتر بیرم بۆ لای مەولانا محەمەد سادق بڕ دەکا تا بۆ لای قازی فەتاح ـ بە گوێی نەکردووە و پاشان دەرکەوتووە کە پێشبینییەکانی وەڕاست گەڕاون و دیارە ئەو تیژ زەینییەش هەر بە هۆی ئاگری عیشقی ئەو کەسە بووە کە شێعرەکەی بۆ ناردووە.

لەو پارچە شێعرانەی کە بە دەستەوەن زۆربەیان ئەوە دەسەلمێنن کە شەوقی دەبێ لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی یەکەم لە وڵات بووبێ و پاشان بەردو هەندەران پەرەوازە بووە؛ بۆیە تەنانەت لەو جێییەی کە بە زمانی غەزەلیش دەدوێ، سۆزی نیشتمان و ئەو وێنە تراژێدییانەی کە بە چاوی خۆی بینیویە کاریان تێکردووە و ڕەنگیان داوەتەوە. شێعرەکانیشی جگە لە یەک دوو پارچە نەبێ، هەموویانی دەبێ لە دەرەوە نووسی بێ. کەسێک کە شەڕگەی نەدیبێ و وێنە تراژێدییەزیندووەکانی لە مێشکیدا هەڵنەگرێتەوە ناتوانێ دەربڕی ئەو هەستە لە جۆشە و دەرخەری ئەو دیمەنە شاعیرانەیە بێ. ئەو، لە پارچە هۆنراوەی «حەسەبی حاڵ دەگەڵ وەتەن»دا، دەڵێ:

خەملیوە لە سەر قەبری جەوانان گوڵ و لالە؟
یا سووریی خوێنە کە بڵێیی ڕەنگەکی ئاڵە
پێش تابشی خورشید، فەلەک وەقتی بەهاران،
وەک چاو لە فرمێسکی منە، قەترەیی ژاڵە
ئەی بادی سەبا، هەستە گوزەر کە بە وەتەن دا
پەخشان بکە سەر ئەرزی وەتەن بۆنی گوڵاڵە!
با بێت و بە تەنسیری فسوونی نەفەسی تۆ
وەک غونچە بپشکوێ دەمی ئەو کوردە کە لاڵە
با بێت و سبەینان ئەلەم و دەردی شەوی هەجر
بێژێ، کە لەوەی پاش خەوی مە، مەحزی وەباڵە!
قەهری فەلەک و جەوری ڕەقیب و ستەمی دۆست
سەر ناسیەیی پڕ شکەنی کرد بە قەباڵە
چارت نییە ئەورۆکە ئەتۆ دەستە شکاوی
بەد مەستیی مەی بوو کە شکا جام و پیاڵە
شەوقی وەرە لەو غوربەتە مائیل بە وەتەن بە
بێ خاکی وەتەن عیززەتی تۆ مەحزی خەیاڵە..
بەو کاکۆڵی ڕەش ڕەنگە! کەوا بۆزی فیراقە
با ڕام بێ لە بۆت فەزل و هونەر چونکە حەلاڵە[14]

ئەگەر لە لایەنی زێدەگۆیی و زێدە بێژی چاو بپۆشرێ، ئەو غەزەلەی شەوقی یەکێک لە جوانترین و پڕ ناوەرۆکترین غەزەلی شێعری کوردی بە حیساب دێ و لە هەمان کاتدا بە گرینگترین شێعری نیشتمانی. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە شەوقی، بەو پارچە شێعرە و بەتایبەت بە گوتنی بەیتی چوارەم، تەوای ئەو کەلێن وکۆلێن و بۆشاییەی کە لە بواری شێعری نیشتمانییەوە تا ئەم قۆناغە بەدیدەکرێ پردەکاتەوە. شەوقی، دەمی کوردی لاڵی بە خونچەیێکی نەکراوە چوواندووە کە تەنیا بای سەبا(کە پەیامی شاعیر خۆیەتی) دەتوانێ بیپشکوێنێ و وەک گوڵاڵە کە بیرخەرەوەی خوێنی هەزاران لاوە، زمانی گۆیان وەخۆیان بخا و داوای کراوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی بکەن...

شەوقی لە پارچە شێعرێکی دیکەیدا زۆر بە وردی هۆی ئەم «لاڵی» و «دەستە شکاوی»و «بەدمەستی»یە واتە تێنەخوێندنەوەی بارودۆخی زەمانە و هەروەها «شکانی جام و پیاڵە» لە چاوی ئەو کەسانەوە دەبینێ کە «دوژمنی» و «نیفاق» نەیهێشتووە بە عیلم و مەعریفەت خاکی پاکی وەتەن تێراو بکەن:

زمـــانی ئێـــمـــه شـــیـــرینه، هەواری ئێـــمـــه ڕەنگینه
بەڵا چونکە هەمــوومــان دوژمنین زۆر ســەعبــه ئیـدراکی
نیــفــاقی مــه گــوناهێکی عــەزیمە جــا نزیاڵی وی
به گــەردەن شـێخ و ئاغـا و مـەلا و دەست و مـیـسـواکی[١٥]

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە شێعر و پلەی شاعیریی شەوقی بە گوێرەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری قسەی ئاخرمان بکەین و بە ئاکامێکی شیاو بگەین، دەبێ بڵێین کە شەوقی یەکێکە لە ئاڵاهەڵگرانی **قۆناغی ڕۆشنگەریی** کە زوڵم و زۆریی داگیرکەران و دوژمنانی کورد لە لایێک و چەنددەستەیی و پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری کۆمەڵگەکەی لە لایێکی دیکەوە کاریان تێکردووە و هەستیان هاروژاندووە، بۆیە بنەمای بیر و بۆچوونی نەتەوەخوازی لە تەواوی شێعرەکانیدا هەست پێدەکرێ. ئەو، لە باری شێعرەوە نە تەنیا ئارمانجخوازە بەڵکوو بە کردەوەش پیاوی کار و تێکۆشانە. شەوقی بە پێچەوانەی شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان(**قۆناغی سۆفیگەری**) خاوەنی دەنگی ڕەسەنی سەردەمی خۆیەتی و بە زمانی ڕەخنە و سەرکۆنەکردن و پلارتێگرتن و هاندانی هەستی نەتەوەیی دەیەوێ گەلەکەی بەرەو جادە ڕێی شارستانی و ئازادی و بەختەوەری ڕێنوێنی بکا.

هەروەک ئاگادارین، هاوکات لە گەڵ پەرەگرتنی بەکاوەخۆی سەرمایەداری لە ئێرانی سەدەی نۆزدە و بەرەوپێشچوونی پلەی شارستانی لە لایێک و هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی بە هێزی ناوەندی و نوێکردنەوەی بنکەی دەسەڵات لە ئێران لە لایێکی دیکەوە، لە کوردستانیش کەم وزۆر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و فەرهەنگی بە تایبەت لە بواری هەستی نەتەوەییدا پێکدێ کە هەر وەک باسی لێوە دەکەین بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی لە ساڵی١٩٢٥دا، ئەو دیاردەیە زەق تر دەبێتەوە.

جاری وایە مێژووش بەپێچەوانەی پرۆسەی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی، دژ بە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەها هەتڵە دەبێ کە کەس سەرەدەری لێ ناکا ئەوەیکە لەو قۆناغەدا، بازی خۆشپەروازی پاشایەتی بە دەست چاوبەستانی ئینگلیس هەڵخرێ و بە سووران و تەقڵەلێدان لە سەر شەپکەی کۆنە سەربازێکی نەخوێندەوار بنیشرێ، یەکێک لەو کارە سەیر و سەمەرانەیە. لەوەش سەیرتر سازکردنی مێژوویێکی دەستکردە کە ناسیۆنالیستە توند و تیژەکان، نەجاتی ئێران و «میللەتی ئێران» لە چاوی ئەو کۆنە سەربازە و پاشای داهاتووی ئێراندا دەبینن، بێ ئەوەی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەرەوە و ناوەوە لێکبدەنەوە. ئەوەیکە هێندێک لە مێژوونووسانی هەندەری و ناوەیی دەوڵەتی دەستکردی پەهلەوی بە دەوڵەتێکی «مۆدێرن / نوێباو» لە قەڵەم دەدەن، ئەگەر هەڵەیێکی ئاشیانە نەبێ بێشک بۆچوونێکی بەرژەوەندخوازانەیە. دەوڵەتی مۆدێرن لە ئاکامی پرۆسەیێکی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی پێکدێ کە تێیدا «مافی ژیان» و «مافی هاووڵاتی» هەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ، بە گوێرەی قانوون لەبەر چاوبگیرێ و کەس حەقی نەبێ بە حوکمی سەرنێزە ئەو دیاردانە پێشێل بکا. جا با بزانین ئایا بە ڕاستی ئەو هەستی «ئێرانیگەری» و ئەو دەوڵەتی مۆدێرنە لە کوێ ڕا سەرچاوەی گرت و چۆن بوو دواتر بە وەلانانی ڕەزاشا ئاداری لە سەر پاداری نەما؟

هەر وەک ئاشکرایە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و بەتایبەت سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر و کشانەی هێزەکانی ڕووس(بەر لە کۆتایی هاتنی شەڕ)، تەنیا مزنهێزێکی کە تەواوی چارەنووسی سیاسی ئێرانی کەوتە دەست، دەوڵەتی ئینگلیس بوو. دیارە ئەمریکاش لە بنەوە یاریدەدەر و هاوبەرژەوەندی سیاسەتی ئینگلیس بوو. دەوەدا شک نییە کە

> «نارەزایەتی لە بێ وزەیی وڵات لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩-١٩٢١و لایەنگری لە پێکهاتنی حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندی و خوازەری چاککاری، ڕەزاخانی یارمەتیدا و پێشڕەفەتەکانی، ئینگلسیان زیاتر بۆ پشتیوانی وی هاوئاهەنگ کرد»؛ ئەوەش حاشای لێ ناکرێ هەر وەک «ژیرینسکی لە سەر نەخشی گرینگی وەزیری موختاری بریتانیا سێر پێرسی لۆرێن(Sir Percy Lo-rain)سەبارەت بە هێنانی ڕەزاخان و هاسان کردنەوەی کاری وی پێدادەگرێ و دەڵێ ئەوە لۆرێن بوو کە ڕەخساندی بریتانیا لە پشتیوانی شێخ خەزعەل دەست هەڵگرێ و دەسەڵاتی ڕەزاخانی بە سەردا بچارێنێ و ئەوە لۆرێن بوو کە ڕەزاخانی تێگەیاند کە سەری ناسازگاری لە گەڵ ڕووخانی قاجارەکان و دامەزرانی بنەماڵەیێکی تازە نابێ»[١٦]چونکە «بەگوێرەی بارودۆخی دەرەکی و ناوەکی ئێرانی ئەوسەردەمە، دەکرێ وای دابنێین سەرەڕای ئەوەیکە چ کەسێک وەزیری موختاری بریتانیا لە تاران بێ، کاربەدەستانی ئینگلیسی بە هاسانی کەسێکی وەک ڕەزاخانیان بۆ ئەدەدۆزراوە کە بتوانێ دەسەڵاتی چەسپاو و هێمنایەتی ئێران بەرقەراربکا، هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا نەکا و دەوڵەتی وی لەمپەرێک بێ لە نێوان ئیمپراتوری[بریتانیا] و سۆڤیێت و کۆسپێک بێ لە سەر ڕێگای پەرەگرتنی بۆلشویزم».[١٧]

وەختایێک ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢٥ بە نێوی «پەهلەوی» پاشایەتی ئێرانی بۆ مسۆگەر کرا، جگە لە بزووتنەوەی سمکۆ کە ماوەی چەند ساڵان درێژەی هەبوو و دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی کوندە جەرگ کردبوو، بزووتنەوەیێکی ئەوتۆی گرینگ و جێی ترس نەمابوو کە بە یارمەتی ئینگلیس سەرکوت نەکرێ. بۆیە یەکێک لە هەنگاوە گرینگەکانی کە دەبوو لە پێناو دامەزرانی «ئێرانی نوێ» و ئامانجی «نوێخوازی» هەڵیهێنێتەوە، بە هێز کردنی قەوارەی ئەرتەش و پتەو کردنی نیزامی بۆروکراتیک ـ پۆلیسی بوو لە سەر ئەساسی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی هۆز و عەشیرەت و نەتەوە نا فارسەکان. ڕەزا شا بە کەڵک وەرگرتن لە داهاتی لە حیساب نەهاتووی نەوت و بە بەهرەوەرگرتن لە سیاسەت و ئامۆژگارییەکانی ئینگلیس توانی حکوومەتێکی تەواو پۆلیسی لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستان دابمەزرێنێ.

> دیارە «لەو بارەدا، ڕەزا شا لە لایەن بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی خاوەن نفوزی ئێرانی کە پێیان وابوو هۆز و عەشیرەتەکانی نەژادی[نافارس] کۆسپێکی نالەبارن لە سەر ڕێی نوێخوازی، پشتیوانی لێکرا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەزا شا خۆی لە سەرەتاوە بۆ لە ناوبردنی هێندێک لە عەشیرەتە خاوەن دەستەڵاتەکان لە هێزی عەسکەری عەشیرەیی یارمەتی وەرگرت بەڵام ماوەیێکی پێنەچوو هەموویانی تێکشکاند. سەرۆکەکانی یان پەرەوەازە کرد، یان لە زیندانی ئاخنین و لەناوی بردن. هێندێکی چەک کردن و هێندێکیشی ناچار بە داسەکنان کرد و لە ڕێی ئامۆژیاری[فێر کردن و بارهێنان]، نفووزی بۆرۆکراتیک(ئیداری)، بەسەربازبردنی ئیجباری(مەشمول) و، گۆڕینی زمان و جلوبەرگ هەوڵی دا ئەوان بکاتە بەشێک لە کۆمەڵگەی فارس زمانان.»[١٨]

بەکورتی هەروەک نووسەر و لێکۆڵەرەوەی ئێرانی «شاهروخ مسکوب»دەڵێ:

«تەنیا ڕێگایێکی کە تەقریبەن هەموو بیرکەرەوانی ئێراندۆست بۆ دەرمانی پەرێشانی[ئێران]دۆزیانەوە، دوو ڕێی تێکنەلڤاو و یەک لایەنە بوو:

ـ ئێرانیگەری(ناسیۆنالیزم) لە ئیدەئۆلۆژیدا؛

ـ دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی، لە گۆڕەپانی کردەوەدا.»[19]

کە گونجاندنی ناوەرۆکی هەردووک خاڵی ئەو سیاسەتە، لە پێوەندی لە گەڵ کوردستاندا جگە لە ستەمی کۆمەلایەتی ـ سیاسی و نەتەوایەتی ـ فەرهەنگی، دوژمنایەتێکی ئاشکراش بوو بۆ تواندنەوەی یەکجاری نەتەوەی کورد لە نێو «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»دا.

هەرچەند ڕەزاشا لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی دووهەمدا توانی بە حوکمی سەرنێزە و هێزی عەسکەری هێمنایەتێکی ئاماڵ گۆڕستانی لە کوردستان پێکبێنێ، بەڵام سەبارەت بە خاڵی یەکەم سەرەڕای پروپاگەندەیێکی زۆری ئیدەئۆلۆژی و سیاسی و فەرهەنگی، نەیتوانی کورد لە چوارچێوەی «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»دا بتوێنێتەوە.

باوەکوو لەو سەروبەندەدا، هەروەک پیاوە قەدیمییەکانی موکریان دەگێڕنەوە و دەڵێن: «کەڵ بە موو بەند بوو»، کۆڕ و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان نەتەنیا سەریان بۆ ئیدەئۆلۆژی «ئێرانیگەری»ی شوڤێنیستە خاوەن دەستەلاتەکانی دەوڵەتی ناوەندی شۆڕ نەکرد، بەڵکوو لە باری هۆشیاری کۆمەلایەتی و هەستی نەتەوایەتیشەوە زیاتر تێهەڵچوونەوە.

ئەوەی پێوەندی بە شێعر و شاعیرییەوە هەبێ، دەبێ بڵێین، سەرەڕای ئەوەکە لەو قۆناغەدا بە ڕەسمی زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ، شێعری کوردی کە هەم ڕەنگدەرەوەی بیر و بۆچوونی نیشتمانی و هەم دەربڕی نارەزایەتی لەدژی سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی و زمانی کوردی بێ، لە سەر بەستێنی شێعری شاعیرانی دەستەی یەکەمی موکریان(قۆناغی سۆفیگەری) ڕەوتی خۆی درێژە پێدا. بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە یەکێک لەو سەنگەرانەی کە زمانی کوردی تاڕەدایێک لە نەمان پاراست مەتەرێزی شێعر بوو، لە هەمان کاتیشدا چاکترین و هاسانترین چەکی بەرەنگاری کە تەنانەت خەڵکی نەخوێندەواریش دەیتوانی هەم بیبیژێ و بیژنەفێ، هەم لەبەریشی بکا و بۆ خەڵکی دیکەشی بخوێنێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەر دەرگای هەموو مەدرەسە و ئیدارەکانیش نووسرابوو «بە فارسی قسان بکەن».[20]

دیارە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان، چ لەناچاری بێ و چ بە زۆرە ملی، هەبوون کەسانێک کە پشتیان لە زمان و ئەدەب و شێعری کوردی کرد و بەمجۆرە نەختالێک زەوقی فەرهەنگی و ڕەوتی شێعر و ئەدەبی کوردی کوێر بۆوە. بەڵام هەرئەندازە پرۆسەی دامەزرانی «ئێرانی نوێ» و هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەی سەردەست، ئەویش لە سەر حیسابی تواندنەوەی گەلانی نافارس، توند و تیژتر دەبوو، بەهەمان ئەندازەش هەستی نەتەوایەتی کوردیش کە وەک پۆلووی ژێرخۆڵەمێش وابوو لە ناورگی شێعری کوردیدا دەگەشاوە. وەختایێک لە ساڵی ١٣١٢(١٩٣٤)، جێژنی هەزارساڵەی «فیردەوسی»دانەری شاهنامە، لە تاران بەڕێوەدەچێ، لە لایەن هەستیاران و شاعیران و نیشتمانپەروەرانی کوردیشەوە لە مزگەوت و خانەقا و دیوەخان و قاوەخانەکانی کوردستان لەوپەڕی حوکمی پۆلیسیدا، شێعری کوردی دەخوێندرێتەوە و بەمجۆرە چەشنە ئەدەبێکی بەرەنگاری لە نێو کۆڕ و کۆمەلانی خەڵکی کورددا پەرەدەگرێ. لێرەدا جێی خۆیەتی هێندێک لەم شوێن و ناوەندانەی کە لە بواری بووژاندنەوەی شێعر و زمانی کوردیدا نەخشێکی بەرچاویان هەبووە و نەیانهێشتووە ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، دەستنیشان بکەین و بۆ نموونە هێندێکیان ناو بەرین:

ـ خانەقای شەمزینان لە شاری مهاباد،

ـ خانەقای زەمبیل،

ـ دیوەخانی عەلیخانی ئەمیری،

ـ دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافعی لە شاری مهاباد،

ـ مەحکەمە و دیوەخانی قازی عەلی و قازی محەمەد،

ـ خانەقای شەمسی بورهان...

هەرچەند لەو قۆناغەشدا زۆربەی شاعیرانی سەر بەم بنکەکۆمەلایەتییە ئایینییانە هەر لە سەر شێواز و دەربڕینی کۆن شێعریان دەگوت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ سەبارەت بەکارتێکەری و شوێندانیان لە سەر داهاتووی شێعری موکریان بە تایبەت گەشەپێدانی زمانی کوردی چاویان لێ بپۆشرێ.

دوای هاتنەسەرکاری بنەماڵەی پەهلەوی و جێگیربوونی دەوڵەتی ناوەندی و پروپاگەندەکردن بۆ ئیدەئۆلۆژی ئێرانیگەری و «هەوێتی نەتەوەیی ئێرانی»، لە شێعر و ئەدەبی کوردیشدا کەم و زۆر چەشنە هەڵوێست و بەرهەڵست و نارەزایەتییێک لە حاند پێشێل بوونی مافی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بەرجەستە دەبێتەوە و وردە وردە ڕێگا بەرەو شێوازێکی دیکە کە تا دوێنێ زۆربەی شاعیرانی قۆناغی سۆفیگەری خۆیان لێ دەبوارد، خۆش دەکرێ. بەم جۆرە لەو سەردەمەدا کە دەنگی ئازادی لە گەرووداخەفە کرابوو، لە شێعری موکریاندا، تۆوی بەخۆداهاتنەوە و بیر و بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە و هەستی نەتەوەیی لە شێوەردی زەرهەڵگەڕاو و لە ناو بێبەشکراوی کۆمەڵگەی کوردەواری دادەچێندرێ. بە کورتی دەتوانین بێژین شێعری موکریان باوەکوو لەباری شکڵ و ڕووخسارەوە درێژەدەری هەمان شێوازی پێشوو بوو، بەڵام لە باری کاکڵ و ناوەرۆکەوە هێندێک تایبەتمەندیی بەرچاوی تێدا بەدیهات کە لەو خاڵانەی خوارەوەدا خۆ دەنوێنن:

ـ دەربڕینی هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری و بەشخوراوی و ژێردەستەیی کۆمەڵگەی کورد.

ـ تواندن و دەرخستنی زۆڵم و سەرەڕۆیی حکوومەتی ناوەندی و لە قاودانی سیاسەتی دووڕوویی و کوردنامۆیی.

ـ ڕەنگدانەوەی ڕووداوە گرینگەکانی کوردستان، وەک ڕاگوێزانی هێندێک لە هۆز و عەشیرەتەکانی کورد بە زۆرەملی، قەدەغەکردنی زمانی کوردی، گۆڕینی شێوەی جلوبەرگی کوردی و داسەپاندنی شەپکەی پەهلەوی و...

ـ هاندانی کۆڕوکۆمەلانی کوردەواری و هورووژاندن و ڕاکێشانیان لە پێناو ئامانجی نەتەوەیی و ئازادی و سەربەخۆیی.

ـ لۆمە و سەرکۆنەکردنی سەرۆک عەشیرەت و تاقمە دەستڕۆیشتووەکانی سەر بە دەوڵەتی ناوەندی.

ـ هەروەها ڕەخنەی توند و تیژ لە کار و ئاکاری دزێو و ناشیرینی کۆمەلایەتی کە دەبنە هۆی دووبەرەکی(نیفاق) و بەدبەختی و ماڵوێرانی...

دیارە شێعر وەک دیاردەیێکی کۆمەلایەتی، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی خوێندەواری و زەوقی فەرهەنگی و پلەی شارستانی و ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە شێعری موکریانی ئەو قۆناغەش ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی کۆمەڵگەی خۆیەتی. ئەگەر تا دوێنێ شێعری کوردی بە تێکڕایی دەربڕی چەشنە بیر و بۆچوونێکی عیرفانی و ئیدەئالیستی (خوداخوازی و ئینسانئەوازی) و گشتی بێژانە و هەمەلایەنە بوو، لە مە بەدوا پێ دەنێتە قۆناغێکی ڕیئالیستی(کۆمەڵخوازی و نەتەوەئەوازی)و تایبەتبێژانە و یەکلایەنە کە هەم باری نەتەوایەتی تێدا بەرجەستە دەبێتەوە و هەم باری چینایەتی. لە نێو شاعیرانی موکریاندا

بۆنموونە دەکرێ لە دوو شاعیری ناودار و مەزن «مەلامارفی کۆکەیی (١٨٧٤-١٩٤٥)» مەلا و پێشنوێژی مزگەوتی شادەرویشی شاری مهاباد و، میرزا «ئەبولحەسەنی سەیفی قازی(١٨٧٧- ١٩٤٤)» ناسراو بە (سیف القضات) مامۆستای شاعیرانی موکریان نێو بەرین کە هەردووکیان بە هەق وێکهێنەری ئالقە و جەمسەری لایەنی چینایەتی و نەتەوایەتی شێعری موکریانن.

مەلا مارفی کۆکەیی سەرەڕای ئەوە کە لە گوتنی شێعری کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی دا دەستێکی بەرزی هەبووە، کۆمەڵگەی کوردەواریشی باش ناسیوە و هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری و چاولەبەری گەلی کوردی شارەزایانە دەست نیشان کردووە. ئەو لە پارچەشێعرێکیدا ئەو مەبەستانە بە ڕوونی دەردەبڕێ و دەڵێ:

ئەی میللەتی مەزلوم و فەقیر و دەستەوەستان
بێ عیلم و مەعاریف وەکوو ئەتفالی دەبستان
ئەی بێ بەش و بێ بەهرە لە ئازادی و شادی
مەحروم وعەقەب کەوتوو وەکوو کوێر و ئەقوستان
بۆ بێخەبەرن دەوری جەهالەت سوپەری بوو
بێنوورە چرای جامیعەیی بادەپەرستان
.........
شاعیر وەرە قوربانی قەریحە و قەلەمت بم
بینووسە لە بۆ ئاکرە و ئامێد و لوڕستان
«باوەندی»و «سەنجابی» و ئافاقی جنووبی
بۆ کوردی پەڕاکەندە لە گەرمێن ولە کوێستان
بۆ میللەتی بێچارەیی بێ ساحیب وسەردار
بە خسووس تەبەقەی کوردی عیراق و عەجەمستان
بۆ ئاتیە فکرێکی بکەن فرسەتە ئەورۆ
تاکەی دەبنە چاولەبەر و ئالەتی دەستان [٢١]

ماکەی قین و ناڕەزایەتی دژ بە دوژمنانی کورد وەختایێک زیاتر زەق و تۆخ دەبێتەوە کە مەلا مارف کوڕێکیشی بە نێوی «مەلاعەلی»لە سالی ١٩٢٤دا، لە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵ ژاندارمەکانی سەر بە ڕەزاخان لە ناوچەی بۆکان دەکوژرێ. [٢٢]

کۆکەیی هەر وەک لە شێعرەکانی ڕا دەردەکەوێ، توانیویەتی بە چەکی زمان و شێعر، بەرەنگاری زوڵم و سەرەڕۆیی کاربەدەستانی هەندەری و خۆماڵی دەورانی ڕەزا شا بێتەوە و لێیان لە هەڵلا بدا و بێتە زمانی لە قاودان و نوێنەری ناڕەزایەتی تەواوی ئەو چین و توێژانەی کە لە لایەن ئەمنیە و ئاژان و کاربەدەستانی دەورانی ڕەزاشا، لە گوند و شارەکانی کوردستاندا دەڕووتانەوە.

هەروەک دەزانین ڕەزاشا دوای هاتنە سەر تەختی پاشایەتی لە سالی ١٩٢٥، قانوونی سجیل وەرگرتن و بەسەربازبردنی ئیجباری(مەشمول) و دواتریش لە سالی ١٩٢٧ قانوونی جل گۆڕین بە چاولێکەری لە وڵاتانی ئورووپایی و هاوسەنگی لەگەڵ سیاسەتی کەمال ئاتاتورک لە تورکیا، دەردەکا کە بۆ بە جێگەیاندنی ئەو فەرمانانە، کار بەدەستانی سەر بە ڕێژیم لە تەواوی کوردستاندا، بە شێوەیێکی زۆر زاڵمانە، وێڕای بوغز و غەرەزی میللی لەگەڵ خەڵکی کورد ڕەفتار دەکەن و کار دەگاتە ئەوە کە « مەندیلی مەلایان، شەدەی لاوان، چارشێوی ژنان، ئیفەکی ڕانک و پانتۆڵ لەبەرانیان دەسووتاند...». [٢٣] هەرچەند لێرە ولەوێ گەلێک سەربزێوی و ناڕەزایەتی وەک ڕاپەڕینی مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕێ لە دژی شەپکەی پەهلەوی سەریان هەڵدا، بەڵام هەژار گوتەنی «...مەلا خەلیل کە شکا دەبوو مەلا و فەقێ ئیجازەیان پێ بێ کڵاو لە سەر نەکەن» [٢٤]. مەلامارف لە پارچە هۆنراوەیێکی خۆیدا، سەرەڕای دەربڕینی وەزعی نالەباری ژیان و پیری و هەژاری خۆی، ڕەفتار و ناکاری دزێوی کاربەدەستانی ڕێژیمی «پەهلەوی»یش لە قاودەدا و دەڵێ:

دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم
شەهرەبانی حازرە و داوای کڵاوم لێدەکا
سەیری خۆشتر، من کە «مەعرووفم» لە نێو ئەم شارەدا
تازە « احصائیە» داوای ئیسم و ناوم لێدەکا [٢٥]

لێرەدا بۆ ئەوەی هەم ڕێبەران و ڕێڕەوانی شێعر و ئەدەبی موکریان بناسرێ و هەم پلە و پایەی شێعری مەلا مارف وەڕووبخرێ، وا باشە ئاوڕێکیش وە سەر نووسراوەی مامۆستا هێمن بدەینەوە کە سەبارەت بە وی گوتوویەتی:

«لە بیرمە شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێ. کۆمەڵێک گەورەپیاو و شێعرناس کە ئەوی لەبیرم مابێ یەکیان مامۆستای مەزن تورجانی زادە بوو، تاریفی ئەو شێعرەیان دەکرد کە مەلامارف بۆ شافیعی ناردبوو، من بە ئەدەب لە سەر چۆک دانیشتبووم و متەقم نەدەکرد. تا گەیشتە ئەم شێعرە:

جانیزەی شێعرم لە تۆ ناوێ مەگەر بارێ ڕەزی
تا سەر و ڕووی دوژمن و بەدخواهی تۆی پێ ڕەش بکەم

ئەو دەم وەدەنگ هاتم وگوتم ئەم شێعرە مانایەکی دیکەشی لە بن دا هەیە ئەویش ئەوەیە کە میرزا ڕەحمەت ئەوەندەی دوژمن و بەدخواە هەیە کە بارێک ڕەزیان دەوێ تا مەلامارف ڕوویان پێ ڕەشبکا. مامۆستا تورجانی زادە تاوێک مات بوو و گوتی: "ئافەریم ڕۆڵە تۆ کێ ی؟ خۆم پێ ناساند گوتی: لە کن کێت خوێندووە؟ گوتم لە خزمەت مامۆستا فەوزی، گوتی: ئەوە بۆیە شتی وا دەزانی.

بەڵێ مەلامارف ئە کەسە بوو کە بەو هەموو زانست و هونەرەوە بە زگێک تێر و بە دووزگانی برسی بوو. دوایەش کە مرد وەک حەریق لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژرا و گۆڕی ئەویش وەک گۆڕی هەزاران مەلا و سەید و پیاوچاک بە دەستی "وەرنەهرام" تەخت کرا.» [٢٦]

با لێرەدا ئەوەش بڵێین ئەو «تورجانی زادە»یەی کە مامۆستا هێمن نێوی بردووە، ئەگەر هەمان «مەلا محەمەدی تورجانی زادە» سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد» کە لە لایەن «سمکۆ»وە دەردەچوو، نەبێ؛ ئەحمەدی تورجانی زادەی برایەتی کە خۆی ئەدیبێکی گەورە و خاوەن ناو بووە. ئەو مامۆستایەی «هێمن»یش هەمان فەوزی ی بەنێوبانگی خەڵکی سلێمانی و مامۆستای خانەقای شێخی بورهان بووە کە گەلێک نووسەر و شاعیری کوردی پێگەیاندوون.

هەروەک لە پێشدا باسکرا لە نێو ئەو شوێن و بنکە کۆمەڵایەتییانەی کە بە ڕاستی ئەخشێکی پڕ بایەخیان لە پەرەپێدانی شێعر و شاعیریدا هەبووە خانەقای بورهان بووە کە «پیاوی گەورە و زانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمی موکریان وەک مامۆستا فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی موحەمەد، حاجی مەلا موحەمەدی شەرەفکەندی، عەلیخانی ئەمیری بە تایبەتی ئاغا خوێندەوار و زاناکانی فەیزوڵڵابەگی هات و چۆی خانەقایان دەکرد و بە مانگ و دوو مانگ لە وێندەرێ دەمانەوە». [٢٧]

یەکێک لەو شاعیرانەی کە دەکرێ وەک پێشەنگی شێعری نیشتمانی و سیاسی موکریان نێوی بێنین کە شوێن پێی لە سەر شاعیرانی دواتری موکریان بە ڕوونی دەردەکەوێ سەیفی قازی یە کە زۆرجار هەر لەو خانەقایە لە کۆڕی شێعر خوێندنەوەدا بەشداری کردووە و بۆ سوختە و

فەقێ و موستەعیدان شێعری خوێندۆتەوە. هەرچەند لە شێعرەکانی را ئەوجۆرەی کە پێویست بێ دەرناکەوێ کە لە چ زەمانێکەوە دەستی بە شێعر گوتن کردووە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەو یەکەم شاعیری ئەو قۆناغەیە کە توانیویەتی بە دەمەزەردکردنەوە و تیفتیفەدانی خەنجەری شێعری موکریان، دەستپێشخەری شێوازێکی نوێ بێ چ لە باری ناوەرۆکەوە وچ لە باری کاکڵەوە. هێمنی موکریانی سەبارەت بە وی دەڵێ: «... ئەم شاعیرە بە مامۆستای شاعیرانی نیوەی یەکەمی کوردستانی ئێران دەزانم. شاعیرەکانی پێش ئێمەی موکریان وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا و دوکتور شەوقی و خالەمین و سەید کامیل ئەگەر ئەشڵێن بیری ئەتەوایەتی لەوی فێر بوون دیارە ئوسلوبی لە کارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و زمانی شوان و سەپان و جووتیاریان لە وی وەرگرتووە ئێمەش شاعیرەکانی پاش ئەوان وەک هەژار و عەتری گلۆڵانی و هێمن پەیڕەوی ئەوانمان کردووە و دیارە شاعیرەکانی لاویش وەک سوارە و هاوار و مەحموودی و مەلا غەفوور ئەم ڕێڕەوەیان بەرنەداوە». [۲۸]

سەیفی قازی سەرەڕای نوێکردنەوەی بیری گەل پەرستی و نەتەوەخوازی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، لە باری داهێنانی کێشی خۆماڵی و دەکارهێنانی وشەی پەتی و پاراو، بە یەکێک لە ئەدیبانی گەورە لە قەڵەم دەدرێ کە هەژاری موکریانی لە بارەیدا، دەڵێ: « نازانم خەڵک دەربارەی بەرهەمی سەیف دەڵێن چی. بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم بڕوام وایە ئەگەر سەیف تەنیا ساڵی قڕانی نووسیبایە و هیچی ترنا. دەرگای هەرمان و ئەمری وەک ئەدیبێکی گەورەی کورد بەڕوادا کراوەتەوە[ بە ڕوودا کراوەتەوە] و لە لای شاعیرە مەزنەکان پاڵپشتی بۆ دانراوە.» [۲۹]

پێموایە حەوجێ بە شیکردنەوە ئەکا کە سەیفی قازی لە هۆنراوەی «ساڵی قڕان»دا، ناکامی سیاسەت و ناکاری دزێوی ڕەزاشای وەها لە دیمەنی «بەهارێکی زستانی»دا دەربڕیوە، کە کەم شاعیری کورد توانیویە بەمجۆرە دەربیرێ بە تایبەت لە باری وشەئارایی و وێچواندن (تشبیه)و تێخوێنی(تمثیل) و تێبنێژی(استعارە) و وێنە(ئیماژ)ی شێعرییەوە کەم کەس دەیگاتێ:

دنیا وا سوور بوو لە بەفر و سێخوار
فرمێسکی سوورم بە سپی دێتە خوار
با لە کێو و دەشت خۆڵ ودەسەر دەکا
گریانی کێوان بەحران پڕ دەکا
عەرزیش لە بۆمن هێندەی قوڕ پێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لە شێوا
لەگلەک لە گەل کەوت ئەما تەتەقی
سیرووش لە سیرە و فیتوو و چەقچەقی
پاک پەشیمانن لە بۆ گەرمێنێ
بۆچ دەهاتنەوە عەمرو نەمێنێ...

ئایا ئەگەر مانای ڕواڵەتیی شێعرەکان بخەینە لاوە و بە نووکی قەڵەمەکەمان بنکۆڵیان بکەین هیچ مانای دیکەمان نادەنە دەست؟ بۆچی نا! دوای ئەوەیکە سمکۆ، بەرەو کوردستانی گەرمێن(۱۹۲٦) پاشەکشەی کرد و پاشان سەرلەنوێ گەڕاوە [۳۰]... ئاخیری بە هەر فێڵێک بێ بە دەست ڕەزاشا لە ناودەچێ، کە سەیفی قازی، سەبارەت بە وی گوتبووی:

سمکۆی خودا کە داوە بە مە، ساحیب و ڕەئیس
شوکری بکەین بە زار و زبان و ددان و لێو
مەقسوودی وی ئەمە، کە هەقی مە بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە، فیدای بین بە نێر و مێو

کەچی ئێستا بە لەناوچوونی بزووتنەوە کوردییەکان و کپ بوونەوەی دەنگی گەلی کورد لە هەموو پارچەکان، سەرسوڕماوی خۆی لە ئەمانی هەڵۆی کوردان و زەمانی قەل و قشقەلان دەردەبڕێ و کولوکۆی خۆی بەم جۆرە لە تەنیایی دیمەنی سروشتێکی بێ ڕەحمدا هەڵدەڕێژێ:

لە بن بەردان مان هەر سەرمازەلە
لە باغ و باغچان قەل و قشقەلە
لاڵ بم نابینم لە چیا و لە ڕازان
زیڕەی هەڵۆیان، چریکەی بازان
بەفری بێ وەعدە ڕەشانگی بڕی
ڕەشانگ و سپی پاکیان سەر بڕی
سەربڕا گاشین پاش مانگا بۆرە
لە باتی گاران ڕۆڕۆ و گابۆرە
شین و گابۆرە لە نێو ڕەعیەتی
بە باچوو ڕەنج و سەعی و زەحمەتی

سەیفولقوزات هەر لەم پارچە هۆنراوەیدا، شەڕ و دووبەرەکی نێوان عەشیرەتەکان و بەتێکڕایی ناکۆکی و ناتەبایی گەلی کورد بە زمانێکی جوان و شاعیرانە دەردەخا و وێڕای ئامۆژگارییان، دەڵێ:

شەماڵ و زرباں دایم شەڕیانە ناغاوەت شڕن، کرمانج قڕیانە
حەیفە میللەتێک شەشهەزارساڵ بێ نۆکەری ماڵان ڕووت ورەجاڵ بێ
نۆکەری ماڵان شەرمە لە بۆمە کۆڵان هەڵگرین بە کۆمە کۆمە
چیدی دوژمنان بە خۆ خۆش مەکەن بوزوو و کەپەنک باڵاپۆش مەکەن
تاکەی لە دەرکان کز و بڵاو بین بێ مەزن وگەورە سەر بێ کڵاو بین؟
هەرکەس ئارەزووی ماڵانی هەبێ وەجاغی کوێر بێ منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختییەی لەکورد ڕوویدابوو لەبەر نەخوێندن کوژیان ساوابوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینێ پێغەمبەر فەرمووی بۆچوونی چینێ
بە گوتە و شانامان میللەت دەمێنێ بە مەزن و گەوران شان دەشکێنێ
دەردی دڵ دەکەم کوڕت وکرمانجی حەسەن کرمانجە چی لە دیلمانجی؟
تاریخ هەزار و سێسەد ودوازدە بیستی فەروەردین داد و بێدادە [۳۰]

سیفی قازی لە پارچە شێعرێکی دیکەیدا کە بۆ دۆستێکی خۆی دەنوسێ، سەبارەت بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەمنیە و گزیرەکانی ڕێژیم لە سەر مەسەلەی سجیل وەرگرتن و مەشمول بردن و کڵاو و شەپکە لەسەرکردن و بەرتیل خواردن، پەتەی زوڵم و بێ ویژدانی و دزی و فزییان دەخاتە سەر ئاو و دەڵێ:

ئەگەر دەپرسی وەزعی زەمانە میللەت پەرێشان ئەمان ئەمانە
کاری کوردان هەر، خۆزگە بە پارە هەر کەس بە دەردێک چوو گرفتارە
جەمعێک بەبیانووی تەجدیدی ئەزەر سەرگەردان کران لە قاپیە و لەدەر
لە ناو مەشمولی کوردی موکریان کچیان ئارەزوو لە جیاتی کوڕیان
لە خەڵکی دەدەن کوانێ کڵاوت؟ بۆچت لە سەرنا شەدەی بڵاوت
یەکی دی دەگرن سجیلت کوانێ ماڵی قاچاغت لە سەر دووکانێ؟
توتنی نووسراوت بۆ کوێ بردووە؟ ئیمزای مالیەت، کوا وەرگرتووە؟
هێندە پوڵ درا بە بیانووی قشوون وشتر بە بێگار دەگرن بە قانوون
نە ئاغاوەت مان نە میر و مەزن هەرزن و بزن چیایە مە زن

لە ساڵی ۱۹۲٦ کە سمکۆ بەرەو ڕەواندوز پاشەکشەی دەکا، سەیفی قازی لە شاری ورمێ دەبێ و هەر لەوێ لە ژێر تەئسیری ئەم ڕووداوەدا ڕوو دە خودا دەکا و هۆنراوەیێک دەڵێ. لە بن هۆنراوەکەش بە خەتی خۆی و بە زمانی فارسی ئەو دێڕانە دەنووسێ: « لە تاریخی مانگی ربیع الثانی لە شاری ورمێ بە بۆنەی ڕووداوی سمایل ئاغای شکاک کە خۆی ڕانەگرت و



مەرحووم مامۆستاسەیفولقوزات

بەردو ڕەواندوز پاشەکشەی کرد چونکە چەکدارەکانی بە جێیان هێشت، گوتراوە»[31]، کە لێرەدا چەند شێعرێکی دەخەینە ڕوو:

کـــوردین و بێ کـــەسین و لە هەر لایە دەرکـــراو
دەســتێ وە دەس مــە دە، کــە لە ڕێت ئێـمــە لانەدا
دنیا کە سیـجنی موئمینە، فەرمووت و دات خەبەر
هەر بۆمــەیە لەگــەڵ مــە، هەر لە ئێـمــە ڕوو دەدا
لێـمــە نە شـا و نە ئەمـیــر، نە ســەردار و نە وەزیر
نە حــاکم و نە نایب، نە ســەرتیپ و نە ســوپا
نیـمــانە مــەرکــەزێکی کــەوا پاڵی پێــوەدەین
نە مــەزن وکــەورەیێکی کــە بۆیان بەرین پەنا
پاڵەســتــۆدان و جــواب، فــڕێدان لە پلەکــان
دەست پێــوەنان، پشــتــەملە، زللە و گــێت و تەپا[32]
نە مــەدرەســە، نە دەرس، نە عـیلم وتە ســەنعـەتێک
زوڵمــە لەگــەڵ مــە هەرکــە بە چاوێک نەکــەن نیگا
ئاخــر بە زاتی تۆیە ئۆمــێـدی نەجــاتی مــە
ڕازی لە ئۆمــەتی تۆ، مــیللەتێک بێ فــەنا؟![32]

ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە و زۆریش گرینگە، ئەوەیە کە سەیفولقوزات دوو وشـەی «ئۆمـەت»و «میللەت»ی بەو پەڕی ژیرانە دەکارهێناوە کە یەکەمیان مانای گشتی و دینی هەیە و دووهەمیان مانای سیاسی، واتە کوردیش هەقی خۆی هەبێ وەک هەموو ئۆمەتی خودا، دەوڵەتی میللی خۆی دابمەزرێنێ. هەر وەک دواتر دەردەکەوێ، ئەم شێوازی نیشتمانپەروەرانەی سەیفی قازی، شەقڵی خۆی لە سەر خەرمانی سووربووی شێعری سەردەمی کۆمار دەدا... کە هیوادارم بتوانم لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەو باسە درێژە پێبدەم.

## پەراوێزەکان:

١) واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان، ترجمە محمد قاضی، ص ٥٨٥.
٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
ـ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥، ل ٦١تا ٦٣.
ـ کەریم حسامی، پێداچوونەوە، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ل ٢٣تا ٢٩.
ـ ابراهیم افخمی، تاریخ فرهنگ وادب مکریان، انتشارات محمدی ـ سقز، ل ١٩٩.
٣) مامۆستا خاڵەمین، زیدی من کۆکە، گۆڤاری سروە، ژمارە ٢٠، ڕەشەمەی ١٣٦٦، ل٢٥.
٤) دکتۆر مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە... بەغدا ١٩٨٤. ئەم پارچە شێعرە هەم لە کتێبی دوکتور مارف خەزنەدار دا ناتەواو بوو، هەم لە نووسراوەکەی خاڵەمین دا(سروەی ژمارە ٢٠، ل٢٥)، بە یارمەتی هەردووک نوسخە ئاوام لێکرووە کە دەیبینن.
٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نووسراووەکانی دوکتور مستەفا قازی(شەوقی) لە گۆڤاری ژین دا(١٩١٨-١٩١٩)، گردەوەکۆیی: حەسەنی قازی، مارسی ١٩٩٤، ل ١.
٦) ئەحمەدی شەریفی، دوکتور مستەفا شەوقی، سروە، ژمارە٦٢ خەرمانانی ١٣٧٠، ل ٢١-٢٣.
٧) سووش: گیایەکی بۆن خۆشە(هەمبانە بۆرینە: هەژار، ل ٤٢٨). لەم نووسراوانەی کە ئەمن لە گۆڤاری سروە، ژمارە ٦٢، ل ٢٢؛ هەروەها لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١٢ ساڵی١٩٨٦، ل ٨٥، دیومن، ئەو وشەیەکراوەتە:«سوێسن» و «سەوسەن» کە هەردووکیان هەڵەن و دروستەکەی هەر«سووش»ە.
٨) بەشر(بشر): ئکورویی، گشادەرویی، تازەرویی، فرهنگ معین، ص ٥٤٠؛ لێرەدا وشەی ڕوو بەشر بە واتای ڕووگەش، خۆش ڕوو، ڕووکراوە هاتووە (لێرەدا مانای ڕووهەڵماڵاوی دەدا)؛ کەچی لە ڕێنووس و مانای ئەم وشەیەشدا هەر هەڵە کراوە. بڕوانە سەرچاوەکانی پێشوو(خاڵی ٧).
٩) دەقی ئۆفسێت، نووسراوەکانی... گردەوەکۆیی: حەسەنی قازی، ل٦و٧.
١٠) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زندگی نامە عارف ربانی ... شمس الدین برهانی، تالیف: ابوبکر خوانچە سپهرالدین، ص ٢٢١ تا ٢٣٦.
١١)د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.
١٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
١٣) بڕوانە:سەرچاوەکانی پەراوێزی خاڵی ٢.
١٤) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١١٢، ساڵی ١٩٨٤، ل٨٣.
١٥) سەرچاوەی پێشوو. ل ٨٤.
١٦) ایران نامە، سال چاردهم، شمار ١، زمستان ١٣٧١، ص ١٣٦.
١٧) هەمان سەرچاوە... ص ١٣٧.
١٨) ایران نامە، سال سیزدهم، شمارە ٤، پییز ١٣٧٤، ص ٥٣٩.
١٩ ایران نامە، سال دوازدهم، شمارە ٣، تابستان ١٣٧٣، ص ٤٨١.
٢٠) کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، ل ١٤٨.
٢١) بۆ سەرجەمی پارچە شێعرەکە بڕوانە: جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان ـ ژمارە١، ل ١٩تا ٢٢، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ـ سوێد، ١٩٨٥.
٢٢) ابراهیم افخمی، تاریخ و فرهنگ... ، ل ٤٠٠؛ هەروەها، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو(چهرە مهاباد)، ١٣٧٤، ل ١٩٦.
٢٣) مامۆستا هێمن، سروە، ژمارە٣٤، ل ٤٢، بانەمەڕی ١٣٦٨.
٢٤) مامۆستای کورد، ژمارە ١١-١٢، هاوینی ١٩٩١، لە مەڕ ژیان و ... هەژار، ل ٦٧.
٢٥) بڕوانە پەراوێزی خاڵی ٢٣، ل ٤٢.
٢٦) سەرچاوەی پێشوو...
٢٧) هێمن، تاریک و ڕوون، ل ٩.
٢٨) هێمن، پاشەرۆک، ل ٤١و٤٢، انتشارات سیدیان، ١٣٦٢.
٢٩) هەژار، پێشەکی دیوانی سیف القضات، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، ل ١٠.
٣٠) شێعرەکان لە دیوانی سیف القضات، گردەوەکۆیی ـ قازی ئەحمەد، وەرگیراون. لە دیوانەکەدا ساڵی قران و دانانی هۆنراوەکە هەزار و سێسەد وچاردە نووسراوە، بەڵام ئەو دیوانەی کە لەلایەن شادرەوان دوکتور ڕەحیمی قازی بۆ من بەیادگار ماوەتەوە، لە سەر ئەساسی ئەو نوسخەیەی کە لە باکۆ هەیبوو هێندێک شوێنی بە خەتی خۆی گۆڕیوە و یەک لەوانە (چاردە)یە کە کردوویەتە(دوازدە).
٣١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦و ٢٧.
٣٢) گێت: وشەیێکی تورکی یە بە مانای برۆ، تەپا: وشەیێکی فارسی یە بە مانای مەیە.
٣٣) لە هێندێک شوێن بۆ ڕاستکردنەوەی کێش و ئاهەنگی شێعرەکان، سووکە دەستکارییێک کراوە.

# کونفرانسێك سەبارەت
# بە
# "شار و ژیانی شارستانی کورد"

لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، کورد وەک عەشیرە وکۆچەر ناسراوە و کەم کەس ئاگای لە ڕابردووی لەمێژینەی ژیانی شارستانی کوردستان هەیە. بۆ هەوڵجار، کونفرانسێک سەبارەت بە شار و ژیانی شارستانی کورد لە مانگی سیپتامبردا لە شاری پاریس [بە یارمەتی ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوە و زانسیCNRS، زانستگای ئوترێخت(هولەند)، ئەنستیتووی نەتەوەیی زمانەکان و شارەستانییەتەکانی ڕۆژهەڵات(پاریس)، ئەنستیتووی کورد لە پاریس] پێکهات. لە خوارەوە بەرنامەی ئەو کۆنفرانسە بۆ ئاگاداری خوێنەرەوانی گزینگ بڵاودەکرێتەوە.

**کوردوشار**

**کونفرانسێکی نێونەتەوەیی لە شاری سێڤر، ١٩-٢٢ی سیپتامبری ١٩٩٦**

دەستپێکردن: جۆیس بلاو، مارتین براونیسن، برنارد هوورکاد.

دانیشتنی یەکەم: **شار لە کوردستانی پێش نوێباوی: ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری**

**مارتین ڤان براونیسن**(ئوترێخت، برلین): شارە کوردەکانی ئیمپراتوری عوسمانی «ناساندنێکی کورت»

**ڤۆلفانگ هۆتێروت**(ئیرلانگین): «شارەکانی ناحیەی باشووری دیاربەکر لە سەدەی١٦دا»

**ئێڤگینا واسیلیێڤا**(سەنت پێترزگورگ): «ئابووری سیاسی سەنەندج لە ئەمارەتی ئەردەڵاندا»

**میرێلا گالێتی**(بولۆنا): «شارە کوردییەکان لە ڕوانگەی سەرلێدەرە ئورووپاییەکانەوە»

دانیشتنی دووەم: **شاری کوردی لە سەدەی ١٩و ٢٠دا: ئێران**

**ئۆلگا ژیگالینا**(مۆسکۆ): « تاجر و زەویدارلە کوردستانی ئێران پێش سەدەی ٢٠

**عەبباسی وەلی**(سوانزی): «شارێکی کوردی لە ئێرانی قاجار: کرماشان»

**فلۆرانس هێلو - بێلیە**(پاریس): مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان لە شاری ورمێ لە سەرەتای سەدەی بیست»

دانیشتنی سێیەم: **جڤاتە کوردییەکان لە شارە گەورەکانی عوسمانی و تورکیا**

**ڕۆهات ئالاکۆم**(ستۆکهۆڵم): «جڤاتی حەماڵە کوردەکانی قسطنطنیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست»

**محەممەد تەیفوون** (ستۆکهۆڵم)«چالاکییەکانی هەوڵ ڕێکخراوی کورد، کورد وتەعاون و تەرەقی جەمعیەتی، لە ئیستانبووڵ و شارەکانی تر»

**حەمید بوزەرسلان**(برلین): «وەخۆخستنی سیاسی لە شارە کوردییەکان»

دانیشتنی چوارەم: **کورد لە شارەکانی کۆمارەکانی سۆڤێت**

**شەمیل ئاغرۆف** (باکۆ): «مێژووی کەلبەجار، پێتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لاچینی(کوردستانی سوور)»

**میرزا ئوزۆ جەعفەرۆف** ( تبلیس، گورجستان): «ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردەکانی تبلیس»

**نیاز ئیبراهیمۆڤیچ میرزۆڤ** (ئالماتا، قازاخستان)، جڤاتی کوردی ئالماتا»

دانیشتنی پێنجەم: **کورد لە سووریە و عێراق لە نێوان شەڕە جیهانییەکاندا**

**کەمال مەزهەر ئەحمەد**(بەغدا): «وردی سولەیمانیە وبەغدا لە نێوان دوو شەڕی جیهانیدا»

دانیشتنی شەشەم: **زمان، ئەدەب و فۆرمی تری دەربڕینی سیمبۆلیک**

**مایکل شایەت**(واشینگتۆن): «داخودا کورمانجی شارستانی هەیە؟»

**جۆیس بلاو**(پاریس): «گەشەکردنی ئەدەبی نووسراو لە شارەکانی

**تانیا دانکر**(باسل، پاریس): «شار لە ئەدەبیاتی کوردیدا»

**ماریا ئۆشی**(لەندەن): «گۆڕانکاری لە شێوەی جلوبەرگی کوردی شارستانی، سەنەندج»

دانیشتنی حەوتەم: **قەوارەی پەیوەند لێدراو؟**

**تیری زارکۆن** (تاشکەند، پاریس): « ڕێکخستنەوەی تەریقەتە سۆفییەکانی کورد لە ئیستانبووڵ»

**ئانابێل بیتچر**(دیمیشق): «کوردە دەسەڵاتدارەکانی کەفتارییە، دەستەبراێکی نەخشبەندی دیمیشقی»

**مستەفا ئەسلان** (ئێزان - پغۆوانس): «قەوارەی کۆمەڵایەتی لە سێ شاری کورد: قامیشلی، ئورچین و قەحتا»

**پولینە ڤان گێلدر**(ئامستردام): «دیاربەکر لە ساڵانی ١٩٩٠دا»

**عەلی بابەخان** (پاریس): «کوردە فەیلییەکانی بەغدا»

دانیشتنی هەشتەم: **قەوارە خاپوورکراوەکانی کوردستانی عێراق**

**ئاندریا فیشر**(لایپزیگ): «کمۆمەاجیرەتی ئیجباری بۆ موجەممەعات لە کوردستانی عێراق»

**کریستین ئالیسن**(لەندەن): «موجەممەعات: جڤاتێکی شێوەی تازە لە کوردستانی عێراق»

**میشیل لیزنبێرگ**(ئامستردام): «حیزبەکان، پشتیوانان ونارەزایەتی دەربڕین: لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی شارنشین لە کوردستانی عێراق»

**عیسام ئەلخەلیفە**(ئامستردام): «دەولەمەندی تازە پێگەیشتووی کوردستانی عێراق دوای ڕەواجی ئەوت»

دانیشتنی نۆیەم: **شارنشینی هاوچەرخ، ژن و خێزان**

**شەهرزاد موجاب** (تورانتو): «ژن لە شارە کوردییەکانی ئێران»

**ئەزەند بەگیخانی**(پاریس): « خێزانە بێ پیاوەکان لە کوردستانی عێراق»

**هایدی وێدێل**(برلین): «ژنی کورد لە ئیستانبووڵ لە ساڵانی ١٩٩٠دا»

وەلاینان: کورتە وئەنجامەکان(مارتین ڤان براونیسن)

بەرنامە بۆ داهاتوو(جۆیس بلاو)

## «دەنگ» بخوێنەوە

بۆ داکۆکی کردن لە مافی ژنان و دەربڕینی داهێنانی ژنان، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری وەرزی بە ناوی «دەنگ» لە دایک بووە و هاتۆتە کۆڕی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە. ئەم گۆڤارە ژمارە یەکی دەرچووە و ژمارە دوویشی لە ژێر چاپدایە. لە بواری لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنان کتێبخانەی کوردی هەژارترین ئەبێ یەکێکە لە کتێبخانە هەژارەکان، هەوڵی لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنانی دنیا بە زمانی کوردی کەلێنێک پڕ دەکاتەوە و وەڵامێکە بۆ مێژوومان.

هاوکاری هەر نووسەر و خوێنەرێکی پێشکەوتووخواز لە کوردستان و لە دنیادا چ وەک نووسین و چ وەک خوێندنەوە و ئابوونەداری لەم گۆڤارەدا، یان هەر هاوکارییەکی مادی و مەعنەوی بەشداریکردنە لە پرۆسەی شارستانیکردنی کۆمەڵگەی کورد و گەشەپێدانی.

هەر بابەتێک چ وەرگێڕدراو بێ لە زمانانی دنیاوە کە ئەزمونی خەباتی ژنانی دنیا دەردەبڕن، یان هەر نووسین و لێکۆڵینەوەیەک کە بە زمانی کوردی نووسرابێ، بۆ ئەم گۆڤارە بنێرن، با بە هەمووماندوە گەشە بە ڕەوتی گۆڤارەکە و بە پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بدەین لە ئەنجامی لۆژیکی وتووێژ و لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژنان. ئەم گۆڤارە بە هاوکاری نووسەرانی کورد لە کوردستان و ئەورووپا دێتە بەرهەم، لە کوردستاندا:

خاوەن ئیمتیاز: پەخشان زەنگەنە، سەرنووسەر: بەهار عەلی

لە ئەورووپادا بەرپرسیاری گۆڤارەکە: مەهاباد قەرەداغی

بۆ ناردنی بەرهەم و نامەی ئابوونەداریی و بۆ هەر پرسیارێک سەبارەت بە گۆڤارەکە پەیوەندی بکە بەم ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنە:

Mahabad Qaradaghi, Warenbergs g 22F, 52133 Falköping/
Sweden, Tel: 0515-17636

# کۆرپه تاقانه ساواکه‌ی ده‌نگ و ڕه‌نگی نه‌ته‌وه‌که‌م

# ( Med TV )

✌ ـ ده‌مێ بوو چاوه‌ڕوانی بارانێکی ڕه‌حمه‌تی پڕ له به‌ره‌که‌تی وا بووم، تا گوڵاڵه سووره‌کانی ده‌شت و چیا سه‌رکه‌شه سوتێنراو و وشکهه‌ڵاتووه‌کانی کوردستانه‌که‌م بژێنێته‌وه، کورگه‌ل مژده بێ، وا له‌م زستانه سکپڕه‌ی وه‌رزی به‌ڵا و نه‌هامه‌تی کوردا باری.

ـ ده‌مێ بوو چاوه‌ڕوانی ده‌نگێکی زوڵاڵ و ڕه‌سه‌نی کوردی بووم، تا هه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی سڕبووی هه‌موو کوردزمانه‌کان ببزێنێته‌وه، براینه مژده بێ، وا ڕه‌زی سه‌وزی ده‌نگه‌کان هێشووی بیستنتانی گرت.

ـ ده‌مێ بوو خه‌ونم به په‌لکه‌زێڕینه‌ی ڕه‌نگاوڕه‌نگی ئاسمانی به‌ختی کورده‌وه ده‌بینی، تا له قوژبنی هه‌موو ماڵێکدا چرایه‌کی گه‌شی ڕۆشنبیری هه‌ڵ بکا، کوڕینه مژده بێ، وا ته‌می سه‌ر خه‌ونه گه‌وره‌کانتان ڕه‌وییه‌وه.

نه‌ی ( Med TV )

ـ هه‌موو ئێواره‌یه، له‌به‌ر ده‌نگی پڕ به جۆشی ( ئه‌ی ڕه‌قیب )ی تۆ، هه‌موو دوژمنانی نه‌ته‌وه‌ی کورد، هه‌موو داگیرکه‌رانی کوردستانه‌که‌ت زاره‌تره‌ک ده‌بن.

ـ هه‌موو ئێواره‌یه، له هه‌ر شوێنێ کوردی لێ بێ، چه‌ندین ملیۆن منداڵی ڕه‌شوڕووتی خێرنه‌دیوی نه‌ته‌وه‌که‌ت، بێ ئارام چاوه‌ڕوانی زایه‌ڵه‌ی زه‌نگی کاروانی ( نه‌وبه‌هار ) تن.

ـ هه‌موو ئێواره‌یه، چه‌ندین ملیۆن مرۆڤی کورد، ڕوو له ڕووگه‌ی ئه‌ڤینی پاکی تۆ ده‌که‌ن و زۆر به په‌رۆشه‌وه گوێ بۆ ( ده‌نگوباس ) و هه‌واڵه جه‌رگبڕه‌کانی کوردستانه له‌تویه‌تکراوه‌که‌ت ڕاده‌گرن.

ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ، چه‌ندین هه‌زار ڕۆشنبیری کورد، له ئێسگه‌ی(هه‌واری ڕۆشنبیریی) تۆدا پێک ده‌گه‌ن و ده‌مه‌ته‌قێی گه‌رم له‌سه‌ر ڕه‌وشی هونه‌ر و وێژه‌ی کوردی ده‌که‌ن.

ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ، له حه‌وت ته‌به‌قه‌ی ئاسمانی ڕوون و بێگه‌ردی تۆدا، ئه‌ستێره پرشنگداره گه‌شه‌که‌ی به‌ختی ( گه‌لاوێژ )ی تۆ هه‌ڵدێ و به‌رێی لاوانی نه‌ته‌وه‌که‌ت ڕۆشن ده‌کاته‌وه.

ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ، ( ژیانی گه‌ل )ه‌که‌ی تۆ، هۆش و بیر به‌به‌ر مێشکی سڕکراوی لاوانی نه‌ته‌وه‌که‌تدا دێنێته‌وه.

ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ،( هه‌قپه‌یڤین )ه‌کانی تۆ، چه‌ندین به‌سته‌ڵه‌کی درۆ و پروپاگه‌نده‌ی ژاراویی دوژمنان و داگیرکه‌رانی کوردستانه‌که‌ت ده‌توێنێته‌وه. ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ،( یادی نه‌مران )ه‌که‌ی تۆ، ئاگر له جه‌رگی نیشتمانپه‌روه‌رانی کورد به‌رده‌دا و به‌و ڕێزگرتن و به‌سه‌رکردنه‌وه‌یه‌ش گیانی پاکی ئه‌و که‌ڵه‌پیاوانه له گۆڕی پڕ له ئارامیاندا شاد ده‌کا.

ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ،( دیرۆک )ه‌که‌ی تۆ، بانگی مێژووی له خوێنگه‌وزاوی هه‌زار ساڵه‌مان به گوێی ڕۆڵه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کوردا هه‌ڵ ده‌دا.

ـ هه‌موو هه‌فته‌یه جارێ، باخچه‌ی ژینی بینه‌رانت، به ده‌یان چه‌پکه گوڵی ڕه‌نگاوڕه‌نگی بۆنخۆشی وه‌کوو ( نه‌وبه‌هار ) و(جه‌وانان ) و ( هه‌واری ڕۆشنبیریی ) و ( ده‌نگوباس ) و ( شیرۆڤه ) و (ڕه‌وشی جیهان) و ( هه‌قپه‌یڤین ) و ( دیرۆک ) و ( گه‌لاوێژ ) ده‌ڕازێنێته‌وه.

بۆیه ئه‌ی( Med TV )

ـ هه‌ر تۆ ده‌نگ و ڕه‌نگی به‌رنامه‌کانت له خزمه‌تی ووشه‌ی پیرۆزی کوردی و بیری کوردایه‌تی دایه.

ـ هه‌ر تۆ ده‌نکه مرواریه پساوه‌کانی گه‌ردانه‌که‌ی که‌ژ و کێوی کوردستانه‌که‌م بۆ ده‌هۆنیته‌وه.

ـ هه‌ر تۆ سنووره ده‌سکرده‌کان ده‌به‌زێنی و تۆوی باوه‌ڕی کوردایه‌تی و برواپه‌خۆبوون له نێو نێنجانه‌ی بیر و هۆشی ڕۆڵه‌کانی گه‌لدا ده‌چێنی.

ـ هه‌ر تۆ زراوی دوژمن ده‌تۆقێنی و گه‌رای مه‌رگ له هێلانه‌ی دڵ وه‌ده‌روونه ڕه‌شه پڕ له قینه‌که‌یاندا ده‌خه‌ی.

ـ هه‌ر تۆ سه‌راپا داستانی پڕ له خوێناویی مێژووی هه‌زار ساڵه‌ی ژێرده‌ستیی و چه‌وساندنه‌وه‌م بیر ده‌خه‌یته‌وه.

ـ هه‌ر تۆ وانه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌ڤینی میللیی فێری منداڵانی نه‌ته‌وه‌که‌م ده‌که‌ی.

ـ هه‌ر تۆ چه‌پکێ گوڵاڵه سووره له باخچه ته‌لبه‌ندکراوه‌که‌ی(دیاربه‌کر)ی ( شێخ سه‌عید )ی شه‌هید ده‌چنی و له شاییه‌کی خوێناویدا له به‌رۆکی بوکی ڕه‌شپۆشی کۆستکه‌وتووی ( مهاباد )ی ( قازی )ده‌ده‌ی.

ـ هه‌ر تۆ هه‌واڵی پۆله‌چۆله‌که‌ی سه‌رپڕاوی کۆڕی هۆنراوه‌ی خۆشه‌ویستیی نیشتمانم، له شاری هه‌ڵمه‌ت و قوربانیی (شێخ مه‌حموود) ی نه‌مره‌وه، به بوکه‌شووشه‌ی دڵه ساواکه‌ی منداڵانی بێچاره‌ی شاره خنجیلانه‌که‌ی ( قامیشلی )( جگه‌رخوێن )ی شه‌یدای نیشتمان و ئاواره ڕاده‌گه‌یه‌نی.

نه‌ی( Med TV )

ـ تۆ پۆسته‌به‌ری و له ده‌روازه‌ی خڕداخراوی هه‌موو ماڵه کوردێ ده‌ده‌ی، مژده‌ی ژیاندنه‌وه‌ی زمانی شیرینی کوردی و بوژاندنه‌وه‌ی که‌له‌پووری پڕ له فه‌ری میللیی نه‌ته‌وایه‌تیمان و گه‌شه‌سه‌ندنی بیری کوردستانیزم به گوێی هه‌موو تاکێکی کوردا ده‌ده‌ی.

ـ تۆ ( شه‌ره‌فخان )ی و له قه‌ڵا به‌ردینه به‌رزه‌که‌ی ( به‌دلیس )ه‌وه، به (شه‌ره‌فنامه ) یه‌که‌وه سه‌ر به هه‌موو ماڵێکدا ده‌که‌ی و باسی نۆکه‌ریی و خۆخۆریی و جه‌نگی کوردکوژیی و هه‌موو په‌نده‌کانی مێژووی پڕ له شه‌رمه‌زاریی کوردیان بۆ ده‌که‌ی.

ـ تۆ ( خانی )ت و له پێده‌شته‌کانی ( بۆتان )ه‌وه، به( مه‌م و زین )ێکی پڕ له ئه‌فسووناوییه‌وه سه‌ر به هه‌موو ماڵێکدا ده‌که‌ی و نه‌وجه‌وانانی کورد فێری ئه‌وینی پاک و خۆشه‌ویستی خاک ده‌که‌ی، داوای یه‌کێتی کورد و سه‌ربه‌خۆیی و ئازادیی کوردستانیان لێ ده‌که‌ی.

ـ تۆ ( حاجی قادر )ی و له شاره قه‌شه‌نگه دوژمنبه‌زێنه‌که‌ی ( کۆیه )وه، به پشکۆی پیتی گه‌شی نێو ئاگردانی هۆنراوه‌ته‌وه، سه‌ر به کۆشی هه‌موو خێزانێکدا ده‌که‌ی و منداڵان فێری زمانی زکماکی خۆیان ده‌که‌ی و بۆ تێکۆشان و کوردایه‌تی جۆشیان ده‌ده‌ی.

ـ تۆ حه‌زره‌تی( نالی)ت و له هه‌وارگه‌ی ده‌ربه‌ده‌ریی و ئاواره‌یی یه‌وه، به دوو چاوی پڕ له فرمێسکه‌وه، به‌دڵێکی پڕ له حه‌سره‌ت و ئاخوداخه‌وه، ڕۆژی سه‌دان جار خۆت به قوربانی تۆزی ڕێگه‌ی بادی خۆشمرور ده‌که‌ی، چونکه بادی خۆشمرور په‌یکێکی شاره‌زای شاری شاره‌زووره و سڵاو بۆ هه‌موو (حه‌بیبه ) کانت ده‌با.

ـ تۆ ( بێکه‌س )ی نیشتمانپه‌روه‌ری ئازا و نه‌ترسی کوردی و له شاره‌که‌ی ( ئه‌خته‌ر و عه‌وله‌سیس )ه‌وه، نوکی خه‌نجه‌ری تیژی په‌نجه‌ی مه‌ردایه‌تیت، له نێو چاڵی چاوی زه‌قی هه‌موو ( ئه‌دمۆنس )ه داگیرکه‌ره‌کانی کوردستان ده‌چه‌قێنی.

ـ تۆ ( مام هه‌ژار )ی ده‌ربه‌ده‌ر و دێوانه‌ی ووشه‌ی پاراو و هۆنراوه‌ی پڕ له تامو چێژی کوردی و خاکی کوردستانی، له ده‌شته پانوبه‌رینه‌کانی(موکریان)ه‌وه ڕه‌وده‌که‌ی و هه‌ر ده‌رۆی و ڕاناوه‌ستی و سه‌رتاپای کوردستان به پێی په‌تی و سه‌ری قووتی ، ده‌گه‌ڕێی و.

به(هەمبانەبۆرینە) و ( شەرەفنامە ) و ( مەم و زین ) و (قورئان)ێکی کوردییەوە، هاواری پاراستنی زمان و کەلەپور و ژیاندنەوەی نەتەوەی کورد لە رۆڵەکانی ئەم نەتەوە بندەستە هەژارە دەکەی.

ـ تۆ تەتەری ئازا و جەریەزەی پێشمەرگەیت و لە لوتکەی هەموو چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە، زۆر بێباکانە وەک هەڵۆ تەلبەندی دڕکاویی هەموو سنوورە دەسکردەکان دەپچڕێنی و بە هەواڵە جەرگبڕەکانت، دڵی هەموو کوردپەروەران دادەخورپێنی، بە سەرکەوتنە مەزنەکانی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان، زیاتر وڵاتپارێزان بۆ کۆڕی خەبات و کوردایەتی ڕاستەقینە جۆش دەدەی.

ـ تۆ شەمەندەفەری باوەڕی کوردایەتی و بیری پیرۆزی کوردستانیزمی، لە دوورگەی ڕۆشنبیریی و بیر و فەلسەفەوە دێی و کاتێ لە ئێستگەی هەر نێوچەیەکی کاولکراوی کوردستانەکەتدا ڕادەوەستی، بە هەزاران کوڕوکاڵانی نەوەی نوێی کوردت لێ خڕدەبێتەوە.

## ئـــــــــــــــەی( Med TV )

ـ دەبا ( هەواری ڕۆشنبیریی و وێژەیی و هونەریی ) تۆ، بە هەزاران ڕۆشنبیری کورد لە ئامێز بگرێ و لە هەواری ڕۆشنبیریی هەموو گەلانی دیکەش گەرمتر بێ.

ـ دەبا ئەستێرە ووڕشەدارەکەی ( گـــەلاوێژ )ی تۆ، بە دەنگ، بە ڕەنگ، بە بیر، هەموو کون و قوژبنێکی کوردستانە تاریک و کاولکراو و چۆڵوهۆڵە بندەستەکەمان ڕۆشن بکاتەوە و پێش هەموو ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمانی پانوبەرینی داگیرکەرانی کوردستانیش بکەوێ.

ـ دەبا دەنگی ڕەوا و ڕەسەنی ( بیلال )ی کوردستانیزمی تۆ، دەنگی ئازادیی و ژیاندنەوە و یەکێتی کوردی تۆ، دەنگی سی ملیۆن مرۆڤی چەوساوە و بێ دەوڵەتی تۆ، دڵ و دەروون و بیر و هۆشی هەموو کوردێ پاراو بکا و هەموو ئەو دەنگە نزم و ناسازانەی دیکەی تورکچێتی و ئێرانچێتی و عێراقچێتی و سووریاچێتیش، لە بیابانی کاکیەکاکی گەرووی وشکیاندا بتاسێنێ.

ـ ئازیزەکـــــــەم، دەبا دەنگت بێ، کێ بێ دەنگی لە دەنگی بەسۆزی تۆ خۆشتر بێ.

ـ ئازیزەکـــــــەم، دەبا ڕەنگت بێ، کێ بێ ڕەنگی لە ڕەنگی زەرد و سوور و سەوزی ئاڵای تۆ جوانتر بێ.

**دوکتۆرحوسێن محەمەد عەزیز**
**١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٥**
**ســـــــتۆکهۆڵم**

تێبینـــی :

١. ئەم پەخشـــانە بۆ یادی دامـــەزراندنی ( ١٩٩٥،٥،١٥ ـMedTV ) نووســراوە، تا ئێســـتا لە هیچ شــوێنێ بڵاونەکراوەتەوە. بە داخەوە ( Med TV ) بۆ ماوەیە داخرا، بەڵام لە (١٩٩٦،٨،١٤)ەوە بۆ جاری دووەم دەســتی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کردەوە و کوێرایی بە چاوی دوژمنەکانیدا هێنا. بەو هیوایەی ئەم جارە بۆ هەتاهەتایە، پرشنگی خۆری ئازادیی خۆی لە هەموو ماڵە کوردێکدا پەخش بکاتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر بەرەو پێشکەوتن بڕوا.

٢.بۆ نووسینی ئەم پەخشانە: سوود لە بەرهەمەکانی ( شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، پیرەمێرد، نالی ) وەرگیراوە.




## پێناسەیەکی کورتی کتێبی مێژوویی
## «ساڵێك حكوومەتی خودموختار لە كوردستان»
## لە نووسینی: د. گوڵموراد مورادی

ـ بۆچی ناوی کتێبەکە«ساڵێک حکومەتی خودموختاری کوردستان»ە؟

ـ باروودۆخی جوغرافیایی و سەرجەمی حەشیمەتی سەدساڵ لە مەوبەری هەر چوارپارچەکەی کوردستان.

ـ مێژووی پەیدابوونی ناوی«**کوردستان**» و باسێک لەو بارەیەوە.

ـ لە بەشی مێژوویی کتێبەکە نووسەر بە پاڵپشتی نووسراوەی مێژووناسان و زانایانی عیلمی مێژوو، ئیشارە بە ڕیشە و ڕەچەڵەکی کوردەکان دەکا و پاشان ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە.

١) مێژووی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتییە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد لە سەرەتای دەسەڵاتی عەرەبەکان و ئیسلام بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٢) پێکهاتن و دامەزرانی میرنشینە ناوچەییەکانی کورد.

٣) دەسەڵاتی تورکە سەلجووقییەکان بە سەر ئیمپراتوریەتی ئێراندا.

٤) فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی بە سەر جیهانی ئیسلامدا، هەروەها تەبەردەکانی ناوبراو دژی خاچپەرستانی مەسیحی.

٥) شەڕوشۆڕە خوێناوییەکانی ئیمپراتوری عوسمانی و ئێران لە خاکی کوردستان و دابەش بوونی کوردستان لە نێوان ئەو دوو هێزەدا.

٦) سەرهەڵدانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردەکان دژی داگیرکەرانی عوسمانی و ئێران تا کۆتایی سەدەی نۆزدە.

٧) پێکهاتنی تاقم و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و پێوەندی نێوان کوردەکان، هەرمەنییەکان و ئاسۆرییەکان.

٨) دامەزرانی ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی تورکە لاوەکان و نەخشی ئەو ڕێکخراوە لە سەرکوتکردنی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان (بە تایبەت گەلانی کورد و هەرمەنی).

٩) هاتنە سەر حوکمی دوو دیکتاتۆری دژی کورد لە ئێران و تورکیا (ڕەزاخان و ئاتاتورک) دوای شەڕی یەکەمی جیهانی.

١٠) ڕووداوی مێژوویی حکومەتی خودموختاری کوردستان لە مەهاباد و چۆنیەتی پێکهاتنی.

١١) لە قاودانی هێندێک بوختانی ناڕەوا دژی کۆماری کوردستان وەک گرێدراوی بە بێگانە و جیاوازیخوازی، بە پاڵپشت و بەڵگەنامانەی ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوە و باڵوێزخانەکانی ئەو وڵاتانەی کە ساڵانێکی زۆر بڵێندگۆی ئەو تۆمەت و بوختانانە بوون.

ـ لە کۆتایی کتێبەکەدا سێ باسی گرینگ وەک پاشکۆ هاتووە.

١) لێکۆڵینەوەیەکی کورت سەبارەت بە بیروباوەڕ و فەلسەفەی ئەهلی هەق «علی الهی».

٢) ژیاننامەی دوو ناودار و ڕێبەری نەتەوەی گەلی کورد: «**قازی محەمەد**» و «**مەلا مستەفا بارزانی**».

٣) کرۆنۆلۆژی مێژووی کورد.

**ئادرێسی داوا کردن:**

C/O Dr. G. Moradi
Postfach 1041 44, Heidelberg, Germany
TeL/Fax: 06221-24006

## Ggelas om vårn
### och andra berättelse från kurdistan



Gelas bor i en liten by i Kurdistan. Gelas älskar den här lilla byn. Hon älskar våren med alla blommor och fåglar. Hon älskar månen
och stäjrnorna men mest av allt älskar hon sina föräldrar.
varje vår går Gelas till en blomsteräng nära byn, Då brukar hon ha en ny klänning på sig. men den här våren har inte pappa råd att ge henne en ny klänning. Hur ska Gelas kunna få en ny klänning? Det får du veta i **Gelas om våren**. Där får du lära känna en flicka i Kurdistan- hur hon lever, vad hon fantiserar och funderar om.
**Gelas om våren** är en barnbok, skriven av **Fahmi Kakaee**, med många vackra färgillustrationer av Kamil Ali Ridha. Den är på 40 sidor, inbunden, i stort format.

Jag beställer
............ex av **Gelas om våren, ISBN** 91-604-0247-4, pris **99:-** (ord bokhandelspris 131:-).
Namn: ..............................................................................
Adress: ................................................ Postadress ....................................................................................
Skicka beställningen till Naturia Förlag, Box 42053, 126 13 Stockholm.
Eller faxa på nr 08-709 05 30. Tel: 08-709 04 13.

*NATURI´A*

## ڕۆژنامه و گۆڤار و کتێب

### ڕۆژنامه و گۆڤار

* ژینی نوێ، ژماره ۸ و ۹ حوزەیرانی ۱۹۹٦ ، میدیای جیهانی کورد دەری دەکات.

* کوردستان، ۲۳۱ ، ڕەشەمەی ۱۳۷٤ ؛ ژماره ۲۳۲ ، خاکەلێوەی ۱۳۷٥ (ئاوریلی ۱۹۹٦)

* مەڵبەند، ژماره ۷۲ ، پووشپەڕ / گەلاوێژ ۷-۲٦ (۱۹۹٦) ؛ ژماره ۷۳ ، گەلاوێژ / خەرمانان ۷-۲٦ (۱۹۹٦).

* یەکگرتوو ، ژماره ۹٤ ، هەینی (۲۸) ی محرم ۱٤۱۷ک (۱۹۹٦) ، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) بە کوردی وعەرەبی دەری دەکات. هەولێر ـ شەقامی شەستی تەنیشت (الحدید والخشب).

* ڕەسەن، هژمارا ۱٥ ئەینی (۲٤) ی القعدە ۱٤۱٦ مش (۱۹۹٦) و هژمارا ۱٦ ئەینی (۹) ی ذوالحجە ۱٤۱٦ مش (۱۹۹٦) ، دهۆک /گری باسێ.

* بارزان، ژماره ۲۲ ، ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێ، ئوگوستی ۱۹۹٦ ،

* پێشڕەو ، ژماره ۷۰ مەی ۱۹۹٦ و ژماره ۷۱ ، ئورگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە).

* زایەڵە . ژماره ۱ ، مارتی ۱۹۹٦ ، مانگنامەیەکی ڕۆشنبیرییە لە ئالمانیا دەردەچێت.

* بێوار، ژماره ۱ ، ۱٥ ی ئۆگوستی ۱۹۹٦ ، مانگانە ، یانەی کوردی (لە رۆتردام (میدیا) دری دەکات.

* هەتاو، ژماره ٤ و ٥ ، حوزەران و تەموزی ۱۹۹٦.

* بەربانگ، ژماره ۱۰۱ ، سالی ۱۹۹٦ ، گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکانە لە سوێد.

### کتێب

* ئەدەبی کوردی، فەریاد فازیل عەمەر، لە بلاوکراوەکانی خوێندنی کوردی بەرلین، زنجیرەی ژماره ۳ ، ۱۹۸٦.

* خەونە و مەنەوشەییەکان (شێعر) ، بێزار ، چاپی یەکەم: ۱۳۷٤ (۱۹۹٥).

* لەودیوەوەی ڕەنگ و پەردە (ڕەخنەی ئەدەبی) ، ناصر حسامی، ۱۹۹٥.

* **Avasîn**,Kovareke Wêjeyî û Hunerî ye, Bihar , 1. 1996. Sara

* **Sahmeran**, Ji zencîra Çîrokên gelêrî yên kurdî,1.
Sara: Tel/fax:+46-8-331229.

* گەڕان لە دووی سەرابی نیشتمان (شیعر) ، پشکۆ ، سوید ـ ستۆکهۆلم، ۱۹۹٦. چاپ بنکەی کتێبی هەرزان.

کتێبی ئەرزان، ئامادەیە کتێبی ئێوە بە نرخێکی باش و گونجاو بە چاپ بگەیێنێ

**لە بلاوکراوەکانی ،کتێبی ئەرزان،**

ـ دیوانی شێخ رەزای تالەبانی، ئامادەکردنی: ناسر ئیبراهیمی
ـ ژیان بە دەم زریانەوە (رۆمان)، تەیفور
ـ مێژووی سەدەکانی ناوەراست، گ. م. دنسکوی، ن. نو. ئاکیبالوو، وەرگێر: د. حوسێنی خەلیقی
ـ چەند نامەیەک بۆ تارانتا بابو، نازم حیکمەت، وەرگێر: نەژاد عەزیز سوری
ـ تۆماری شێخ شەرزین: بەهرام بەیزایی، وەرگێر: تەیفور
ـ ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا: حوسێن محەمەد عەزیز
ـ کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، وەرگێر: حامید گەوهەری
ـ فۆنێمەکانی زمانی کوردی: کەمال فوئاد
ـ هێمن و من: هێرش
ـ کۆمەلە شاخی بەرز... (رۆمان)، کوردان
ـ قەفەزی زێرین(چیرۆک بۆ منداڵان): یاسین قادر بەرزنجی
ـ خوشکۆلە نان فرۆشەکەم: یوسف ئەحمەد
ـ بیرۆکەی ژین(شیعر): کاوە خوسرەوی
ـ نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی لاتینی(کۆمەلە وتار)، ئەنوەر سولتانی.
ـ کورد و شۆرش و هەلی مێژوویی، حوسێن محەمەد عەزیز
ـ نیاکان باستانی کرد در تاریخ و اسطورەها (فارسی، ٢جلد): ج. مفرد
ـ زندگی در باد(رۆمان ـ فارسی)، طیفور، ژیلا فرجی
ـ حیکایەت و پەندە شیرینەکانی مەلا نەسرەدین، کۆکەرەوە: جەعفەر مێهرەگانی، وەرگێر: هێرش
ـ سیکستن(چیرۆک بۆ منداڵان)، ئولف ستارک، وەرگێر: حەمیدی تەیموری.
ـ سکاندیناڤیا، دوورگەیەکی تر لە بخوور هەندرێن.
ـ ئاوێنە سەرابییەکان(رۆمان)، هیوا قادر.

**لە لایەن ،کتێبی ئەرزان،ەوە چاپ دەکرێ**

ـ دیوانی گۆران، (بۆ جاری دووهەم)، ئامادەکردن وپێشەکی: تەژی گۆران
ـ سی ساڵ خەبات و ولاتێکی وێران، کرمانج گوندی
ـ بنیاتی چێکەری(بندهشن)، کۆنترین کتێبی زەردەشت: مێهرداد بەهار، وەرگێر: تەیفور.
ـ ئەوان مردن بۆ ئەوەی ئێمە بژین(کۆمەلێک کورتە چیرۆک)، بەدران ئەحمەد حەبیب لە ئینگلیسییەوە کردوویەتە کوردی.
ـ نامەکانی روا نیندان و نامەکانی مەرگ، ئارتور رامبۆ، وەرگێرانی: هەندرێن و عەبدالله رحیم.

ـ ئەفسانەی ئەفراندن(شانۆ)، سادق هیدایەت، وەرگێر: سێمان.
ـ کورد و کوردستان( فارسی)، واسیلی نیکیتین، محمد قاضی.
ـ ٢١دەستنووسی کوردی وفارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بریتانیا: ئەنوەری سولتانی.
ـ لە پەرۆشەکانی ژیان، مەسعود محەمەد
ـ دەستەو دامانی نالی، مەسعوود محەمەد
ـ کوردەکان، تورکەکان و عەرەبەکان، نووسەر: سیسیل ئەدمۆندز، وەرگێر: حامید گەوهەری
ـ تجربه حکومت خودمختار کردستان، دکتر گلمراد مرادی
ـ بەڵێ لێکۆڵینەوە و رەخنە نەک شێواندنی(وەلامێ بۆ مەحموود مەلا عززەت): حوسێن محەمەد عەزیز
ـ فەلسەفە بە زمانی ساکار، ورگێر: د. حوسێنی خەلیقی
ـ بناخەکانی رێبازی شۆرشگێری، وەرگێر: حوسێنی خەلیقی

**ئەو کتێبانە لامان دەست دەکەون:**

ـ «ئاغا، شێخ، دەولەت»، مارتین ڤان برۆینیسن، کوردۆ عەلی.
ـ «گۆران شاعیری جوانی و هونەر»، د. کەمال میراودەلی.
ـ سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شوکاک)، رەسول هاوار،
ـ کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتی یەکانی کورد. د. سادقی شەرەفکەندی. وەرگێر: تەها عەتیقی.
ـ ئافرەت لە مێژوودا، دوکتور کەمال مەزهەر.
ـ گەشتێکی دوورو درێژ(کرمانجی وسورانی)، چیرۆکی منالان.
ـ کوردستان وکورد، دکتور ر. قاسملو(فارسی)
ـ فرهنگ کردی کرمانشاهی(کردی فارسی)، علی اشرف درویشیان.

**بە زوویی بلاودەکرێتەوە:**

ـ ئەواری فیلمی سینەمایی«گەلە گورگ»، کارگەردان: تەیفور.

**ئەواری گۆرانی:**

ـ گوڵ نیشان، CD ی تازەی «کامکار»ەکان
ـ کۆمەلە CD ی کوردی.
ـ مۆسیقای سونەتی کوردی(CD و کاسێت): خالد رەشید

**فیلمی ویدیۆیی ناسیۆنالیزم لە روانگەیەکی دیکەوە د. عەبباسی وەلی**
**سمیناری (کۆمەڵەی کوردستان)ی ئوپسالا**
**لە بلاوکراوەکانی کتێبی ئەرزان**

**KITAB -I ARZAN**
**Brnarps g 31**
**553 16 Jonkoping/Sweden**
**Tel:+46 36 148031** تەلەفۆنی پەیغام وەرگر
**Mobiltel:010 6554207**
**Tel:+46 36 710999** دەفتەری کارهەموو رۆژێک لە حەوتوودا (سەعات ٤تا٦ی ئێوارە)
**Fax:+46 36 710999**

کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش وزووترین کات، لە کتێبی ئەرزان

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
No:13, October 1996

